ئامادە کردنی:

# تایپی کوردeکا


بۆکان، پاساژی عەباسی ☎ ٦٢٤٣٤٢٥
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١




PDF4Kurd

# دۆنادۆن

حوسێن شێربەگی

بۆکان
٢٠٠٢ - ١٣٨١

فیپا:
شیربیگی، حسین، ۱۳۳۰ ـ بوکان
دۆنادۆن/ حسین شیربیگی – تهران: نشر…
۱۳۸۱
۲۲٤ ل…ISBN
فهرست‌نویسی براساس اطلاعات فیپا (فهرست‌نویسی پیش از انتشار)
۱ـ داستان کُردی – قرن ۱٤.الف. عنوان
کتابخانه‌ی ملی ایران

ناوی کتێب : دۆنادۆن.
نووسەر : حوسێن شێربەگی.
بابەت : کۆ چیرۆک.
چاپ : ۱۳۸۱.
بڵاوکەرەوە : نووسەر.
ژمارەی چاپکراو : ۱۰۰۰ دانە.
نۆرەی چاپ : یەکەم.
وێنەی رووبەرگ :
شابک :
پیت‌چن: ئەحمەد حاجی‌مەولوود

# فڕین

باڵی فڕینم نییه... بەڵام
دڵێکم هەیە و خۆزیام بە قورینگان
ئەو کاتەی مەلانی کۆچەر
لە زەریای مانگەشەوا
گەمی سەوڵ ئەدەن
خۆزیای دەست بەردان و ڕۆیین
خەوێکی تر
لە تاڵاوێکی تر
خۆزیای پاشاوێکی تر
لە ڕۆخێکی تر
خۆزیای باڵ گرتن و فڕین
خۆزیای ڕزگاری
خۆزیا گەر نابێ ژین بەسەربەستی
مردن بە بێ دەربەستی
ئاخ مەلی دڵم
لە نێو ڕکەی تەنگا
ناخوێنێ... ناخوێنێ

«شاملوو»

# نوێخوازی به قەڵەمی نوێخوازان*

رچە: نوێخوازی چۆن پێناسە دەکەن؟

نوێخوازی یاخی بوونی کۆمەڵایەتی لە نەریتە گەندەڵـەکـان، بـۆدابینکردنی نیزامێکی بە گشتی باشتر و جوانترە و، بەم پێیە رق وتووڕەیی هونەرییە دژ بە فۆرمە سەلەفییەکان، حەز و خۆزیایە بۆ رزگاربوون لە دەسـت کۆنـە دووپـات و چەند پات بووەکان و باو کردنی جوانیناسین و ئەفراندنی جـوانی هونـەری لـە بەرهەمە جیاوازەکانی شێعر وچیرۆک و مۆسیقا و میعماری و... دایە.

بێتوو بە گەرووی پرسیارەکەدا شۆڕبینەوە، رێ بۆ قووڵایی بردن ودەرباز بوون لە دەست ئەو وەڕەزی و بێزارییەیە وا لە دەوروبەرماندا بێجلە بێچمی ناشیرین و بۆی گەندورەنگی تاڵ و تامی ناخۆش نادینین.سۆراب سپێهری وتەنی: شۆردنی چاوەکانە بۆ جوان دیتن و تازەئەفراندن و نوێ بوونەوە. هەروەکی سیامەند خەج لە حەوت برایاندەرڕفێنێ و، بـۆ دابینکـردنی ژیـانێکی نـوێ و ئـەویندارانـە روو دەکەنەلووتکەی سیپانێ.

هەروەک خەزاڵ لە نێوەڕاستی هۆردووی دوژمندا داوای گوڵی سوورلە لاس دەکات و، چ بیری بۆ لای مان و نەمانەوە ناچێ. چاوەسەلەفییـەکـان و مـۆخ و فیکرە کۆنەکان چیان پێیە بۆ راکێشانی سەرنجیخوازیاران و خواسـتی تـاک و کۆی جەماوەر؟ جا وەرە و لە چایخانەیەکدانەقڵی رۆستەم بکە!!! دە هەسـتە و برۆ وەکی مەجرووم؟! مەجنوونانە ببەلەیلا پەرەست؟! ئەمە لە زاتی کەسدا ماوە؟

بەڕاستی ئەمـە پێویسـتی گـەڕی چـەرخ و خولـە و حـەوجێـی زەمانـەیـە بۆنەوێستان لە دۆخی کۆنداو شەقاو هەڵێنانەوەیە بەرەو کەش و هەوایەکینوێ و عەتراوی. نوێخوازی تێکۆشانە بۆ راکردن لە دەست نەخۆشین ومردن و چوونـە ناو گۆڕ. حەول و تەقالایە کـە بـۆ رازاندنـەوە و تـازەکردنـەوەی ژیـن و ژیـان، شەرمەزارییە لە وێنە و خوازە و مەجاز وئەفراندنەکـانی پێشـینیانمان کـەڵـک وەرگرین و بە نێوی خۆمانی لە قەڵەمدەیـن. حـەوجێمـان بـەوەیـە لـە رێگـە تازەکانەوە بەرەو پێشەوە بچین و شتیتازە و شوێنی تازە و زبانی تازە بدۆزینەوە،

بۆچی؟ بۆ ئەوەی وەکدیتران بۆگەنی عەتری نیزامی فیئۆدالی و بازەرگانەکان و سامانخوازان وئەمپیریالیزم و هەموو ئینسانە لە قالب دراوەکان کاسمان نەکات و، بەگێژە گێژە سەر بۆ ئاواتە شاری ئەفلاتوون دانەنوێنین و کڕنۆش بۆئەفلاتوون نەبەین و بزانین چما کۆشکێکی زوڵم و شایەتی‌نەڕووخێنین، ناتوانین کۆخێکی خشپیلانە و جوانکیلەی نوێ لەبەر قەدو لاپاڵێک بۆ حەسانەوەی دوو کێوبڕ ساز کەین. ئاخە ئەفلاتوونیش‌حوزووری شاعیری لە ئاکادێمیا و ئاواتە شارەکەی خۆیدا قەدەغە وقۆرغ کردبوو، مەگەم بۆ مەدیحە و پێداهەڵگۆتنی ویستی خۆی!!!

رچە: نوێخوازی چۆن دەگوێزنەوە بۆ ئەدەبی ئەمڕۆ؟

سەردەمان و ڕۆژگارێک فەیلەسووفێک وتی: «ئاڵای خۆت لەسەرگەمی خۆت هەڵدە و، لە زەریا بدە.» لە زەریادان یانی دیتنەوەی دورگەی‌تازە، تازە لە سروشتدا، لە مرۆێدا، لە نەریت و نیزام و فۆڕم و نێوەرۆکدا.هونەر، هونەری پاک و راست و بێ دەمامک و بێ درۆ؛ هونەری راکردن‌لە دەست هەموو چەشنە سەلەفییەکان و گەڕان بە دوای تازەکاندایە.ئێزڕاپاوندوتەنی: «هونەری هەژاڵ «جیددی»، هونەری ئاوانگاردە کە لەپێشا و پێشی زەمانەی خۆیەوە دەڕوا.» پێشینیانی ئێمە خول بە خول‌جیهانیان تازە کردۆتەوە تا ژیان نەفەوتێ و جیهان دانەڕمێ. لە نیزامەئابووری و رامیارییەکانەوە، هەتا ئایینە ئاسمانییەکان «لە ئادەمەوە تاکووخاتەم» لە کلاسیزمی یۆنانی کۆنەوە «ئیلیاد و ئۆدیسە و ئانەئید» بۆهونەری شانۆئاسا و هونەری مەحاکاتی «حیکایەت گێڕانەوەی چل‌تووتی و ئەمیر هەمزە و مەلا نەسرەدین و...» لەوێوە بۆ ڕۆمانتیزم وریئالیزم و دادا و سووررێئاڵ و نوێ و جادوویی و... هەست بەداڕووخانی ژیانی سەلەفی دەکەم. تەنانەت ئیدی نەنکیشم ئیشتیای‌بەفری چاڵە بەفرەکان و برێشکەی شەوچەلەی زستانان ناکات. سی‌ساڵیش دەبێ لە هیچکام لە چایی‌خانەکانی بۆکاندا چ بە شەوگاری پاییزو زستان و چ لە شەوگاری مانگی پیرۆزی رەمەزان‌دا هیچ قایەتخوانێ،،قایەتێکی نەگێڕاوەتەوە. هێرشی ئانتێنی رادیو و بە دوایدا گەمارۆی‌تەلەفزیۆن و دیوار بە دیوار بوونی ماڵی ئێمە و ماڵی نیچە،بەرەورووبوونی ماڵی ئێوە و ماڵی سارتر و قوتابخانەی پراگ وفەرانکفۆرت و ێیەن، کوا ئیدی بیچمێ لە وێنەی مەم و زین و لاس وخەزاڵ و سوارە و فەرخەی دوێنێی لە زەینمدا هێشتۆتەوە. لەم دە ساڵەدا٢٠٠ – ٣٠٠ کچە

جیرانمان ئاوری نەورۆزی ئەوینیان بە داگیرساندنی جەستەی خۆیان کردۆتەوە، سی چل کەس لە کوڕەکانمان لە گەمییەکانی نێوان یۆنان بۆ رۆم ماڵئاوایی یان کردووە. کیمیابارانی بانە و سەردەشتو حەڵەبجە سەرقاڵی ئەوەی کردووم، بچمە زەینی تازیە باران وبەشدارانی ئەم تەگەرە و خاوەن کەند و کۆسپانەوە و لێیان بپرسم ئەمە چزبانێکە پێی ئەدوێن؟ چ چاوێکە پێی دەبینن؟ چۆن بیر دەکەنەوە لەمسەربووردو چارەنووسە. ئایدیالۆژیای «مۆدێرنیتە» پووچی و بەتاڵی خۆی بە دوو شەڕی گەورەی جیهانی و کیمیابارانی مرۆێەکانی گشتشارەکانم پێ نیشان داوم. پاش نوێخوازی بانگەوازی بێداربوونەوە،گەڕانەوە بەرەو خۆم و ناخی خۆم و هەست و ئەندێش و بیرۆکەی خۆمبە زبانی ئەمرۆ، دیمەنی ئەمرۆ، بە چاوی ئەمرۆ و وەسفەکەشیم بەزبانی ئەمرۆ بۆ دەکا. منیش «خۆم» یاخی لە هەمووان و دیتران وهەڵدانی ئاڵای بێچم و وێنەی ئەمرۆی ئەوەی خۆم ئەمرۆ دەیبینم.کوانێ سوارە و لاس و گەلۆ و ئازیزەی ئەمرۆینی ئەدەبی کورد؟ ئەی ئەمهەموو «شۆخە شار» و «شۆڕە لاوە»ی ئەمرۆ چی؟ هێنریک ئیبسن دەڵێ:«ئیدی هیچ بیرۆکەیەک لە ٢٠ ساڵ پتر دەوامەی نیە» دەیجا خۆ لەنێوەرۆک و فۆڕمی شێعری حەقیقی و هێدی و هێمن»یش پتر لە ٥٠ - ٦٠ساڵ تێپەڕیوە. جا خۆ لە تەکنیک و فۆڕم و زەمانەی ڕووداوەکانیچیرۆکی مامە حەسەنی قزلجی ٥٠ ساڵ پتر تێپەڕ بووە، هیچ باسیئەوەش ناکەم لە پاش حەسەن زیرەک وماملی-ش گۆرانیبێژ ٢٠ - ٣٠ساڵە چی تازەیان نەوتووە. دەسا کێشەی من ئەمەیە: کێشەی ئەمسەردەمە بە بۆچوون و زبان و راوێژی ئەم عەیام و سەردەمانە!!!

رچە: دەیان قوتابخانە و روانگەو شێوازی ئەدەبی، رەخنەیی،خوێندنەوەیی لە وڵاتان سەری هەڵداوە و بە هۆی پەرەسەندنیدەزگاکانی پێوەندی جەماوەر (وسایل ارتباط جمعی) بەرە بەرەدەگەنە ئێمە، کاریگەری ئەم وەرگرتنانە چۆن دەتوانێ نوێخوازیبهەژێنێ؟ بە رای ئێوە نوێخوازی بە تەنێ دەتوانێ ئەدەبیەت بنوێنێ؟

مارشاڵ مەک لووهان وتەنی: «جیهان بۆتەگوندێک.» دەیجا هەرکەسلە هەر ساتێ لە ٢٤ سەعاتی شەوورۆژدا بڕواتە سەربانی ماڵەکەی و بۆچەمک و

قسه و باسێک له جاڕ دات، وته‌که‌ی له هه‌مان کات و ساتدا به‌جیهاندا بڵاو ده‌بێته‌وه. ئه‌مه ره‌هه‌ندی جوگرافی‌یه و ره‌هه‌نده‌کانی‌رۆحی و گێره‌و کێشمه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی و رامیاری و ئه‌ده‌بی و هونه‌ری وئابووری زۆر زۆر له‌مه زیاتر لێک نزیکن. ئه‌وه‌تانێ بۆمباردمانی‌هیرۆشیما و ناکه‌زاکی له هه‌موو شاره‌کانی وڵاته‌که‌ماندا دووپات‌ده‌بێته‌وه‌و، هه‌زاران برایه‌تی و هاودڵی و هاوده‌نگی پێکدێنێ له نێوان‌هه‌زاران و ملیۆن ملیۆن خه‌ساره‌دیده‌ی جه‌سته‌یی و رۆحی شه‌ڕدا وئه‌مانه‌ش هه‌ر کات و ساتێ له هه‌موو شوێنێکدا فیکر و هه‌ست و بیرۆکه‌و زه‌ینمان ده‌هه‌ژێنن. بێکاری گشتی لاوان و مرۆی چینه‌کانی خواره‌وه‌له هه‌موو جیهاندا هه‌روا؛ هێرشی ئانتێنه جۆراوجۆره‌کان بۆ ناوژووره‌کانمان هه‌روا؛ ده‌یجا ئه‌گه‌ر نوێخوازی به بێده‌سه‌ڵات و ویستی‌ئێمه وڵات ده‌ته‌نێته‌وه و راسته‌قینه‌یه‌کی حاشا هه‌ڵنه‌گره، ئه‌مه ئه‌رکێکه‌و به‌ڵکه‌م گرینگترین ئه‌رکی ئۆباڵی هونه‌رمه‌ندی ئه‌م سه‌رده‌مه‌یه. کێده‌توانێ به‌ری بگرێ؟ ئه‌ی تا پێنج ساڵ له‌مه‌وبه‌ر، به‌ره‌ی کۆنه‌خواز، ئه‌وگشته هاواره‌ی کردو وتی: «نوێخوازی و پاش نوێخوازی ساخته‌ی‌رۆژئاوا و ئه‌مپریالیزمه.» کوانێ توانی به‌ری نوێگه‌ری بگرێ. ئه‌وه‌تانێئه‌وه‌ی که‌سێکی به‌راست بوو، خۆشی به‌ره‌و نوێگه‌ری هاتووه و به پێی‌توانای خۆی ده‌قی نوێ ده‌خولقێنێ. له گوندی جیهانیدا ده‌نگ و ره‌نگی‌هه‌مووومان له ئاستی ده‌م و گوێ و چاوی یه‌کدیدایه و هه‌موومان له‌گشت کێشه عه‌ینییه‌کان ده‌نواڕین و زۆرمان بۆمان ده‌بێته کێشه‌یه‌کی‌زه‌ینی. ده‌سا ئه‌مه ئه‌رکی سه‌رشانی ئه‌ده‌به، ئه‌م کێشه و ژان و دیمه‌نانه‌به لێکدانه‌وه و گۆشه نیگا و شێواز و فۆڕم و له هه‌مووان گرینگتر به زبان‌و چۆنیه‌تی گێڕانه‌وه‌ی ئه‌مرۆ بیگێڕێته‌وه. ده‌با سه‌له‌فی خوازانی ئه‌ده‌بی‌و هونه‌ری هه‌ر به‌سه‌ریاندا ده‌ن و بڵێن: «ئای دادوبێداد هونه‌ر و جوانی وقه‌واره و کێش و سه‌رواو و سێ چوکڵه‌ی یه‌کێتی داڕماو فه‌وتا!!»

ئه‌لبێرکامۆ ده‌ڵێ: «هونه‌رمه‌ند کاتێ ده‌توانێ که‌سایه‌تی خۆی به‌کۆمه‌ڵگا و جه‌ماوه‌ر راگه‌یه‌نێ که به‌شداری کردن له چاره‌نووسی گشتیدابه ئه‌رکی سه‌رشانی خۆی بزانێ.» ئه‌مه‌ش ئه‌رکی هونه‌رمه‌ند و شاعیر وچیرۆکنووسه، قه‌ڵه‌مه‌که‌ی به‌سه‌ر فۆڕم و نێوه‌رۆک و زبان و زاراوه‌ی‌دوێنێدا بکێشێ و ئاڵای ئه‌مرۆ و ئه‌مرۆیی هه‌ڵدات. کاتێ «شاربه‌ده‌ر»بڵاوبۆوه، به‌ره‌ی «حه‌سارخواز»ی ئه‌ده‌بی کوردی و به‌ره‌ی توندڕۆی‌به‌دحاڵی له ئه‌ده‌ب هێند له‌زبان و ته‌کنیک و

گێره و کێشەی فیکری وبەربڵاوی ئەم بەرهەمە تووڕە و بە گلەیی بوون کـە لـە دەیـان کـۆڕ وکۆبوونـەوەی نێوخـۆیی خۆیانـدا رایانگـەیانـد: «مـەیخوێننـەوە، باسیمەکەن، نێوی مەهێنن، هەر مەڵێن شتێکی وا بڵاوبۆتەوە. ئاخە کـوا پـێچ وکڵاوی کوردی؟ کوا خەنجەری بەرپشتوێنی گرێ گرێ و سمێڵی بابـڕی؟کـوا شاخ و داخ و تەقەی تفەنگ و کوا کوڕی کورد!!! باوەکوو یەکەمحەوتووی بڵـاو بوونەوەی شاربەدەر زەم و غەیبەت نامەی خۆیـان لـە ژێرچارشـێودا گـەیانـدە هەولێر و گوندی جیهانی؟!!! ئەی تۆ خوا هەر لەهەولێر و سلێمانی و ئەم دیو و ئەو دیو را بەرپەرچی قسەکەیان نەدراوە؟نانا، دۆستی ئازیز، نا. ئـەگـەر توانیـان بەری ئانتێنەکان و تەکنیک و زانستبگرن، دەتوانن بەری نوێخوازیش بگرن. خۆ نوێخـوازی بـە جیهانـدا بڵـاونابێتەوە، هـەتـا لـە قـوژبن و کـون و کـەلـێنی جوغرافیایەکدا سەربنێتەوە وبۆی بنوێ یا بمرێ، ئەدەبیەتیش نە لە نـەبوونـەوە دێ و نە لەسەر نەبوونهەڵدەقولێ و دەخولقێ، هەموو رەهەندە عەینی و زەینی و مادی و زاتیو جەستەیی و رۆحییەکان کاریگەری و کار تێکردنیان بـەسـەر یەکدیداهـەیـە و نوێخـوازیش کاتـێ نوێخـوازییـە کـە مـادە و زات بگـۆڕێ و ئاڵوگۆرگشتی و هەمە لایەنـەکـات. بـە وتـەی ئـەو فـەیلـەسـووفەی سـەدەی نۆزدە:«هەتا بەر لە من هەموو فەلسەفەکـان بۆرایـەی جیهـان هـاتوون و مـن بۆگۆڕینی جیهان هاتووم.» هەتاکوو تۆ نوێخوازی و ئەدەبیەت چـۆنوەرگـری و چۆنی بنوێنی و پێت چی بێ؟ بەڵام حافز وتەنی:

*بیا تا گل برافشانیم و می در ساغر اندازیمفلک را سقف بشکافیم و طرحی نو دراندازیم*

رچـە: ئـەدەبی کـورد لـەو روانگـەوە چـۆن دەبیـنن؟... خۆتـان چهەنگاوێکتان بۆ نوێخوازی هەڵگرتووە؟

ئـەدەبی نووسـراوەی کـوردی بـۆ مـاوەیـەکـی زۆر دوور و درێـژ یەخسیریدیوەخانی بەگ و بەگزادان بـووە و تـەنانـەت ئـەدیبـانی حـوجرەش زۆریانسەر بە دیوەخان بوون. بەداخـەوە چـین و تـوێژی خوێنـدەواری کـورد هەتا٥٠ - ٦٠ ساڵ لەمەوبەریان بەگزادە بوون و قەڵانشین یانمووچـەخـۆرانی ئەوان و دەسا ئەدەب و هونەری ئێمە بە ویست وبەدەست ئەمانەوە یەخسـیری وێستانی فۆڕم و قاڵب و نێوەرۆکی سەلەفی ودوواکەوتوو بووە. دەیجا هەر ئەمانە

که دەگەڵ ڕەوتی نوێی کۆمەڵایەتی،تەکنیکی و هونەری دا نەبوون، ئێستاکەش دژ بە ڕەوتی نوێخوازین وبەرگری لە نوێ بوونەوەی کۆمەڵگای کوردی دەکەن. شێعری ئێمە هەتابەر لە زیندەیادی نەمر مامۆستا گۆران هەر نوێکارییەکی بووبێ تا ک وتەرا لە وێنە و چووانـدن و خـوازە و مـەجـاز و تـەمسـیلدا بـوو. چیرۆکـیئێمـەی کـورد لـە هـەشـتا سـاڵ تـەمـەنی خۆیـدا هـەتـا ٢٠ سـاڵ لەمەوبەریەخسیری کۆنەترین چەشـنی گێڕانـەوەی ناهونـەری و بێتـەکنیکـی وبەدفۆڕمی بوو. ئێمە ماوەیەکی زۆر نیە لە نووسـیندا ڕوومانکردۆتـەنوێخـوازی، بەڵام بەختەوەرانە ڕەوت و بۆ پێشەوە چوونمان زۆر خێراخێرا و، بـە هـەنگـاو و شەقاوی بڵند بڵند و بە متمانە بووە. شێعری نوێیئەمڕۆی کورد لەم دیو و لـەو دیو دا لە لووتکەیەکی بەرز دایە و لانی کەمدە شاعیری هەڵکەوتە حەوجێیان بە باس‌کردن و ناساندن نیە و تەکنیکو زبان و فۆڕمی شێعری ئەمانە گـەیشـتۆتە قۆناغێکی تازەی شێعری.

چیرۆکی هونەری کوردی لە حەفتاکانەوە، لەو دیو و، لە نەوەدەکانەوەلەم دیو رووی لە فۆڕم و شێواز و تەکنیکە تازەکان کردووە و چەندهەنگاوێکی بە متمانە هەڵگیراوە. هەر ئەوەندەی پێویستە بڕێ ڕۆحیبرایەتی و هونەریمان گەورەتربێ و لە لاسایی کردنەوەی شێواز و فۆڕمو تیئۆری و تەکنیکە لاوەکییەکان بە دوور کـەوێتـەوە و خـۆی و شـێوەیدەربـڕین و گێڕانـەوە و تـەنانـەت نێـوەرۆک و ڕووداوەکانی کۆمەڵگای خۆیبە کەلتووری خۆیەوە بدۆزێتەوە. تـەنانـەت هـەر ئێستاش بەم چەند ساڵەتەمەن کورتی و حەولدان و تێکۆشانانە چەند دەنگێـک بۆ چیرۆک ورۆمانی نوێی کوردی لەم دیو و لـەو دیـودا ناسـراون. بـەڵـام ئـەم پرسیارەیدیکەتان، خۆتان چ هەنگاوێکتان هەڵگرتووە؛ بە ڕای هەمووان و وەک لەبەرهەمە چاپکراوەکانمەوە دەردەکەوێ: «پیاو تاریفی خۆی ناکا!» منهەر لە دەسپێکەوە لە چوارچێوەی نوێخوازی دا بووم. وەک ڕۆمـانیشـاربەدەر کـە لـە لایەن گشت خوێنەرانییەوە بە بەرهەمێکی نوێدەناسرێ، وەکوو گورگـەمـێش و گوێچکەکان «ئێستای ١٧ و ٢٢»متامۆڕفۆسیس و شـەواره «ئاینـدەی ٤ و ٢٨» بووک و زاخەیەک «ئاوێنە»تاسەو ڕەخش و شۆڕەلاو و مەراقەکان «سروەی ١٤٠ - ١٥٦ - ١٧٢ -١٧٨» گەردەلوول «زرێباری ٤ - ٥» دابڕان «بـەیـانی ٢» و... بێج لەنووسراوەکانی خۆم حەولم داوە چیرۆک و شـێعر و وتـاری نـوێ و بـاش لەزبانی فارسی و ئەدەبی جیهانەوە وەرگێڕمە سەر زبانی کوردی ومامڵەیـەکـی

فەرهەنگی بێتە ئاراوە و، بەم چەشنە فۆرم و تـەكنیـک وتـەنانـەت نێـوەرۆک و گۆشەنیگای نوێ بۆ ئەدەبی کورد زەق وبەرجەستەکەمەوە؛ وەکوو: «چیرۆک و شێعرەكانی شاملووی مەزن کەوەرمگێڕاون و لە گۆێارەكانی ئەم دیو و ئەو دیو دا لە چاپ دراون. وەكووچیرۆكی «ماڵێكی ئەفسووناوی» ویرجیینا وۆڵف کـە لـە سروەی ١٤٧ داچاپ بوو. وەكوو وەرگێڕانی کتێبی «چیرۆكـی نـوێ، ئینسـانی رێبـازینـوێ» کـە پێـنج وتـاری تیئـۆرەی ئـەدەبـە. ئاڵـێن رۆب گرێـی نووسـیویە،وەرمگێـڕاوەتـەوە سـەر زبـانی کـوردی و، هـەر لـەم ساڵـدا لـە لاپـەڕەیگۆێـارەكانـدا چاومـان پێـی دەکـەوێ. وەكـوو وەرگێـڕانی نـۆێلێتی دورگەینەناسراوی ژۆزێ ساراماگۆ کە بنکەی سـەردەم لـە پاشـکۆی ژمـارە ٢ داچاپ و بڵاوی کردەوە. هەروەها وەرگێڕانی کتێبی «نظریەی رۆمان =تیئۆرەی رۆمان» کە بریتییە لە نۆ وتاری رەخنەیی و توێژینەوەیی وتیئۆریکی رۆژئاوایی لەسەر رەوتی رۆمان لە سەرهەڵدانەوە، هەتارۆمانی نوێخوازی و پاش نوێخوازی و لەم دواییانەدا بە چەشنیزەنجیرە وتارێكی سێریاڵی لە گۆێاری سروەدا لە چاپ بوون دایە.هەروەهـا گۆتـار و لێـدوانی زارەكـی لـە کۆبوونـەوە ئـەدەبییـەكـان وئەنجومەنەكان و بۆنە جۆراوجۆرەكاندا. بەو هیوایەی توانیبێتم هەر بەقەرایـی هەنگاوێک - نە کەمتر و نە زیاتر، یانی زیاتر کەیفی خۆتانە!!! بەکەلک بووبێتم. سوپاسیشم هەیە بۆ ئەوەی بەسەرتان کردمەوە.

* ئەمە وتوویژی بەڕێز ساڵح سوزەنی بوو دەگەڵ نووسەری «دۆنـادۆن»دا کـە لەسروەی ١٨٤ دا لە چاپ درابوو.

* * *

## دۆنادۆن

قسەی رۆژێک و دووان و سیان نەبوو؛ قسەی مانـگ و سالـیش نـەبوو؛لـەو رۆژەوە شار و شەقامم چۆڵ کرد و خانەنشین بووم، خەرتەلێکیسەیر و سەمەرە - دوو هێندەی خەرتەلێکی ئاسایی - رەنگێکی رەشیقەترانی هەیە! ئـەوەنـدە رەش، رەشاوی لێدەتکێ و رەشاوی لیخنی لێوەشۆڕاوگە دەکا و هەڵم و هاڵـاوو بۆگەنی لێ هەڵدەستێ و وڵات دادەگرێ.ئەرێ، ئەوەم دەووت ئـەو خـەرتـەلـە دەهاتە سەر دار تۆوی حەساریماڵەکەم، بـەرەو رووی پـەنجـەرەی ژوورەکـەم دەیکردە قاوو قیژ و باڵە فرکەو جیقنە باران. ئاخ لە ژانی سەرم و ئێشی دڵـم و پەرۆشبوونی مۆخ وهەست و نەستم. قاژ و قیژ و باڵە فرکـە و جیقنـەبـاران نـە دەققـەیـەک و نـەدووان و سـیان. وەڕەز دەبـووم، قـەڵسـی دەکـردم. وزەم لا نەدەما.رامدەکردێ، جنێوم دەدایە، بـەردم تێهـەڵـدەکـرد و لـەسـەر دارتـوو و لـەهـەردوومـەکـانی حـەسـار و ماڵـم دەتارانـد و دەگـەڕامـەوە ژوورەکـەم، بەڵامهەمیسان دەگەڕایەوە و... قـاوقیژ، قـارەقـاڕ، باڵـەفڕکـە... جیقنـەبـاران. ئاخشڵـەژان و پـەرۆشـبوونی هـەسـتم، ئـەندێشـەم، دڵ و مـۆخ و... ئـێش و ژانیهــەســت و نــەســتم. بــەم ئاکــارە جوانانــەوە! لێمــی دەڕوانی، لێمــی دەڕوانی...وەک بە شەرێک سەرنج و نیگا و ئەندێشەمی بەرەو خۆی رادەکێشاو کەدەیدیت ئێخسیری خۆی کردووم، بە دەنووک و باڵەفڕکـە وهـەڵسـووڕاندنی قاچەکانی، بە قاوقیژ و هەستان و نیشـتنەوە لـەگـەڵـمدادەدووا. چ دووانـدنێ؟ جوێن بوو، گاڵتە پێکردن و تۆپ و تەشەر ونەفرین و هەڕەشە و گوڕەشـە بـوو! ئاخە دەیووت چی؟ چیلێمدەویست؟ نەمدەزانی... ئەوەم هەر نەزانی. بەڵام لە کـار دەبـووم، لـەدیـن دەردەچـووم، لـە دامرکـان و حـەسـانەوە دەبـوومو... دەگەیشتمەمردن... خۆ کوشتن، راکردن لە حاڵ و ماڵ و لە خۆم و لە هەمـوو شتێ. بەتووڕەیی و هەڵڵاو زەنا و جوێندان رامدەکـردە حـەسـار و هـەشاوڵـم دەبردەدارەتۆو. ئەی ئەو چی؟ خەرتەلی ماڕزی ماڕزباب لە پێش ئەوەیدادەستم

بیگاتێ، له شەقەی باڵی دەدا، هەڵدەفڕی و دەڕۆیی و بڕێ جیقنەو ریقنەی لەسەر دار و بندار و ماڵ و حەساردا بۆ بەجی دەهێشتم.

له پاش دوورکەوتنەوەی باڵندەی نەگبەتی دەگەڕامەوە نێو ژوورەکەمو، تێدەکۆشام هێدی ببمەوە و چیدی لەمە زیاتر پلەی خوێنم نەچێتەژوور. دادەنیشتم، هەڵدەستامەوە، له ژوورەکەدا دەهاتم و دەچووم؛کەچی دەستم بۆ هیچ کارێ نەدەچوو، تەنانەت هەست و سۆز وئەندێشەم بۆچ کارێک و چ شتێکیان نەدەکورکاند. ئاخە ئەمە چیە؟کێیە؟! دەڵێ چی؟ چی لێمدەوێ؟ لە خۆڕا نیە، نەهێنی و مانایەک لەمکارەدایە!!!

ئای له خەرتەلی سەگباب، چۆنی وەگیان دەهێنام و له دین و دونیادەهەری دەکردم؟ چۆن له ماڵ و حاڵ و حەسار و ژیانم دەڕیا و لە هەمووشتێکی دەکردم. کەچی بەسەر ئەم هەموو قەڵسی و وەڕەزی وتووڕەییەشدا زۆری پێنەدەچوو رەمۆی دۆستم، دۆستم؟ ئای لەودۆستییە! رەمۆی شەریکم؟ دەک ماشەڵڵا لەم شەریکایەتییە! ئاخە چنێوێکی لێبنێم؟ هەر مەپرسە و، دەستی لێمەدە. کاتێ من دێم و لەهاوەڵی ئەو جەواهێراتانە دەکشێمەوە و رەمۆ بە هاوەڵ و شەریک دەگرم،هەقی خۆیەتی، هەقی خۆمە، تاوانی کەس نیە؛ خۆم بە خۆمم کرد.دەیجا دەبێ بیکێشم، بیکێشم، بیکێشم، ئەرێ ئەوەم دەووت، رەمۆدەهات و وەک بەڵای شەیتان بەسەرمدا دادەڕووخا. سەر و دڵ و مۆخ وناخمی دەهەژاند و سەد وەندی کاتێکی ئاسایی جیهان و ژیانمی رەشدادەگێڕا و تاریک و تنۆکی دەکرد. رەمۆ شان و قۆڵمی دەگرت،رایدەوەشاند و دەینەڕاند بەسەرمدا: هۆی حیسان هۆی!! قسە بۆ تۆدەکەم. روو بکە بەم لاوە و، گوێم بدەرێ. بێت و ئەوەندەی دیکەشمبدەیتێ دەتوانم مەودای کارەکە پەرە پێبدەم و، هەموو حەوتوویەکتاکوو هەولێر و سلێمانی بچم، کەل و پەل و کەرەسەی پێویستی رۆژ وبازاڕ بکڕم و بگەڕێمەوە. کوڕە دوکتۆر برِوام پێبکە: یەکاو یەکە، کوڕەهەروەکوو هەتا ئیمڕۆ متمانە و بڕوات پێم بوو، بۆ ئەم کارەش بەقامپێبکە. دوکتۆر بە گیانەکەت یەکاو یەکە!!!

نەمدەهێشت درێژە بە قسەکانی بدا و چی لەمە زیاتر لەسەری بڕوا،پێمدەووت: بەسسە، حەپۆلی خوا بەسسە. نیمە! کوڕە نیمە!! رەمۆنیمە!!!نی!نی! بەسەری تۆ و سەری خۆم و بە گیانی ئازیز وخۆشەویستی هەردووکمان نیمە! نی! ئەوی بووم داومە پێت. چی دی لەگۆڕێدا نیە، نیە،

نیه!!! لەو بدە بدە و، لە من نیە، نیە! باوەڕ دەکەن‌سەعاتێکی دەخایاند و، هەتا دەمتوانی بە هەزار نەڕە و گوڕە و جوێن وتۆپ و تەشەر وەدەری نێم، پلەی خوێنم دەڕۆیشتە سەروترین پلەی‌خۆی و دەچوومە شەرای مەرگ، هەزار چەلان مەرگی خۆم بە ئاوات‌دەخواست. کە ڕەمۆش دەڕۆیی تەواوی کات و سات و ڕۆژم تاڵ و ترش‌دەبوو، بەر چاوم ڕەش و لێڵ دەبوو، دڵم پڕ ماتەمین و مۆخم پەرۆشی‌ئێخسیری دەکرد. لە ژوورەکەمدا دەهاتم و دەچووم. لەوێدا بۆ دەهاتم ودەچووم؟ چیم دەویست؟ جار و بار سەرێکی ژوورەکانی دیکە و نێوماڵ و منالم دەدا، چاوێکم بە هەموویاندا و بە هەموو ولاتدا دەگێڕا،چیم دەویست؟ دەچووم بزانم چی دەکەن؟ چی دەخۆن! چییان لەبەردایە؟ ئاخ... چاوم بە سەریانەوە و بەسەر هەموو شتێدا نەبایە و،ئاگاداری ماڵ و سامانم نەبایەم، دەیانکردە هێلکەیەک و دەیاندا بە دیواردا. ئاخە ماڵ و منال چووزانن دوو تمەنی بێبایەخ چۆن پەیدا دەبێ؟چووزانن تاکوو هەیە ئینسانی، نەبوو ویشکەڵیش نی! بە من دەڵێن‌کابرایەکی گیان سەختە! پێمدەڵێن تمەنێ بابیەتی و تمەنێ دایکی...!پێمدەڵێن لە ترسانی ئەوەی برسیم نەبێ... وو ناکەم! مەنعیان ناکەم،نەیاندیوە، چووزانن چ عەیام و سەردەمانێکە؟ نا، نا، نازانن، نافامن،دەنا وایان نەدەوت. ئەم دەر و ژوور و نێومال گەڕانە، ئەم فیکرانە و ئەم‌شڵەژانە تەواو بوونی نەبوو. بەسەر ئەمەشدا ڕەمۆی... واد تا ئێوارە سێچوار کەڕەتی دیکەش بە هام و شۆ و بە تەلێفۆن کردن لە حالم دەڕیا وسەر و دلی دەگرتم. پارەی دەویست، مامڵەی بە دەستەوە بوو، وای‌کردبوو، وای بیستبوو، پارەی دەویست، پارە، پارە، پووڵ، پووڵ...نەبوو، نەبوو. ئەوی بوو بە دەست خۆیەوە بوو، تەواو... نەبوو، نیە،نیە... ئەمە حاڵ نەبوو، چ حالێک؟ هەی سەگی تێری... لەم سێ ڕۆژەی‌دوواییشدا کردبووی بە ڕۆژێ دە دوازدە جار، دە دوازدە جار دەهات‌و... ئاخ هەمیسان قاژ و قیژ و... باڵە فڕکە و... قیڕاندن و... باسی‌خەرتەلی نەگبەت دەکەم. ئەمەش، ئەم دە دوازدە جار هاتنە بردبوومیەمالی فیکرەوە: ئاخە چی دەوێ؟ دەڵێ چی؟ لەم‌شارە و لەم ولاتەدابۆچی زیادە لە هەموو کەس، من؟ لە خۆڕایی نەبوو، زۆرم فیکرلێدەکردەوە، ئەوەندەی دەمهێنا و دەمبرد، هەر دەهاتە سەر ئەوەی: لەخۆڕایە نیە، ڕاسپاردەیە لە لایەکەوە ڕاسپاردراوە؟ بڵێی یەکێ لەژیانەکانی ڕابردووی خۆم نەبێ؟ بڵێی ژیانی دووای ئەم ژیانەم نەبێ؟

پێویستبوو لەگەڵیدا بە هێمنی بدوابایەم. وامنەکردبایە، سەری‌دەخواردم، سەرمیشی نەخواردبایە، خۆ لە ژین و ژیانم ریا بوو...ناباشی بۆ چووبووم راسپاردەبوو! بە خوای وابوو، راسپاردەی‌حەزرەتی هەق بوو، سەیر لەوە دابوو: ئەی بۆچی ئەو هەموو ساڵ وساڵگارە بۆی نەچووبووم و ئەوەم بۆ دەرنەکەوتبوو؟ زۆریشم ناهەق مەگرە، قسە بۆ تۆ دەکەم، یۆنان، یۆنان! یۆنانە کۆن! یۆنانی کەوناران قسە بۆ تۆدەکەم. ئەم سێ رۆژەی دووایی، بۆ چرکە ساتێکیش پلەی خوێنم نەهاتەخوارەوە!... قەندی خوێن و چەوریشم هەروا، هەناسکە هەناسک وپشوو سوار بوونیشم هەروا... بووام لێدەڕوانی؟ پێت سەیرە ئەمنەخۆشینانەم هەیە؟ پێت سەیر نەبێ یۆنان... تۆ چووزانی ئەم شار وشەقام جێهێشتنە و، ئەم خانەنشینی‌یە چی بەسەر هێنام... ئاخ هەرباسی مەکە، لەورۆژەوە نەحاڵ مایە و نە دڵ و دەماخ!... کەچی وێڕای‌خەرتەلی نەگبەتی، ئەم نەگبەتانەش وەک کانی لە ناخمەوە هەڵدەقوڵێن وئەوەتانێ سەد و یەک دەردی بێدەرمان بە ریشمەوە بووە، لێم‌حاڵی‌دەڵێم چی؟ گوێت لێیە؟ قسەی بۆ تۆ دەکەم باکووس!!! باکووسی دوێنێو ئیمڕۆ و سبەی! بڵێی سبەیش هەر ئی تۆ بێ؟ جوان گوێم بدەرێباکووس هەوجێم بە تۆیە، بە یارمەتی تۆ... دەبێ بە دووای کەوم،دەبایەوە دووای کەوتایەم و بمزانیبایە چی دەوێ. راسپاردەیە؟ بەڵایە،مەرگە، مەسخە؟ مەسخ؟...!!! دەبایە زووم بەم قسە زانیبا، زوو...راسپاردە بوو، هەواڵێکی پێبوو! چ هەواڵێک؟ خۆ بە جوێن و شەڕ وقوونە شەڕ و هەشاوڵ بردن هەر خەراتر بوو، هەر چارەسەر نەبوو، رۆژ بەرۆژ زیاتر بەد رۆژی و نەخۆشین لە حاڵ و باڵم ریان و زیاتر چەوری وئوورەو قەند و پلەی خوێن و ئێشی گەدە و پشوو سوار بوون و... زیادیان‌کردو عەزیەتیان کردم.

بۆ پێدەکەنی؟ بۆچی بە سووکایەتی و سووک و چرووکیم لێدەڕوانی‌ئاپۆڵۆن، ئاپۆڵۆن، ئاخ... ئاخ ئاپۆڵۆن! دەبایە بمزانیبایە چی دەوێ؟بۆچییان راسپاردووە؟ ئاوا رۆیی‌بایە سەری دەخواردم... لە پاش ئەم‌هەموو زوور و زەحمەتە؟... ئەی حەسانەوە؟... ئەی دوورۆژپشوودان؟... مەخابن، مەخابن.

ئەرێ قسە بۆ ئێوە دەکەم، بۆ بزەتان دێتێ؟ بۆ چاو لێکدادەگرن؟یۆنان، ئاپۆڵۆن باکووس؟ بۆ؟ بۆ؟ دەمووت لە پاش ئەو سێشەوورۆژەی دووایی، لە ئاخر شەودا خەونم دیت. خەونێکی ناخۆش‌نەبوو، بەڵان سەیر و سەمەرە بوو. ساڵانێکی زۆر بوو لەم کەش و هەوا وحاڵ و باڵە بە دوور بووم. ناکرێ بڵێم هەر

نەبوو، نەبوو، جار و بار زۆرکەم، ساڵێ جارێک و دووان نەک زیاتر، ئەویش چما بانگهێشتن‌کرابایەم، چما لەسەر دیتران بایە. ئەرێ چما لەسەر دیتران بایە ساڵێکەڕەتێک دووان... بە پێچەوانەی ئەوێ ساڵان، ساڵانی هاوەڵێتی‌سامرەندو زاگرۆس و شۆڕا و... ئێوە. ئێوەش تێدا بوون، حاشای پێناوێ. ئەمە لاوی و هەڕەتی لاوی بوو... ئای یادی بەخێر، ئەوێ ساڵان،لە بیرتانە؟ تۆخوا لە یادتانە؟... بەڵام لە پاش جێهێشتنی شار و شەقامو خانەنشینی نەمابوو، مەگەم ساڵێ جارێک و دووان و ئەویش لە باڵای‌دیتران... لە باخچەیەکی بازنەیی پڕ لە گوڵە باخدا دانیشتبووین.روخساریان باش نەدەناسراوە، جار و بار یەکیانم دەناسیەوە و، بەڵام‌بەرەبەرە ئەم روخسارە دەگۆڕدراو دەبووە کەسێکی دیکە! دەبووەئاپۆڵۆن، دەبووە یۆنان! دەبووە شۆڕا، دەبوو بە خۆم و هەمیسان‌دەگۆڕدران. شەش کەس تەموورەیان لێدەدا، لەسەر چیمەنێکی شین‌شین، شینی یەکدەست وەک پارچەیەکی شین. بە دەوری باخچەی‌بازنەیی پڕ لە گوڵە باخدا دانیشتبوون و دەیانژەنی. هەوا فێنک بوو.شنەیەکی عەتراوی و بلاوێن گوڵەباخ و ئەوان و تەنانەت منیشی‌دەشەکاندەوە... ئاخ دیسانەکە بزەتان دێتێ! بۆچی؟ دەبا لە پاش ئەوهەموو ساڵ و ساڵگارە وشەیەک، رستەیەک، شتێکی شاعیرانە بە زبانمدابێ، خۆ دونیا خەرا نابێ. ئەرێ گوڵەباخ دەشەکانەوەو عەترێکی‌مەستی‌بەخشیان دەپژاندە سەر و چاوو کەپۆ و مۆخمەوە، دەنگ وهەوای تەموورەش هەروا. مۆخم دەکەوتە جووڵانەوە، ئەم عەترە و ئەوهەوایە شادیان دەکردم، لە دەمارەکانم کاریگەر دەبوون و مووچڕکی‌شادی بەگشت لەشمدا دەهات و دەچوو. جار و بار کیژۆڵەیەکی‌باڵابەرزی نێو قەدبارێکی گەلێ جوان بە سەما کردن و لار و لەنجە لە نێوتارماییەکی شینکی و پتەودا دەهات و دەچوو. خۆیەکی لێدەخشاندم وخوشەی دەکرد و دەخوشی و هەر بە سەما کردن دوور دەکەوتەوە.تەموورەژەن هەوایەکی خۆشیان دەژەنی، هەوایەکی ئەوەندە خۆش بووو وەها جوان و بە نەشەیان دەژەنی کە خوێنی لە دەماری مردووانیشداوەجۆش دێنا. دیلان و هەڵپەڕکێیەکی رازاوە و جوان و شێتانە گیرا بوو،جەماوەرێکی دیکەش دەهاتن و دەچوون و شووشەی شەراب دەستا ودەست دەگەڕا. باسی شتی ئاوام ساڵانێکی زۆر بوو نەکردبوو. مەجلیسی‌ئاوام لە مێژ ساڵ بوو نەدیتبوو. یۆنان، یۆنان راست وەکوو ئەم کۆڕ ودیلان و شاییە جندۆکانەی تۆ رازاندووتەوە، راست وەکوو ئەم جێژنە.تاقە جارێکی دیکە

دیتبووم. هەر لە ئەوێ ساڵاندا، لە لالش... لەگەڵ تۆو شۆڕا چووبووین، پێمابێ شەمۆشمان لەگەڵ بوو. بەزمێکی سەیر وسەمەرە و خۆش بوو، هەمـوو شـتێک کۆن و کەوناران و مێژوویی بوو!تەموورەژەندن و قام و هەڵپەڕکێ و ئـەو کیـژە جوانە نێو قەدباریکەی لە نێوتەم و مژێکی شینکی خەستدا بە سـەمـا کـردن و لارو لەنجە و پێ بەپەنجە، بەو سەما کردنە ئەفسـووناوی و بـزە و پێکـەنینـەوە دەهـات ودەچـوو، بـەم شـان لـە شـان دان و خـۆ لـە مـن هـەڵسـووراندنەی، سەیریهەژاند بووم... سەیر، سەیر! کیژ جار و بار دەستی کەسـێکی دەگـرت، کوڕبوایە یان کیژ، لاو بایە یان پیر، هەرکەس بایە، دەبایە هەستێ و لەگەڵکیژدا سەما بکات، ئەم سەر و ئەو سەر هەر هام و شۆیەی جارێـک،جارێـک دەسـتی منیشی کەڕەتێک هەر دەگرت و دەیکێشامە سەماوە،کەچـی مـن نـەمـدەزانی، خەریک دەبوو سەما تێکچێ، دادەنیشتمەوە.تەموورەژەن شـەش کـەس بـوون، پێکەوە دانیشتبوون. کەسێکی دیکەشلەو لاوەیان بوو. تێکەڵیان نەدەبوو. برێ جار تەموورەی لێدەدا، زوو زووتەموورە لێدانەکەی لێدەشێوا، هەواکەی لێدەگۆڕا، لە ژەندندا هەڵەیدەکرد. ئەو کابرایە جار و بار من بووم، وێدەچوو خودی خـۆم بم! جار وباریش نا، من نـەبـووم! نـازانم، بـە وەیـدا تێکـەڵ نـەدەبـووم، خـۆم بووم،وابوو، بەڵام بەوەیدا تەموورەی دەژەند و بەوەیدا دڵی دەشنێوە وئەندامی لە حەسرەتێکی گەرمدا دەشەکاوە و کەللەم گەرم داهاتبوو، مننەبـووم!...نـازانم، دەنگی تەموورە و رەنگی چیمەن و عەتری گوڵـە بـاخ وئـەو کـەش و هـەوایـە دڵڕەفێن بوو ئاپۆڵۆن، زۆر زۆر ئاپۆڵۆن. وەکمەجلیسی تۆ لەم ساتەدا، بە تایبەت لەسەردەمی حوکماتی ئاپۆڵۆن،ئاپۆڵۆن، ئاپۆڵۆندا!

لە گەرمەی بەزمێکی ئاوادا دەنگێـک سـێ کـەڕەت نـەڕانـدی: «دەبێبێـی، هەستە وەرە، ئەم زەنجیرەش حەوا دە حەوای دە. ئـەم زەنجـیرەحـەوانـە دەی مەسخ دەبی، دەبی بە خەرتەل، بە سەگ، بە مەیموون، بەخەرتەل، مەسخ.» لە خەو راپەڕیم، تەواوەتی لەشم شەڵاڵی ئارەقەیەکیورد وردی گەرم و هەڵـماوی بوو، وەک مێوژۆکە دەلەرزیم. داتۆ خوداپیاڵەیـەکـم بـۆ تێکـە بـاکووس، تـرس دایگرتبووم، خەفەت سواری دڵم بووبوو، دڵم لـە خـەم و خورپـە و لـە ترسـدا دەگوشرا. ئیدی خەوملێنەکەوتەوە، زۆرم ئەمشان و ئەو شان کرد، کەڵکی نەبوو، مەلی خەو لەشەقەی باڵی دابوو و هەڵفڕیبوو. راست لە نیوەشـەو دا بـوو، ئـای چمەترسییەک و چ دڵە خورپەیەک  و چ خەم و خەفەتێ ئێخسیریانکردبووم؟

داتۆخوداکەت!!! ئەم پیاڵەیەشم بۆ تێکەوە باکووس، ئایچەندە توونیم و چەندە تامەزرۆم!!! ڕاست لە کات و ساتی ڕۆژانیدیکەدا هەستمکرد خەرتەلەکە هاتووە، بە بێ ئەوەی وەکوو جارانبیکاتە قاژ و قیژ و... بەرەو حەسار چووم. خەرتەلێکی لێنەبوو. بەڵاملەبەری ئەو، بازێکی مێی سپی ڕاست لە جێگەکەی ویدا هەڵنیشتبوو!تەواری سپی ورد ورد بڕێکی لێمڕوانی، بە دەنگێکی هێدی و هێمن وەکگۆرانی بڵێ چەند جارێکی قڕاند و لە پاشان لە شەقەی باڵیدا و، لێیدا وهەڵفڕی و ڕۆیی. بە ڕۆیشتنی تەوارەکە چپە چپ و سرت و خورتێک لەپشت دەرکی حەسارەوە سەرنجی ڕاکێشام. بە بێدەنگ و لەسەر پەنجەچوومە پێشەوە. ڕاست لە پشت دەرکی حەسار وێستام و گوێم ڕاگرت:«لە دەرگا ئەدەم و کە هات پێیدەڵێم...» دەنگێکی پیاوانە بوو – «بەقسەمان ناکات و لەگەڵمانا نایەت. تا ئێوارە دەست ڕادەگرین، دەزانیچەندەی ماوە؟ها؟ نە خێر بە زۆر دەیبەین.» دەنگێکی ناخۆشی گڕ وتووڕە بوو.

نازانم لەگەڵ کێیان بوو، کێیان دەویست و بۆ چییان دەویست و بۆکوێیان دەبرد؟ نازانم! دەنگەکەی هەوەڵ تێهەڵچۆوە: «کاکی خۆم وزەتبێ، دەست ڕاگرە. ئێستا نابێ، دەیکاتە هات و هاوار و هەڵڵا و زەنازەنا.»

دەنگە ناخۆشەکە قسەی لە دەم ڕەفاند: «زۆری لەسەر برۆی پڕ شەپتئەکەم و دەم و دیانیشت تێئەکەمەوە، با بڕۆین.»

بڵێی منیان بوێ، کاریان پێم چیە؟ لە ڕاستیدا کێن؟ ساڵگارێکیدوور بوو لە زۆر کەس و زۆر کاران بە دوور کەوتبوومەوە. ئەی ئەمانە لەکوێوە قوت بوونەوە؟ ئەوڕۆژە ڕەمۆش نەهات، ئۆقرەم لە لانەبوو، بێئارا و قارا لە ژوورەکەمدا، لە ژووری مناڵاندا، لە حەسارێدا ڕاوێچکەمدەکرد، خەیاڵات هەڵیدەگرتم. مەترسی ناخنمی دەئاخنی، دڵەڕاوکێ ودڵە خورپەم بوو. هەروا ڕاوێچکەی ئەمژوور و ئەوژوور و دەرو و ژوورمدەکرد. دەهاتم و دەچووم و چاوەنوارِیم دەکێشا. چاوەنوارِی کێ؟ ئیچی؟ نازانم دەتووت شتێ دەقەومێ! دەتووت کارەساتێ بەڕێوەیە. ئاخ‌یۆنان خانەنشینی چی بەسەر هێناوم، ئاخ! بوومە لێڵی ئێوارەبەسەرداهات. لە حەساردا ڕاوێچکەم دەکرد. لە ژوورێدا مناڵیماڵێ لەدەوری سفرە دانیشتبوون و چاوەڕێی من بوون لەگەڵیاندا دانیشم بۆ شێوکردن. جارێکیشیان هەرا لێکردبووم. لەگەڵکوو یەکەم هەنگاوم هەڵێناوەبەرەو ژوورەوە بچم، لە دەرگایاندا. یەک بە خۆم ڕاچەنیم و بە خۆم وت:ئاخری هاتن! بە غاردان بەرەو دەرگا

رامکرد: کێی؟ له خـۆڕا دەنگـمدەلـەرزی، نـەک هـەر بلـەرزێ، گـریش ببـوو. هەمیسان پرسیم: کێی؟!

«تاوسی باغی بەهەشتین، ئێرە ماڵی هەق نیە؟ تۆ هاوەڵی هەق نیی؟!!»

وتەی سەردەمای لاوی بوو، وتەی عەیامی هاوەڵی یۆنان و شـۆڕاوزاگڕۆس و سامڕەند و هیوا... ئاخ بۆ هێوا کوێر بم! دەنگە خۆشـەکـەیبـەیـانی بـوو. بـێ ئیختیار له دەمم دەرپەڕی: ئـاووا! وەراسـت گـەڕا؟ منیـاندەویسـت! دەرگـام کردەوە. راست وابوو، وەکی له تـەواوەتی ئـەورۆژەدا بـەبـەرچاومـدا دەهـاتن و دەچوون. به بێ ئەوەی متەقیان لێوە بێ، وە ژوورکـەوتـن. هـەر ئـەوی دەنـگ خۆش هەڵیدایه:

«یەزدان ژیانبەخشه و هەر خۆیشی ژیان دەستێنێ، مەرگ و مان بەدەست خۆیەتی. مەلێکی بەهەشتی، زەڕنەقووتەیەکی تۆرەمەی تاووسهەنگاوی بـەرەو دونیا هەڵێناوەتەوە. گەورەی ئێمە – وەک بابی ئەمزەڕنەقووتەیه بێ، یارمەتی له تۆ خواستووە. یۆنانی کۆنه هاوەڵت،گەورەی ئێمـە. شـای جنۆکـان! ئاخـه تـۆ هەتاکوو بەر له خانەنشینبوونەکەت دوکتۆر بووی...»

یۆنان؟ ناردوویه به شوێن مندا؟ هاوەڵی هەڕەتی لاوی و سـەردەمـانیبـەرد هاڕینەکەم بوو، بەڵام پازدە ساڵێک دەبوو نەمدیتبوو، تەنانەتچەند کـەڕەتێـک بڵاوبۆوە: نـەمـاوە، لـه کـەف و کولـی تۆفانێکـدا تێـداچووە!!هـەواڵ دەیـووت تێداچووی، نەماوی. پێدەکەنی؟ بەشێتم دەزانی؟وەڵامی لاوە دەنگ خۆشەکەم داوە: ئەوە ئارای چەند ساڵه وەختەخانەنشین بووم و کارناکەم... «خۆ کارەکـه دەزانی، بیست ساڵت ئیشتێدا کردووە، سازبه با بڕۆین.»

– کەرەسەی پێویستم نیه، بەمدرەنگ وەختەش وەگیرمان ناکەوێ.

– کەرەسەی ناوێ، هەموو شتێ له بەرەوە تەیار کراوە، هەر چاوەنواڕیتۆن.

– بێتوو نەیەم چی؟ ئەوی دەنگ ناخۆشی بەیانی هەڵیدایه:

«نایەی؟ به بێ سێ و دوو... به شەپ دەتبەین. کێ بێ و بتوانێ لەحوکمی گەورەی ئێمه دەرچێ؟»

لەگەڵکوو دەمەتەقێ گەیشته ئێرە، ئەوی دەنگخۆش کـه بـۆ سـاتێبێدەنـگ مابوو، لێرەدا هەڵیدایه:

«ئەرێ کاکه بۆوا ئەدوێن؟ بۆ گەیاندتانه ئێرە؟ خۆ کاک سوار نەیوتوەنایەم.»

هەروەکوو چاوم لە دەمی بوو، چاوێکی لێدا قرتاندم. بە خێراییخۆم سازکرد و بە منالّی مالّیم ڕاگەیاند: «دۆستێکی عەیامی لاویم -یۆنان خـۆ دەیناسـی - خێزانی بە زاوەیە، یارمەتی لێخواستووم وناردوویـە بـە شـوێنمدا. ئـەوا دەڕۆم، چەندەم پێدەچێ نازانم.»

لەگەڵیاندا بەڕێ کەوتم. نە ماشێنیان پێ بوو، نە چارەوێ. هـەرباسـی‌شـی نەکرا چۆن و بە سواری چی بڕۆین. لەگەڵکوو لە یەکەم کۆڵانتێپەڕبـووین، بـە یەکەم شەقامی خۆڵینەدا ڕێگەی دەرەوەی شاریان گرتەبەر. کە لە شـارچووینە دەر، بزنە ڕێیەک و لاپاڵ و بەرتەلان و یالّی گردێکبوو. ڕۆینێکی نە خاو و نەک بە پەلە. مژێکی ڕەش و خەست دەوریدابوو. چوار شـەقـاو ئـەولای خۆمانـەوە نەدەدی. دەست لە نێو دەستییەکدی هـەر بـە بزنـە ڕێـدا، بـە شـانی ڕزێـک چالّووک و گوێنی دا بەرەودوندی گرد هەڵکشاین، لە پاش قەدەرێک ڕێ بڕینی بەرتەلان، گەیشتینەدوندی گرد و ئەمجارە یالە و یـالّ بـۆ پشـت گـردە نـزم و نەوییەکان داکشاینو، وەکی چاوتروکانێک لە پشت گـردەکانـەوە گـەیشـتینە دەشتانێکیچراغان. دەنگی تەمووره و هەوای «نەشمیل ئەمرۆ بەهارە» دەشتی پڕکردبوو. دەشت لەبـەر چراغـان لـە ڕۆژ زۆر ڕوونـاکتر بـوو. ئـای چ دەشـتان ومیرگێکی خۆش دیمەن و با سەفا بوو. هەوارێک سەدان هۆبە و دەواریڕەنگاو ڕەنگ بە دەورەوە. پێچەڵاو پووچ لە ڕاستەمەیانی هەوارەوەلایاندا و بـە کۆلـانی دەوار و هۆبەدا، بەرەو هۆبەیەکی هەرە گەورەی دەیانڕەنگ و ڕازاوە ڕۆیشـتین. هۆبەیەک بە قەرا دەهۆبەو بگرە گەورەتر بوو.ئەو خێوەتانەی پێکیان هێنابوو، لە دە پازدە ڕەنگ و هەر ڕەنگە لە یەکترجوانتر و گـەشـتر. لـەبـەر دەرکـی هۆبـە جوانەگایەکی زەڵام و قەڵەویانڕاکێشابوو سەری ببڕن. جوانەگا هاکا چاوی بـە من کەوت، تەواوی هێز وتوانای خۆی کۆکردەوە و ویستی هەستێتەوە، بەڵام کە نەیتوانیتەماشایەکی پڕ لە داخ و کەسەری کردم و یەک بە خۆی بۆڕاندی. ئای بەخـودای ناسـیمەوە! چـاوم لـە چـاوی بـڕی. وەک چـاوی حیسـانێک وابـوو کـەلۆمـەشـم بکـات و ماڵئاواییشـم لـەگـەڵـدا بکـات. هـەردووکمـان یەکدیمانناسیبۆوە! جوانەگای یەکێ لە ماڵە جیرانەکانمان بوو. زۆر دابـەسـتە وقەڵەو بوو، دەبێ خاوەنەکەی چۆن دڵی هاتبـێ بیفرۆشـێ؟ هاوڕێنـەوێسـتان. پاڵیان پێوەنـام و چووینـە نـاو هـۆدەوە. خـۆر ڕاسـت لـەنێـوەڕاسـتی هـۆدەدا دەرکەوتبوو! دڵم داکەوت، ئاخە خۆر و بە شەودا؟کەچـی خـۆر نـەبـوو، شـۆ و

رووناکایی دەیان چرا و نوورهاوێژ بوو کەهۆدەکەیان ئاوا رووناک داگیرا بوو. بۆ ماوەیەک چاوەکانم باش‌هەڵنەدەهاتن، ریشکە و پێشکەیان دەکرد و ئاویان تێزا بوو. هەتاکووبەرە بەرە باشتر بوو. هۆدە لە نێو خۆیدا بە قەرا چەند خێوەت دەبوو.ژووری جیا جیا لە هۆبەی نێوەڕاستدا کە لە هەمووان گەورەتر و رووناکتربوو و ژوورەکانی دیکە لە دەوران‌دەوری ئەو بوون؛ لە لای سەرەوە،لەسەر فەرشێکی هەوشار، پاڵپشت سازکرابوون. بەڵام تۆ، ئەرێ، ئەرێتۆی بێدین، یۆنانی بە تەمەن پیر و بە رووالەت و قەڵافەت و ئەندام لاو،وەک قۆڵەمیرێک لەسەر فەرشی هەوشار و پشت بەم پاڵپشتانەوەدانیشتبووی و زەق زەق لە منت دەڕوانی و لە ناکاودا نەڕاندت: دەک لەبەقای بەشەر! پاش ئەو هەموو هاوەڵی و خۆشەویستییە، ئەوا دە پانزەساڵ ئەبێ یەکدیمان نەدیوە و، تەنانەت هەواڵی یەکدیشمان نەپرسیوە...ئای لە بەقای بەشەر!!!

دەنگە خۆش و بڵاوێنەکەی خۆت بوو، درێژەت بە قسەکانت دا: جاچۆن هەر کەسێ سەرکەوت و بوو بە دوکتۆر دەبێ فەقیر و هەژار وهاوەڵی لاویی خۆی نەناسێتەوە؟ ئای لە بەقای تۆ...

لە پاشان هەستایە سەر پێ، هەر دووک باڵی گرتەوە و لێو بە پێکەنین‌بەرەو من هات! لە قاقای دا و خزاینە نێو باوەشی یەکدییەوە. زۆرمان قاقالێدا و زۆرمان یەکدی ماچ کرد. کە لە ئامێزی یەکدی هاتینەدەر وچاومان لە چاوی یەکدی بڕی، دیسانەکە لە قاقای دا و نەڕاندی: چۆنی‌پیرەمێرد؟ جا هەر بۆ ماڵی دونیا و بۆ ئەم چوار رۆژە ژیانەی ئەم جیهانەپیسە، گڵاوە، خوێڕیە، لاوی نەدیدە پیر ببێ؟ ئەوە بۆ وات لێهاتووەدۆستی ئازیز؟ خۆ هەر نەماوی ماڵ کاول! ئاخە هەر تۆ نەبووی بەردت‌دەهاڕی دۆستی ئازیز؟ ئاخ شۆڕا... ئاخ... ئەم وشەیە: «دۆستی ئازیز!ئەم وشەیە چی بەسەر هێنام و چی پێکردم. هەر ئەم «دۆستی ئازیزەم»بە گوێ گەیشت، تۆ، خودی تۆ، تۆی بیست ساڵ لەمەوبەر لەبەر دەممداقوت بوویەوە. دەمت جووڵاوە و پێت دەوتم: «ئای لە بەقای تۆ، شۆڕاخودی تۆ بووی بە تەوس و تووانجەوە لۆمەت دەکردم و دەتووت: «ئەوەلە کوێی؟ یانی هەرکەس بوو بە دوکتۆر دەبێ کەس نەناسێتەوە؟ ئای‌لەبەر بەقای تۆ، ئاخ شۆڕا خودی خۆت بووی لە هەرەتی لاویدا!!! یۆنان‌قاقا پێدەکەنی و بەسەر شانەکانی منیدا دەکوتاو پێیدەوتم: ئای لەئەقڵت... قاقاقاقا... ئای لە ئەقڵت... قاقاقا... کە جوان لێی ورد بوومەوە،زۆر جوان مابوو، چڵە چڵەیەکی

کەم نەبێ لێی سپی نەبووبوو. دەنگی‌تەموورە و دەنگی چەپڵەڕێزانێکی گـەرم و گوڕ، هەوای «نەشمیل ئەمڕۆبەهارە» خۆیان بە ژوور داکرد و رایانچڵەکاندم. دڵم دابوویە کوتەکوت.قۆڵی گرتم و وێڕای چاک و چۆنی بـەرەو دەرەوەی خێـوەت رێنوێنی‌کردم. برێک تاسا بووم. سەرەندەری ئـەم بـەزم و رەزمـەم نـەدەکـرد. وەک‌نەدی و بدی هەر چاوم بە چوارەندەوری خۆمدا دەگێڕاو لە هەموو شتێورد دەبوومەوە. دەشتان و هۆبە و هەڵپەرکێ و سەماگێڕ و هەمـوو شـتێ لـەتـەم و مژێکی خەستدا لەبەر چاوم بوو، چاوەکانم رێشکە و پێشکەیان‌دەکرد و پشـووم سوار ببوو. کە هاتمەوە سەر خۆ و لەم تاسانە هاتمەدەر،روومکردە یۆنان و وتم: ئای خوا بتگرێ بۆم دەور و دووکانەت، ئەم‌گوڵمەزە چیە سازت کردووە؟ لە بری وەڵام دانەوە قاقاکانی بەرزتردەبوونـەوە، قاقـا بـە شـوێن قاقـادا. خـودا وەکیـل چەندەشی لێ جوان بوو.پاشان باسکمی گوشـی و وتی: ئـەوە بـۆوات بـەسـەر هـاتووە؟ خۆســەردەمانــێ فرۆکــەت بــەر ئــەداوە! پۆلــات گوشــیبا ئــاوت لێدەتکاند،بەردت دەهاڕی... هەمیسان قاقا و بڵندتر و بڵندتر قاقا...

پرسیارمکرد: کووا ئەو ژنەی قەرار بوو بزێ؟ ئاخە بە گیانی نـاخێرمهـاتووم دوکتۆری بکەم! دەنگی تەموورە هێرشێکی بە هێزی کردە سەرم‌ئاپۆڵۆن. من لە تۆ پرسیار دەکەم دەنگی مۆسیقا بۆ وا دەکا؟ ئەمە چهێزێکە لەم ئامێرە دایە؟

ئاپۆڵۆن تۆش؟ تۆ بۆچی چاوەکانت پڕ بـووە لـە ئـاو؟ تـۆ بـۆ کوڵـی‌گریانـت هەستاوە ئاپۆڵۆن. یۆنان ناردوومی بۆ لای تۆ دەردم دەرمان‌کەی، کەچی تـۆش وەک خۆم دۆش داماوی؟ ئاخ ئاپۆڵۆن حاڵیم حاڵیم،عەیام ئاوای بەسەر هێناین. ئەم دیمەن و مۆسیقایە وەیادی ساڵانی‌لاوی و رابـردووی خسـتمەوە. ساڵـانی لاوی و ئەویینداری و کەللەرەقی...یۆنان لە دەرکی هۆدە راوێسـتا، بـەرەو رووی مەیانێکی روناک و رازاوە،بەرەو تەمـوورە ژەن و گـۆرانی بێـژ و هـەڵـپەڕکـێ. تەحالەم هەموو چرارەنگاو رەنگە و ئەو گشـتە کاغـەز و پارچـە زەرد و سـوور و سەوزە. ئای لەم‌دیلان و سەما و هەڵپەرکێ و ئەو هەموو کێژ و کوڕە تەڕپۆش و سـەر ودڵخۆشـە. ئـاخ لـەم هـەمـوو خـواردەمـەنی و سـاردییە!! لـە شـانی دەرگای‌هۆبەدا دوو کورسی گەورەیـان بـۆ دانـاین و مێزێـک لـەبـەر دەممـان. لـەیۆنـانم پرسـی: پیـاوی چـاک بـەم درەنـگ وەخـت و تاریکـەشـەوە منـت بۆچ‌کێشاوەتە ئێرە؟ ماڵ و مناڵمت پەرێشان و پەشێو کردووە، دوکتـۆری‌بکـەم، ئەی کوا؟

یۆنان و قاقایەکی دیکە، قاقا و بە ئەژنۆ داکێشان: درەنگ گەیشتێی‌سوارۆ، ژن زگی دانا و لێبۆوە. مامان و دایەن لەو دیوڕا هەرایان‌کردوومێ و وتوویانە کوڕە. پێ و قەدەمی تۆ بوو سوارۆ. تۆ و خەڵاتێلەسەر من! بەڵام هێشتا نەیانهێناوە بیدینم، بێتوو جوان و خوێن شیرین‌بێ، خەڵاتەکەت دەبێ بە دوو. ئەرێ تو خوا لە سامڕەند چ خەبەر؟یەکەم کەس لە تۆی پرسی سامڕەند. ئەویش زۆر بە تامەزرۆیی‌یەوە.هەرکەزانی چەند ساڵە تۆم نەدیوە و هەواڵم لێت نیە، ئای بە چ لۆمە وتەوس و تووانجێکەوە لێم ورد بۆوە؟ نازانی چەندە شەرمەزار بووم وچەندەم قێز لە خۆم هاتەوە. تۆ خوا ببوورە سامڕەند، بەڵکەم لەمڕۆ بەدووا قەرەبووی‌کەینەوە سامڕەند. لە پاش برێ قسە و باس دەستی کرد بەتوورەکە چەرمینەکەی لا سمتیدا و دوو کێردی دەرهێنا. یەکیان بۆ خۆی‌و ئەوی دیکەی دایە دەستی من و وتی: «با بڕۆین بۆ گۆشت برژاندن.عەجەب جوانەگایەکی بە کەیف بوو!» ئای لەو قاقا درێژەی بە دووایداهات! هەستاینە سەر پێ کە بڕۆین. بەڵام ژنێکی جوان و جەحێڵمنالێکی مەلۆتکە کراوی هێناو دایە دەستی یۆنان. یۆنان سەری‌مەلۆتکەی لادا، لە روخسار و نێوچەوانی مەلۆتکە ورد بۆوە. نێوچەوانی‌ماچ کرد، سەری بردە ناو هۆدە و گۆڕاندی: «قەدەمی خێر دەبێ سوارۆ،مایەی سەربەرزی و رووسووری گەل وهۆز دەبێ سوارۆ.» سەری لە هۆدەهێنایە دەرێ و، هەروەکوو تەماشای سوارۆی مەلۆتکەی دەکرد، بە هەردوو دەستان هەڵیهێناو لە جەغزێکی تایبەتدا حەوت کەڕەت بە دەوری‌مانگدا گێڕای و، بەرەو ڕووی خۆی، لە حەوادا رایگرت و ووتی: «لەسەرزەوی هەر خوا و گەورەکانت و لە ئاسمان هەر خوا و خۆر لە تۆ بەرزترن.ئەمەت لە یادبێ. هاتوومای دەبێ سەر بەرز و رووسووری لای خەڵک وخوابی، جا کەوابوو، چما رەسخ بیتەوە لە شاران دەبیە گوڵەباخ ووەنەوشەو لە شاخان دەبیە گوڵە گەزیزە، عەتری گوڵە گەزیزە هۆبە وهەواری یۆنانی دڵ بە کوڵ پڕ دەکات و عەمری هەتا هەتایی دەداتێ.مەلۆتکەی داوە دەست مامان و وتی: بیبەنەوە لای دایکی. لە کاتێکداقامبێژ هەوای هەڵپەڕکێیان گۆڕیبوو، هەوایەکی بلاوێن‌تر و خۆشترهەموو لایەکی پڕ کردبۆوە. یۆنان باسکمی گوشی وبەرەو لای کەلاکی‌جوانەگای بردم و، لەسەر کەلاکی کەوڵ کراو وتی: فەرموو گۆشت، ببڕە وببرژێنە. وتم: ئاخە دۆستی ئازیز جوانەگایەک بۆ تاقەکەسێ بە تەنێ؟خۆ من لێم یاساغە، نەخۆشی قەند و چەوری و وەژوورچوونی پلەی‌خوێنم هەیە…

سەری هەڵێنا و چاوی لە چاوم بڕی، دەتووت بڕوای بە گوێی خۆیـنـەبـوو! چاوی داقڵێشاند و برۆکانی تاق واز بردە ژوورەوەو دەمی کردەوە:«بـۆچی تاقـە کەسێ؟ ئەی تۆ نەهەو؟ یەکیش با بگەیتە سـەر کـەلاک ورەژی بگـەشـێتەوە، ئەوسا دەبینی چەند کەس تێیدەهاڵێ.»

خولێک بە دەوری کەلاکدا سووڕاینەوە، چاومان بۆ بەشە نـەرمـەیـەکـیلـە بەردڵان گێڕا. هەرکەسـە و شـوێنی خۆمـان دیـاری کـرد و دانیشـتین.رەژی گەشاوەی سەر مەنقەڵیان هێنایە پێشێ. هەشت، نۆ، دە کەس کێردبە دەست لە کەلاک هاڵان. هەر دەست و کێرد بوو نەرمە گۆشتی دادەبڕیو بەرەو مەنقەڵ و رەژی وەر دەسووڕا و دەستی دەکرد بە گۆشت برژاندن.جێگات خاڵی باکووس، جێگات خاڵی. رۆژی تۆ بوو لەوێ بی و ئەوگۆشتە بەم شەڕابەوە نۆشکەی. خوا هەڵناگرێ یۆنان یادی کردی. زۆرتامەزرۆت بـوو. دڵ و گـوێ دەگـەڵ دەنگـی تەمووره و هەوای گۆرانی بوو.کەم و زۆر، بڵند و نەوی لەگەڵیاندا دەووتەوە. بەو شەوە و وا بە خێراییمێشێکی رەشی گەورەی قەتـرانی - ئـەوەنـدە رەش بـوو، دەتووتجەوهەری رەشی لێدەتکـێ - بـە وزە وز هـات و راسـت لـەسـەر ئـەو بـەشـەیمـن هـەڵـمبژاردبوو، نیشـت. دەوراندەور و ئـەمسـەرا و سـەر بەسەربەشەکەی مندا گەڕا و، پیاسەی کرد. لـە ئیشـتیا کـەوتم. حـەشـیمەت هەمووخەریکی گەمە و ئاخافتن و جەفەنگ و قاقاکێشان بوون.کەچی من قـوڕ وقەپ پۆنگم خواردبۆوە و، لە هیچ شتێکدا بەشداریم نـەبـوو. مـات وحـەیـران وەیادی رەمۆی شەریکم و ماڵ و منالەکەم کەوتبوومەوە: دەبێئەمرۆ بۆچی رەمۆ نەهات؟ بۆ تەلێفۆنیشی نەکرد؟ دەبێ ئێستا ماڵ ومناڵ سەرقاڵی چی بن؟ ئاخە کەس نیە بڵێ تۆ چی و ئێرە چی؟ دەبێئەمرۆ رەمۆ چی کردبێ؟ ئەوا کە مـاڵ و مناڵ چاوی منیان لێ دیار نیە،دەبێ چۆنی پێدادەن و چۆن ماڵ و خاوەن مـاڵ بە قوڕە رەشەی مەریواندابەرنەخوارێ؟

خرمەی ناڵ و بزمار هەستا و سێ سوار دەورەیاندایْن. سوار بە بێئـەوەی لـە ئەسپان دابەزن، ڕوویانکردە یۆنان و ئیزنیان خواست سەعاتێدەرکـەون. یۆنـانی پرسی بۆ کوێ؟ چ کاتی دەرکەوتن و ئیزن خواستنە؟ئەی کێ میوانداری بکا؟

یەکی زۆر جوانچاکی لاویان تێدا بوو، هەڵیدایە: گۆشتی جوانەگا لۆسوارۆی میوان نابێ. دەچین و لە چاڵە بەفران ئاسکی لۆ دێنینەوە. یۆنانبەم قسە کەیفی ساز بـوو. گوڵـی شـادمانی لـە روخسـاریدا رووا و، ڕووی‌تێکـرد و وتی: «دەک

یەزدان یار و هاوڕێت بێ و هەزار ساڵان تەمەنت‌بێ. بە یارمەتی یەزدان لەسەر دونیا مەرد و مەردئازای و رووسوور وسەربەرزی دەرک و دیوانی خەڵک و خوا دەبی. چما عەیام وسەردەمانێک نەسخ بیتەوە، دەزانم لە خووخدەی کاک مەم و شۆڕەلاس‌و بەنگینەی بەڵەک چاو و کاکە سەیدەوانم لانادەی. هەر خۆی پشتیوانت‌بێ و، لەوانیش بەرزتر و باڵا دەست‌تر بی، بڕۆن. سوار قەمچی‌یان بەکەفەڵی ئەسپ ئاشناکرد و بەرەو دەرەوەی مەیان هەی هەییان لەچارەوێ کرد. دیسانەکەش دەنگی تەمووره بەرزتر بۆوەو، دەگەڵ شنەی‌شەوێدا تێکەڵ بوو و لە نێو مەیاندا سووڕا و خولی خوارد و نەشەی‌خستە دڵانەوە. یۆنان رووی لە من کرد و پرسیاری کرد: ئەوە لۆ ناخۆی‌هەیاڵ؟ رەنگە دیانت نەمابن! قاقاکێشانەکەی کۆتایی نەبوو! قاقاقا...چاو لە خۆت مەکە یۆنان، دەیان نەخۆشینم هەیە، قەند، چەوری،وەژوورچوونی پلەی خوێن، پشوو سواربوون،...

هەمیسان دای لە قاقایەکی بەرز و شاگەشکە بوو. هەروەکوودەنووشتاوە و راست دەبۆوە، قاقاکێشانەکەی بڕانەوەی نەبوو. لە پاشان‌چاوی تێبڕیم و – چ روانینێکی سەیر و سەمەرە بوو؟ گاڵتەشی‌پێدەکردم و بەزەیشی پێمدا دەهات! ئاخ ئەم روانینە چەندە تاڵ وچەندە شیرین بوو شۆڕا؛ وەک ژین و ژیان و جیهانی تۆ؛ پڕ لە کەند وکۆسپ و رزگاری و هیوا و ئاوات و خوزیا.

لە پڕ هەرایکرد: شەریف و رەشۆ، سوارۆ بەرنە لای ئاپۆلۆن وباکووس. زۆریان سەلام لێبکەن و سەلامی منیشیان پێ راگەیەنن. پێیان‌بڵێن ئەم کابرا هەواڵی زۆر خۆشەویستی یۆنانە، هەوجێی بەوەیە لەدەست خۆی رزگاری کەن. دووایە روویکردە من و نەڕاندی: شەیتان‌لەغاوی بەرخم، شەیتان لەغاوی، کوڕە بیبەن ویارمەتی لەوان بخوازن.بەڵکە بتوانین بە هەمووان ئەم لەغاوەی لە دەم داماڵین.

دەستی بەرەو مەیان و جەماوەر هەڵێناو هەرایکرد: هەواکەی‌گرژترکەن، گرژتر، گرژتر، ئەوە لۆ هەڵناپەڕن لاوۆ؟!! لەگەڵ شەریف ورەشۆ بەڕێ کەوتین. وەک سەرخۆش بن لە ژێر لێوڕا وزەوزی گۆرانی‌وتنیان دەهات. پشت بە مەیدان دەڕۆیشتین و، دەنگی تەموورەی‌مۆسیقاژەن و قام وتنی جەماوەر هەردەهات و، دوو هاوڕێکەم لەگەڵیاندادەیانووتەوە. دەڕۆیشتین و شەریف پللەی لێدەداو، رەشۆ گۆڕانی‌دەوت. لە دەرەوەی مەیان بە کوێرە رێیەکدا روومانکردە گردێک و بەشانی جۆبارێکدا بەرەو ژوور بە یاڵدا هەڵکشاین. خوڕەی ئاومۆسیقایەکی

راستی و نەهێنی و دلبزوێنی بوو. لـە پـاش بـڕێک ڕێ بـڕین ومانـدوو بـوون، گەیشتینە دوندی گرد. لە هەموو لاوە دەنگی مۆسیقادەهات. بەو شـەوە وڵـات رووناک بوو و، لە دار و بەرد و گیا و گژەوە نورهەڵدەستا و دەنگی مۆسـیقا بڵـاو دەبۆوە. دوندێکی تەختان و راستان وپڕدار و درەخت بوو. شەریف و رەشۆ هەر دەم بە گۆرانی بوون. بە نێوان‌بانووانی داراندا دەڕۆیشتین و ئەمبەراو ئەوبەرمان دوو جۆبار خورەخوڕ دەخوشین و بە مۆسـیقایەکـی دڵـرفێن دەیانلاواندینـەوە. لـەوسـەری‌دونـد لـە نێـوان بازنـەی سـەدان شـۆڕەبیـدا خۆمـان لـە حانـدی کۆشـکێکی‌رازاوەی خۆشـدیمەنـدا بـەدی کـرد. دەم و دەسـت دوو کـەس لـە کۆشـکەوەبـەرەو پیرمـان هـاتن و وێـڕای رێـز و مێهـرەبـانی، بـەرەو نێـو کۆشک‌رێنوێنی‌یان کردین. هەردووکیان لەمشان و ئەو شانمانەوە، دەڕۆیشتین‌و بە خێرهاتنیان دەکردین. لە دە دوازدە پلیکانە بەردینە سەرکەوتین و،لە دەرکی کۆشکەوە چووینە ژوورێ. هۆڵێکی زۆر زەلام و زۆر رووناک.رووناکاییەکی سپی و گەش و فۆسفۆری و هێمنی بەخـش و بلاوێـن. لـەهـەمـوو شـتێکەوە نـوور هەڵدەستا و، دەنگی مۆسیقا بڵاو دەبۆوە.لەوسەری هـۆڵ پیرێکـی سـەروردێـن سپی و نووراني، رەزاشیرین و دەم بەپێکەنین لەسەر کورسییە بەردینـەیـەکـی ئاڵتوونی رەنگ دانیشتبوو و،تەموورەی دەژەند. بگرە تەموورەش نەبوو، رووالەتی ئامێرەکە لەتەمـوورە نـەدەچـوو، بـەڵـام دەنگـەکـەی، دەنگـی تـەمـوورە بـوو. هەوایەکی‌خۆشـی دەژەنی. دڵـم کـەوتبـوە کوتـە کـوت. بـەرەوڕووی کـابرای بەساڵاچوو خولقی دانیشتن کراین. کابرا لە دونیای خۆیدا بوو زاگرۆس،هەیبەت و رووالەت و قەڵافەتی ئێخسیری کردبـووین، بـێ ئـەوەی‌تـەماشـامان بکـات و لەگەڵماندا بدوێ، مۆسیقای خۆی دەژەند و ئێمەی‌وەک هەویر لە نێـو مشـتیدا خڕ و پان و درێژ و هەمیسان... دەکردەوە.

هەوای شنەی شەماڵ و شەوانی زاگرۆس لە ئامێرەکەیەوە هەڵدەستا.خـۆت بووی زاگرۆس! کوێستانی زاگرۆس بوو.

هەوایەکی کۆن و کەونارای دەژەند. دڵم دەلەراوە و، دەکەوتمەلەرزین و دلە کوتەیەکی سەیر. کابرا سەری هەڵنەهێنا و لێمانی نەڕوانی ونەیدواندین، هەتـا مۆسیقاژەندنەکەی نەهاتە کۆتایی. ئەوسا سەری‌هەڵێنا و وێڕای بزەیەکی دڵۆڤان و شـیرین و، وێـڕای چـاک و چـۆنی بـەئامـاژەی دەسـت، لـە مـنی پرسـی:

«لەسەردەمی تازە لاوی و لاوی تۆدا کامقام و هەوا باو بوو؟ خۆت حەزت لەکام هەوا دەکرد؟»

– ئێمە سێ کەس بووین: شۆڕاو هیوا و من. من و هیوا مێرمناڵ بـووین،شـۆڕا چوار پێنج ساڵێک لە ئێمە بە تەمەنتر بوو. زۆربەی رۆژانی هەینیبـۆ سـەیـران دەچووینە دەرەوەی شار. بەرەو چەم و قۆپی و مێرگ وکوێسـتان و کـانی. بـە قسەی خۆش و گـۆرانیوتـن دەڕۆیشـتین و، هـەروارامانـدەبـوارد و هـەر بـەم دەستوورەش دەگەڕاینەوە.

دەنگی گۆشکراوی ئێمە بە هەوای «ئای سەوزە، سەوزە» لە هەردوکۆسـاردا دەتەقایەوە و، کۆسار یەک بە خۆی زایـەڵـەی دەنگـی خۆمـانی بـەسـینگماندا دەکوتایەوە: «هۆ سـەوزە، سـەوزە، سـەوزەی کۆساڵـان.» کـامسـەوزە و کامـە کۆساڵان؟ سەوزەکەی من و شۆڕا یەک بـوو: «کـەژاڵ»هـەردووکمـان دڵـمان پێوەی بوو، لەگەڵ هەردووکماندا دەدوا، کەچیشووی بە کەسێکی دیکە کرد و رۆیی. کۆساڵانەکەش ئاواتە شاریخۆمان، مەڵبەندی ئەویندارانن، داهاتوویەکـی دوور و خۆزیای ئۆقرەگرتنێکی دڵخواز. لـە ناکـاو، لـە ئـامێرەکـەی ئاپۆلـۆنەوە شەپۆلانیهەوایەکی دیوناس، چەشنی لێشاوی فێنکی ئاوی تاڤگەیـەک بڵـند و پـانو پـۆڕ و بلاوێـن، بـە سـەر و گوێلاکمـا پـژا. لێشـاوی قـام و هـەوای سەردەمایلاوی رژایە هەناوو دڵمەوە. ئای ئەم هـەوایـە چـۆنی راتڵـەکانـدم و چۆنیخستمە جم و جۆڵ و شەکانەوە. ئاخ چ ئەندێشێک و چ هـەسـتێک نـاخ ومۆخمی داگرت. دەنگی تەمووره گرژ دەبوو، گرژ گرژ وەک لافاویئاوێکی شیلە و گەرم بە سەرمدا دەڕژا و چوار لامی دەگرت. دەبوو بەئەستێر و ئاوەکەی بەرە بەرە زیادی دەکرد و هەڵدەقوڵی و هەڵدەستا. لەقولاپەوە بۆ ئەژنۆ، لە ئەژنۆوە بۆ نێو قەد... بەرەو سنگ و شان وگەردن... ئای لە ئاوی خۆشی چ ئـەسـتێرێکی بلاوێندا دەتلامەوە ومەلەم دەکرد. ئاخ بۆ ئەو هەموو چێژ و خۆشییەی دەرژایە هەست ونەست و هەناومەوە. یادت بەخێر شەمۆ، چەندە ئەوینداری ئـاو بـووی وچۆن لە ئاکامیشدا چوویە باوەشی ئاوەوە بۆ هەتا هـەتایـە. زۆر بـەکامـەرانی و شادی و خۆشییەوە مەلەم دەکرد و لەناو ئاوەکەدا دەهاتم ودەچووم. جار و بـار دەهاتمەوە خۆ. دەنگی تەمووره نزم دەبۆوە، نزم...نزم... نزم... دوور دەکەوتەوە، دوور. دوور... لەناکاو بە پڕتاو شاڵاویدەهێناوە و بڵـند بڵـند لـەگـەڵ هـەوای سەوزە، سەوزە، سەوزەیەکی نێو قەدباریکی پـەریئاسـا بـە سـەمـا کـردن، بـە

بەردەممدا، بە دەور و بەرماندادەهات و دەچوو. شەریف و رەشۆ لەگەڵ هەوای تەمووره گەڕە لاوژەیانبوو. دەیانووت و دەیانداو دەیانسەندەوە. لە پڕ هەردووک هەستانە سەرپێ و دووان سیانی دیکەش لەم لاو ئەو لاوە هاتن و هەمووان دەستی‌یەکدییان گرت و کردیانە گەڕی دیلان. هەڵپەڕکەیەکی ئەفسووناوی.ئای لە سەما و هەڵبەز دابەز و وەرەو بڕۆی گەڕی دیلان و ئای لە هەوای‌تەمووره. وەی لە جادووی ئەو قام و ئاهەنگە و وەی لە سۆزی هەستبزوێنی شەپۆلانی تەمووره. ئەو بازو تەوارەی ئەوێ ساڵان دوندی‌کۆساڵان و شاهۆ هێلانەیان بوو، هەستابوون و بەسەر کۆساڵان و شاهۆدادەگەڕان. لە حەوێق و پەڕپەڕۆچکەی ئاسماندا، نووچکەیەکی هەرەبەرزی کۆسارێکیان کردبووە خاڵێک و، لە جەغزێکی بڕێجار ئاگرین وبڕێجار کەسک و فۆسفۆریدا بە دەوریدا دەخولانەوە. بەڕاستی چ فڕین وگەڕان و تەوافێکی سەیر و سەمەرە و بە شکۆ بوو.

باز لە جەغزی جادوویی و لە باوەخولەی پیرۆزی خۆیدا گەڕا و گەڕاو سووڕا و سووڕا، هەتابەرە بەرە هاتە خوار و لە ترۆپکێکی هەرەبەرزی‌شاهۆدا لەسەر خاڵێکی بڕێجار کەسک و بڕێجار ئاگرین نیشتەوە. بازلەسەر ترۆپکی خۆی بەرەو ڕووی من سەری بەرز ڕاگرت، هەردووکباڵی‌کردەوە. پایەکی قورس و قایم نایە سەرزەوی و پایەکەی دیکەی تاکووژێر دەنووکی بەرز کردەوە. تەواوەتی ڕوخساری بوغری و متمانە بوو.بێ جم و جۆڵ هەر بەم ڕواڵەتەوە بووە پەیکەرەیەکی داتاشراو. هەڵمساوبایکرد و گەورە بوو... گەورە بوو... تاکوو بووە هەڵدێری دوندێک،نازانم بۆ چ وام هەست کرد لەم ئاستەدا باز لە شەقەی باڵیدا و فڕی وهات و خۆی بەناو دڵی مندا کرد!

ڕاچەنیم و هاتمەوە خۆ. لە نوورهاوێژێکی ئەفسووناوی ڕا، لێشاوی‌تیشکێکی جادوویی تێمهاڵاو چەشنی گڵۆپە کارەبایەک لە نوورێکی‌بڕێجار فەسفۆری و بڕێجار ئاگریندا نقووم بووم. لەم کەش و هەوا و بارو دۆخەدا ئاپۆلۆن بە ئاوازێکی پڕ هەست و سۆز و بە هەوایەکی‌کەونارانەوە کردیە مژوولیایش: «خودایان ئاگەدارن، من لە سامان وتوانای خۆمدا دریغیم نەکرد، بۆ کات و ساتێ دەبیە میوانی باکۆس، لەپاشان سەردانێکی دوبارەی یۆنان دەکەی و لە ئاکامدادەگەڕییەوەئامێزی شۆڕا و سامڕەند و... ئەم ڕووداوە نەبایە و ئەم سەردان

وسەفەرانەت نەکردبایە، قەند و چەوری و پلەی خوێن و پشوو تەواویاندەکردی، وەک مێش و مەگەزێک... برۆ»

یەک بە خۆم راچەنیم. بەرەو ڕووی ئاپۆڵۆن دانیشتبووم. شـەریـف ورەشـۆ لەمشان و ئەوشانم راوێستا بوون و هەر کام رانە قەلێ بەم دەست وپیالەیەک بەو دەستیانەوە بوو. هـەردووک دەسـتیان بـەرەو رووم راگـرت وخولـقیان کـردم. رانەقەل لە رەشۆو و پیاڵەم لە شەریف وەرگرت. ئەوەندیئەخت و چـارم کـرد، هیچیان بە گەروومدا نەچوونە خوار. ئاپۆڵۆنهـەرایکـرد: بـاکۆس بـاکۆس. وتم ئاخە لەگەڵ تۆدا نێوانی نەبوو! بزەیەکیتەوساوی و بەدووایدا قاقایەکـی بـەرز و بڵند و بێ پسانەوە. بە ئامـاژەیدەسـت: بـڕۆ، سـەرچـاوان، وەکێڵـی سڵـاوان، سەرچاو، سەرچاو. لەگەڵشەریف و رەشۆ دەرکەوتین. لە مانگەشـەوێکـی وەک رۆژ روون و لە ژێرتیشک و ترێفەی نوور هاوێژەکەی ئاپۆڵۆندا، یاڵـە و یـاڵ بـە شـانی رزاورزی دارە رەز دا بـەرەو گردێـک کـەوتینـە رێ کـە لێمانـەوە دیـار بوو.ئەوەندی دەڕۆیشتینە بەرەوە دارە رەز زیادیان دەکرد و لە دوو رزەوەدەبوونە باخە رەز و دارستانە رەزێکی چڕ و پڕ و بەرین و بێ سنوور.کاتێ گەیشتینە سەر دوندی دووایین گرد، تەواوی گرد و یاڵ ودەوراندەورەکەیـان دارسـتانێکی بـێ سنووری رەز بوو. شنەیەکی خۆشگەڵای رەزی دەشـەکانـدەوە و ئاهـەنگێکـی خۆش دەپژایە دەروونەوە. بەجادەیـەک سـەنگـی فـەرشـی شـەرابی دا بـەرەو کۆشکێک چووین کە لەبەردە مەرمەڕی سووری شـەرابی سـازکرابوو. هـەر لـە دەرەوەی کۆشک راهەڵڵا و زەنای ناو کۆشک هێرشی بۆ هێناین. حـەشـیمەتی بێروون ودەروونی کۆشک مانـدوو نـەبـوونییـان کـردین و بـە بـێ راوێسـتان خولقیناو کۆشک کراین. بەڵام کۆشک و ئای چ کۆشکێک؟! چووینە ناو هـۆڵ وتەلارێکی گەورە و بڵندەوە. دەوراندەوری تەلار تاقە و رەفحە بوو. لەسەرهەموو تاقە و رەفحەکان کووپەڵە و پێک و پەرداخ دانرا بوون. بن دیوار وبـن دیـواری تەلار کووپەی زۆر گەورە و لە پای هەموو کووپەکاندا کووپەڵەو هەمیسان پێک و پەرداخ ریز کرابوو. نێوەڕاستی تەلار کۆڕ کۆڕمەجلیس گیرا بوو. مێز و کورسی و کووپەڵە و پێک و پەرداخ لەسەر مێزبوو و کۆڕ بە دەورەوە. تـەلار لـەبـەردی مەرمەڕی شەرابی، بازنەیی، بێژێر و ژوور و سەرێ و خوارێ. هەمووان سەرقاڵی قسەی خۆش وپیاڵەگێـران و شـادیکردن بـوون. لـە کـۆڕێکی هـەرە خـۆش و رازاوەڕاهەرامان لێکرا، بـە نێـو بانگیـان کـردین. رەشـۆ پـێشکـەوت و ئێمـە

بەدووایدا. ئەوی لە تەلاردابوو ئاماژەیان بەرەولای پیاوێکی جوانچاکیڕەزاشیرین دەکرد و دەیانووت «باکۆس، باکۆس» لە ژوور و کۆڕەهەرەخـۆش و رازاوەکـەڕا باکۆس بە نێو بانگی کردم: «زەنجیری دەوریئەم کۆڕە بپسـێنە سـوارۆ... ئـەو زەنجیرە داماڵە، بپسێنە، دایماڵە،بیپسێنە سوارۆ...»

زەنجیرێکی ژەنگاوی و بە رووالەت رزیو بە دەوری کـۆڕ دا کێشـرابوو، ئـەم زەنجیرە بەری رێی لێگرتبووم و نەمدەتوانی بگەمە باکۆس.کاری تۆ بوو شـۆڕا. لەوێ یادم کردی و وتم لە کوێی شۆڕا؟ پساندنی ئەمزەنجیرانە کاری تۆیە تۆ!! نەبووی، لەوێ نەبووی شۆڕا. بـەڵـام یـادمکردیو هـاوارم لێکـردی! یـادت بـە هاوارمەوە هات. ئاپۆڵۆنیش، باکۆسیشزۆریان سڵاو گەیانـدی. زۆر زۆر. سـەیـر ئەوە بوو ئەم زەنجیرە سەرە رێیهەر لە من گرتبوو، ئەگینا شەریف و رەشۆ بـێ سێ و دوو بەسەریدابازیان دا و دەرباز بوون و رۆیشتنە نێو کۆڕ و مـەجلـیس و دەستیان کرد بەخواردن و خواردنەوە. کەچی لـەگـەڵـکوو مـن لـە حاسـتێکی تایبەت بەولاوەترەوە دەچووم، زەنجـیر لـە گـەردنم دەهاڵـا و رایـدەگـرتم. لـە داخانەهەشاوڵم بردێ و پێیدا نووسام. زەنجیری بە رووالەت ژەنگاوی و رزیوزۆر قایم بوو و نەدەپسا. ئەوەندی ئەخت و چارم کـرد و تێکۆشـام زەنجیرنـەپسـا و نەپسا. لە داخانە گریانم هاتبوویە. خۆم زەلیل و بێ دەسەڵاتدەدی. وە یـادی ئەو عەیام کەوتبوومەوە کە بەربەرەکانێم لەگەڵ تۆدا بووشۆڕا، لـەسـەر کـەژاڵ. کەچی لەو ساتە بێدەسەڵاتیەدا هاوارم لە تۆ کرد ویارمەتیم لە تۆ خواست. هەر ئەوەندی دوو لەپی دەستت بە نێو پشتمداکیشاو وتـت شـەرمـەزارم نـەکـەی، دەتوانی!!! بە یادی تۆوەهێرشم کردەوە سەر زەنجیر. بە یەکەم هێز و راوەشاندن خرمە خرمیکوت کوت بوون و پسان و بەربوونەوەی زەنجیر تەلاری پڕ کرد. ئاخ ئەوخرمە خرمەی لە کەڕاکەی سەرمدا چ ئاهەنگێکی خۆشـی سـاز کرد. سـێچوار کوتـە زەنجـیرم هـەڵـگرت و حـەوام دایـە بـەر پێـی بـاکۆس. باکۆسیجوانچاک و رەزاشیرین و سەرخـۆش بـە دەنگێکـی دلێـر هـەرایکـرد: «ئەمزەنجیرە دوو هەزار و حەوسەد ساڵە چاوەڕوانی تۆیە، خۆشەویست!فەرموو بەخێر بێی، بان سەر، بان چـاو... پـەر یلـەیـەکـی شـلک و ناسـکیباڵـابەرزی چاومەست و شۆخ و شەنگ پێکێکی دایە دەستم و هاواریکرد: نـۆش هـاوار و زەنای: نۆش، نۆش، نۆش... تەلاری ئاخنی. پێکمەوەرگرت، نوورێکی فۆسـفۆری تەلاری داگرت... دەستم هەڵێناوە، دووهەزار و حەوسەد دەست لەگەڵ دەستی

من بەرز بۆوە و ئەوی لە نێوپێکدا بوو بە هەڵاویشتنێک ئاوقـای دەروازەی نیـاز کرا. دوو هەزار وحەوسەد کیلـۆ هـەنگـوین و هـەنگـوور لـەپـەڕ پـەڕۆچکـەی ئاسمانــەوەداخوشــین و بــە دەروازەی نیــاز دا چوونــە خــوار و دوو هــەزار و حەوسەددەنگی نۆش نۆش بەرز بوونەوە. لە نێو ئەم دەنگانە دا، دەنگی بـاکۆس لەدەنگی هەمووان بەرزرتر بوو: «نۆشت بێ و ئەرک و ئیشـی خـۆت لـەیادبـێ. دۆستان هەرکەس بەرەو وڵاتی خۆی. هەمووان وەکێڵی سڵـاو بـنو بـە دۆعـا. بەرەو من هات. لە یەک گەزیمدا راوێستا و وتی: سڵاویئاپۆلۆن، سڵاوی یۆنان، سڵاوی شۆڕا و سامڕەند، هاتە پێشتر، دەستینایە دەستمەوە و دەستی گوشیم و درێژەی دایە: لە هەمووان پتر،سڵاوێکی گەرم و گوڕ و کەوناران لە باکۆسەوە بۆ خۆت، سڵاو لە خۆت،لە منەوە بۆ خۆت و لە خۆتەوە بـۆ خـوت. ئیـدی مالـئاوا، ماڵئاوا. بەهـەنگـاوی قـورس و بـە متمانـە، بـەرەو شـوێنی خـۆی گـەڕایـەوە. دەرکەوتنیدوو هەزار و حەوسەد کەس پێکەوە. هەموو بـە قسـە و بـاس و بـە جەفەنگو دەم بە پێکەنین. لەگەڵ شەریف و رەشـۆدا قـۆڵ لـە نێـو قـۆڵ بـە چەپڵەلێدان و گۆرانی وتن، بە سەما و هەڵپەڕکـێ و وێـڕای پللـە و چـەقـەنـە لێـدانبـەرەو شـوێنی خۆمـان گـەڕاینـەوە، رەشـۆ بـوو یـان شـەریـف؟ رەشـۆ بوو،پێشنیاری کرد: شەوێکـی خۆشـە دۆسـتان، کـەونـاران و مێژوویـی. دەبـا بــەراکــردن بــەســەر گــرداو گــرددا، یالــە و یــاڵ ئــەم رێگــە ببــڕین و زوو بگــەینــەوەبــەزمــەکــەی خۆمــان، بــەزمــەکــەی یۆنــان، زوو نــەگــەینــەوە دۆڕاندوومانە.پێمان پێشنیارێکی باش بوو: یەک، دوو... سێ. سێ جیفرک لـە خۆدان وسێ شـەقاووکـەس نـەیـزانی چـۆن لـە چاوترووکانێکـدا لـە دەرکـی هۆدەییۆنان راوێستا بووین. دەنگی ماندوونەبوونی کردنی یۆنان، بەرز وپیاوانە، دڵۆێان وبە نەشە بوو. بەڵام هاواری من بەرزرتر بوو. ئەم رەژی وکێرد و گۆشتە لە کوێیە؟ ئای لە برسانە مردم! یۆنان هاتە وەڵام: تەواوبوو، تەواو. زەنجیر پسا و لەغاو دا ماڵدرا و ئیدی شەیتان لەغاونی، نیی،نیی، نی. بەخێر بێنەوە، فەرموون بەڵام زۆر مەخۆن! کاتو ساتیگەڕانەوەی کوڕەکانە. گۆشتی ناسک و بە تـام و چێژ لە لای ئەوانە.مەنقەڵێ رەژی تازە گەشاوە گەیشتێ. نەرمەیەکی زۆر جوانم هەڵبژارد ودەستم بە کێردەوە بۆ بـڕینی گۆشـت درێـژ کـرد. هـەمـان مێشـی رەشیقەتـرانی لـەسـەری هـەلـفڕی و بـە ویـزە ویزێکـی بلـندەوە بـە دەوری سەریهەمووواندا سووڕا و رۆیی و لە چـاو ون بـوو. لـە خـۆڕا بـە دلـمدا هـات:

ئەوبازەی لەسەر گردەکە نیشت و، ئەم مێشەی لەسەر ئەم گۆشتە هەڵفڕی،هەر کـام چییـان لـە جیهـان زیـاد کـردو چییـان لێکـەم کـردەوە؟ هـەر لـە فیکـری‌دۆزینـەوەی وەڵـامی ئـەم پرسـیارە دا بـووم و جینگڵـم دەدا، لـەناکاوهـەسـتمکرد پۆلـووە رەژییـەکـی گـەشـاوە پشـتە ملـم دەسـتووتێنێ ودەیبرژێنێ. سەرم هەڵـێنا و چـاوم بـە نیگـای یۆنـان کـەوت کـە چـاوی لـە من‌بڕیبوو. وێڕای زەردەخەنەیەکی ئەفسووناوی، لە خۆڕا، بە بێ ئەوەی‌پرسـیارم لێکردبێ، وتی: ئاکار و کردەوەی نێوان ئەم مەودای نیشتن وهەستانەوە مەرجە. گرینگ هەر ئەوەیە لە مەودای نێوان ئەم هاتن ورۆیینەی ئێمەدا و ئەو هەستان و نیشتنەوەی ئەواندا چی دەکرێ و چی‌دەبێ؟... خۆمان چۆن دەبـین... هـەر لەو کاتەدا سوارۆ و کوڕگەل‌گەڕانەوە. هەر کام بەر خۆڵە ئاسکێکی کەوڵ کـراو لەبەر دەمدا. یۆنان‌دەنگی بەرز کردەوە: نەمووت، نەمووت! ئەمەش گۆشتی تازە و نەرم وناسک. دادەی کوڕە لـە چـاوی منتـان کـەوێ سـاردی بێـنن، دادەی دەبابزانم مەجلیسی ئەمشۆمان چۆن دەڕازێننەوە. دادەی هەراکەن با کوڕان‌بێن و بیاندینم. یۆنان سێ کوڕی بوو: سوارۆی مەلۆتکە - ئەمشۆ لـەدایـک بـووە - سوارۆی لاو کە پازدە، شازدە ساڵ دەبوو. گەورەکەشـیان‌سـوارۆی پیـاو بـوو - تەمەنی لە نێوان بیست و پێنج و سیدا دەبوو. زۆری‌نەخایاند سوارۆی پیـاو لـە پێشەوە، سوارۆی لاویش، سوارۆی مەلۆتکەبە باوەشەوە بـە دووای بـرا گـەورەدا هات و هەر سێ لە حاندی ئێمەدابەرەو ڕووی ڕاوێستان. یۆنان هەسـتایە سـەر پێ، سوارۆی مەلۆتکەی‌هەڵێنایە سەردەست و لە جەغزێکـی تایبـەتـدا حـەوت کەڕەت بە دەوری‌مانگدا سووڕاندی و، پێی‌وت: لە ئاسماندا مانگ و رۆژ وخـوا و لەسەرعەرزی هەر خـوا و گـەورەکانـت لـە تـۆ گـەورەتـرن! ئینجـا ڕوویکـردە سوارۆی‌لاو و پێیووت: دەتوانی بە بێ سێ و دوو بەشی مـن و سـوارۆی میـوان لەم‌ئاسکە ببرژێنی؟ قاقا جوان و خۆش ئاهەنگەکەی بەرز بۆوە: هەە هەەهەی لە من و هەی لەم پرسیارە! گەلحۆ، گەمژە. پرسیاری ئاواو لەسوارۆی لاوی لە مەم و سەیدەوان و لاس و بەنگینە بە خوو و خدەرەسەنتر و پەسـندتر؟ دیسـانەکـە دەنگی قاقا ئەفسووناوییەکەی پەردەی‌ڕەشی شەوی لەراندەوە. ئەو قاقایە دەگەڵ دەنگی سەدان تەموورە زەوی‌و دەشت و تەشقی ئاسمان و مانگ و ئـەسـتێرانی لەرزاندەوە.های لەم‌قاقایە و ئای لە کارتێکردنی دەنگی مۆسیقا لە ناخ و مـۆخی من! ئـەوی‌هـەوای خۆشـی عـەیـامی منالـی و مێرمنالـی و لاوەتـیم بـوو، بـە

سەدان تەمـووره دەیـانژەنی و بـە دەنگـی دەیـان و بگـرە سـەدان کـەس وەک شەپۆلی ئاوی زەریایەکی تۆفانی و تووڕە و بە نەشەو گەشە دەووتراوە.

سوارۆی لاو گۆشتی برژاوی دەدایە دەستی مـن و یۆنـان و لـەبـەرخۆیـەوە دەگەڵ گۆرانی بێژ گۆرانی دەووتەوە. ئیشتیام کرابۆوە و وەک برسـی و تـوونی و قات و قڕی لێدراوی سەدان ساڵە هەر دەمخوار و تێربوونم نەبوو، سەیر لەوە دا بوو بێج لە تێر نەبوونی گەدە، ئیشتیاشم تێرنەدەبوو و تام و چێژێکی سەیرم لەم خواردنە دەبرد.

یۆنان هەرای لە سوارۆی پیاو کرد بێتە نێزیکی و، پێی وت: «نەکـەی خـۆت دانێی بۆ سەد ساڵ! زۆر زۆر زیاترت شیاوە و زیاترت لێـدەوەشـێتەوە. عـەمـری نۆحیش بە کەس نەدراوە، چما فەسـخ بیتـەوە،دەبیـە بـەرد و ئاسـن و پۆڵـا و مەفرەق  و ئاڵتوون بۆ پەیکەرەی خۆت و یاخۆ بۆ پەیکەرەی خۆت و باز و شێر. بە فەسخ بوونەوەی ئەندامت بێچلەمانە چی دیت لێ بـەجـێ نامێنـێ، مـەگـەم پەیکەرەی ئاڵتوون و پۆلای بەئاڵتوون ئاودراوی خۆت و گەورە پیاوان.»

ئای چەندەم برسی بوو؟ سوارۆی لاو پەیتا پەیتا پلە گۆشتی برژاوی دەداینێ و من و یۆنانیش ئاوقای دەروازەی نیازمان دەکرد. ساردیمان بەسەردا دەکـرد و دەنگی مۆسیقا و گۆرانیش بەجێی خۆی. هەزاردەنگی یەکهەواو هاودەنگ خاوو گرژ و گرژ و خاو، نزم و بڵـند و بڵـند ونـزم، ناسـک و گـڕ و گـڕ و ناسـک بـە هەرەوەزیی دەنگی تەمووره و دەست وپـەنجـەی تـەمـوورەژەن، مـەیانیـان لـە عـەرزەوە تـاکوو ئاسمـان بـە مۆسـیقا وگـۆرانی تـەنیبـوو. دڵـم بـە قـەیرایـی پەپوولەیەکی لێما بوو، دڵەکوتەیەکی سەیر هەژاندبوومی و، دەتـووت ئێسـتا نـا ئێستا و ئێستانا تاوێکی دیکەدڵم لە کوتە کوت دەکەوێ. بارودۆخ سەیر و، کەش و هەوا سەیرتر و ئاخچ حاڵێکی ئەفسووناوی بەسـەرمـدا زاڵـبوو... برسێتیشـم نەدەشکا و وەک درەندەی هار لە برسانە هەر پەلاماری گۆشـت و سـاردیم دەدا ودەمخوارد. دڵـم لـەگـەڵ گـۆرانی و مۆسـیقا لێیـدەدا و چـاوم بـە مـەیـدان وهەڵپەڕکێ و کیژ و کوڕی تەڕپۆشدا دەگێڕا.

بڵێی بڕوام پێبکەن؟ هەر ئێوەم لەگەڵ بوون، هەر ئێوەم لـەبـەر چـاوبوون و هەر ئێوەم دەدیت. ئای چەندە تامەزرۆی ئەوە بووم، ئە ئاوا،وەک ئەمشەو، شۆڕا، سامڕەند، شەریف و خۆم وەکۆبینەوە و وەکی ساڵی ساڵان و ئەوێ ساڵان و ئەوێ عەیامی رابوێرین. هەر دەمخـوارد و یـادی هـەڕەتی لاوی و ئێـوە و زاگـڕۆس و

هیوای شەهید ناخمی دەهەژاند.تاسەی دیداری ئێوە ئۆقرەی لە لا نەهێشتبووم. پانزە ساڵ دەبوو ساڵە وساڵ یـاد و نێوتـان، رەنـگ و روخسـارتان و تـەنانـەت بیرەوەریتان بەزەینمدا نەدەهـات، کـەچـی لـەو دەمـەدا دەتـووت بـۆ دیـدار و دووانداتان خەریکبوو سوێم بێتەوە. نائیدی خۆم پێرانەدەگیرا، دەبایە هـەسـتم وبڕۆم، بگەڕێمەوە نێو شارو چاوم پێتان بکەوێ. ئای ئەم لێک دوور بوون و لێک بێ هەواڵبوونە چۆنی داڕزاند بووم و چۆنی شیتاڵ بە شیتاڵکردبووم. ئاخـە بـۆ؟ لەسەرچی؟ بۆچی دەبێ پازدە ساڵ بێ لە یـەکـدیمان نـەپرسـیبێ؟ بـە خـوای هەڵەیە، دۆڕاندنە، خەسارەیە. بۆچی تازە هیچکاملە ئێمە دەتوانین ئەم سەربورد و چارەنووسە و ئەم هەموو بیرەوەرییە و،ئەم جیهانەی بە پێی ئەمانە پێکهـاتووە فەرامۆش کەین؟ با زەمان وئینسان و بڕواو رایەی جیهان و ژیانیش گۆڕدرابـێ، چما لەم بارو دۆخەتازەشدا بێج لە یەکدی دەتوانین لەگەڵ کەسی دی و کەش و هەوایەکی دیکەدا هاوەلی و هاوژینی پێکبێنین؟

ئاخە هەر لە سەرەتای مێرمناڵی و لاوی را، تەواوی کات و سات وهەڵـس و کەوتم و هەڵس و کەوتمان هەر پێکـەوە بـووە، بێتـوو حـەوتوویـەکـهـەواڵـی یەکدیمان نەبایە و چاومان بە یەک نەکەوتبایە، شێت و هاردەبووین. بە تایبەت ساڵ و سەردەمی تۆفانە گەورەکە. چما دەمانتوانیشەوورۆژێـک بـە بـێ یـەک هەڵکەین؟ کەچی لەگەڵکوو تۆفان نیشتەوە ورەشەبا هەڵیکردێ، ئای رەشەبای ناکامی و نامرادی چۆنی بە ئەم لاوئەولادا کوتاین و بـەم قـوژبن و ئـەو کـون و کەلێنی دا پەستاوتین و لەمسووچ و ئەو کەلەبەردا دەستەو ئەژنۆی کردین، لێک هەڵبڕاین وهەرکەس بـووە دزی گـای خـۆی و لـە سـووچێکەوە بـۆی دەربـاز بوو!ئەڵبەت هەموو کەس نا، بەڵام زۆر کەس، زۆربەمان. یەکیان خۆم. ئایئـەو شێرە کوڕانەی گوللەیان بەدەم دەگرتەوە، چۆنیان باداوەو کلایانگرت و هەمـوو نەیامەت و چارەڕەشی و زیندان و شاربەدەری بەسەرچوارکەسـی وەکـوو شـۆڕا و... داهەرەس بوو. هیچ دوور نەڕۆین هەرمنخۆم، ئەم پـازدە ساڵـەی دوایـی هەموو حەول و تەقالام ببووە ئەوەیدوورەپەرێزی بکەم و خۆم لە هەموو هەڵا و هەنگامەیەک دوورخەمەوە،لە دیوناس دووری بکەم و هەموو هەڵسووڕانم ئـەوە بێ چوار پێنجسەعات لە نەخۆشخانەکان رابوێرم و بگەڕیمەوە ماڵێ و، لە پـاش برێپشوودان بڕۆمە مەتەبی کەسانەی خۆم و هەتا بە بەریەوە هەبێ دەست وباڵ

و سەر و گوێی نەخۆش داتاشم و لە پاشان بە گیرفانی هەڵمساوە وەبەرەو ماڵ ببمەوە.

هەڵە بوو و یۆنان، هەڵە بوو و هەموومان، ئەوی وەکی منی کرد لەهەڵەدا بووین. ئەرێ یۆنان؟ لامەسەب، کافر، ئەم سەفەر و دیمەنانە چبوو من دیتم؟ بڵێی خەون و خەیاڵات و خولیانە بووبن؟ نازانم!! دەبێهەستم و بڕۆمەوە، لە حەسارێدا بڕێک بێم و بڕۆم و راوێچکە بکەم ولەسەرەخۆ ئەم باس و خواسە لێکدەمەوە، بەڵام گزێکی تازە لەدەروونمدا دەجووڵە جووڵ دایە. لە قایەت و ئەوسانەدا، دەیانگێڕاوەئەو کابرای جنۆکە بردبوویان شایی جنۆکانی پێبگێڕن و شایەری‌یان بۆبکا، لاقە برغەیەکی جوانەگا دزراوەکەی ماڵە جیرانەکەیانی دزیوە و لەژێر گڵدا شاردیەوە. ئەی ئەم جوانەگایە؟ ئی جیرانەکەی من نەبوو؟نەدزراوە؟ قەبرغەیەکی نەدزمەوە؟... قاقایەکی ناخافڵ و لە ناکاو و سەیرو سەمەرە، کەڕڕاکەی سەرم دەکاتە سندانی ئاسنگەر و قاقا و شەقە شەق و تەقە تەق لە کەڕڕاکەی سەرمدا دەتەقێنەوە... ئای لە قاقای یۆنان!گزێکی دیکە لە ناخمدا کەوتە جم و جۆڵ: «ئەرێ یۆنانی چی؟ بۆچی‌ئەوێ ساڵە هەواڵی کوژرانەکەی نەهات؟ بڵێی ئەمە خۆی بێ؟»

کە سەرم هەڵبڕی، لەگەڵیدا بەرەو ڕووبوومەوە و، کە جوان لێی‌وردبوومەوە، وەکوو گاڵتەم پێ بکا و پێم‌پێبکەنێ، زەردەخەنەیەکی پڕ لەتەوس و تووانج لە روخسار و نیگایدا بەدی دەکرا. هەر بزەی دەهاتێ ودەیهەویست شتێک بڵێ و نەیدەووت. کت و پڕ لە زبانم دەرچوو: ئەرێیۆنان، ئەو باس و هەواڵانە چی بوون چەند کەڕەت بڵاوبوونەوە: یۆنان‌کوژرا! یۆنان مردا؟ بزەیەکی زۆر سەیر و سەمەرە، جوان و دڵڕەفێن‌روخساری داپۆشی. دایە قاقایەکی بەرز و بێ بڕانەوە... دەستی نایە نێودەستم. دەستمی گوشی و رایوەشاند. چووینە ئامێزی یەکدییەوە و ئای‌چەندەمان یەکدی ماچ کرد و چەندەمان فرمێسک هەڵوەراند وچەندەمان قاقاکێشا؟ ئاخ...

دەستی بەرەو بزنە ڕێی قەدپاڵی گردەکە راکێشا و وتی: ئەم بزنەرێیەبگرە و بەری مەدە، ئەم گردە دەور دەی، شار وەدەر دەکەوێ. وەکێڵی‌سڵاوی هەمووان، قاقا، قاقا، هەمووان... قاقا، هەمووان... قاقا...

دوور دەکەوتەوە و نەرمە کۆکە و قاقا، نەرمە کۆکە و قاقا بەرە بەرەدوورە چاو و دوورە گوێ دەبوون. رووناکی بەسەردا دەهات، بە بزنەرێدا گەڕامەوە،

لەوسەری یاڵ ئاوڕێکم داوە: هۆبە و هەوار و خێوەت وخێڵێک لە گۆڕیدا نەبوو. هەردێکی بەرین وکاکی بە کاکی و ساکە دەشتیو گردێک و بزنەرێیەک و خاڵێکی بیچکۆڵانەی ئاسایی بە دەم ڕێگاکەوە.هیلاک و ماندوو لە حەسارێدا راوێچکە دەکەم. ئەوەندەی لەشم قورس ولاقەکانم ماندوون، سەد ئەوەندە دڵ و دەروونێکی رزگار وشاد وحەساوەم هەیە. رووناکی بەیان و یەکەم گزنگەکانی، نوور وەشانیان کردووم و عەتری شنەیەکی بلاوێن دەملاوێنێتەوە. لە ژووردا سفرەی‌نانخواردن راخراوە و چاوەڕوانی منن بچم و لەگەڵیاندا دەست بەخواردن بکەم. دەرگای هۆڵ دەترازێنم و یەکەم هەنگاو دەنێمە ژوورەوە.کەچی لە حەسارێڕا دەنگی دوو مەل دەگەنە گوێم. ئاوڕ دەدەمەوە:خەرتەلێکی دوو هێندەی خەرتەلی ئاسایی و ئەو بازەی دوێنێ دیتم ولەسەر کۆساڵان و شاهۆ دیتم، بەسەر و چاوی یەکدیدا هەڵدەپرژێن وشەڕە دەندووکە و چنگە پڵماسکەیانە. خۆم بۆ راناگیرێ و لە قاقایەکی‌بەرز و بێ بڕانەوە دەدەم.

* * *

# *Metamorphosis

بلێی بارام بووبێت؟ ئەوە ئارای چەند شەوە هەدادانی لەم گەڕەک وکۆڵانە هەڵگرتووە. بە کۆڵاندا، بە سەرباناندا، بە شەقامدا رادەکات وسەگەل بانگ دەکات. تێکەڵ سەگەل دەبێت و لەگەڵ ئەوانیش بە حەپەحەپ شار دەتەقێنێ «بە چاوی خۆم دیم لەو سەری کۆڵان دەرکەوتبارام بوو؛ لە نێوەڕاستی کۆڵان کەوڵی گۆڕا! قەڵافەتی گۆڕا و، بوو بەسەگ!»

- جا شتی وا چۆن دەبێ؟ کێ دیویەتی! درۆ و دەلەسە و خۆڕافەیە.درۆیە درۆ. جا یەکێک درۆ، دووان درۆ، سیان درۆ؟ چەند کەس درۆدەکەن؟!!!

کابرا سوێند دەخوا، دەڵێ بە چاوی خۆم دیتوومە! کەم بەدکردەوە وبەدفەڕ بوو؟!

* * *

- کاک بارام خۆت لەبەرکەوە، وەرە با بڕۆین.

ئێوە کێن و، لەگەڵتان بۆ کوێ بێم؟

- پیاوی خواین دەتبەینەوە بۆ ماڵی خۆت!

- ماڵی خۆم ئێرەیە؛ بە کاغەز و قەباڵە ماڵی خۆم ئێرەیە.

- ئێرە ئەمانەت و عەجالەتی بوو. هاتووین بتبەین، لە ماڵی خۆتنیشتەجێت کەین. بگرە لە گۆڕ و گۆڕپچەت هاوین و گۆڕەوشارت دەین.

- تاوانم چیە؟

- ئیمرۆ ئەو سەیزادە پیرو سەغیربارەت ناهومێد گەڕاندەوە.

«راست لە کات و ساتی تەواو بوونی ئەرکی رۆژانەدالێموەژوورکەوت. پیر و کز و کەنفت و رەشتاڵە، جل و سیپاڵ کۆن و شڕ وچڵکن، کۆڵێک شاڵ بە نێو قەدەوە لە خۆڕا خوێن تاڵ بوو. هەر بەچاوپێکەوتنی خەم و خورپە رژایە ناخمەوە! چیت دەوێ دایکە؟

پرێسکەیێک پڕ لە سجیل و کاغەزی نایە بەر دەسم و: بیکە بۆ خـاتری‌خـوا کارم راستبێنە، سەغیر بارم، ئەم گشتە هەتیو و چەتیوەم بە ریشەوەبووە!
- کاتی ئەرک و ئیشی رۆژانە تەواو بووە دایکە.
- کوڕە لە ڕێی خوا، بێکەسم... بە خوا کارم راست بێنی، وەک حەج‌کردن وایە؛ بێباوکن... سەییدی ئەولادی...
- هەیهۆ، هەیهۆ!!! من دەڵێم نێرە، ئەو دەڵێ بیدۆشـە. دایکـە کـاتی ئـەرک‌و ئیشی رۆژانە تەواو بووە، تەواو، تەواو، بۆ نافامی؟!
- براله لە ڕێی خوا، هەژارم، سەیید زادەم، هەتیو بارم...
- خانم دەردەکەوی یان بە...
نیوەی شاڵەکەی لە قەدی کردەوە و، بەسەر عەرزەکەدا رایکێشا: خوامهانیە تکا...
پرێسکە و سجیلم بۆ حەوا داو، بەرەو دەرکی ژوور رۆییم‌و، هەرام‌کـرد: مـام عەلی من رۆیشتم، ئەم ژنەش دەرکە...»
- بێتوو لەگەڵتان نەیەم چ دەبێ؟
- بە شەپ دەتبەین!
- جا پیاوی خوا و ئەوەندە ماقووڵ؟ ئاگاداری دەمت بە لـە تـۆ زۆرماقووڵـترین! پەنجەرەی بەرو کۆڵانم کردەوەو، بە ئەسپایی خۆم لە کۆڵان‌هاویشت.
هەرکە لاقم گەییشتە سەر عەرز، گورج راستبوومەوە و، رامکرد. دەم‌لەسەر پشت کەوتنە سەرم و، قاویان کرد: بیگرن... بیگرن.
بەو نیوە شەوە شارشڵەقا. خەڵک لە ماڵ هاتنە دەر و، کۆڵان و شەقام‌لەبـەر حەشیمەت جێگەی دەرزی هەڵاویشتنی نەبوو. خۆی لە نێوئـاپۆرەی خـەڵـکدا مەڵاس‌دا. نەیانناسیەوە، نەیاندیتەوە...
- ئەرێ کاکە چی بووە؟ دزیان رەپێ ناوە.
- نا، نا، نەوەڵا. دزیەکەی نەکردبوو، ویستبووی بـە دیـواردا هـەڵـگەڕێ،پێیـان زانیوە!
- نەخێر وانیە. لەو گەڕەک ماڵێک نەخۆشیان دەبێ، سەگەکەیان‌لووراندوویـە. سێحەب ماڵ سەگی رەپێ ناوە. ئاخە لوورەی سەگ لـەنزیـک ماڵـە نـەخـۆش بەدشومە. شار تا نێوەشەو قەرەباڵغ بوو. بارام تاریووناکی بەیان بـە کۆڵـاندا رای کرد. لەگەڵ هەوەڵ گزنگەکاندا ئۆقرەی‌گرت و بەرەو ماڵ بۆوە. نان و چـایێکی

خوارد و بەرەو ئیدارەکەی چوو.کاتێک گەیشتە ژووری ئیدارەکەی قسەو باس دامەزرابوو:

ئەرێ هیچ ئاگاتان لە هەراو هوریای ئەمشەو بوو؟

- دزیان گرتبوو، بە کۆڵانێک حەشیمەت دەیانکوتا.

- نا، بۆیان نەگیرا بوو، لە دەستیان رایکردبوو، بۆی دەگەڕان.

- کوڕە برا بۆ خاتری خوا دزی چی؟ سەگێک لووراندبووی، رەپێیان‌نابوو، ئاخە لەسەر لوورەی سەگ و شارێک بشڵەژێ؟ نەخێر سەگەهاربوو، خەڵکی دەگەزی!

کت و پڕ قالەی هاوکارم رووی کردە من و: ئەی تۆ بۆ هیچ ناڵێی؟چۆنی بۆ دەچی؟ وتم: شەوێ ناساخ بووم! هەر لە ئێوارەوە دەرک وپەنجەرەم داخست و بە جێوبان کەوتم. ئاگام لە هیچ نەبووە.

- ئەی برا! بێقەزابیت، جوان مەرگی نەبێ، ناساخی هەر دەبێ دەبێ...

پشووم سوار بووبوو. دڵم خوێنی لێدەتکا. زەنازەنا و قسە و باسی‌هاوکاران وەک چەکوش بە سەرمدا دەکوترا. هەر نەمدەزانی دەڵێن چی؟هەر نەمزانی ئەورۆژە چ گوترا!!!

کاتی رۆیینەوەی ماڵ گەیشت. هەر من مابووم. ئەویش نازانم بۆچی‌دواکەوتبووم؟

لە پڕ جەحێڵێکی سەر ڕووت و دەم ڕووت خۆی بە ژووردا کرد.

- ئاغا دەبووری ئەم نامەیە بۆ ئیدارەی ئێوەیە؟

- ئیدارە کاتی تەواو بووە. سبەینێ وەرەوە.

- ئاغا پیاوی چاک بە، پیاوەتی بکە و کارم وەڕێخە. شەش رۆژە وێڵی‌دوای ئەم کاغەزەم.

- پێم‌گوتی کاتی ئیش‌کردنی رۆژانە تەواو بووە.

- ئاغایەتی بکەو، بە ئاغایی خۆت کارم راستبێنە. سەربازم، دەبێسبەی لە پادگان بم.

- تۆ بەشەری؟ بۆ قسە حاڵی نابی. کات تەواو بووە. دەردەکەوی یان‌بەشەپ دەرت‌کەم؟ مۆڕەیەکی تاڵی لێکردم و، بەرەو دەرگا رۆیی: سەگی‌هارە، سەگی هار! دەک هاربی.

لە جێی خۆم ئیشک بووم. کاتێ هاتمەوە خۆ، لە ماڵە چۆڵ وهۆڵەکەمدا بە جێوبان کەوتبووم. تاریکان وەسەر وڵات کشابوو.راستەوە بووم، شتێک ساز کەم.

- کاک بارام ئەو دەرکە بکەوە کارمان پێتە.
- ئێوە کێن و چیتان دەوێ؟
- پیاوی خوداین و هاتووین بتبەین بۆ دادوەری.
- دادوەری چی؟ چیم کردووە؟
- لە قەباڵ مووچەی ئەمڕۆدا بایە قرانێکت کار نەکردووە. تەنانەت کاریئەو کوڕە لاوەشت جێبەجێ نەکرد.
- ئەو لاوە راست کاتی تەواو بوونی ئەرکـی رۆژانـە هـاتبوو «چـاوم بـەدەرک و پەنجەرەدا گێڕا!» زۆر باشە، لە دادوەریدا وڵام بدەوە.
- وڵامم بە ئێوە داوەتەوە، بۆیان بگێڕنەوە. «بەر دەرک و پشتپەنجـەرەکانیـان گرتبوو.»
- ئێمە دادوەری ناکەین، زووکە با بڕۆین. دەنا بە زۆر دێینـە ژوور ودەتبـەیـن! دەققەیەک مۆلەت بدەن، خۆم لەبەر کەمەوە، لەگەڵتاندا دێم.
دوو سەندووقم هێنا بەر کڵاورۆژنەی ژوور و، بە وێدا چوومەسەربان. سەربان وسەربان بۆی دەرباز بووم. لەو سەری ریزە ماڵ هەرکائاوڕم داوە، بە شـوێنمەوە بوون. بازم دا کۆڵان و رام کرد.
گوێم لێبوو، دەیاننەڕاند: بیگرن، لێیدەن، بیکوژن، سەگە هارە،سەگە هار...
دەرک و پەنجەرەی هەموو ماڵان کراوە. جەماوەر رژانە کۆڵان وشەقام.
بە هەر کوێ دا دەڕۆییم، خەڵک تفیان بەسەر و گوێلاکمدا دەکرد.
- تف لە رووت غایەن، مووچە و مواجب وەردەگری و کار ناکەی.
- تف، تف، تف، ئەوەی دەیخۆی لە شیری سەگ پیسترە، سەگە هار!
- نامری؟ روو ناتگرێ؟ سەریش هەڵدێنی؟ تف لە رووت، تف، تف،تف!!!
دەرباز بووم بۆ کۆڵانێکی دیکە. هەر ئەم بـەزمـە بـوو، دەیانناسـیم.رۆییمـە شەقامێکی دیکە. هەر ئەم بەزمە بوو: تف، تف، تف.
لەگەڵ پۆلێک سەگ تێکەڵ بووم و، بە راکردن ئەم سەراو سەری شارمکرد. نە جارێک و نە دووان. تاکەی؟...
نازانی کەی گەڕابوویەوە بۆ ماڵێ؟ بە جێوبان کەوتبووی. کاتیچوونە ئیدارە لە رووت هەڵنەدەهات لە ماڵ دەرکەوی، پێت وابوولـەگـەڵـکوو بچیتـە دەرێ، تەواوی حەشامەت تفبارانت دەکەن.

ئەرێ جێگەی سەر سوورمان نەبوو؟ بە نێو ئەم هەموو خەڵکەدائەڕۆیشتی و کەس کاری پێت نەبوو! دەتگوت کەس ناتناسێ و، کەس چـی نـەدیـوە و چـی نەبیستووە. هەوەڵ کەس بووی گەیشتیە ئیدارە،هاوکارەکان یەک یـەک و دوو دوو پەیدا بوون. باس باسی کچێک بوو کەلە دەست باب و براکەی خـۆی ئـاور تێبەردابوو. ببڕای ببڕ کەس باسیهەڵاو هاواری شەوێی نەکرد. تۆ گوێ قوڵاغی قسە و باسیی دوێشەوبووی، بەڵام نەکرا و نەکرا، ئەو باس و خواسە هەر نەکرا.

بـۆ خۆشـم نـازانم چـۆن بـوو کـە تـاکوو دەمیـان نـەبـەسـتم و راکـێش راکێشنەیانبردم، هەستم بە هیچ نەکـرد. دەسـتیان تێـدا بـوو. هاوکـارەکـان بەقسەیان گرتم، خافڵاندیانم. ئەوە بۆیە خۆیان لە قەرەی نـەقڵـی شـەوێنـەدا. چەندە هاوارم کرد، کەس نەهاتە هاوارم. پیاوی دادوەری بە زۆربردیانم. ژووری دادوەری زۆر چکۆڵە بوو. تاریک و باریک و تەنگەبەر.دەممیان کردەوە. لەسـەر چرپایەک رایانکێشام و، دەست و لاقیان بەستم.دادوەر مۆمێک بە دەستەوە هاتە ژوور سەرم:

– تاکوو سێ دەژمێرم، دەبێ لەگەڵکوو وتم سێ پڕ بەم ژوورە بڕشێیەوە.

– ئاخە خۆ رشانەوە بە دەست خۆم نیە.

– بە دەست خۆت نیە؟ دەی باشە، با بە دەس ئێمە بێ. ئێمـە دەزانـینچۆنـت بڕشێنینەوە، وەک جەکی ماشین شتێکی نایـە ژێـر سـەرم و، سـەرمـیبـڕێک هەڵێنا. مۆمەکەی نایە ژێر سەرم. بە ئاوری شقارتەکەی مۆمیداگیرساند. مـۆم داییسا و چڵەموویێک چیە لە قژم هەڵنەپرووژا! پێستیسەرم هەر باکی نەبـوو. هەر گەرم دانەهات. ئێسکی سەرم هەر هیچ!بـەڵـام... ئـاخ... مـۆخم دەکوڵێ، دەکوڵێ. مۆخم قوڵتە قوڵت لە نێوکەڕاکەی سەرمدا دەکوڵـێ... ئـاخ ئەوا سەرم کەوتە سـووڕانەوە وخولانـەوە... وەی وەی وەی... ئـاخ... مێشـکی سەرم لە چاومەوەفیشقەی کرد. لە کونە لووتمەوە خوێن و مـۆخ داچـۆڕا. ئـاخ رشانەوە،دەرشێمەوە: دادوەر... هـۆۆۆ... دادوەر. دەڕشـێمەوە. وەرە رشـامەوە. دیارنیە. دەبێ رۆیشتبێ. مـۆم لـە ژێـر سـەرمـدا هـەروا دەسـووتێ... ئـاخ... هەرپـەرۆش دەکـەم و دەڕشـێمەوە، ژوورەکـە لـە رشـاوەی خـۆم پـڕ بـووە... نوقمیرشاوەی خۆمم، رشاوە گەیشتە سەر سنگ و هەمـوو لـەشـم. یـەک بـە خـۆمهـاوار دەکـەم و دەپاڕێمـەوە، تکـا، پاڕانـەوە... جنێـودان... لـە نێـو

رشـاوەیخۆمـدا نـوقم دەبم. لـە رشـاوەی خـۆم دەخـۆم و دەڕشـێمەوە... هەمیسان...هەمیسان.

چەندەی کێشا؟ هەستم کرد دادوەر گەڕاوەتەوە. لە ژوور سـەرمراوێسـتاوە. مۆمێک بە دەستەوە. دوو کەس لەمبەر و ئەوبەری شانەکـانمچاویـان بـڕیوەتـە دەمی دادوەر: بیبەنەوە.

- بیبەنەوە و هیچی دیکە.

دەست و لاقم دەکەنەوە، هەر کەسەو قولێکم دەگرن و، لە چرپاکەدەمبەنـە خوارێ. راکێش راکێش لە ژووری دادوەری دەمبەنە دەرێ.یەکیان بەوی دیکە دەڵێ: بیلێم؟ مەیلێ... دەیلێم... مەیلێ... بیلێم؟بیلێ:

- جەنابی کاک بارام بە بێشیرینی و مزگێنی رەنگی ئەم کاغەزە نابینی!

- کاغەزی چی؟

- ئەم کاغەزە بۆ تۆیە. هەواڵێکی خۆشی تێدایە. بێ مزگێنی ناتدەمێ.

- هەوای گاڵتە لە کەللەی داوی؟ خۆزگەم بە دڵی خۆت؟

- گاڵتەی چی، جەنابی کاک بارام؟

- ئەی شیرینی و مزگێنی چی؟

- شیرینی و مزگێنی هەواڵی نێو ئەم نامەیە. دەبا لە زبانی خۆمیببیستی:

«کاک بارامی کوڕی بارام!... لەگەڵ رێزو سڵـاوی گـەرم و گوڕوتایبـەتـدا، دڵسۆزی ئێوە لە بەجێهێنانی ئەرکو ئیشی ئیدارە جێگەیرێـز و سوپاسـە. بـە پێی ئەم نامەیە جەنابت لەمڕۆوە دەبیە سەرۆکیئیدارە. کاتژمێر دووی راست لە شارەوانی چاوەڕوانتین. جێگریبەرپرسی پارێزگا.»

سەعات دووی راست لـە دەرکـی شـارەوانیـەوە دەڕۆیـە ژوورێ. راسـتروو دەکەیە ژووری شارەوان. بەردەستەکەی لە پشت دەرگا پێـت دەڵـێ:جـەنـاب، رایانسپارد پێتان راگـەیـەنم تـەشـریف بـەرنـە ژوورێ و چـارەکـەسـەعاتێـک چاوەنوارِبن.

دەڕۆمە ژوور. هۆڵێکی باریک و زۆر دوور و درێژەو، هەنگاو بەهەنگاو شۆڵە بە دیوارەوە داییسێن. حیزەرووناکاییەک هۆڵیداگرتووە. تاقە مێزو کورسییەک لە نێوەڕاستی هۆڵدایە. بۆنێکی سـەیـرژووری ئـاخنیوە. دەڵـێی بـۆنی ئێسـکە سـووتاوە. شۆڵـەکـان بـە دووکـەڵـکردن داییسـێن. چـاوەکـانم دەبرژێنـەوە. سەرنجێکی ئەمسەراوسەری هۆڵدەدەم، ئەوەندی چاو هەتەر دەکا هۆڵ درێـژەو

ئەوەندەی بۆ ئەو سەربڕوانی باریک دەبێتەوەو تاریک دەبێ. تاکوو دەبێتە تاریکانێکی سامناک. زەندەقداری دەوێ زەندەقی نەچێ. ئێسکەلەت و پەیکەریسپی و فەسفۆری لە نێو تاریکاییدا دێن و دەچن و قاقا لێدەدەن.شەقەشەقی وێک کەوتنی ددانەکانیان دەنگ دەداتەوە. لە نێو دەم وچاویاندا شۆڵە داییسێ. جارو بار یەکیان گڕ دەگرێ و زریکەو هاواریرۆژە ڕێیەک دەڕوات. لەناکاو هەموویان لێک بەردەبن، بە دارو بەردومست و شەپ لێک رادەکێشن.

– تۆ تاوانباری... تۆ فریوت دام... خەتای تۆ بوو.. بەرەبەرە بەرەو مندێن. لێم نێزیک دەبنەوە بازنەیەک بە دەورەمدا ساز دەکەن و دەورەمدەدەن، زێدە لە چل پەنجا پەیکەر و ئێسکەلەت دەبن. لە چاویاندا شۆڵەداییسێ و لە مۆخیانەوە گڕ هەڵدەستێ. بە کۆڕ هاوار دەکەن:

– تۆش وەک ئێمە... تۆش تاوانباری... تاوان... تاوان... تۆش.

تێکڕا لە چەپڵە دەدەن و تەقەتەقی وێککەوتنی ئێسکان هۆڵ پڕدەکات و دەنگ دەداتەوە. کت و پڕ لە قاقایەکی بڵندو بێبڕانەوە دەدەن وبە دوایدا قامێک دەڵێن. چەپڵە لێدان قاقاکێشان... قاقا... چەپڵە...قاقا...

بەرەو دەرگا رادەکەم، داخراوە. لە دەرگا رۆدێم: ئاسنە؟ پۆڵایە؟پەیکەر و ئێسکەلەت بە هاوارو بگرەو بەردە بەرەو من دێن. تەماشایەکیکاتژمێرەکەی دەستم دەکەم. چارەکە سەعات لە تەواو بوونە. لە پشتدەرگا دەکەوم. ئێسکەلەت دەورەم دەدەن و قامێکی زۆر بە سۆزتێدەچریکێنن... هەوایەکی کۆن... کۆن و بە سوز. دۆعایەکی مێژوویيبە زبانی زەڕدەشتی و بوودایی. لە پڕ لە پشتە سەر ڕا هەرام لێدەکەن:هەستە وەرە ئێرە. ئاوڕ دەدەمەوە، کابرایەکی زەبەڵاحی تێکسمڕاو لەپشت مێزێک دانیشتوە. بەرەو ئەو دەچم و دەگەمە بەر مێزەکەی.

– ئەو کاغەزەی پێیان دای دەریبێنەو بیخوێنەوە.

دەست بە گیرفانمدا دەکەم و کاغەز دەردێنم. دەیکەمەوەو دەستدەکەم بە خوێندنەوە:

«بارامی کوڕی بارام! کابرایەکی زۆر دووڕووی. زۆر غایەن و بێبەزەیی. هەرگیز ئەرکی سەرشانی خۆت بەجێنەهێناوە. دوو جارمان ناردە شوێنت و نەهاتی. چونکوو زۆر زۆر بەدفەڕو بەدکردەوەیدادوەری کرای بێ ئەوەی بۆ

خۆت لەوێ بی. فەرمان درا لەم کاتەوەشێت و هار بی. سەگی هار عەمری چل ڕۆژە، بەڵام تۆ چل سەعاتیش لەژیانت نەماوە.»

ئاگای کرد ئەم کاغەزەی بە دەنگی بڵند خوێندۆتەوە، هەستی کردپەیکەر و ئێسکەلەت گوێیان گرتبوو. بیستی هەموویان لـە پرمـەی‌گریانیانـدا. گریـان و هەوایەکی بە سۆز: هەوای ئەی‌ڕۆ، براڕۆ، ئەی‌ڕۆ،براڕۆ. بـەرەو درگاکـە گـەڕاوە. دەرگا ئاوەڵا بوو. بەوەندەی یەک و دوو لەبینـای شـارەوانی چـووە دەرو خـۆی گەیاندە سەر شەقـام. شـەوو تاریکـان وشـەقـامێکی چـۆڵ و هـۆڵ. هـەسـتی برسی‌یەتیەکی کوشندە ناخی‌هەژاندبوو. لەوبەری شەقام چوار پێنج سـەگ لـە بڕێک ئێسک و پرووسک‌ئاڵا بوون. هەڕای کردنێ، هەموو دوورکەوتنەوە. ئێسک و پرووسک‌بەدەست و دەمـەوە؟ دەگـرێ و بـەرەو مـاڵ بـەڕێ دەکـەوێ. لـەو سەری‌شەقام ئاوڕ دەداتەوە تەواوی سەگی ئەم شارە بە شوێنیەوە بوون.ڕۆیشت و لە بن دیواری ماڵەکەی دانیشت. دەستی کرد بە ئێسک‌کڕووساندنەوە. ئەوان شەش و تۆش یەک، دەبنە حەوت دەست دەکەن بەگۆشت خواردن. لەگەڵکوو تێرتان خوارد، بەربوونە لووراندن. لە هەمووکۆڵانەکانی شارەوە دەنگی لورەلـورو سەگوەڕ هەستا. دەتگوت سەگەل‌لەم گەڕەکەوە لـەگـەڵ ئـەو گـەڕەک قسـان دەکەن. وەک شتێک لەگەڵ ئەویان‌بوو، لە قسەکانیشیان حاڵی دەبوو: «بێتـوو بڕۆیەوە دێنە دووات. دەرکت‌پێدەگرن. دەتبەن و دەڕۆن. دادوەریت دەکـەن و مۆم لـە مۆخـت‌دادایپیسـێنن. دەتسـووتێنن. بـاش وایـە خـۆت لـەم کۆڵـان و شەقامەداحەشاردەی... نەڕۆیەوە... ڕاکە...»

بە کۆڵاندا ڕادەکەی، گوێت لێیە: حەپ حەپ. بە شەقامدا ڕادەکەی:حـەپ حەپ... لەوسەری شـارەوە دەنگیـان دەگاتـە گوێـت: حـەپ حـەپ...حـەپ حەپ... ڕادەکەی: حەپ حەپ. دەچیە سـەربـانی ماڵـەکـەت: حـەپ‌حـەپ. ڕادەکەی بۆ ئەو سەر: حەپ حەپ... حەپ حەپ...

* * *

بەو چاوانەی خۆم دیم. سەری سەری بارام بوو، بەڵام گشت لەشی،لـەشـی سەگ بوو. تەماشایەکی کردم و تێپەڕی.

لەم دوایانەدا حاڵی گۆڕابوو. بۆ خۆم دەمدی بە حـەپـە حـەپ بـە کوڵـان‌و شـەقامـدا ڕایـدەکـرد. هـەدادانی نـەبـوو. دەڵـێن چۆتـە ماڵـی قاڵـەو پەلاماری‌منداڵـەکـەی داوە! چۆتـە کۆڵـانی سـەرۆکـی ئیـدارەکـەی خـۆی و

هەشاوڵیبردۆتە سەر ژنەکەی. هەمووی درۆیە. دەمگۆی بـەڕەڵـاو بێکـارەیـە. ئەمقسانە خۆڕافەیە. شتی وانابێ. تا شتێک نەبێ دوو شت ناڵێن: بارامهـەمـوو شەوێک دەبێ بە سەگ.

* بە مانای مەسخ بوونەوە، ئاڵو گۆڕی قەڵالەت لە ئینسانەوە بۆ جانەوەر. «لە خۆڕافەی کوردەواری کەڵک وەرگیراوە.»

* * *

# گورگەمێش

ببڕای ببڕ قەت قەتم خۆش نەویستووی! هەر لە هەوەڵی تازە لاوی ولاوی را، بگرە لە منداڵی را قەت خۆشم نەویستووی. قەت خۆشم لەئاکار و کردەوەت نەهاتووە، گریمان بەینێک نەفامی بووبێ یان نەزانی!ئاخە دایم و دەرهەم جەللابی رۆح و مۆتەی سەر دڵم بووی. بە درۆ ودەڵەسە، بە فڕ و فێڵ چەنێکت بەم لاو لادا رەتاندووم؟ چەنێکتچەرمەسەری پێداوم؟ چەندەت گورپە پێ رەخساندووم؟

ئێستاکەش هاتووی و وێنەی دوو کەسیم لەگەڵ دەگری! بەرەو رووم‌رادەوێستی و بە ریشم پێدەکەنی، بە سووکایەتیم لێ دەڕوانی و رنووی‌تۆپ و تەشەر و گاڵتە و تەوس و توانجی نیگات بەسەرمداهەرەس‌دەکەی.

بەڵام وای ناخۆی گورگە بۆر، خۆت بگرە و هاتم. خودا یان بە منی‌دەدا یان بە تۆ. رات دەکەمێ، لە نێو قەدەوە تێت‌رۆدێم، دەتگەیەنمەتۆقی سەرم و شریخ.. بە عەرزیتدا دەکوتم... شریخ.. دەمی چەقۆدەگەیەنمە قەبرغەت یەک کەمە، دوو خەمە، سێ خاتر جەمە. سێ جارم‌کوشتووی... ئەمجارە بۆ هەمیشە بوو! لەبەر لاقم داکوت کوت بووی!دەبگرە ئەوەش دە بیست، سەد پێ لەقە... دەبڕۆ... بڕۆ... بڕۆ.

دەستێک بەسەر و فۆکل و گشت لیباسەکانمدا دێنم. جگەرەیەک بەلێومەوە دەنێم و دایدەگیرسێنم. تۆ لە خوێنی خۆتدا گەوزاوی و منیش‌روو سوور و سەر بەرز خۆ بە ماڵەوەدا دەکەم. بزەی رەزامەندی تەواوی‌روخساری داگرتووم. لە هەموو کەند و کۆسپێک رزگارم.

لەگەڵکوو دەمبینن، دایکم نێو چاوانم ماچ دەکات: ئەو شیرەی‌پێم‌داوی حەڵاڵت بێ. خوشکم هەرتک شانم رادەمووسێ: ئۆخەیش‌کاکەگیان. دەنگی برا و باب و باپیرانم مۆخم پڕ دەکات: هەزار ئافەرم‌پیاو، ئەمجار مەردی! هێشتا دەمم بە کاسە چێشتەکەوەیە لە کۆڵانەوەدەبێتە زەنا زەنا. دەنگیان دەناسمەوە،

خۆیانن. هاتوون لە دووی من.ئەوەی لە کاسە داماوە، هەڵی دەقوڕێنم: بە زیادم نەکردی، چشۆرباوێکی! شۆرباوی چی؟ کاسەیەک ئاوی کوڵاو لەگەڵ مسقاڵێکدووان رۆن و لەپە. بە هەڵەداوان نانێکی دیکەش دەنێمە باخەڵمەوە! بۆجاری چەندەم لە کۆڵانەوە هەرام لێ دەکەن. نەخێر زۆریش بە پەلەن،دەبێ برۆم. بەوەندەی یەک و دوو کەوشەکانم لەپێ دەکەم و دەردەپەڕم.لەگەڵکوو دەرکی حەساریێ دەکەمەوە و تەقە لە دەرکی دەرێ وەدێت،دەنگی دایکم دەگاتە گوێم: بۆ کوێ جوانە مەرگ؟! خۆم دەهاومەئامێزی کۆڵانەوە. گوێم لە دەنگی دایکمە: مەگەم نەگەڕییتەوە.تەماشایەکی سەرێ و خوارێی کۆڵان دەکەم، جگە لەوان کەسی دیکەوەبەرچاو نایە. لە جەمسەری کۆڵاندا گشتیان دیارن، هەڵبەز دابەزیانە.بە گاڵتەوە شوێن یەکدی دەکەون. یەکدی دەخەن، هەڵدەستنەوە. یەکدیراوەدەنێن بۆ یەکدی دەگەڕێنەوە. لە پاش کەمێ خووگەملێ، هەرکا لەکایەو گەمە تێر دەبن، وەڕێ دەکەوین. وەکووهەموو رۆژێکی دیکە بەرەوکێوە قووچ دەچین، بۆ شنگ و کەنگر. گورگە بۆر وەپێش دەکەوێ. لێیدەکاڵێتەوە، بۆی رەخسیوە؛ دەست و مست قەوی و ئێسک ئەستوورە!دەم و دووی شەڕ و هەنگامەی هەیە. لە ئاخر کۆڵانی شاروەدەردەکەوین. شان بە شانی گورگە بۆر لە قەدی شاخ دەهاڵێم، ئەوانیدیکە لە پشت سەرمانەوە دێن. زۆرم پێ خۆشە. دەبێ رۆژێک وەپێشیکەوم... بڵێی ئیمڕۆش ئەوی وەدەست کەوێ... گورگە بۆر... وێکڕا،وەک یەک دابەش دابەشی کات؟ دەک سەگی تێڕی!

* * *

نەمگوت... پێمنەگوتی تۆ ئەوەی گورگەمێش. هەر ئەمڕۆنا، لەدوێنێ و پێرێ وەنا، هەر لە هەوەڵەوە فێڵێک لە بن کڵاوت دابوو، لە پاشهەمووان دەهاتی. شانت لە شانی هەمووان دەسوو، کلکە سوتێت دەکرد،خۆت دەنواند؛ خۆت شیرین دەکرد؛ بۆ گورگە بۆر؟ لە شانی ئەوداهەنگاوت هەڵدێناوە، کەچی لە ناختدا کێ بڕکێت لەگەڵی بوو، رەقەتلەگەڵ دەکرد. بۆچی و لەسەر چی؟ نازانم! تەنانەت سەردەمای منالی ورۆژانی شنگ و کەنگر و رێواسیشم لە یادە، درەنگیش دەهاتی و لەدابەش کردنەکەش ناڕەزابووی. دابەشکردنی (هەمووان وێڕای یەک) بەدڵت نەبوو. پێت یاسا و نەریتی گورگە بۆر بوو. نانا، ئەمەویست وپێشنیاری هەموویان بوو. ئەویش وەک ئێمە. کەچی زیاتریشی حەول وتەقەلا ئەدا. ڕچەی بۆ دەشکاندین، کۆڵێکی قورستری هەڵدەگرت، قۆڵیباشتری

دەکێشا، کەچی هەروەک ئێمەی بەش دەگرت. بەڵام تۆ لـەمنـەریتـە نـاڕەزا و دڵمەند بووی گورگەمێش... بۆچی؟
* * *

خوا راستە و خۆشی لە راست دێ، راستی‌یەکتان بۆ دەدرکێـنم! باقـەسـتە سەریش بێت، دەبا خوێن بێ و سەر بەرێت! بەڵێ... راستوابوو... رقەی چی؟ بەر بەرەکانێم لەگەڵی بوو، لەم گشتە شاخ و داخچـوون و چـۆڵ پـەرسـتی‌یـە وەزگم دابوو، لەم نەریتی دابـەش کردنـەشوەڕەز بـووم. چمـا لـەوانی دیکـەم رادیبایە و بمزانیبایە بە قسەم دەکەن،یان ئەو شاخ و داخ چوونەم تێک ئەدا، یان ئەم دابەشکردنەم دەگۆڕی.ئەم شـاخ و داخ چوونـەم وەلا دەنـا. نـا، نـا لێیـانم رانەئەدی بە قسەم بکەن.دەبایە دەست راگرم. چاوەنواڕی رۆژی خۆی بووم، ئاخ ئەم شاخ و کێوگەڕان و هەرد و چۆڵ پێوانە منی کوشتبوو، دایکیشم ناڕەزابـوو! بابیشم،هەموو کەسێ، هەموو کەسێ.

لە لاق  دەکەوتم، لە شان و پیل دەبووم، وزەم لانەدەما، بەڵام زۆرم لەخـۆم دەکرد! دیانم بەسەر جەرگما دەنا. دەبایە دەست و پـێم رابـێن، بـەهێـز و بـە توانابن. دەبوو لە گورگەبۆر نەمێنمەوە. چما وەپێشی کەوتایەم،جا ئەمجار مـن دەمزانی و ئەو! چما دەستم رۆیشتبایە، یان من دەبووم...یان ئـەو... ئـاخ ئـەم نەریت و دەورو دووکانە! دەیگۆڕم... دەیگۆڕم. دەساهەر چیا و کۆسار و هـەردو چۆڵ. لە ناخیشدا هەر وڕێنە: وزەتان بـێ وتاقـەت بێـنن، نـەکـەن دابمێـنن! راوەرن، راوەرن. بە هێز و توانابن. پێست وئێسکی من، لاق  و شان و پیلی من، نەکەن، نەبەزن، وزەتان بێ، وزە.

ئاخ دەست و لاقی من بە هێزتر و توانـاتربن، وەندە بە هێز و توانابن،تاکونـێ بتوانم دەرووەستی بێم! بیخەمە ژێر، چۆکی بدەمە سەر سنگی،بەم پەنجانە بینە قاقای بگرم، ئەوک و ئەستۆی راگوشم، راگوشم...تاوەکوو بیبەزێـنم! لـە پـۆلی هاوەڵانی دەرپـەڕێـنم... هـۆپ هـۆپ تـۆ؟ ئـەوپیـاوە نی. ئـەم ئاکـارە لـە تـۆ ناوەشێتەوە. بێتوو هەزار هەزار وەندەش خۆتهەڵمسێنی و با لە خـۆت کـەی، شریخە شریخ بای زگ و کەپۆت بەتالکەی، تەنانەت چما جەرگ و سی و گەدە و ریخۆڵەشت بێتە دەرێ وگشت لەشت خوێناوی کەی، چیت لە دەست نایـە. تۆ ئەو کوڕەنی، ئەمهەڵمە لە تۆدا بەدی ناکەم. تۆ هەر بـۆ ئـەوە باشـی بێـی و

بچی، ورێنەبکەی، شات و شووت و شاف و لاف لێ دەی، بەسەر خۆتدا هەڵبلێی.

هۆ و کوڕی باش لە جێیەک ئەم هاتەران و پاتەرانە هەڵڕێژەنەتناسن، نەک لە لای من. جا کەوایە دانیشە. لەسەر کورسی دوکانەکەتدانیشە. دۆشکچەکەشت بنێ ژێر خۆت، نەکا ژێرت سەرمای بێ. ئەمچۆرتکە و قەڵەم و کاغەزەش با هەر لەبەر دەستت بێ، نەکا حەواڵە وقەباڵەیەک لە بیر چێ و نەینووسی، تۆ ئاوا جوانتری گورگەمێش!

* * *

دوایین پارووەکان خێرا خێرا دەهاومە دەممەوە، ئەوەی ئاویشۆرباو ماوەتەوە، بە تیلاکی سەرمەوەی دەنێم و هەڵی دەقوڕێنم.تەماشایەکی ئەم لاو ئەو لا دەکەم، نانێکی دیکەش دەهاومە باخەڵمەوە.بۆ جاری سێهەم و چوارەمیش لە کۆڵانەوە دەنگی فیکەکێشان دێت.

دەیناسمەوە، فیکەی خۆم، فیکە فیکی خۆیەتی. دەبێ بڕۆم، ئەگینادایکم پێ دەزانی و دەیکاتە خوێنی سیاوەش. تاقە ئیسکانێک چایی بەگەروومدا دەکەم و هەڵدەستمە پێ، دەرکی حەساری ئاوەڵایە، بە ماتەمات بەرەو دەرگا دەخزێم. دایکم لە حەوشە لیباسە شۆڕاوەکان بەتەنافداهەڵدەواسێ. هیلاک و ماندوو زاری داپچڕیوە. دیانێکی لە زاردانەماوە، گەرووی گەروو نیە، ئەشکەوتە. مارێکی سوور لەسەر لێویەوە تاقورووی پڕ کردووە. لەگەڵکوو چاوی پێمدەکەوێ، دەیکاتە بڵمە بڵم.لێی نابڕێتەوە. چەشنی بلوێرلێدانی مار - ئەفسوونی دایکم ودەنگەکەی - تاوێک لە دەرکی حەسار رادەوێستم، دەڵێی نەچمە دەرێ!بەڵام گورگە بۆر چ لێ بکەم. لە دەرکی ئاوەڵاوە چاوم لێ دادەگرێ و بەفیکە و ئاماژەی پەنجە و قامکەکانی بۆ دەرکەوتن هانم ئەدات. ناتوانمنەچم! دەنا لە پاشان چەرمەسەرێ ئەدرێم. چ کەردەن بم؟ بچم؟ نەچم؟دەنگی دایکم دەمهێنێتەوە خۆ: ناوێری؟ دەترسی؟ ئەی لەسەر نانخواردن نەت گوت چی دی لەگەڵیان ناکەوم؟ بڕیارت نەدا لە کۆڵ خۆتیکەیەوە؟ مەترسە، پری پێداکە، قورووی بگرە، ملی لە نێوان باسکدابگوشە، منیش دێمە یارمەتیت. هاوەڵانیش یارمەتیت ئەدەن. جوێنیدەیە، بەدار و بەرد لەسەر و گوێلاکی راکێشە. مەترسە، پیاوبە!

مووچڕکێک بە ئازای لەشمدا دێت، من؟ یانی ڕۆژی هاتووە؟ بڵێیدەروەستی بێم؟ ئەرێ بڵێی ئەمڕۆ و سبەی بۆ خۆی نەمرێ و بە دەرد ومەرگێک نەچێت؟ ئەی بۆچ دەڵێن سەگی هار چل ڕۆژ دەژی؟ دایم ودەرهەم بە شوێن نێچیر و ڕاو و ئەشکەوت و چیا و گورگ و بە شوێنڕاوی داڵ و بەرازەوەیە. بڵێی مارێک، هەژدیهایەک، ورچێک، بەرازێکزەفەری پێ نەبەن؟ ڕاوچی نیە، ڕاوچی ئەوەندە بەڕەڵا نیە، دەعبایبەڕەڵا زۆر زوو دەفەوتێ!

بانگم دەکا و چی دی خۆم بۆ ڕاناگیرێ. لەناکاو خۆم دەهاومەباوەشی کۆڵانەوە. کۆڵانی چۆڵ و هۆڵ و سارد و سڕ، بەڵام نەماوە،ڕۆیشتووە، چۆلەکە کوژ بە دەرەوە نیە.

بە کۆڵاندا شۆڕ دەبمەوە. دەچمە نێو شاری. خولێک بە شەقامدادەگەڕێم. پشیلە مێروو ڕمبازێنیانە. سەربان و کۆڵان دەکەن. لەجەمسەری چوار ڕێیانی کۆڵان، لە ڕووانگەمداقوت دەبێتەوە. وەکئەوەی دارت لەگەڵوزی بڕی بێت. قیت و قوز دێتە پێشێ. بزەیەک لەسەرلێوەکانیەتی. ڕەنگە بە من پێبکەنی! ڕەنگە لەگەڵکوو بگاتە حاندم گەپمپێ بدا. بەڵام، نا نا. ئیدی دەرفەتی نادەم، ڕۆژی گەیشتووە، هەلی باشمبۆ ڕەخسیوە. لەگەڵکوو گەیشتە حاندم... ئەرێ، ئەرێ... لەگەڵکووگەیشتە حاندم، پڕ جوێنی دەکەم، کۆڵانی وەسەر دەگێڕم، ئابڕووی بۆناهێڵم.

لە درزی دەرگاکەوە چاوم لێتە. لەسەر کورسیەکەت هەڵدەسیتە سەرپێ. لە ژوورەکەدا دێی و دەچی. لە فیکرێکی دوور و درێژ دای.نێوچاوان و روخسارت ڕەش و شین داگەڕاوە و، پەستا پەستا ئارەقەهەڵدەقوڵێ. بەرەو ئەو ژوورە دێی وا نێویت ناوە (ژوورە چکۆڵە)، هەیدۆششاو! لە لای تۆ چووکەیە. بۆ گەلحۆی وەک تۆ، ئەگینا ئەم ژوورەیاندەیان هێندە گەورەترە. جا خۆ تۆ ئەمە نازانی، هەر نافامی! بە هەر تکپەنجە پاڵ بە دەرگاوە دەنێی و دێیە ژوورێ. چاوەکانت هەڵدەگلۆفی.ڕەنگە ڕێشکە و پێشکە بکەن. دیسانەکەش هەڵیان دەگلۆفی. ئەمجارەوەک کوێرێکی زگ ماک دەست دەکوتی و بە ژووردا دەخولێیەوە. بەدەیان و سەدان، ڕێوی و سەگ و پشیلەت لەگەڵە. بۆیەش هاتوویەتە ئەمژوورەوە، دەتهەوێ لە ئاوێنەدا تەماشایەکی خۆت کەی. تەماشایەکیوردی ئەم هەموو سەگ و ورچ و ڕێوی و پشیلەیەش بکەی. بەسەریانکەیتەوە، پێت

خۆشه چاوێکیش به سامانەکـەتـدا بخشـێنی. مجرێکـەتبکـەیتـەوه و بـڕێک گەڵاشینەکانت بلاوێنی و...

له پڕ هەڵدەبەزیەوه. له جێی خۆت رادەوەستی. چاوەکانتدەرپەڕیون و بـه مۆلەق  وێستاون! چاوت به خۆت و من کەوتووه. له منوردبوویەتـەوە، زۆر بـه وردی له من دەڕوانی. سەیرکه، جوان بڕوانه. بەرروودا مەکـەوه. تاکونـێ دڵـت پێوەیه بڕوانه. کەمێک دەڕۆیه پێشتر. دەستدەبەی و گۆزەیەک لەسەر رەفحـه دادەگری. پاشه و پاش دەکشـێیەوه.لـەسـەر کورسـیەکـەت دادەنیشـی. ئـەوا گۆزەکەت نا به تیلاکی سەرتەوه. وادیاره زۆر تینووی، دەبێ وابێ، چاوت، دڵت، ئازای بوون و نەبوونتتینووه. دەمی لێناکەیەوه. هەزار ئیشەڵلا وەنده بخۆیـەوه تاکوو چەشنیکووپەی بێ سەر و بن بەلادا بێی و بتەقی. هەپروون به هەپروون و تەفر وتوونابی. ئەوا چۆڕەت لـه گـۆزه بـڕی و ناتـه ئـەولاوه. چـڕ و چـەنـه و ردێنتخووساون. تنۆک تنـۆک و دڵـۆپ دڵـۆپ ئـاو بـەسـەر سـنگ و لاقـت وعەرزەکەدا دەبارێ. هەمیسان چاوه خوێن گرتووەکانت له من بڕیوه.پێت وایـه منت کوشتووه! لەبەرچاوت هەزارەها کرم و مشک و مار لەتەرمی من بەربوون. چەنده حەز دەکەی وابایه. منت دیوه؟ گورگه بۆر،دوژمنه قەسته سەرەکەی تۆ. لەبەر دەمی خۆت دەڕوانی. له نێوانلاقەکانت وردبوویەتەوه، له تەرمەکەی من! گەرم داهاتووی، شایی لەدڵت دەگەڕێ. له ناختدادەهۆڵ و زوڕنا لێدانه، دیلـان گیراوه، رەشبەڵەکەکه گورگەمێش، رەشبەڵەک...

لەگەڵ پۆلێک کیژ و کوڕی لاو هەڵدەپەڕی. سەرچۆپی بۆ خۆتی.دۆی هەره جوان له دەستی تۆدایه. لەسەر تەرمی گورگه بۆر هەڵبەز ودابەزته. کوشتووته و رزگار بووی، ئۆخەیش، شایی و سەما و دۆ!دەنگت هەڵێناوه: قەت قەت ئەمەنده سەرخۆش و دڵخۆش نەبـووم! قـەتموەنـده هـەسـتی رزگـاری و رەزامـەنـدی نەکردووه. گورگه بۆر دەیان وسەدانکەڕەتی دیکەش بتکوژم کەمـه، کـەمـه... هەرتۆ بووی هەزارەها ساڵـجەرگـت کۆڵـیمەوه. هـەنـاوت رەش کـردم. کونـه جەرگت کردبووم، ئاخ...ئۆخەیەش ئەوه منم لەسەر تەرمه بۆگەن و هـەپـروون هەپروونەکەتهەڵدەپەرم؟

جێژنه، جێژنەمه. دەبا گۆزەیەکی دیکەش به ئاوری دڵـمدا بپـرژێنم.دەبـێ لەمەش سـەرخۆشـتر بم. کـافری دەویـت بڕسـتی لـێ بـڕیبووم، ئـۆقرەیلـێ سەندبووم. دەک هەزار کەڕەت له منت کەوێ کوڕی مەرد، پیاوی ئازا.دەسـتت

خۆش بێ، دەرفەت و مۆڵەتیم نەدا. لەگەڵکوو لە جەمسەری کۆڵان دەرکـەوت، بەڵێنم داو بڕیارم بەست بیکوژم. وەک قامک بەسـەرپـەلـە پیتکـەی دەمانچـە دابنێی و بیتەقێنیتەوە، ئاوەها نەڕاندم: یان تۆ،یان من. دەتکوژم گورگـە بـۆر. خۆت بگرە بزانین خوا بە کێی ئەدات؟! جاخۆ دیارە، خودا بە منی داوە. دایکم، بابم، هاوەڵەکان، هـەمـوو بـڕیاریان‌داوە بێنـە یارمـەتـیم. دوو شـا لـە وڵـاتێدا ناحاوێنەوە. دەبێ هەر یەکمان‌بین، ئەویش من! دەسا خۆت بگرە. ئەم قامک و دەست و پەنجانەتان‌دیوە؟ هەر بەمانە ملیم گرت و گوشیم. وەندەم گوشی تاکوو چـاو بـەمۆلـەق ویـستـا. ئـەژنۆکـانی تێکشـکان و وەک سـۆنکە هـەویـر بەسەرخۆیداچەماوە. بەسەر عەرزی کۆڵاندا پان بۆوە. بێ هەست و خوست‌تۆپی و نووزەی لێوە نەهات. تەنیاش نەبووم، دایک و باب و برا وهاوەڵەکانیش هاتنـە یارمەتیم! بە هەموومان کوشتمان. تەنانەت‌کەومارێکیش هات ولە حاندی سەر دڵ و شادەماری ئەستۆی ڕاگەستی.گەستی و ژەهـری دەیـان و سـەدان سـاڵ بێزاری خۆی رشتە ناخ و جەرگ ودڵیەوە. لە پاشان کێشامە ئەم ژوورە. لێرەدا جەستەیم نایە سەر سەرم ووەک شوتی‌یەک بە عەرزمدا کوتا. لەت و کوت و پرژ و بڵاو بۆوە!تەنانەت لە پاش پرژ و بڵـاوبوونەوەش، دوو سـێ پێلـەقـەم پێـداداو چەندتفم لێکرد. چیە؟ بۆ وام تەماشا دەکـەن؟ بـە خـوێن مـژم دادەنـێن؟ لـە لاتان‌زۆر پەست و بێبایەخم؟ ناهەقتان نیە! ئاخە خۆ ئێوە لە دەروونی مندانین و نازانن گورگە بۆر چەندەی گۆرپە پێ رەخساندووم؟ چەند سـاڵ وعـەیـام کونـە جەرگی کردبووم! هەزار جار پێم‌دەگوت: هاوەڵین، شەقـام وکۆڵـان و گـەڕەک گەڕانمان پێکەوەیە. بەڵام شاخ و کۆسار و هەرد ومێشەڵانم مەبە. هانم مـەدە، وازم لێبێنە... شەو و شەو نەخوونی و چۆڵ وکۆسار بڕینم لـە وزەدا نیـە. بینـە قاقام بەردە! لە کۆڵم بەوە، تێدانیم،فججەم کرد. وازم لێبێنە... وازی لێنەهێنام. هەر بە دووی خۆیدامل‌کێشی کردم. لـە پێشـەوە دەڕۆیشـت، بـێ وچـان، بـێ ماندووبوون.لووتی هەڵدێنا. کلکی دەنا سەر موغـەرەی پشـتی و بـە غـاردان و رمبازێن‌دەڕۆیشت. شـەکـەت دەبـووم. مـن بـەتـەنـێ نـا، چـوار پێنجێکمـان وزەمان‌لانەدەما، لە شان و پیـل و دەسـت و لاق دەبـووین. سـەرمـا زۆری بـۆ دێناین،برسیەتی بڕستی لێ دەبڕیین. دەکەوتین و هـەڵـدەسـتاینەوە. کـزەبـا وشیری دەبان لاڕوومەت و تەوێڵ و لێوەکانمـانی دادەبـڕی. چڵـم وفرمێسـک لەسەر کولمەو چڕ و چەنەمانەوە بەرەو سنگ و بەرۆکمان‌شۆڕاوگەی دەبەسـت.

گوێچکەکان توێژێکیان لێ دەبۆوە. توێخیان فڕێئەدا، بەڵام ئەم مارِز بابـە هـەر دەرِوێی و دەرِۆیی. لەم شاخ بۆو شاخ، لەمدۆڵ بۆو دوند، لەم هـەرد بـۆ و چیـا، ئێمەشی بە شوێن خۆیدا دەکێشا. ملکێش،
پەت کێش... دەیکێشاین.
* * *

ئەوا لەسەر کورسیەکەت هەستایە سەر پێ. گورگە مێش لە ژوورەکەدادێی و دەچی، راوێچکە دەکەی. لەم سەر بۆو سەر و هەمیسان... کەفهەڵدەخرِێنی. خۆت دەخۆیەوە. لێوە کرۆژەتە. هـەمیسـان دەسـتتکردۆتـە بانگـەشـە: بـەم پەنجانە، بەم دە قامکە و بەم دوو دەستە بینەقاقایم گرت. دەستم کرد بـە مـل گوشین و گەروو هەڵدرِینی. دای وباب وهاوەڵەکانیش هاتن. هـەمـوو پێکـەوە دەستمان دا دەستی یەک و کۆتاییمانبەکـار هێنـا. وەنـدی لـێ داخـداربووم، چارەکە سەعاتێک لە پاش تخێڵبوونەوەشی هەر بەم چەقۆیە، بە هۆ و تەورداسە، بەم تێخە کەوتبوومەگیانی. بست بە بستی لەشیم ئەنجنی، لەت و پەتم کـرد. جوان سەیریکەن، ئەم هێڵە سوورە فیشقەی خوێنی گورگە بۆرە، بەم دیـوارەوە ماوە.خوێن لە ئازای لەشی فیشـقەی دەکـرد و بـە دەسـت و پـەنجـە و سـەر وگوێلاکمدا دەپرِژا. خوێن دڵۆپ دڵۆپ لە قامکەکانمەوە چۆرِاوگەیدەکرد. لـە خۆشیانە شاگەشکە ببووم. لە خۆ ببوومەوە. لێـوەکـانمدەلسـتەوە. هـەسـتی سەرکەوتووییم دەکرد. هەستم کرد ئیدی گورگە بۆرلەسـەر دنیـا نـەمـاوە. لـە خۆشیانە سێ جار نەعرەتەم کێشا. یەک بە هێز وتوانای خۆم نەرِاندم و گورِاندم! ئەمسا هەر بەم دەست و پەنجانە، بە هۆ وخەنجەرە شادەماریم هەڵدرِی. خوێن وەک فەوارە فیشقەی کرد. دەمم نابە شادەماریەوە. خوێنـەکـەم هـەڵلووشـی. هەڵلووشی... ئەوسا هەستامەسەر پێ. سێ چوار مستەکۆڵەی باشم بە سنگمدا کوتا. باوێشکێکیدوور و درێژم کێشا و لەسەر کورسیەکەم دانیشتم. دەمەویست کەوڵیکەم و کەوڵەکـەی لـەسـەر کورسـی و مێـزەکـەم راخـەم. پـێمخـۆش بووگۆشـتەکـەی مسـقال مسـقال بـبرژێنم و بیخـۆم. ئـاخ خوێنــەکــەی شەرِاب،کەوڵەکەی راخەر، گۆشتەکەی کەبـابی شـێو! ئـەی ئێسـکانەکـانی چ لێبکەم؟ بۆچی دەبن؟ بیرم نایگەیەنێ! تۆ خوا ئێوە پێمبڵێن: بۆچدەمتـانگـرێ داوە؟ بۆچ متەقتان لێوە نایە؟ رەنگ بێ لایەنگری ئەوبن!چش، چش. حەوجێم پێتان نیە. ئێسکانەکانی دەکەم بە قەتحە و قاپیئەکس. کەرِاکەی سەریشی لە

نێو ئەم قاپەدا بە دیواری هۆڵەکەداهەڵدەواسم. با هەر لەبەر چـاوم بێـت و زوو زوو تفی لێ بکەم. دەباهەموو کەس بیبینێ و بزانن چ پـەنـدێکم پـێ داوە. چ پەندێک!

* * *

ئای دۆشاو! دەزانی بۆچ وا لەگەڵ من کردتە دوژمنایەتی؟ تـۆدەیشـاریەوە. بەڵام من وەبیرتی دێنمەوە. هەموو شتێکت وەبـیر دێنمـەوە،تـۆ هـەر خوێـڕی بووی، گورگە مێش! لە هەوەڵەوە تاکوو ئەمڕۆ خوێـڕیبـووی، وەک خـۆت. لـە گوێنی دایک و بابت، وەک بابە گەورە و هەمووکەست. دایم و دەرهەم مل کەچ و سەرشۆڕ وە شوێنمان دەکەوتی. چاوچنۆک و بە تەماح بووی. دەتهـەویسـت ئەوی دەستکەوتمان بو، هەر بۆتۆ بێت. لانی کەم زۆربەی بـۆ تۆبـێ، نسـحەتی دای و بابت بوو. هەر تۆبەتەنێ نا، چوار پێنجێکتان وابوون.

وە پێشتان دەکەوتم، شاخە و شاخ و هەڵدێر و هەڵدێر رچەم بۆدەشـکاندن، پێ و پێ بە شوێنمدا دەهاتن. کام دوند ئەستەم وکام هەڵدێرچەتوون بوو، بـۆم دەکردنە رێگایەکی ئاسـایی. بـە دوامـدا دەهـاتن و چـاوبـەسـەرتانـەوە بـوو. پارێزگاری و چاوەدێریم دەکردن. بەڵام تۆ... ئاخ تفـلە زاتـت، بـە قـەراخ هـەر گوندێکدا تێپەڕبایەین، گوێت بۆ هەمووسەگوەڕێک رایەڵ بوو... لە وەڕە و مڕەی سەگەل دەترسای و دڵت بەگۆرانیەکانیانەوە بوو. بە بیستنی سـەگـوەڕ کلکـت دەخزایە نێو گەڵۆزتەوە.بەڵام لە بیستنی گۆرانیەکانیان، دەمت دەکەوتـە سـەر ئاو! لە خۆشیانەدەتریقایەوە... ئاخ... ئەشکەوتی گەوهەر ئاخر پێکەوە بوونی من و تۆبوو. لە نێو ئەشکەوتەکەدا، حەوت هەشت کەس پێکەوە بە دەوریـیـەکـەوە دانیشتبووین. تۆ و دووانی دیکە کلاتان گرتبـوو. سـێ چـوار رۆژبـوو لـە مـاڵ دەرکەوتبووین. چ دەسکەوتێکمان وەگیر نەکەوتبوو. پێمانشوورەیی بوو دەست بەتاڵ بگەڕێینەوە! چاوەنواڕی ئەوە بووین، بەفربارین بوەستێ و لێی کاتەوە ،راو دابەستینەوە. ئێمە لە تەگبیر و ڕایخۆمانـدا بـووین و تـۆ؟... کـلات گرتبـوو، نەتدەزانی لەچی دەدوێین.نەتدەزانی چاوەکانی ئێمە بۆچی بوونەتە ئـەسـتێرە! بۆچی گۆنامان بۆتەخاشخاشکە سوورە؟ بۆچ دەنگمان بەرز و گڕ و گەرمە؟ ئاگات لە هیچنەبوو. لە دەرکی ئەشکەوت قنگەڵفست خواردبوو. چاوت بڕیبووەدەرێ. لە بەفر و باڕنـدو بـادەوە دەترسـای. بـادەوە جاروبـار بـڕێکی بـەفربـەرەو زاری

ئەشکەت دەهێنا. لە ترسان چاوەکانت دەقووچاند وموووچڕک بە گشت ئازات دا دەهات، رادەچڵەکای.

ئێمە لەو لاترەوە، لە قسە و باسی خۆمانـدا بـووین، بـەڵـام مـن بـە دزەدزە سیلای چاوێکم هەر لە تۆ بوو، زۆر لە دوور، لە نێـو ماڵـانی دێیـەکـیدوورەوە دەنگی سەگوەڕ دەهات. گوێت بۆی شل کردبوو. لـە ناختـدادابووم. لـە خـۆت باشتر دەتناسم! دەمزانی لە بیری چی دای؟سەرانگوێلک و سەرپەیـن و پـاڵ و نێو قەڵاخ. ورکە نان و ئێسک وپرووسکی بەرمـاوەی خـاوەن مـاڵ، لێـوەکانـت دەلستەوە. نێوزارت پڕ لەکەف بوو، کەفت هەڵدەخڕاند و خۆزیات بەو سـەگانـە دەبرد. ئاوڕێکتداوە بە تووڕەییەکی زۆرەوە. چاوەکانت دوو شیری ئـاگرین! بـۆ کوشتن وبڕینی من و داغ کردنی سەردڵ و هـەنـاوم! هـەمـووی ئـەم سـەرمـا وسەخڵەت و بەفرە سووچ و تاوانی من بوو! چما من نەبایەم تۆچی وئێـرەچـی؟ ئەشکەوتی سارد و سڕ و گەمارۆی بەفر و سەرماو بادەوەیچی؟ قەڵاچۆی سبەی و دووسبەی چی؟!

دەسا بێتوو من نەبایەم و منت بفەوتاندایە، هەموو کارێکـت راسـتدەهـات. قاتی قەڵاخ و سەرانگوێلک و بەرماوێکیش بۆ تۆ نـەبـوو! لـەسـەرتـەرمـی کـێ راوەستاوی وبە نووکی کەوشەکانت دەیلاوێنیەوە؟ تەرمی منیـان هـی خـۆت؟ تەرمی کاممان؟ هی من؟ گەلحۆ، هەی دۆشاو! ئـەوەکـەلاکـی تۆپیـوی خۆتـە لەسەر تەختی عەرزی هەپروون هەپروون بووە.تەنانەت ئەو ئێسک و پرووسک و کەڕاکە سەرەی وا بە دیواریهۆڵەکەوە بۆتە رەسمێک لە قەتحەیەکدا، یا خۆتی یان بابتە یان باپیرەگەورەتە. دەسا کەوایە ئەی بۆچ بە منی دادەنێی و بە مـنـی دەردەبڕی؟ منئەوەتانێ لەسەر ترۆپکی ئەم کیوەی شـانی ماڵـی ئێـوە ئـۆقرەم گرتووە.ئەوە نیە خۆشم لەم بەرزاییەدا دێم و دەچـم. گریمـان کـەڕەتی وایـە بەراکردن و چەلی وایە بە راوێچکە. راوەکەی داوێنی ئەشکەوتی گەوهەردوایـن هەڵەی من بوو. بەستەڵەک و کڕێوە و لوورەی زریان، لەگەڵتاندابەستم. سەگ و رێوی و ورچم لە بیرە. هەمووتان کەوتنە لایەک و من وچەند هاوەڵ لەوبـەر. جوان لەبەر چاومە، لەگەڵکوو ویستت جوابەجەنگەم بکەی، نەڕاندم بەسەرتدا... ئەوسا تێکچووی. رەنگت بەرۆوەنەما. قـوڕ و قـەپـت کـرد و بـێ دەنـگ، دۆش دامای! سبەی لە قەراغ هەوەڵگوندی سەرە رێگە بووینە دوو بەرە. ئێـوە لاتـان دایە نێو گوندەکە وئێمەش بەرەو شوێنێکی دوورتر وەرێکەوتـین. ئـەم چـەنـد

ڕۆژەی دوایی‌دەستکەوتێکمان نەبووبوو، پێمان شوورەیی بوو دەست بەتاڵ بەرەو ماڵبێینەوە. چەند ڕۆژ تێپەڕی، لە کۆڵانی ئێوەدا بە شوێن کارێکەوە بووم.لە جەمسەری کۆڵانەکەتان تووشت بووم؛ گێژ گێژ دەڕۆیشتی و لەسێبەرەکەت مۆڕ ببوویتەوە. لەگەڵکوو گەیشتییە، حاندی من،بەرەنگاری سێبەرەکەی خۆت بووی و لە خۆڕا وەک شێتان کردتە مشتو مڕ و جوێن دان و گریان وپاڕانەوە و هەڕەشە و گوڕەشە! بەسەرعەرزەکەدا پان ببوویتەوە، وڕێنەت دەکرد و چەقۆت هەڵدەسووڕاند.

چەقۆت لە عەرز و دار و بەرد و خاک و خۆڵ رادەکێشا. زۆر جارچەقۆ سەری دەکرد و بەرەو سنگ و بەرۆک و پەنجە و گوێلاکی خۆتدەخزا. دەست و پەنجە و قامکەکانت خوێناوی ببوون. هەستایە سەرپێ. کەفی زارو خوێنی جەستەت بە چۆڕاوگە دەتکایە عەرزی. سێچوار چەلان بە دەوری خۆتدا خولایەوە، لە پاشان خۆت بەماڵەکەتداکردەوە. گوێم لێ بوو لە حەساریدا نووزە نووزت دەهات و هاتەران‌پاتەرانت دەگوت. لەوە دەچوو بە دزیەوە بە بڵمە بڵم جوێن بە کەسێک‌بدەی!

هەموو ڕۆژێک تووشت دێم. بە پتەی قامک خۆت دەتەکێنی، خێراخێرا دەست بەسەر و فۆکل و سمێڵتدا دێنی. جگەرەیەک بە لالێوتەوە، بەدوو کەڵەکەی گاڵتە دەکەی! بە شەقام و کۆڵاندا دێی و بزەی ڕەزامەندی‌گشت روخسارتی داگرتووە. بەڵام هەر کا تووشی من دەبی یان چاوتبە هاوەڵەکانی رابردووت دەکەوێ، تێک دەچی و سەر دادەخەی، یان‌روو وەردەگێڕی.

بەرخم بەختیار بوون شەرمی پێ ناوێ. ئەوە نیە دایکت نێو چاوانت‌ماچ دەکا و شیریت حەڵاڵ دەکا! ئەوە نیە برا و باوک و باپیرانت پێت‌دەڵێن: ئافەرم، ئێستا پیاوی.

دەسا شەرمی چی دەکەی؟ ملت قیت کەوە، سەرت راست راگرە،چاوەکانت خۆمارکەوە، بە لار و لەنجە وەرەو بڕۆ، بەختیاری بەختیار،...زۆر بەختیار و سەرکەوتوو!

* * *

# بووک

لەم ژووره سارد و سڕەو، لـەم دیـوە تاریـک و رەش داگـەڕاوەدا، سـێمانگی رەبەقە بە جێ و بان کەوتووی. چت لە دەست نایە بێجگە لەوەیجار و بار بڵمە بڵمێکت لێ هەستێ: «ئاخ پیرە گەردوون، ئاخ، ئامان وەهەزار دەخیل لە مەکرت. چی بووم و چیم بەسەرهات؟ سەگی دەرکیخۆم پێم دەوەڕێ! دەک نـەمـەک گیرم بن! خـۆ شـەرم و حـەیـا ناکـەن و روونایـانگرێ، چاویـان بـە نـانی مـن پشکووتووە، کەچی قسەی چۆنیشدەکەن! هەک تف لە رووتـان! سپڵـەی بـێ بەقا. دەک رووڕەشی دەرک ودیوانی خودابن. بڵێی لەم ناساخیە هەڵنەستمەوە؟ مەرج بێ لە کلکیئەسپ و ئێسترتان بـەسـتم و بـەسـەر دارو بـەردی مـەزرادا بتانگێڕم وتەیاتوورتان پێ ساز کەم. ئاخ... ئەی هاوار دیسانەکەش نەڕە و گوڕە سازبوو! گەڕانەوە! خەیاڵ، خەیاڵ بۆچی پێمناڵێی ئەم هات و هاوار و زەنازەنایە چیە؟ دە پێمبڵێ ئەم دارە تەرمە، کێی تێدایە، ئەوە سێ شەوورۆژی رەبەقە ئەم چوار زەلامە بەم دەرک و بانەیدا دێنن؟ خەیاڵ وەڵامدەوە، پێت وایە مردووم؟ ئاخ مەگەم چاک نەبمەوە؟... هەموو لەشمشەڵاڵی ئـارەقـەیـە خـەیـاڵ، بـۆنی ئارەقەی ترشاوی لەشم رۆژە رێیەکدەڕوات! ئاو گەرم کە و بمشۆرەوە خەیـاڵ. ئەمڕۆ و سبەی ئاغادەگەڕێتەوە. سێ مانگی تەواوە نەیـدیتووم، دەزانم چـەنـدە تامەزرۆیدیدارمە! دەبێ لە چەپکی گوڵە بـاخ و رێحانـە بـۆن خۆشـتر و پـاک وخاوێنتر بم. ئاخ... خەیاڵ، خەیاڵ ئەوە دەنگی ئەسپە کوێتیئەمیرخانـە. تـۆ گوێ هەڵخە، گوێ بگرە. حیلەی ئەسپە کوێت لـە پشـتچاڵـووکەکـانی باخـە چکۆڵەی خۆمانەوە دێ. چاوت بەم لاو ئەو لاوەبێت، من دەڕۆم. وشیار بە کەس پێنەزانێ، کەس بەسەردانەیە کچێ!ئەرێ خەیاڵ گوێت لێیە دەڵێم چی؟ لە ژێر لێوتەوە هەر پرتە و بۆڵەتدێ، بەڵام دەنگت ئەوەندە نزمە... ئەوەنـدە نزمـە... ئەوە دەڵێی چی؟»

بەرەو خەیاڵ وەرسووڕاوی، گوێچکەت بۆ بڵمە بڵمەکەی ئەو تیژکردووە. خەیاڵ دێ و دەچێ و پرتە و بۆڵەیەتی. جار و بار نزم و بڕێجار بڵیند. ئەوا دەنگی گەیشتە گوێت، لەگەڵ تۆیەتی: «ئاخ سەلیتەی‌سووزمانی! چەنێکم پێخۆشە دەس بنێمە بینە قاقات و... قەت ئەو گشتەچەرمە سەریەی پێت داوم لە بیرم ناچێتەوە. چما لە بیرم چۆتەوەچەنێکت وەرهەم و زووخاو پێ هەڵێناوم؟ کەلاک! ئەوە خوێی چێشتت‌بێ، بیخۆ دەی، دە هەڵی گرەوە، ئاغا؟! هەر دەبێ پەلکەی سپی لە ماڵەباباندا بهۆنیەوە. تەشی بڕیسە دەی خانم! پەلکەی سپی بهۆنەوە دەی...ئاغا؟! دێتەوە! هەڵیگرەوە. لەسەر جێ و بانەکەت کەوتووی، وەک‌تەرمی دایکی پۆڵازرەی دێو، قژە ئاڵۆزاوو کاڵ و کرچەکەت لە سنگ وبەرۆک و دەم و چاوت هاڵاوە. نیوژوورەکەت پڕ پڕە لە تاڵی هەڵوەراوی‌پرچە رشکاویە بۆگەنەکەت. ئاخی من ئەوا لە بۆگەن و پیسایی خۆتدادەڕزی. ئاخ ئەگەر لە خۆفی خوا نەبایە، هەر ئەم پرچەی خۆتم دەکردەگوریس و لە ملتم داویشت و، دەمخنکاندی! بۆ وا لێم‌دەڕوانی؟ نازانی‌لەم چاوە شینانە و لەو سەر و تەرحە دەمەو مەرگەت دەترسم؟! تف لەم‌تەرحەت... شایکە ئەم قاچ و قولە باریکانەی دەڵێی تیرۆکە.»

چاوت لێیە خەیاڵ چۆن دێ و دەچێ و چی دەڵێ! بەڵام بۆت‌ناچێتەوە سەر یەک! نازانی لەگەڵ کێیە و دژ بە کێیە؟ چاوت لێیە بەرەوزەنازەنای زەلامەکانی پشت پەنجەرەکە وەردەسووڕێ و دەنەڕێنێ: «ئەم‌دەرک و بانە بەردەن، هۆو... لەگەڵ ئێوەمە، چۆلی کەن و بڕۆن ئەم پشت‌پەنجەرە و دەرک و بانە بەردەن. نایدا... نایدا... نایدا...! دە بڕۆن‌دەی!»

چاوەکانت بە مۆلەق  وێستاون، گوێچکەکانت کپ بوون، داوای‌شەربەیەک ئاو دەکەی و دەیکەیە وڕێنەکردن: «بۆ کەس تاسەر بەقات‌نیە، ئاخ و ئامان و دەخیل لە دەستت! دەڵێن نەهات باشە، بەڵام قۆرتی‌خەراپە. بە خودای درۆ دەکات، لاقەکانم تیرۆک نین، روخساری من کاڵو کرچ نیە. ئاخ تاکوو جەحێڵ بووم... ئاخ پیری، ئای کەوتوویی ونەخۆشی چت بەسەر هێنام. دایکە لە کوێی بەو گوێچکانەت ببیسی چی‌دەڵێن بە کیژە نازارەکەت! بەو چاوانەت ببینی چی دەکەن بە ئازیز وخۆشەویستەکەت. ئاخ باوکە لە کوێی بە شەپێک زگی ئەم دێڵە کرمانجەبدڕی. گوێتان لێیە چ دەڵێن و چ دەکەن بە جگەرگۆشەکەتان؟ تف لەرووت خەیاڵ، دەک نەمەک گیرم بی، ئاخی من کلکت لێ بڕۆی...

ئاخ...ئەریٚ خەیاڵ ئەم خرمە خرم و زرمە زرمە دەنگی پێڵاوی کێیە؟ چیان‌دەویٚ؟ ئەم دارە تەرمەی سەرشانی ئەم چوار زەلامە رەشپۆشە مەیتی‌کێی تێدایە؟! ئەوە بۆ پێم‌ناڵێی کیٚ مردووە؟ من؟ من؟ من؟ هەک زمانت بەبڕین چیٚ خەیاڵ، قەزا و بەڵای من لە تۆ کەویٚ. رەببی مەرگت سەت‌ساڵ وەپێش مەرگی من کەویٚ. بە کوێرایی چاوی تۆ ئەمڕۆ لە هەمووڕۆژێک باشترم. ئەمڕۆ زۆر چاکم! ئەمڕۆ و سبەی لەم ناساخیەهەڵدەستمەوە... جا ئەوسا من و تۆ دوو قسە دەکەین! پێت وایە گوێم لەم‌هەموو ورتە ورت و پرتە و بۆڵەیەت نیە؟! بۆ خۆت پێت‌وایە خەیاڵ،دەنا زۆر چاک گوێم لێیە. لەگەڵ منتە، ئەوە نیە، دەڵێی:

«بەجیٚ و بان کەوتووی خانم، ژوورەکەت بۆگەن بووە. تەرمە بۆگەن‌و رزیوەکەت دوو بەشی مردووە، بیٚ قەدر و قیمەت فڕیٚ دراوی. جومعەبە جومعەش کەس ناتشوا، چرو چاوت چڵک و چەپەڵی مانگێکی‌لێنیشتووە. جل و بەرگەکەت لە گەند و گوو و پیسی خۆتدا ماسڵەساوکردووە! سیٚ مانگی رەبەقە ئاغا تلیاکیەکەت بەجێی هێشتووی. تاکوونەمری ناگەڕێتەوە، گوێت لێیە خانم؟ ئاغا چاوەڕێیە بمری، جا ئەوسابێتەوە سەر مڵک و ماشەکەت. هەر بکۆخە و بلیٚ چاردەی مانگە! ئەوباوکەت مرد کە بە تڕ گۆزەڵەی دەشکاند. هەر لێی بڕێسە! نەوەڵڵا قژ وپرچی سپی لە ماڵە باباندا بهۆنەوە، مەگەم هەر بووکی دایکت بی.خودای من ئاوات بەسەر دێنیٚ. لە بیرتە قژی منت لە پەنجەت دەهاڵاند،پڕ جنێوت دەکردم و ئازای گیانمت دەکردە گۆشتی کوتراو. ئەوە خودای‌منە ئاوای بەسەر هێناوی. دڵم بە چیت خۆش بیٚ؟ بە جنێوەکانت؟ بەوگشتە شەپ و تێهەڵدانە و، یان بەوەی لێت دەپاڕێمەوە و دەڵێم ئەم‌چوار بستە زەوی و زارەم بۆ بکە قەباڵە و قامکم بۆ پێوەنیٚ، با لە پاش تۆدەرم نەکەن و نەکەومە سواڵ! بەڵام نایکەی. دڵم بە چیت خۆش بیٚ. بەئاکارە جوانەکەت؟ تا کچ بووی تۆ کەیف و نەهەنگت دەکرد، دەبایە من‌کێشک بدێرم و شەو نەخوونی بکێشم. قەرەواشی و کارەکەری و شەپ وجنێوەکانیشت بەجێی خۆی.»

لێت دوور دەکەوێتەوە، چاوت بە دووی دا دەڕوا، گوێت لێیەدەیکاتە نەڕەو گوڕە: «لەگەڵ ئێوەمە هۆ» ئەم دەرک و بانە چۆڵ کەن. بەدەستەوەی نادا... نا... نا... هیچیان بە دەستەوە نادا. دە چۆلی کەن‌دەی.»

ئەم قسە تازەیەت پێخۆشە. پشوویەکت دێتەوە بەرو دەگەشێیەوە،هەمیسان دەکەویە جیهانێکی دیکەوە: «ئاخ ئەمیر قەت لە یادم ناچی،چۆن بووی و چت

لێ هات؟ دنیای بێ بەقا و بە شەری سپڵە وەفایان بۆکەس نیە. لە بیرمە شایی «گەلە»ی خوشکم بوو. باوکە پێی شوورەیی بووبۆکچ بە شوودان شایی بگێڕێ. جـەحـێڵ بـە دزی باوکـەوە چووبووینـە نێوهۆڵـە مـەڕ و سـەمـا ودیـلان و هەڵپەڕکێمان دەکرد. ئاخ لەو گشتە تەڕ پۆشەو لەو هەموو جل و بەرگە زەرد و سوور و رەنگاو رەنگە؟! جەحێڵئەوەندەیان عەتر لە خۆ دابوو، هۆڵ وەک کۆشکی شا لە دوورەوە بۆنیعەتر و گوڵاوی لێ دەهات. لە قاوەڵتوونەوە تـا لای نیـوەڕۆ گەڕی دیلانمبەر نەدابوو، یەک بە یەک لە دەست هەموو جەحێڵەکاندا هەڵپەڕی بووم.لای نیوەڕۆ ئەمیرخان خۆی بە هۆڵدا کرد. هەمـوو بـەرەو پـیری چـوون. بەحاڵ جوابی سڵاوی دانەوە. چاوێکی بە گەڕی دیلاندا گێڕاو یەکڕاسـتبـەرەو من هات. هاتە دەستمەوە، دەستی گوشیم. هاتم شایی بەردەم وبڕۆم، دەسـتی بەرنەدام، دەستمی توند گوشی و سەری نا بـە گوێمـەوە:«نـاتوانی لـە دەسـتم دەرباز بی، خاسەکەوی دەرک و بانی ئێوە هەرنێچیری بازی دیـوەخـانی ئێمـە بووە!» شانی لە شانم توند کرد و بەسەرقامبێژ دا گوڕاندی: «هەواکەت گرژتر کە کوڕە!» دوو سێ کەڕەتبەگوێمی دا چپاند: «لە ماڵ خەوتناندا دێمـە ژووانـت! یان ژوورەکەتچۆل کە هەر خۆت بی، یان جـێ ژوانێکـی دیکـە دانـێ!» چـم نەگوت.شەوێ تـازە چـاوم چووبـووە خـەو، لـەبـەر هـەیوانـەکـەوە لـە جـامی پەنجەرەیکوتا. روومەتی خۆم رنی. پاڵی بە پەنجەرەوە نـاو، هاتـە ژوور. هـەر ئـەمخـەیاڵـە دێڵـە پشـیلە سپڵـە و بـێ بـەقایـە، سـێ چـوار ساڵـی رەبـەق کێشکیکێشاین. دەیهێنـا ژوورێ و بـە ڕێـی دەکـرد. شـەو و رۆژ بـە قوربـان وسەدەقەم دەبوو! لە دەوری سەرم دەگەڕا. بە شەوگاری بەهـار و هـاوینیشلـە شیرینی خەودا دەست و پەنجەی دەگوشیم: «خانم! خانم! هەستەگوێ بگـرە! تۆ گوێ بگرە!»

دەنگی رمبازێنی ئەسپ دەهات. دەمناسیەوە، رەوتی ئەسپە کوێتیئەمیرخان لە خوناوکەی بارانیش خۆشتر بوو. سێ چوار کەڕەت دەهاتو دەچوو. لە پاشان بێ دەنگی وڵاتی دادەگرت. پشـت بـەسـتی پـەنجـەرەمدەترازانـد. زۆری پـێ نەدەچوو ئەمیرخان خۆی بە ژووردا دەکرد. ئیدیدەبایە خەیاڵ کێشکی گرتبایە، ئاگادار بایە. چەندە خۆش بوو حیلکەحیلک و تریقانەوە. رەوتی چوار ناڵی ئەسپە کوێت. خرمە خرمیخۆناوکە باران... ئاخ...» لە جامی پـەنجـەرەکـە دەڕوانی، چاوەکانتسپیایییان تێدەزێ. بـە خـۆف و خورپـەیـەکـی زۆرەوە هـەمیسـان

دەیکەیەبڵمە بڵم: «خەیاڵ، خەیاڵ! دیسانەکە هاتنەوە. چوار زەلامی سەر و چاوداپۆشراو، چەکمەی رەشی زەلام لە پێ، سەر تا پا رەشپۆش – تەنانەتسەر کڵاوەکانیشیان رەشە – دارەتەرمەکەیان هەروا لەسەر شانە. لەحاندی مندا دارە تەرم سێ جار دەنێنە سەر شان، دایدەنێنە عەرز ودیسانەکە دەیخەنەوە سەر شانیان. حەشیمەتێکی زۆریان بە شوێنەوەیە.ئەوانیش هەموو رەش لەبەرن، بە کۆڕ بالۆرە لێدەدەن و «ئەی ڕۆ، ئەیڕۆ»یانە، چرکە ساتێک لەبەر چاوم ون بوون و ئەوا دیسان دێنەوە بەرپەنجەرەکە. هەموو لە من دەڕوانن، چاویان لە دەمی منە. گوێم لێیانە:«دەڵێی چی؟ بۆ نایدەی؟ ئیزن بدە... قامکی پێوەنێ... قاقەز... مۆر.دەنا دەتبەین و دەتنێژین... دەڵێێ چی؟ یەک بە خۆم دەقیژێنم: «بڕۆن،بڕۆن بینێژن! بەمن چی؟ ئەم مەیتە چی منە؟ خۆ دایک و باوکی منبیست سی ساڵ لەمەو بەر مردوون. خوشک و برای من لەم وڵاتە نین.هەموو بە شوێن ژین و چارەنووسی خۆیاندا لەم وڵاتە رۆیشتوون. خۆئاغاش سێ مانگی رەبەقە بێ ماڵاوایی و خوداحافزی رۆیشتووە. دەیجائەم تەرم و دارە تەرمە بە من چی؟ ئەی چیتان لە من دەوێ؟ چی؟...خەیاڵ، خەیاڵ... دەریان کە، بڕۆن، بڕۆن واز بێنن... بڕۆن... ئارەقەکوشتوومی خەیاڵ. ئۆف لەم دەریا ئارەقەی گەرمەیاوی ئەم لەشە ناساخو نەخۆشە، وەی لە بۆ درنی چڵک و چەپەڵی ئەم جل و بەرگانە. خەیاڵئاوگەرم کە بمشۆ... ئاو... ئاو... تینوومە خەیاڵ... ئاورم گرت...شەربەیەکم ئاو دەیە. کەمێ دەست و لاقم فێنک کەوە... ئاو... گڕم گرت،خنکام... خ... ن.... ک..ا.م.»

دەکەویە کەف هەڵخڕاندن و لێوە لەرە. چاوەکانت دەردەپەڕن و دەم ولێوت خوار و خێچ دەبن. پشووت سوار دەبێ و زگت زوو زوو بەرز و نزمدەبێ... کەف... کەف... چاوەکانت دەخولێنەوە. بڕێک بڵمە بڵم دەکەیو دەکەویە وڕێنە کردن.

«ئەمیر گیان کەی دەمخوازی؟ چۆن؟ پێمدەڵێی خوازبینی چی؟ ئایلە خەیاڵ پڵاوی من! ئای لە بەقای پیاو! رۆیشتی و ئیدی ببڕای ببڕچاوم بە چاوت بکەوێ. هەی لە بەقای پیاو!... لە پاش دوو ساڵ هەواڵمبۆ هات دێڵە حەجەمێکی حەکەدارت مارە کردووە. دەک خودا گیرمبی... خودا گیریش بووی. حەجەمە فێرەتلیاکی کردی و لە پەڕ و پۆبوویەوە. زەوی و مڵک و ماشت فرۆشت و دات بە تلیاک، قەڵاو نێو ماڵتفرۆشت و دات بە تڵیاک. دەسا کە لە

پەڕ و پۆ بوویەوە، حەجەمە بە جێیهێشتی و ڕۆیشت. ئـاخی مـن لـە دەرک و دیوانی خودا، خوداگیری منی‌کردی و سەری جوانە مەرگیت ناوە. سێ ساڵ بەر لە ژن هێنان و کۆچ‌کردنی کاکەم بۆشار بوو... گـەلـەش ڕۆیـی... گـەلـەرۆ... گەلەرۆ... کاکەمرۆیی... کاکەڕۆ... کاکەڕۆ...»

خەیاڵ دێت و کاسەیەک ئاوت بە دەمەوە دەنێ. ئاوەکەت باش بۆنـاخورێ. زۆربەی بە دەم و لێوتدا چۆڕاوگە دەکا و بە سنگ و بەرۆکتـدادەڕژێ. بـە زبـان لێوەکانت دەلێسیەوە، سەر دەنێیەوە سەر سەرینەکـەت.مـەنـگ و بـێ دەنـگ. ڕەنگ بێ لە زەریای بیرەوەریەکی کۆن ودوور دابین‌بخۆیەوە، یان وەک ئـاوێکی وێستاو پەنگ بخۆیەوە، دەچیەوەنەوزەوە... رادەپەڕی... دەکەویەوە وەنـەوز... ڕادەپەڕی... وا دیارەئێستاکە لە خەیاڵ پڵاوێکی خۆشدای، بە وڕێنەکەتدا لـەوە دەچێ:

«ئەرێ خەیاڵ دەنگی تورومبیل نایە؟ تـۆ سـەرێـک بکێشـە دەرێ،دەڵـێی دەنگی سیگناڵی ماشێنەکەی میرزایە! بڕۆ پێی بڵێ شەوێچاوەڕوانم... ئاخ میرزا چەندەم خۆش دەویی! سیگناڵی ماشێنەکەتچەندە خۆشە! ماشێنەکەت چەندە جوانە!... ئاخ... هەوەڵ جار ئەوکچەتیوە مەڕدۆشە دای بە گوێمدا: «کچێ خانم هێندە جوانی کە...ماشێنەکەی ئەوەندە جوانە، سیگناڵەکەی ئەوەندە خۆشە... کچێ خانم‌تاکوو کچەتیو، مچەتیوی نێو دێ نەیان ڕفاندووە، خۆیەکـی نیشـان دە،شانێکی لە شان دە... جا چەندە جوانچاکە؟ چەندە خوێن شیرینە؟!ئەوەندە دەوڵەمەندە نەبێتەوە. سـێ دانـگ زەوی و زار و باخـات و ملـک وماشـەکـەی ئاغایانی بە پووڵی نەغد کڕیوە. مـیرزای جوانچـاک... خـوێن‌شـیرین... ئـەی قەڵاکەی نێو شارتان؟ قـەڵـای چـی! کۆشـک و تـەلاری شـابو. بانگێشـتنیان کردبووین. قەرار و بڕیار بۆ شەوی جومعە. سێ ڕۆژ وشەو بەر لە جومعە، ژنان و کچانی ماڵی ئێمە خۆیان ساز دەکرد.حەمامیان دەکرد؛ جل و بەرگیان لـەبـەر دەکرد؛ لە ئاوێنەدا لە خۆیان‌دەڕوانی؛ جل وبەرگیان دەگۆڕی و هـەمیسـان لـە ئاوێنەدا دەیانڕوانی‌یەخۆیان! ئەم کراسە نا، ئەو کراسـە. ئـەم کـەوشـە نـا، ئـەو کەوشە. دەیانگوت‌دەچینە شار، دەعواتی ماڵی تاجر باشی باوکی میرزاین. باوکە دەڵێشەددادن! دەبێ ئیرادمان لێ نەگـرن... ئـاخ مـیرزا دەورەی ئـەویـنـداری ودڵداری تۆم چەندە خۆش بوو. چەندە خۆش بوو... چەنـدە... خـو...ش.ئـاخ باوکە ڕەببی هەر شەوەی قەبرێک بناسی، لەگەڵکوو هاتنەخوازبێنی!... وەی...

وەی... وەی لەو شەوە! باوکە چی کرد؟ چی کرد؟چیکرد؟ باوکە یەک بە خۆی دەینەڕاند:

«سوالکەری سیرمەخۆر، کچم لێدەخوازن! لە بیریان چۆتەوە کێن وکوڕی کێن! خۆیان لێ گۆڕدراوە، نەفام، کرمانج! کەوش و کڵاش نابن بەیۆڵداش! چەرچی و سوالکەری سیرمەخۆری شار...» ئەرێ خەیاڵ ئەوشەوە باوکە مەست نەبوو؟ ئارەق و شەرابی نەخواردبوو. ئەی بۆ وایدەگوڕاند؟ هەموو شووشەکان دەلەرانەوە!... دەرگا و پەنجەرە دەکرانەوە،شەق پێکدادەدرانەوە. دەرگا و پەنجەرە شەقەشەق پێکدادەدران،دەلەرانەوە... باوکە دەهات و دەچوو. دەینەڕاند و دەیگوڕاند. شووشەی‌دەشکاند و دەرک و پەنجەرەی پێکدادەدا. ئەم دەرکەمان دادەخست،ئەوی دیکە پێکدادەدرا. ئەم پەنجەرەمان دەبەست، خرمەی‌شووشەشکانی ئەوی دیکە هەڵدەستا. شەقە شەقی پێکدادانی دەرگا وخرمە خرمی دارڕژانی شووشە شکاو رۆژە رێیەک دەڕۆیی. جنێودان ونەڕە و گوڕەی باوکە قەڵاو نێو دێی پڕ کردبوو: «چەرچی سیرمەخۆر!قسەی دەمیان نافامن، نازانن هاوشانی کێن و کچ لە کێ بخوازن! رۆڵەکەو لەگەڵ کەو، قەل لەگەڵ قەل. جارێکی دیکە شەکری وا بشکێنن،پشیلەتان لە دەرپێ دەهاوم... ئەرێ خەیاڵ تۆ خودا باوکە مەست نەبوو؟ناوەڵڵا، نەشە بوو، نەشە. نەشەی تلیاک. تلیاک ماڵ کاولی کردین. زەوی‌فرۆشرا و درا بە تلیاک. باخ لە بری تلیاکدا رۆیی. ملک و ماش وئاغایانەی خەڵکی نێو دێ درا بە پول و پارە بۆ تلیاک، تاکوو وای لێهات‌کوندەبوو لەسەر دیوار و سەربانمان مەزلی گرت. دەک باوکە گۆڕەکەت‌پڕ لە مار و مێروو بێ، چۆن منت لە ماڵە باباندا پیر کرد! چۆن بە کەستنەدام تا لە ماڵە باباندا پرچ و پەلکەی سپیم هۆندەوە و لە ماڵە باباندا هەربووکی دایکم مامەوە... ئاخ....»

چاوت لێیە خەیاڵ بزەی لەسەر لیوە! لە دڵیدا گاڵتەت پێدەکا، ئەوادەمی کردەوە:

«تەشی هەڵسووڕێنە خانم! تەشی بادە و بەن بڕێسە. وانەکەی شێت‌دەبی! دەنا خەیاڵ پڵاو بکە. خەیاڵ پڵاو زۆر خۆشە!!! خانمی قەڵای‌ئەمیرخان! بووکی تاجر باشی شارنشین، خاتوونی کۆشک و تەلاری‌بلوور! هۆدەی ئاوێنە بەند، حەمامی کاشی و ئاوێنە! پف...» جەرگت‌ژان دەکا، ئێشی ئەم تەوس و توانجە

سەر دڵ و بن دڵ و ناختدەئاخنێ. نەشتەری ئەم تەشەرانە چزە لـە هـەنـاوت هەڵدەستێنێ:

«ئاخ پیری، ئاخ... تاڵە سپیەکانی پرچت دەرکێشە و حەوای دە!رۆژێ پتـر لە سەعاتێک دەچوومە بەر ئاوێنە، پرچم پـەخـش و پـەرێشـاندەکـرد و تاڵـە سپیەکانم هەڵدەکێشا! بە سەد بڕ و بیانوو سەرێکی نێو دێمدەدا و خۆم بەم ماڵ و ئەو ماڵدا دەکرد. ئاخ... خۆم بۆ کێ نەڕازانـدەوە؟!خـۆم پێشـان کامـە کـوڕە رەعیەت نەدا؟ نەبوومە مشتەری کێ؟ بەڵام کەسهاوشانی باوکە نەبوو!! کچـی بە کەس نەدا. بووکی دایکم مامەوە، هەر لەماڵە باباندا پرچی سـپیم هۆنـدەوە. تاکوو دایکەش مرد. لە دەست باوکەفجەجەی کرد. لە دەست تلیـاک کێشـان و مڵک و ماش فرۆشتنی باوکەدیقی کرد! وەرهەمی هەڵێنا. ئەرێ خەیاڵ لە پاش مردنی دایکە، باوکمچەند ساڵ ژیا؟ زۆری نەکێشا، نا؟! نا... نا، سێ چوار سـاڵ پتر لە دوایدایکە نەژیا. هەرکا گەسکی لە مڵک و ماش و مـاڵ و سـامان دا و، بێجگەلە پشیلە، چوار پێ لە قەڵـادا نـەمـا، باوکـەش سـەری نـاوە. ئـەی لـەم قەڵازەلام و لاڕووخاوەدا کێ ماوە؟ بە رۆژ دا هەر خۆم و خـەیـاڵ و قـەرەواشو نۆکەرێک و بە شەودا هەر تاقە خۆم و خەیاڵ. خـەیـاڵ! لـە بیرتـە هـەراتلـێ دەکردم: «لەم قەڵا زەلامەدا تەنیای خانم، خۆت بە شتێکەوەبخافڵێنە، ئـەگینـا شێت دەبین خانم! با پیاوێک بخوازین و بیهێنینە سەرماڵێ! ئەم قەڵایە پیاوی گەرەکە، دەنا رەش و رووت ئەم چوار ربەگەنمەشکارتەیەشمان پێ رەوا نابینن. هەر بینا شەوێک هەڵیان کوتایە سەرمانو لە پاش... تاڵانیشیان کردین. دەنگی تۆ بوو خەیاڵ! وەک کوندە بوو،بوو.. بـوو بـوو بـووت دەکـرد، دەنگـت، دەنگـی دەدایەوە، قەڵایەکی زەلام ولاڕووخاو و من و تـۆ و هـەزار هـەودا بـیرەوەری... سەرسەراو کاریدۆڕیدوور و درێـژ و تاریـک و شـێدار. کونـدەبـوو بـێ دەنگـی دەشکاند. بەڵامزیاتر خۆف و بێ دەنگی بوو! جارجاریش سرتە و چپـەی ئـەتـۆ ووڕێنەکانت... بوو... بوو! سەرم دەخورێ خەیاڵ، دە وەرە با سـەرییـەکتـری بدۆزین! تەشی رستن شەکەتی کردووم! وەرە تەون بنێینەوە،وەرە لە نەخش و نگار و رەنگ و گوڵ و تان و پۆی ئەم تەونەدا وێنەیخۆمان رەسم کەین. ئەرێ خەیاڵ ئەوە بۆ ورتەت لێوە نایـە؟ بـۆ وادەکـەی؟ بـۆ وات لـێ هـاتووە. بـۆچی ددانەکانت لە گۆشت و پێست وئێسکی من تیژ کردووە؟ بۆچی وەک لەمەو بەر نەماوی؟ چاوەڕوان وئاواتەخوازی مردنی منی؟! بۆ؟...ها؟...»

دێیەوە خۆ. حەشـیمەت بـەر دەرک و پـەنجـەرە بـەر نـادەن. زەنـا زەنـاو راوتەگبیرە! هەرای خەیاڵ دەکـەی: «خـەیـاڵ ئـەم حـەشـاماتە دەنـگ دەبـا برۆن،جوابیـان کـە!... نـا... نـا... لـەم خـەڵـکە خـۆف دەکـەم. لـەم جـل و بەرگ‌رەشانە... لەم چوار زەلامە... لـەم تـەرم و دارە تـەرمـە خـۆف دەکـەم! ئەرێخەیاڵ ئاغا نەهاتۆتەوە؟ لە دڵم چەقیوە ئەمرۆ دێتەوە! ئاخ سپڵەی بێبەقا، لە هەمووان بێ شەرت و بەقاتر بوو... خەیاڵ لە بیرتە مەلاو کوێخاو پیاو ماقووڵـی نێو دێی هێنابوو... لە خوارەوەی دیوەخان، لە لای‌دەرگاکە دانیشتبوو... چەندە پاڕایەوە؟ چەندە خۆی شیرین کرد؟...»

پێی دەگوتی: «هەر ئاوا جوان و جەحێڵ نابی خانم... با ببمە چەتری‌سەر و دار عەسای دەستت، ئەم قەڵایە پیاوی دەوێ بیپارێزێ! سەررووت و دەم رووت نەفامی دەکەن! تەماحی پووڵ و ماڵ و زەوی و جێجووت دەیانگرێ. مـن لـەم ماڵەدا بم، کێ غیرەت دەکا بە دەرکتدابکۆخێ؟» بەم زمانە لووسـە، بـەم کلکـە سووتێیە مارەی کردی و هاتە سەرماڵ! کەچی لەگەڵـکوو نـەخـۆش کـەوتی و دوکتۆران جوابیان کردی، بێخودا حافزی دەرباز بوو! دیسانەکـەش کـەوتیـەوە بۆڵەبۆل: «پێی وایەدەمرم و هەڵناستمەوە، خۆی لە مردنی من و دەسـتداگرتن بەسەر ئەم‌ملک و ماشەدا خۆش کردووە. بۆ خۆی پێی وایە... بەم دەرک و بانە دابێتەوە سەگی پێوە دەنێم. سەگی تێبەردەدەم. پشیلەی لە ... ئاخ‌گـەرمامـە، وەی ئاورم گرت. تینوومە خەیاڵ... چۆڕێکم ئاو دەیەخەیاڵ... ئاخ بۆ چۆڕێـک ئاو... ئاخ...»

چاوت ڕێشکە و پێشکە دەکات. نێو مۆخت وەک شانەی هەنگ ویـزەویـزی دێ! چاوت لێیە چوار زەلامە رەش لەبەر و حەشاماتەکـە لـەدەرگاکـەوە دێنـە ژووری. مەترسی ناخت دەئاخنێ و دەقیژێنی: بەریان‌بگرە خەیاڵ! لـەم ژوورەو لەم دەرک و بانە دەریانکە و دووریان خەرەوە!شـایکە ئـەوە خـۆ رەعیـەتـە بـێ ئەمەکەکانی خۆمانن، ئاشا... چەندە سپڵە وبێ ئەمەکن. بەم ناساخیە دەورەیان داوم و داوای زەوی و قەباڵەی زەویم‌لێدەکەن. قاقـەزیـان نووسـیوە، دەیانـەوێ قامکی پێوە نیم... شا..شایکە...ئاشا... چەنـدە تـوورە و چـەنـدە شـڕ و دڕن. چەندە ناشیرین وناحەزن! خەیاڵ دەریان کە... دەریان کە... نایـدەم... نـا... نا... نا...»

یەک بە خۆت هاوار دەکەی و، لەسەر و گوێلاکی خۆت بەردەبی! قژ وپرچ و روومەتی خۆت دەڕنی، دەگری و دەبارێنی و هاوار دەکەی. وەندەخۆت دەڕنی و هاوار دەکەی تاکوو لەسەر خۆ دەچی. لەم بێ خودی ولەسەر خۆچوونەشدا هەر غڵدە غڵد و وڕێنە کردنتە: «ئەرێ خەیاڵ! خۆبڕیار بوو ئیدی خوری نەڕێسین، ئەی ئەم خوریە چیە؟ بۆچی تەواوبوونی نیە؟! هەموو قامکەکانم هەڵوەرین... کەچی خوری رستن تەواوبوونی نیە!»

هەست دەکەی خەیاڵ پێت دەڵێ: «بیرێسە خانم، بیرێسە! بۆنایرێسی؟ نایرێسی! چ دەکەی و کارت چیە؟! لەم قەڵا زەلام ولاڕووخاوەدا بێکار و تەنیای. خۆت بە شتێکەوە نەخافڵێنی شێتیش‌دەبی. لە بێ کاری و خەیاڵاتدا لە کەللەت دەدا و دەدەیتە شاخ و کێوا!تەشی بڕێسە، تەون بکە، پرچ و پەلکەی سپی لە ماڵە باباندا بهۆنەوە...

دیسانیش خۆت دەیکەیە بلمە بلم و غلدە غلد: «راست دەکەی... بەقسەت دەکەم... بەڵام تینوومە... ئاو... ئاو خەیاڵ... ئەمیرخان ئەوەتۆی؟ ئەی ئەم چەند ساڵە... لە کوێ بووی؟... لە کوێ بووی؟...شایکە... ئاشا! خۆ ئەوە ئاغایە! ئاغا...؟ هاتیەوە؟... نەمگوت... ئەمڕۆدێتەوە!! بڕۆ... زەویت دەوێ... قەباڵە؟... قاقەز؟...قامک؟... بڕۆ...نایدەم... نایدەم... بەمن چی قۆپی و مەڕتەتان نیە... زەوی خۆم...کاغەز... خەیاڵە... نادەم، نا... نا... نە بە ئێوە نە بە خەیاڵ... بە کەس، بەکەس! خەیاڵیش داوای دەکا... هەڵیپێچاوە... نا... یدە... م... نا...نا...»

سەرت بە لادا دێ، بە لادا دەکەوی... نە پشوو، نە هەناسە، چاو بەمۆلەق و ئاواڵە، دەم کراوە، بێ دەنگ، تەواو بووی خانم، تەواو بووی،بێ ئەوەی کەس لە بن سەرت بێ، بێ ئەوەی دەم و چاوت وێک بێننەوەو بی بەستن. مەگەر لە مەولا بحەسێیەوە!

* * *

# خاسەکەو

خێوەتی شەو نزم و نەوی، بە ڕەشایی مێژوویی خۆیەوە، بێمانگ، بێئەستێرە، بێ هاموشۆی شنە بایەک. لە نێو قەڵایەکدا کۆن و لاڕووخاو، بەدەیان ژوورەوە. لە یەکێ لە ژوورەکانیدا کابرایەکی بێ حەجمین دێ ودەچێ و لێوە کرۆژەیەتی. لە حەساری قەڵادا دارچنارێکی بەرز و ئیشکو بە قەد چنارەوە کەوێک لە نێو ڕکەیەکدا. کابرا بە قەڵافەت زەبەڵاح وتێکسمراو، بە ڕەنگ و ڕوخسار سوور و سپی و بە ئاکار و کردەوە تووڕە وتۆسن ورەزا گران. تووڕەیی و تۆسنی ئاواڵە دوانەیەتی و شانازی پێوەدەکات! پێی وایە ئەم خوو و خدەیە زۆر پەسند و بەجێیە. کابرا بە دەم وچاوی مڕ و مۆچەوە، بەرزە دەماخ و دار لە گەڵۆز بڕدراو دێ و دەڕوا.سمێڵی دەجوێ و بای دەدا و بەرەو ژوور قیتیان دەکاتەوە. خێرا خێراتف دەهاوێتە سەر عەرز. چوارەندەوری خۆی خووساندووە و،ژوورەکەی تفەساو کردووە. تفەنگی «یوزی» بە دەستەوە، ئۆقرە وحەجمینی لە لا نیە. کورد گوتەنی: «دەڵێی جیوەی تێکراوە» بێ وچان‌دێ و دەچێ و بێ پشوودان لە هام و شۆ دایە. ساتێ لە نێو ژوور و کاتێلەسەربان، جار و بار بە حەساردا هات و چۆ دەکات و زوو زوو خۆ بەژووردا دەکاتەوە، بەڵام ژوور چ ژوورێک؟ دیوارەکانی ڕەش ولاڕووخاوە، ڕەشایی دووکەڵ و قورم و دوودە. قورمێکی چەور و چڵێکساپیتکی ژووری ڕازاندۆتەوە، بە تایبەت بە یارمەتی جالجاڵووکە وجۆڵاتەنە. بە دەیان و سەدان هەنگ و پەپوولەی قەتیسی تاڵەکان. ئەواکابرا بۆ ساتێ لە ژووردا ئۆقرەی گرت. لە قۆرییەکی ڕەشەوە چایەکیڕەشتر دەکاتە ئیسکانەوە. چایی هەر بە گەرمی بە گەروویدا دەکا و، یەکبین هەڵیدەلووشێ. لەسەر کورسییەکی شڕ و شکاو دانیشتووە. لەپەنجەرەی ژوورەوە چاوی لە حەسار بڕیوە و، لە کەو مۆڕ بۆتەوە.چاوەکان بێ تروو کان بە حەساردا پیاسە دەکەن. هەودای خەیاڵات وبیرەوەری کابرا لە تاریکاندا هەر لە جم و جۆڵدایە. دەستەکانی کابرالەچەکی سەر ڕانی جیا نابنەوە، دەست و پەنجە و قامک

چەکدەلاوێننەوە و، بەسەر چەکدا هەڵدەڵێن. لە حەساردا. لە روانگەی کابراداچنارە ئیشکەی بێلک و پۆپ و بێ گەڵا دەڵێی خاچە. بە تایبەت بەمرکەئاسنە و کەوەکەی ناویدا. رکەیەکی جێ جێ زەردی ئاماڵ بۆر و جێجێ رەش و تەواوەن ژەنگاوی. خاسەکەوی قەتیس و یەخسیری نێورکەکز و کەنفت لە سووچێکدا هەڵنیشتووە. کابرا لە دەلاقەی ژوورەوە چاوی لە کەو بڕیوە. لێی دەڕوانی و جار جار بە تەوس و توانجەوە دەیدوێنێ:«چۆنی کوڕی باش؟ تووڕەی؟ نانا تووڕە مەبە. گەوجە ئاوامان باشترە!تۆ لەوێ بە، لەناو ئەو رکە جوانەدا. منیش لێرە لەناو ئەم ژوورە کاولاشە.دان و ئاوت لەسەر خۆم. ئاگاداریت دەکەم و لەسەر ما دەتپارێزم. ئە ئاواشەڕی شەیتان و بەڵای ناگەهان زەفەرت پێ نابەن...» کابرا دەیهەوێهەروا لەسەری بڕوا، بەڵام چاوی بە جم و جۆڵی کەو دەکەوێ. بەهەڵەداوان خۆی خڕ دەکاتەوەو هەرا لە کەو دەکات: «هۆو بە تەمای‌چی؟ چاوم لێتە. نەخەڵەتابی پەل ببزێوی. کەلاکت دەخەمە سەر عەرز وساردت دەکەمەوە. لە خوێنی خۆتدا دەتگەوزێنم.» کەو چاوێک‌نوستوو، چاوێک بەخەبەر. هەستی بۆ دەنگێکی دوور راگرتووە. زۆر لەدوورەوە دەنگێک بە حاڵ دێ. دەنگی پۆلێک کەوە. قاسپەی چ وەختی؟لە حەوێقی ئاسمانیشدا لە بەرزاییەکی زۆر دوورەوە جار و بار ترووسکەترووسکی ئەستێرەیێ دێت و دەدرەوشێتەوە. دڵی کەو دەکەوێتە کوتەکوت. هیوایەکی دوور گەرمایەک بە دڵیدا دێنێ. هەودای بیرەوەریەکانی‌دەلەرزێن و درێژ دەبنەوە. خەیاڵاتی بۆ زۆر دوور رۆییوە: «دەبێ شەو لەتێپەڕ بوون بێ، بەرەبەیان بەسەردا هاتبێ و، رۆژ نێزیک بووبێتەوە.عەیامی پێشوو - دوور لە ئێستا - لەگەڵ پۆلی کەو، لەم کاتانەدا پڕ بەگەروو دەمانقاسپاند!» دەمانگوت: «خەڵکینە! هۆ خەڵکینە! لە خەوهەستن بەیانە.» هەر کا هەودای بیرەوەری دەگاتە ئێرە، ئاگر لەئازای‌ئەندامی بەردەبێ. هەموو مەترسی‌یەکی لە بیر دەچێتەوە. خۆی بەدیواری رکەدا دەدات و بە دەنگێکی بەرز تێدەچریکێنێ.

کەو پڕ گەروو دەکەوێتە قاسپە قاسپ. کابرا هەر لە ناو ژوورەوە،دەربیجەی پەنجەرە دەکاتەوە و، تفەنگ بە دەستەوە دەگرمێنێ: «بێدەنگ دەبی یان بێدەنگت کەم؟»

دەسرێژی گوللە بەسەر سەر و بنا گوێی کەودا ویزەیان دێ. کەو بۆماوەیەک بێ دەنگ دەبێ. کابرا بە دەنگی بەرز دەست دەکا بە جنێو دان وهەمدیسان

دەکەوێتەوە تف کردنەوە. تف بە چوارەندەوری خۆیدادەهاوێ، ژووری تفـاوی و خووساو پتر پیس دەکا. ئەوا دانیشتەوە،دەستەکانی دەلەرزن، زۆر بە شڵـەژاوی دوو سێ پیاڵە ئاوی تاڵبەگەروویدا دەکات. بەرەبەرە شنەبایەک کەوتۆتە جووڵە جووڵ. برێکڕووناکایی بەسەر وڵاتداهاتووە. لە دوورەوە دەنگـی کـەڵـەشـێری بەیاندێتە گوێ. دیسـانەکـەش ئـەم دەنگانـە کـەوی نێـو رکـە دەهـەژێـنن و دەچێتەماڵی فیکرەوە. بیرەوەری رابوردووی دوور سەرهەڵدەبڕن: دەبایە لەمکات و ساتەدا دەنگ هەڵێنم و جاڕی «بەیان» بدەم. بە کۆڵانەکانیبیرەوەریەکانیـدا دەڕواتە خوار: «بە خوا دۆڕاندومە. لە هەڵەدا بووم. بەدرێژایـی شـەو بێـدەنـگ ماوم. دیلی و یەخسیریم کێشاوە و چیم نەگوتووە.بەڵام هاوەڵانی من کەم و زۆر هەر کام بە پێی توانای خۆیان دەنگیانهـەڵـێناوە، قـام و گـۆرانییـان گوتـوە. ئێستاکە شەو لە تێپەڕ بوونە و ئەوانڕوو سوور و سەر بەرزن. ئەوا بەیان بەسـەر دادێ. زۆری پێ ناچێ ڕۆژخۆر و رووناکایی خۆی بەسەر وڵاتدا دەپژێنێ. منیش دەبایە ئەئاواکۆڵم بە کلۆڵی و کۆیلەیی نەدایە. ئاخ نە باڵ لێدانێکم بوو، نـە قـام وگۆرانیەکم بەگەرووداهات. نە هەڵلایەکم ساز کرد و نە زەنایەکم خستەکۆڵان و شەقام. لە پڕ سەرهەڵدێنێ و پڕ بە گەروو تێـدەچریکێنـێ. قاسـپەقاسـپێکی خۆش وڵات دەلاوێنێتەوە و چەشنی خوڕەی ئاوی رووبار ولایە لایەی بلاوێـنی دایک بۆ وەخەبەرهێنانی کورپەی نازداری، یانوێنەی گـازەی کیـژ و کـوڕێکی لاوی ئەویندار بۆ یەکدی. ئەوا دیسانەکەشکابرا شڵەژاو تووڕەو پەشۆکاو دەستی دایەوە تفەنگە قوڵە و لەدەربیجەی ژوورەوە هەرایکردە کـەو: «بـێ دەنـگ بـە، شێت بووی؟خەرەفاوی؟ هاری یـان لـە گیـانی خـۆت بێـزاری؟ زۆری نـەمـاوە مدەتتەواو بێ، بەڕەڵات کەم و رزگار بی. بێدەنگ دەبی یان بێدەنگت کەم؟»

کەوی نێورکەی ئاسن گوێی لە دەنگی کابرا نیە. دەنگی کەڵەشێر لەکۆڵان و قاسپەی هاوەڵانی خۆی لە دوور و نێزیکەوە دەگاتە گوێی.ئەستێرەی بەیان لـە جوانترین دیمەنی خوێدا لەبەر چاوی کەوتۆتەترووسکە ترووسک و ورشە ورش و درەوشانەوە. شنەی شەماڵیبەربەیان کەوتۆتە سەما. شـنە بـە سـەمـا دێ و دەچێ و دەیلاوێنێتەوە.هەمووی ئەوانە بـۆ قاسـپاندن هـانی دەدات. هـەر بـەو هۆیەوە لە قاسپەقاسپ نابێتەوە و خۆشتر و بەرزتـر تێـدەچریکێنـێ. کـابرا بـە هەڵاتن لەژوور دێتە دەرو، دەیکاتە نەڕەو گوڕە و هـەڕەشـە و گـوڕەشـە. یـەک دووگوللە دەمانچە بە سەر کەودا هەڵدەتەقێنێ و وەبەر جنێوانی دەدا. بەڵامکەو

کەڕە و نەبیس بووە، پەیتا پەیتا قاسپەی بەرزتر و بلاوێنتر دەکا. کابرابە جنێودان و کەف هەڵخڕاندن و تف ڕۆ کردنەوە دەگەڕێتەوە بۆژوورەکەی. دەست دەداتە یوزییە قوڵە، دەربیجە دەکاتەوە. ئەوا تفەنگو قۆنداغەی تفەنگی لەبەر شانی توند کردو، سیلای گرت. ئەوا قامکی بە پەلە پیتکە دا هات و ڕێژنەی گوللە بەگژ کەودا کرا. ئای خوێن، خوێن،خوێن باران. خوێنێکی سوور و گەش دڵۆپ دڵۆپ چەشنی پەڕەی گوڵەباخ لە لەشی کەوو لە نێوان تەلەکانی ڕکەوە چۆڕاوگە دەکات. لەڕووناکایی گەردوگوڵی بەیاندا دەبێ بڵێی ڕێژنەی خوێن بارانە یان پەڕەی گوڵەباخە لە حەواوە دەبارێ؟ شنەی شەماڵی بەرەبەیان عەتری خوێنی کەو دەبات و کۆڵان و شەقامی شاری لێ کەلاوڕێژ دەکا. خۆهێشتا کەو بێدەنگ نەبووە و، لە قام چڕین نەکەوتووە. تا تینی تێدایەسترانی خۆی هەر دەڵێ. کابراش ڕانەوەستاوە و، هەروا قامک بە پەلەپیتکەدا دێنێ و گوللان دەڕژێنێتە ناخ و جەرگ و دڵی کەوەوە. لاوژەی کەڵەشێری کۆڵان و سترانی کەو و دەنگی گوللە بێدەنگی بەیان‌دەشکێنن. پۆلێ کەڵەشێر لە شەقام و کۆڵانی شاردا بە کۆڕ و بە کوڵدەخوێنن و نێزیک دەبنەوە، دەنگەکەیان شەوی ڕاوناوە. بولێڵ و بۆرەتارکەوتۆتە هەڵات و ڕووناکی بە تەواوی بەسەردا هاتووە و باڵی بەسەروڵاتدا کێشاوە. لە لانی ڕۆژ هەڵاتەوە، لە پشت هەموو کەل و ملە و گرد ودوندە بەرزەکانەوە خۆر ڕمبی زێڕینی هاویشتۆتە عەرز و ئاسمان. کابرالە پشت پەنجەرەی ژوورە ڕەش و تاریکەکەیدا وێستاوە. کابرا وەک کۆڵەکەیەکی کۆن کە سەدان ساڵ لەمەو بەر چەقاندبێتیان و ئیدی ڕزیووبن کوڵ بووبێ و هێزی نەمابێ، بە پێوە ڕاوێستێ، کەوتۆتە لەرینەوە.ئازای ئەندامی وەک مێوژۆکە دەلەرزێ و دەشەکێتەوە. دەنگی کەڵەشێرانی شار و شەقام و کۆڵان کە ئەوا تەنانەت بڕێکیان گەییونەتەسەربانی قەڵاش لە کەڕڕاکەی سەریدا بۆتە گرکان و بوومەلەرزە و پەستاپەستا دەتەقێتەوە. لە ترسان چرای ژوور دەکوژێنێتەوە. بە چوارەندەوری خۆیدا باوە خولێ دەکا و دەخولێتەوە. دەچەمێتەوە و سمێڵە زەلامەکەی فش و شۆڕ دەبنەوە. کابرا لە نێو ژووردا هەروا بە دەوری خۆیدا دێ وەدەچێ، باوە خولێ دەکا و چاوی بە مۆلەقی دەگێڕێ و دەچەمێتەوە،قامێکی نێزیکتر و وشوویەکی بەرزی دەوێ، تاکونێ ژوورەکە بەسەریدادابڕووخێ. ئەوە نیە بە عەرز دا کەوت، دەمەوروو بەسەر تەختیعەرزیدا پان بۆوە و بە چنگ و نینۆک عەرزی هەڵدەکۆڵێ و خۆڵەکەیبەسەر و گوێلاکی خۆیدا هەڵدەپرژێنێ.

باوەکوو کەوی نێورکە گیانی‌لەبەر دا نەماوە، بەڵام قاسپە قاسپی هەزاران کەو و دەنگی بە کوڵ و بەکۆڕی هەزاران کەڵەشێر لە سەر بان و حەساری قەڵای کۆن ولارووخاودا، ژوور و کەڕاکە سەری کابرایان پێکەوە تەقاند. دەنگی‌تێکشـکانی دەستەک و کاریتە، دەنگی تێکڕمان و داڕووخانی دیوار وساپیتک، هاواری کابرا و بەرز بوونەوەی تۆز و خۆڵێکی خەست،خەڵکی شاری ڕژاندە نێو شار و شەقام و قاسپەی کەو و دەنگی کەڵەشێروڵاتی پڕ کرد.

* * *

# هەوارچی

گوێتان لێیە؟
دڵمان لە لاتە!
«هەر لە بەردی بناغەوە ماڵتان وا ساز کەن...» بێدەنـگ بـوو، ئاخـە بۆ؟بـۆ بێدەنگ بوو؟...
«ماڵـتان وا سـاز کـەن! دوو دەرگـای هـەبـێ. لـەبـەر و پشـتیەوە دوو دەرکی‌تێکەن. دەرک و دیـواری پشـتەوەی پـاڵ بـە چیـاوە بـدات. پالپشـتت چیابێت، پشتت بە کەس ناشکێ. دەرک و دیواری پێشەوەی ماڵتان بەرەوخۆر و دەشتان بێ باشترە. دەرک و دیواری بەرەو خۆر و دەشتان لە جانی‌بنی جانەوە پەسند و بە پیت و بەرەکەت بووە...»
دەنگی گـەرم و گـوڕی دایکـی بـوو کـە جـار و بـار تێکـەڵ «بـا» دەبـوو. «با»دەنگەکەی دەبرد و باش نەدەبیسترا. باش بۆی نەدەکەوتەوە سەر یەک.ئەو بۆرە تارەی کە لە پاش دوو هەزار و حەوسەد ساڵ بەرد کێشان،ئەحمەدی خانی لە خەونووچکەی چرکە ساتی راپەڕی و هەستی کردئـازای ئـەنـدامی لـە ژێـر توێژێ خوێ و خوێن و ئارەقە دایە، نەیدەزانی ئەموتوویژەی بە خەو دیوە یـان بیرەوەریەکی دوورە و بە یادی هاتۆتەوە.
بۆرە تارێکی تایبەت نەبوو، بێج لەوەی ئەحمەدی خانی لە ترسی‌مـەترسـی ئەو رووداوەدا وەک مێوژۆکە دەلەرزی و کوتەی خوێن و کوتـەی‌دڵـی دەهـۆڵ لێدانی بە سامی مردوو ناشتنی وڵاتێکی دور بوو.
بەیانێکی تایبەت نەبوو، ئاسایی بوو، وەک ژیان و جیهانێکی کۆن وکەوناران. ئەی هەرکا ئاسایی بوو لەبەرچی ئـەو پیـاوە مـەزنـە وەک تاکـەدارێکـی سـەر لووتکەی کۆساران دەشەکاوە و، ئارەقەی دەرِشت و لەورێنەیەکی بـێ برانـەوەدا تەواوەتی ئەم دیمەنەی وەک شانۆیەکی‌ئەفسووناوی لە نێو تەم و مژێکی خەست و پتەو دا بە بەرچاو دا دەهاتو دەچوو. وێڕای ئەوەی ویزەویـز و هـاڕەهـاڕێکی

گوێدڕناخ و مۆخیئاخنی بوو. هێند لەم دیمەنە و لەم ویـزە ویـز و هـاڕە هـاڕە سەرسام بوو،لەوانە بوو فججە بکات.

ئەحمەدی خانی لاو نەبوو. ساویلکە و خانەگی و دونیا نەدیدەنەبوو، بەس کە وابوو، ئەی لەبەرچی ئاوا هەژا بوو؟ خۆیشی ئەمەی بەباشی نەدەزانی! بەڵام هەر لە لاشانیەوە وت و وێژێک سەرنجی راکێشا.

«دیسانەکەش سەر ئەم گاشە بەردە و جگەرەکێشان و رەخی ئەمتاڵاوە. شەو درەنگانە و چرای هەموو ماڵان کووژاوەتەوە شەریف! کەسنەماوە نەخەوتووبـێ. تۆش ئیدی دەسبەرداری شەونخوونی وئەستێرەبژاردن بەو هەستە، هەستە بڕۆ سەر بنێوەو ساتێ بنوو. ئەمهەموو جگەرەکێشانە دەتکوژێ.

لەگەڵ منتە؟ بە من دەڵێی شەو درەنگانە و هەستە بڕۆ بنوو؟ هەه!!ئەوە تـۆ وتتوو منیش بیستم. بە هەر دووک گوێ، بە دڵ، بە مۆخ، بەتەواوی هـەسـتو نستمەوە بیستم. جا پێت وایە بتوانم؟ها؟ پێت وایە؟وەی لەم هاڕە هاڕە وەی!

بۆ دەبێ نەتوانی؟ نەتوانین یانی چی؟ لە دەمی دوژمنـەوەی دەبیسـیپێـت دەڵێ بڕۆ بنوو؟ غەوارە و بیانی و دوژمن پێتدەڵێن بـڕۆ بنوو؟بـەلای نـاخێری هاوەڵی هەرە نێزێکی یەکدیین. شەڕ و خێر و خۆشی وناخۆشی و خێر و بێرمان دەبێ ئییەک بێت. ئەی بۆچی و لەبەر چیئاوام وڵام ئەدەیتەوە؟ها؟

بە دەس من نیـە، بـە تـۆش نیـە. لـە توانامـدا نیـە. ئـەم فیکـر و زیکـر و شەونەخوونیە بەرگێکە و بە باڵامان بڕدراوە، ئەمە چارەنووسێکە و لە نێوچاوانمان نووسراوە... ئەو شەمچەیەم دەیە. خۆم بە جگەرەیەکیدیکەوە نەخافڵـێنم ئـەم ویزە ویز و هاڕە هاڕە لە وزەم دەبات.

بەسە بەس! چەندە لەم قسە بێ بناخە و بە بێ تێـڕوانین و بـە بێتێڕامانانـە قێزم هەڵدەستێ. ئەم بیرو ڕا کۆن و دووپات و چـەنـد پـاتبووانـە دەمخـەنـە هێلنجدان و رشانەوە. کوڕە عەیبت کەن، شوورەییە. تۆئەوە بڵێی دەبێ رەجمت کەن، رەجم.»

رەجم رەجمت لە چیە؟ رشانەوە و هێلنجدانی چیی؟ لە تۆشوورەییە. دەڵێی بیانیی و لەم وڵاتە نەبووی و لەم دیرۆک و ژیانە بێهەواڵی. چـۆن دەتـوانی ئـاوا بدوێی؟ یانی تۆ کەڕی و نابیسی؟ کوێری ونابینی؟ شـایکە ئـەم گشـتە مـەل و پەپوولە مردووە.

تۆ پێت خۆشه دایەلۆگ ساز کەی و من بیلێم و تۆ بیئەستێنیتەوە.بەڵام من مەبەستم نە دایەلۆگ و نە چەلەحانێ بوو. پێم وابو کە بێتوو ناخو هەناوی خۆمت بۆ هەڵڕێژم حالی دەبی و دێیە سەر رێ... کەچی...ئاخ حالی بوون لە هەڵوا شیرین‌ترە.

شەو درەنگانە و هەموو عالەم نووستووە شەریف. کەچی تۆ لەمچۆلپەرستی و ئەستێرەبژاردنە تێر نابی. نە رۆژێک و دووان و سیانە و نەساڵێک و سەدەیەک. قسە لە ساڵ و سەدەش دەرچووە. باس لەسەر سێهەزار ساڵ دەکەن، سێ هەزار ساڵ. کەچی هەر ئەم بەزمەیە و هەردەس‌بەرداریش نابن. دوواییین کەڕەت کە ئەستێرە پرشنگدارەکەت ئاوابوو کەی بوو؟ ئەرێ چی لێهات؟ ئاخە هەر لەو سەردەمان و شەوگارەوەئەمە بۆتە کار و کردەوەت. دێی و لەسەر ئەم گابەردە دادەنیشی و دەستدەکەی بە چاو گێڕان، بە ئەستێرە بژاردن. تەنانەت بە سرینەوەی زۆرئەستێران. ئەوی دوێشە و جوان بوو، ئەمشەو ناشیرینە، ئەوی‌ئەمشەویش جوان بێ سبەی ناشیرینە. هەه... هە. جا هەر کاوایە چاوهەڵێنە و بڕوانە. جوان بڕوانە. هەها لە پشت هۆ و هەورە بووچکەوە سەردەکێشێ و قەرێ قەرێ و دایە مەمدە بە گورگەت لەگەڵ دەکا. دە هەستە وبڕۆ پێشوازی. بڕۆ لە ئامێزی بگرە ورایمووسە و لە ماچدانوقمی کە...

ئاخ... شەمۆیە شەمۆ. بگرە من بلێم ساڵێک و دووان و سیان، تۆ بڵێیدە ساڵ و سەد ساڵ و سەدان سەدەش... ئەوە بە خاترجەمیەوە بڵێ.مەرج بێ بە مەرجی پیاوان بێتوو و سەدان سەدەش بەسەر کارەساتیمەرگی شەمۆدا تێپەڕی، من لە یادی ناکەم و بە قەرابی چڵەمووێ چیەلە ئەوین و خۆشەویستی و رێزی کەم نابێتەوە.

خۆ ئەوە بە دەست خۆم نیە. قسەی من و ئیختیاری من نیە، ئەمەقسەی دڵی من و سەربورد و چارەنووسی من و مێژووی هەڵس و کەوتی‌من و شەمۆیە. ئاخ شەمۆ. شەو شەقڵی شەمۆی شکاند، کەچی من‌شەوارە بووم. شەوارەی مەرگ و ژیان و شەوارەی مەرگی شەمۆ و ئاوی‌ئەم تاڵاوە و رێگە و رێباز و رچەی ئەو.

لە چەشنی قاسپەی کەو، قاسپەی دەم بەیانانی بەهارانی کەو، بەئەسپایی و چپە چپ پێی دەوتم: دەڕۆم شەریف! دەرەتانم لێبڕاوە، چیدی وزە و توانای ئەم ژینەم نەماوە... بێکەڵک و بێخێرەیە ژیانی ئاوا.دەبێ بڕۆم، چ ناهێنێ. تۆش

لەگەڵمدا وەرە. زۆر ساڵانە پێکەوەین، دەباڵەم کۆچ و هەوارەشـداپێکەوە بـین. خۆشترین و بلاوێن‌ترین قاسپەقاسپی کەوی باری بوو. کەچی من، هەر وەکوو ئا ئێستا، لە نسێی ئەم‌گاشەبەردە، ئالێرە دانیشتبووم و متـەقـم لێـوە نـەدەهـات. قسەی ئەمڕۆ ودوێنێ و پێرێ نیە، قسەی سەربورد و چارەنووس و تەمەنێکە.

ئەمانەت هەموو بۆ وتووم. کەڵکی نیە. ساڵێک و دووان و بگرەسەدەیەکیش قسەت بۆ بکەم، هەر دێیەوە سەر قسەی خۆت. ئاخەحوللەسێ هەر دێتەوە سەر سێ. دەزانی چۆنە؟ تۆ هەر...

بێـدەنـگ، بێـدەنـگ، بڕوانـە. دە چـاو هـەڵـێنە و ببینـە. هـەهـا لـە نێـوەڕاسـتی‌تـالاوەکـەدا راسـت لـەو جێیـەی مانـگ لـە نێـو تاڵـاوەکـەدا دەدرەوشێتەوە.لەبەر دارەکانەوە. زەینی دەیە شەنگـەیـە، شـەنگـە. شـەنگـەی جوانچاک ودڵ بە دنیا و بە گەشە و نەشە. دایم و دەرهەم سەرخۆش و دڵخۆش وتەڕپۆش و دەم بە پێکەنین بوو. ئای لەو رۆژەی تەقەی دەرک لێـدانی‌دەرکـی حەوشە هەستا. بە چەکە چەکی دەمپایەوە دەڕۆم بزانم کێیە!لـەگـەڵـکوو پـێ دەنێمە حەسار و چەکە چەکی دەمپایە و تەقە تەقی کوتانی‌دەرگا تێکەڵ دەبن، لە کۆڵانەوە هەرام دەکەنێ: «دەک لەشت داوەشێ چێپاوێکی، هەک بە کەم بی لاو. کوڕە ماڵ کاول سێ شەو و رۆژ گۆیەند وهەڵـپەڕکـێ. بـە لای ناخێرتـەوە دۆستی شەمۆی! هەواڵی ژن هێنان و بووک‌گوێستنەوەی کاوەی برایت نیە. زوو بەزوو ساز بە با بڕۆین.» دەسـتمی‌گـرت و بـە دووی خۆیـدا تـا ماڵـی شـەمـۆ رایکێشام.

هەر خەون و خولیا و خەیاڵات. ئەی ژیان چی؟ ئەی جیهانی‌راسـتەقینـە و ژین و ژیانی ئاسایی چی؟ ئەی کێ وەک پیاوان قۆڵی خۆی‌لێهەڵماڵێ و بچێتە مەیدان و نەهێڵێ تەگەر لە گەڕ بکەوێ؟ ئەە...ئـەوەش پـۆلێکی دیکـە... رەوە هەسارەیەکی ولـاتی کاکێشـان. هـەسـارە وورده هـەسـارە. دەیـانبینی؟ دەی نێوێکیان لێ نێ! بەختی تۆ بوو، هەورباری کرد و رۆیـی و ئـەم رەوە ئـەسـتێرە دەرکەوتن. دە سەیر و سەیاحەتیان‌کەو نێوێکیان لێ نـێ و بـڕۆ نێـو خـەون و خولیا و خەیاڵاتەوە.

تۆ هەر بڵێ خەون و خولیا و خەیاڵات. ئەوە هەر تۆ نی ئـەمـە دەڵـێی.زۆر کەسان و زۆر تاقم و بەرە دەیلێن، بەڵام کەڵکی نیە. ئەم فشە بێبایەخانەی ئێوە بەری راستەقینەی پێ ناگیرێ. قوتابیەکانن! قوتابی‌پۆلی سێ و چـوار و پێـنج.

دەچن بۆ گوڵە گەزیزە، ئاخە بەلای ناخێریدەمەو بەهارە. چوار پێـنج رۆژێکـی ماوە بۆ نەورۆز. عەتر و عەبیری بەهارولاتی داگرتووە. قوتابی دەچن بۆ گەزیـزە چنین. دەیانەوێ ئەمرۆ بەگوڵە گەزیزەوە بگەڕێنەوە لای دایک و باب و تەنانەت لایمامۆستاشیان. ئاخە ئەمساڵ هێشتا کەس گوڵە گەزیزەی نەچنیوە. ئەمڕێر منالانە دوێنێ لە لای من وتیان سبەی دەچینە مێرگوڵان و قەدپاڵ ورەوەزان بۆ چنینی گوڵە گەزیزە. یان ئەوەیە سەرمان دادەنێین، یـان بـەگوڵـە گـەزیـزەوە دەگەڕێینەوە. دا تۆغا جگەرەیەکم دەیە. دووکەڵ کوێریکردم! ئەم هاڕە هـاڕ و ویزە ویز کەڕی کردم، ئاخ...

شەو درەنگانە شەریف! دەسبەرداری ئەم قسانە نابی. ئاخە ئەم وڕێنەو خەون و هاتەران و پاتەرانە چیە؟ بۆچ خۆت دەکەیتە گاڵتە جـاڕیهـەمـوو کـەسـێ؟ هەستە، هەستە برۆ پشوویێ بدە.

خەوتن و بە خەبەر بوونت تۆفیری نیە. رەمـۆ هـەروەکـوو مـردن وزینـدوو بوونیشت جیاوازی نیە، برۆ، برۆ وەک زۆر رۆژگار و شەوگار وهەموو تەمەنت. برۆ و بنوو رەمۆ. ئاخ رەمۆ، رەمۆ، برۆ. تۆ دەڕۆی و منبە تەنیـا دەمێنمـەوە. تـەنیـا لەگەڵ خۆم، لەگەڵ مێژوو، تەنیا لەگەڵ جیهان وکۆمەڵ و گەل، تەنیا لـەگـەڵ شەمۆ، شەنگە، سوارۆ، شۆڕا، زاگرۆس، هیوا،شاهۆ و... ئاخ چ جیهانێکی بەرین و بی سنوورە. ئەە خۆ ئەم هاڕە هاڕەلێ ناگەڕێ. خوایە بە خێـری بگێـڕی. هـەر لەبەر چاومە. شەمۆ هەواڵیمردنی شەنگەی هێنا، سوارۆ هەواڵی مردنی شەمۆ، زاگرۆس هەواڵیمردنی هیوا، سامڕەند هەواڵی مردنی زاگـرۆس و... کـوێراییم دایــە.ئــەمــەش کــارەســاتێکی تــازە... ئاشــا ئــەم هــەمــوو فڕۆکــە و ئــەم بۆمباردمانە.شایکە ئەم دووکەڵە سپییە و ئەم تەم و مژە خەستە. ئای لەو هاوار هاوارو زەنا و ناڵین و گرینە. دەبێ راکەم بزانم چی بـووە. ئـای لـە مـنی مـاڵ وێرانو هـاوار بـە ماڵـم. دووکـەڵ راسـت لـە گوڵـجاڕی گوڵـە گـەزیـزە و لـە لایقوتابیەکانەوە هەستا. دووکەڵێکی دیکەش لای شارەوە هەسـتا. دەبێبـەرەو شار و بەرەو شاخ راکەم. بەرەو خەڵک و منالان! بەرەو قوتابیەکان.ئەی هاوار لە من و دڵی من و هاوار لە منی ماڵ وێرانی رەنجەڕۆی رەنجبە خەسار. دووکەڵی سپی و تەم و مژی خەست و پتەو بەرەو من دێن.پێشاو پێش بۆسار و بۆدڕن و بۆگەن چوارەندەوری تەنیوم. عوە... عوە...عوە.

قسەی دایکم بوو، بە قسەیمان نەکرد، زەرەرمان بوو. دایکـم دایم ودەرهـەم دەیگوت: «دیواری پشتەوەی ماڵتان بە لاپاڵ و بنار و بەرقەدیچیا و کۆسارەوە بێ قازانجتانە. دەرکی پێشەوەی بەرەو دەشتان و راستانبێ زەرەر ناکەن...»

بە قسـەیمـان نـەکـرد، زەرەرمـان کـرد. لـە پـاش قابیـل هـەوەڵ کـەس جیرانزەفەری پێ بردین! وەک دزان بە شەو دا هـات. چارشـێوی خزمایـەتی وجیرانەتی بە خۆیا دابوو. کەچی هەر کا دەورەی دەسـەڵـاتی هـات،شـەپـۆلی شاتاوڵی شۆڕشی رەشی شەقی کردین. عوە... عوە... عـوەئـەوەش گوڵـجاڕی گوڵە گەزیزە. گەزیزە بە قەیرایی خیز و خۆڵی چـۆمی،هـەی مخـابن، هـەمـوو ژاکاو، هەموو هەڵبڕوسکاو. عوە... عوە... عوە.دەبێ راکەم. نابێ کۆیلە و کلۆڵی ئەم بومباردمانە بم. شەنگە، شەمـۆ،رەشـۆ، هیـوا، زاگـرۆس لـە یـادم نـاچن... ناچن... رادەکەم تا بمێنم، بۆ ئێوەبمێنم.

ئەوا دیسانەکەش رەخی ئەم تاڵاوە و سەر گاشە بەردەکە و ناراکـەیخـۆم و تریفەی مانگ و ترووسکەی ئەستێران و ورشە ورشی پووڵەکە وزرێـی زێبـار و تاڵاو. سێ هەزار کەڕەت چوو زەرەدان و هەڵبروسکانهێشتێش یادی هەمووان. یادی مێژوویەکی کەوناران و سێ هەزار و...کەڕەت ژاکانی ٥٠٠٠ گوڵە گەزیزە کووژانەوەی ٥٠٠٠ ئەستێران، باڵسووتانی ٥٠٠٠ مـەلان. لـە یـادن... لـە یـاد ناچن. پێنج هەزار، پێنج هەزار،پێنج هەزار...

ئەو بۆرە تارەی کە ئەحمەدی خانی لە پـاش دوو هـەزار و حـەوسـەدسـاڵ بەردکێشان لە وەنەوزێکی چرکەساتی راپەڕی و دیتی ئازایئـەنـدامی زامێکـی کۆنە و کرم تێیداوە. دیتی زامەکەی لێوان لێوی خوێن وخوێ و ئارەقەیـە، بـە تێکەڵ بوونی تەقینەوەی بۆمبا و ویزەی گوللە و ناڵەناڵی پێنج هەزار شەهیـدو جریوە جریوی پێنج هەزار ئەستێرە و عەتریپێنج هەزار گوڵە باخ و باڵە فڕکەی پێنج هەزار باڵندەی وڵاتەکەیچەشنی مێوژۆکە لەرزی و هەڵلەرزی. لە گوێنی تاکەداری ترۆپکیسەرەندیپ و ئاگری و قەندیل و گۆیژە و ناڵەشکێنە شەکایەوە، شەکایەوەو شەکایەوە و...

ئەحمەدی خانی لەو بڵندایەوە کە جوان لە چـوارەنـدەوری خـۆیوردبـۆوە، رێبوارێکی دیت کە بەرەو ئاسۆیەکی ئەوپەڕی کۆساران رێدەبڕێ.

ئەحمەدی خانی هەستایە سەر پێ و دەستی نایە بنـا گـوێی و تـاکووهێز و توانای بوو، هەرای کرد:

«هۆ خاڵۆ ڕێبوار!(١) ئەوا منیش هاتم و دەتگەمێ و بە جووتدەڕۆین، هەواڵ دەبەین بۆ دەور و بەر، بۆ دوور وڵات، بۆ هەندەران، بۆهەمـوو مـرۆێ لـە گشـت جیهان.»

١ـ ئەم نیوەدێڕی «هۆ خاڵۆی ڕێبوار، هەواڵ بەرە بۆ هەنـدەران» قسـەی سـەر زاریدۆستێک بوو کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا زۆر جاران دەیووتەوە.

* * *

# یاد

لارەوە لارەوە بە بڵمە بڵم و پرتە و بۆڵە دێی و لەسەر ئەم کورسیەبەردینەیەی ژێر ئەم دار هەنارە گەڵازەردە دادەنیشی. هێندە مڕ و مۆچ وروو گرژی خەڵک پێیان وایە هێشتا هەر بووکی دایکتی و پرچ و پەلکەی‌سپیت لە ماڵە باباندا هۆندۆتەوە؛ کەچی وانیە و هەر لە هەرەتی تازەلاویتا زۆر ئەویندارانە کۆشک و تەلاری بووکێنیت بۆ رازاندراوە و، هاتیەماڵەمێرد. بێتوو خۆت حەپۆل نەکەی، دەبێ لە یادت مابێ لە ژێر ئەمدارهەنارەو، لە سای لک و پۆپ و گەڵاکانیدا و، لەسەر ئەم کورسی‌یەدادەنیشتن. تۆو کوڕە حەیرانەکەت دەورییەک میوە لە نێواندا شێعر وچیرۆکتان دەخوێندەوە و باس و خواس و راێە و لێکدانەوەتان لەسەردەکرد. میوەتان بۆ یەکدی پاک دەکرد و بە دەم یەکدیتانەوە دەکرد.

چما ئەوانە و ئەوێ رۆژان لە یاد ماون؟... یاد...!!!

لەگەڵ هەوەڵ گزنگەکان لە خەو هەستان و لە ماڵ دەرکەوتن. لەچوارچرای شار یەکتری گیر بوون، دەستەکانتان خستە نێو دەستی‌یەکدی و، بەرەو باخێکی دەرەوەی شار بەڕێکەوتن. باختان لە هەمووبارێکەوە دایە بەر نیگا و، پەسندتان کرد. شوێنی بینالای ژووروو بێت ورووگەی بەرەو خۆر بێت؛ ژوورەکان رووناک دەبن. بە شەوگاری بەهار وهاوین مانگی چاردە و خەرمانەی مانگی لێوە سەیر دەکەن‌و، بە درێژایی‌رۆژ و رۆژگار ژوورەکان پڕ لە تیشک و خۆر و رووناکان دەبن. جۆگەلەئاوێک بە بەر دەم بینادا بخوشێ و لەو سەری حەسار بڕژێتە بن دارەکان‌و نێو باخچەکانەوە.

دەستتان تێدا دەشوشت؛ ئاوتان بەسەر و گوێلاکی یەکدیدادەپرژاندو، لەمبەر بۆو بەر بازبازووکێنتان بەسەردا دەکرد.

چما ئەم گەشە و نەشە و دڵتەڕی و دڵ بەدنیاییە ماوە؟

هەر زارکی گونجەش بەرنادەن تاکوو ئاو بڕژێتە حەوشە وحەسارتانەوە. بـن دیوار و بن دیواری حەسار، دارە رەز بێت و، گەزێک بۆنێو حەوشە چنـار بـەرەو ئاسمان  هەڵکشێ و سەرباقی حەسارداره هەنـارو سـێو و گـێلاس بـێ. دایم و دەرهەم ئاو لە ژێر داران بێ و، ترووسکە وترووسک و ورشەورشی گوڵ و گـەڵـا چاو لاوێن بێت. کەچی ئێستا وزەیئەوەتان نەماوە، ئاویشیان بدەن. ئـەوە نیـە تەنانەت ئەم دارهەنارەی وا لەژێری دانشتووی بێ گوڵ و بەرەو گەڵاکانی چەندە زەرد و بێ گەشە ونەشەن... پیادەڕۆکان چیمەنتۆ نەکرێن، لەموزاییک بن باشتر و جوانترە ودوور و نێزێک کورسی بەردینەیان لە قەراخدا و لە ژێر دارەکاندا لێ سازکرێ، تاکوو لە ژێر سێبەری دار و لەسەر کورسیە بەردینە دانیشـن و قسـە وباس و متاڵا بکەن.

بێتوو ژێر بایەن، دەبایە وابایە. کەچی ئەوا ساڵگارێکی زۆرە لەمپەرو دیوارێک لە نێواندا، لەسەر کورسی دادەنیشن و بە گژ یەکدیدا دێن.ئای لە نەشتەری ئەم تەوس و توانجەی بە نیو دڵ و دەماخ و ناخ ومۆخی یەکتریدا دەکەن!...

ئەو کات و ساتەی جێگەی تایبەتی کورسی بەردینە لەبەر چاوگیرا،بە کـوڕە حەیرانی خۆت گوت: «دڵم تاقە بە قەیرایی پەپوولەیەکیلێماوەتەوە، تۆغا دەس و بردکە و لە زووترین کاتدا بیناکـەمـان سـازکەو -هـەمیسـان لـە پـاش ئـاخ هەڵکێشانێک درێژەت دایە - تاکوو لەسەر دونیابم ئی تۆم و بێتـوو بچمـە ژێـر خاک ئێ گۆڕ. مەگەم مردن بتوانێ لە تۆمجیا کاتەوە.»

لە یادت ماوە؟ لاو چی نەگوت! دوو دڵۆپ ئەسرینی گەش لە دووئەسـتێری روخساریەوە هەڵزنان و بە ورشەورش و تروسکە تروسک بەمەزرای روخسـاریدا داخوشین و داچۆڕان - ئاخ چ ئاخێکی هەڵکێشاکوڕە حەیرانەکەت - لە بیرتـە بە دیتنی ئەم دیمەنە، هانات بردە ئامێزیلاو و گوتت:

«بە ئەمانەت لە خوام وەرگرە و تۆش ئەمانەتی تایبەت و تاقانـەیخـوای بـە لای منەوە. لەسەر ئەم جیهانە سەفا و وەفام بۆ تۆیە و، جەور وجەفام لەگەڵـتا، لەگەڵ خوام کردبێ.»

بە یادت ماوە کوڕە حەیرانەکەت چـی بـە گوێـدا چپانـدی؟ «ژیـن وژیـانم تەرخانی بەختەوەری تۆ بێ و خوا دادوەر بێ لە نێوانماندا...»

ئەمە خاکەلێوەی هەوەڵ بەهاری ئەویندـاریتان بـوو. خاکـەلێـوەیـەکـیلـە چەشنی گوڵان و جۆزەردان.

بەرەبەیانی هەوەڵ ڕۆژی بنیاتی بینا، کوڕە شوانێکی مێرمناڵ لەشانی باخەوە تێیچریکاند: «کەویارەی کەویار، کەویارەی خۆمی...»ئەم قامـە حـەوت ڕۆژ و شەوی کێشا و لە هەوەڵ چرکەساتەوە کوڕەحەیرانەکەی تـۆ بێـل و پێمـەڕە و قولنگی هەڵسووڕاند و زەوی ئەنگـووت وبـەننـا و کرێکـار بـە گـوێنی لـۆدەر و بۆڵدیزێر کەوتنە کار. ئای لەم حەوتڕۆژەدا بە هەوای ئەم کەویار کەویارە چـی کرا؟ ئای بەننا و کرێکار وەکئەوەی بینا بۆ خۆیان و کیژۆڵە کار مامزی خۆیـان سازکەن، چۆنهەڵسووڕان و چیان کرد؟!

لە بەرەبەیانی حەوتووی دووهەمدا شوانێکی ئـەویـنـدار لـە نێزێـکباخـەوە، سۆزی ئەوینی ئاگرینی خـۆی و هـەوای «قاسـپە قاسـپی کـەودێ»ی خسـتە گەرووی شمشاڵەوە و شەپـۆلی شۆڕشـی شمشـاڵ جیهـانیلـەرانـدەوە، شـۆڕە لاوەکەت بە هەوای ئەم شۆڕشە هەوەڵ پێمەڕە و کاسەیبەرد و بێتۆن و ئاجوری خستە گەڕ.

ئەرێ کیژێ تۆ لە کوێ بووی! ئارەقی ئەم هەموو کار و ماندووبوونـەیکـوڕە حەیرانێ خۆت لە  نێو چەوان و بەرگەردن و سەر لێوانی بسترِی.زۆر چاوەڕوان بوو شەر بە ئاوێک لە دەستت وەرگرێ و هەسـتی مـانوویی‌لـە گشـت لـەشـی دەرچێ و گەز گەز باڵا بکا و بحەسێتەوە. بلێی بە خەیاڵـداینەنابـێ بـۆ ژیـانی هاوسەری؟ ئەوە نیە ژیانی هاوسەریە و سەعاتی دەجاران لەگەڵ یـەک پرتـە و بۆڵەتانە و بەسەر یەکدیدا دەنەڕێنن. هەرکا بینالـە پـەی و کـورس هاتـە دەر، ئێوارەیەک لەگەڵ دایکت و خوشکت هاتنەسەیران و تەماشا کردنی بینـا. ئـای چەندەت باسی تەلار و ژوورەکان ونێو حەسار و باخ بـۆ کـردن! لـە تاریفـات و چەنەدرێژی و باسی خەون وخولیاکانت ماندوو نەدەبووی و لێت نەدەبڕیەوە.

لەگەڵکوو (بینا) گەیشتە «دارەڕا و تیرڕێـژی» بـۆ جـاری دووهـەمهاتیـەوە سەیری بینا. قەسرییەکی سەرتاپا سەوزی گوڵ سوورت لەبەردابوو، کە دەهاتی و دەچووی دار و باخ و گـوڵ و گـەڵـا لـەگـەڵـتدەتریقانـەوە، دەیانقریشـکاند، دەشەکانەوە و سەدان هەستی لاوانە وئەویندارانەیان دەخولقاند.

هەر لەو ئێوارەوە دار مشکە گوێ بوون و گیا چووزەرەیان گەیاندەبەرنیگـای خۆر و هێزێکی تازە و نەهێنی و ئەفسووناوی کەوتە لەشی کارو کرێکار و بینا و بەنناوە و کار یەک ڕۆژەی سێ ڕۆژە بوو.

سێهەم کەڕەت لەگەڵ باب و دوو براکەت هاتیەوە سەیرانی «کۆشکیئاوات».
ئەمجارەیان گوڵە باخەکانی ئەمشان و ئەوشانی پیادەڕۆکانچەتری سەوزیان هەڵدابوو و دەم و لێوی خونچەکانیان، ئاماڵ سووربوو. وەپێش باب و براکانت دەکەوتی و بە لار و لەنجە و پێ بە پەنجەتەلار و ژوورەکانت پێ نیشانیان دەدا. کڵاوێکی سەوزی پووڵەکە زێڕتبە تیلاکی سەرتەوە نابوو، بە ڕەوتی «کەوی» خوشەت دەکرد و، بۆ ئەم لاو ئەولا دەچووی.

زۆری مابوو هاوین بگاتە نیوە، بینا ساز بوو. بینا تازە و چنار و ڕەز وهەموو دارەکان شۆڕەلاو. گوڵەباخ پڕ گوڵ و شیناوەرد و سەوزەڵانیحەسار تەڕ و تازە و بە گەشە و نەشە. ئای چ عەترێک بە دەم شنەیەکیخۆشەوە لەم بینا و باخەدا دەشنایەوە و تۆ؟ چەندە مەستانە مەستیتافی لاوی و ئەویندارى بووی؟

ئەوڕۆژەت لەبیرە هەردووک بنەماڵە بە خاوو خێزانەوە هاتبوونەزیافەت و سەیرانی ئەم «کۆشکی ئەوین»ە. ئای چ جەژن وخۆشڕابواردنێک بوو؟ ئای لەو هەموو قاقا و پێکەنین و قریشکاندن وحیلک و هۆڕە. چما لەمڕۆدا شتی وا دەبێ؟ ئەوە نیە ئێستاکە ساڵە وساڵیش ئەم دوو بنەماڵە تاقە جارێک سەر بە ماڵی یەکدیدا ناکەن.

مانگێکی ڕەبەق شۆڕە لاو کەوتە نێو شار و شەقام و بازاڕ بۆ تەیارکردنی کەل و پەلی پێویست. ڕۆژی هەینی گەیشت. ئای چ گۆیەند وزەماوەندێک کرا لەو ڕۆژەدا؟ لە یادت ماوە؟ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا ودیمەنی سەما و هەڵپەڕکێ تەواوی ناوچەی بە شار و دێهاتی نێزیکەوەهێنابووە سەیر و سیاحەت و جۆش و خورۆش. لە بیرتە؟... تۆغا لەیادت ماوە؟

تاکوو ساڵە وەختێک دووان، لە پیادەڕۆکاندا وە شوێن یەکدیدەکەوتن، ئاوی جۆگەلە پڕ ئاوەکەتان بە سەر و پۆتراکی یەکدیدادەپڕژاند. خۆتان لە پشت دارەکان حەشار دەدا. لە پشت لک و پۆپ وگوڵ و گەڵای دارەکاندا لە چاو ون دەبوون و جار و بار دەنگی قاقا وپێکەنینتان دەر و دەشتی دەلەڕاندەوە.

لە ژێر سێبەری دار هەنار، لە بن هەنارە سوورە گەشەکان، لەسەرکورسیە بەردینەکان دادەنیشتن و باس و خواستان دەکرد. ڕۆمان و شێعرو چیرۆکتان دەخوێندەوە. ئەوی موتاڵان کردبوو، ڕایەتان دەکرد و قسەو باس و لێدوان دەهاتە ئاراوە. بۆچی بۆ چرکە ساتێ حەجمینتان بوو؟چما دەتانتوانی مات بن و یەکدی نەدوێنن؟

ئەی ئێستا چی؟ ژن و مێردێکی دەم بە پرتە و بۆلە، بە بڵمە بڵم و بۆڵەبۆڵ بە نێو دار و باخ و حەسار و ژوورەکاندا دێن و دەڕۆن و لە عەرد وئاسمان و خەڵک و خوا مۆڕ دەبنەوە!!

بە کۆخە کوخ و هەناسکە هەناسک هەڵدەستن و دێن و دەچن و، ئەمژوورا و ژوور دەکەن. لەبەر کۆکین و هەناسە سوار بوون دادەنیشن و زووزوو بە گژ یەکدیدا دەچن و دۆعا و نزا لێکدەکەن. ئەرێ بڵێی لە یاد مابێسالگار و عەیام و سەردەمانێک یار و دڵدار و ئەویندارى یەکدی بوون وچ شۆڵە و ئاگرێک لە ناختاندا داییسا؟ ئەوە نیە هەردووک بە جووت لێموەجواب دێن: «چیی؟ کەی شتی وا بووە؟ جا شتی وا چۆن دەبێ؟! منو ئەم نەگبەتە؟ حاشا! ببڕای ببڕ!!»

ئای لە بەقای بەشەر!!

* * *

# شۆڕەلاو

لە پاش سی ساڵی ڕەبەق ، گەڕاومەتەوە ئامێزی ئەم شۆخە و ئەمشۆڕە لاوە، دەڵێم شۆڕەلاو، وەی وەی وەی لەم شۆڕەلاوە، لەم شۆخە،لەم شارە! دەڵێن شارو بەڵام چ شارێک و چ گوتنێک؟ هەر گوتنێک وهەزاری لێ دەکەوێتەوە!

خودا دەزانێ لەم شارەدا و لەگەڵ ئەم شـۆخە، چـەنـدەمـان شـتی سـەیـر وسەمەرە دیت: «لاوی باڵـا بـەرزی سمـێڵ بابـڕی ڕەنگـی سـپی هـەڵـگەڕاو، بەدەنگێکی پڕ لە تکاو نزاوە لالایەوە: (کوڕە بێکە بۆ خاتری خـودا ئـەوگوێیـەی دیکەشم زوو ببڕە، با زووتر نۆرەی پێکەوە نووساندنیان بێتەوە!)

دەروێش لەسەرەخۆ وڵامی داوە: «دەیبڕم ڕۆڵە، ئەوەشیان دەبڕم!وزەت بێ و مۆڵەت بدە. بە خوا تا هەر دوو گوێت نەبڕم ناڕۆم...»

ئاخ لەگەڵ ئەم شۆخە، ئەم شارە و ئەم شۆڕە لاوە چەندەمان وەڕەزیو تاڵ و سوێری چەشت: «ئەوە ئارای ساڵە وەختێکە هەواڵێکی تازە وسەیر و سـەمـەرە لەم ناوەدا بڵاو نەبۆتەوە و، لەوانەیە شارو خەڵکی شار لەبێ قسە و باسـی و، لـە بێدەنگیدا بڕزێن و کرم هەڵبێنن.»

ئاخە ئەو عەیام شارەکەمان وەک ئەمڕۆ نەبوو بووە زەریـا!شـارۆچکەیـەکـی ژیکەڵە بوو، لە باوەشی دارستان و کۆسار و سروشتدا.دیسانەکەش ڕەحمـەت و هەزار کەڕەت ڕەحمەت لە دایک و باب ومردوو و زیندووی پاڵـەوان و مـارگر و جادووباز و دز و درۆزن کە جاروبار لایان دەدا ئامێزی ئەم شارە شۆخ و شەنگ و شۆڕەلاوەو بـە کـردەوە وئاکـاری تایبـەت بـە خۆیـان، بـاس و خواسـی مـدە و ماوەیەکیان بۆپێکدێناین.

کارەساتە، کارەسات! ئەمە نەقڵی هەڵس‌وکەوتی پڕ لە کارەساتی مـنو ئـەم شۆڕەلاوەیە، هەر ئەم شۆڕە لاوەی کە سی ساڵـی ڕەبـەقـە لـە ئـامێزیدوورم و تەواوەتی ئەم سی ساڵە هەر لـە یادیـدا بـووم و، لـە زەیـن و خـەونو خولیـا و خەیاڵاتمدا هەر لەگەڵی بووم! لە پاش ئەم هەموو ساڵە ئەواگەڕاومەتەوە ئامێزی،

دەبا بزانم چۆنم لەگەڵدا دێتە ڕێ. لە باکووری شارلە تورۆمبیل دادەبەزم و بە پێیان وەڕێدەکەوم و لەگەڵ بست بە بستی‌دەست و موشتاق دەکەم و لە هەموو هەنگاو و شەقاوێکدا بیرەوەرییەکەم‌لێ قوت دەبێتەوە. ئای داتۆ خوداکەتان دەست ڕاگرن خۆ ئەم کابرایە«عەبە»یە! ئەو «عەبە»یەی ئەویندارى پاڵەوان بازی بوو! دەبا پرسیاری‌لێبکەم: «ئەرێ عەبەگیان لە پاڵەوان بازی ئەوێ عەیام چت لە یادە؟داتۆ خوداکەت شتێکمان بۆ بگێڕەوە.»

ئەوا عەبەش لە خۆشیان شاگەشکە بوو و سوور هەڵگەڕاو دەنگی‌لێهەڵێنا: «وەڵڵا... پاڵەوان زۆر دەهاتن. پووت و دووپوتیان هەڵدێنا وخەڵک سەڵەواتیان لێدەدا، بەردیان لەسەر سینگیان دەشکاندو خەڵک‌پووڵ وەشانیان دەکردن. پاڵەوان زەنجیریان دەپساند و بەردیان بە مستدەهاڕی، خەڵک سەڵەواتیان دەنارد. ئاخ کاکە... بڵێم چی پاڵەوان بازی‌خۆش بوو، فێڵ و فەرەجی تێیا نەبوو. ئاخ بۆ ئەوساڵەی پاڵەوان‌بەختیاری دە کەسی سواری دارێکی ئەستوور کردو خۆی چووە نێوەڕاستی دار و، بە زۆری شان و مل و باسک و بازوڵەی ئەو دە کەسەی‌وەحەواخست! جا خۆ لەوێ نەبووی، خەڵک چەندەیان چەپڵە لێدا وسەڵەوات نارد و چ پووڵێکیان دا بە پاڵەوان؛ دەستی شکاوم بۆ ئەوێساڵان... ئاخ.»

پاڵەوانێک هاتبایە و، ڕۆژێک و دووان مەیدانداری کردبایە، لەسبەیڕا تا کونێ پازدە بیست ڕۆژان ئەم دەمگۆ و دەلەسانە نەدەبڕایەوە:خوشکم پێشکەش کرد، بە حەڵاڵی بیخوازێ و ببینە خزم.

«دوو سەعاتان، دوو بە دوو باسی ئەم لاولامان کرد، هێنددۆستایەتیمان خۆشە، وک گوێی کەر جووتین! باسی باب و باپیری‌خۆمان کرد، بە خزم دەرچووین! ئاخە بەختیاریش کوردن...

مەرجم لەگەڵ بەستووە ببمە شاگردی و...»

ئەوەندی خەڵک لە پاڵەوانبازی ڕازی بوون، هەزار ئەوەندە لە مارگر وجادووباز قەڵس و تووڕە بوون. ئاخە ئەمانە درۆیان لەگەڵ خەڵک‌دەکرد. جا بۆ قسە و باس لەسەر مارگر و سێحربازان شتێکمان لە بۆوەگێڕە!... هەر بۆ پووڵ بوو. هەمووی درۆ و دەلەسە و فڕ و فێڵ بوو.سەگباب! دەتگوت کەس ماری نەدیوە. مارێکی دەردەهێناو: «ئەمەکوێرە مارە، ئەم خەڵکەش دەیاندا لە سەڵەوات.» مارێکی دیکەی پێنیشان خەڵک دەداو: «ئەمە ماری زەنگیە» –

دیسانەکە سەڵەوات -ئەمجارە دەستی دەدایە کەشەف و جاوەرە پووڵ وەکۆکەوە - جائەمانەش بۆیان کەر دەبوون! ئەی خۆم؟ ئاخ چەندەیان لە قوونێدەرهێناوم و چەندەیان وەشوێن کەوتووم؟ کوڕە لایبە هەی...»

ئای لەگەڵ ئەمشارەو ئەم شۆڕەلاوە چـەنـدەمـان بـیرەوەری تـاڵ وشـیرین تێکەڵە؟ کاکە خۆ دنیا ئاوا بە قوڕ نەگیرا بوو، خەڵک هەرخەریکی پووڵ و پـارە وەکۆکردن بن! ساڵی بەفرە زۆرەکە هەواکـەی زۆرسـارد بـوو. تـەواوی چـۆمی تەتەهوو بەستبووی. گۆمی سەرسەکۆ بووبووەپارچە شووشەیەک. لەگەڵکوو رۆژ دەبۆوە ورد و درشتی خەڵکی شاردەچوونە سەرسەکۆ بۆ خلیسـکێن. ئـەی تـۆ خوداباسی جادووبازەکەیئەم چوارچرایە بۆ نەکەم؟ ئەم قسەیە بەراستی خۆشە! لەوە پێش بۆتمباس کرد کە سێحر بازەکان درۆیـان زۆر بـوو و درۆی سـەیـر و سـەمـەرە وعاجباتیـان دەکـرد. یـەکـێ دەیگـوت: مـردوو زینـدوو دکـەمـەوە «سڵەوات،پووڵ وەشان». دووهـەمـی دەیفـەرمـوو: ماشـێن وەحـەوا دەخـەم! «سڵەوات،پووڵ وەشان». سێهەمی دەیـووت: بـە فیتوولێـدان ئـەوی مـار لـەم شـارەدایـەبـانگی دەکـەمـە ئـەم مـەیدانـە «سڵـەوات، پـووڵ وەشـان». هەمووشیاندرۆیان دەکرد و ببڕای ببڕ ئەم مەرجانەیان بەڕاست بگەڕێ؟

بەڵام یەکێکیان قسەکەی بەڕاست دەرچوو. ئەمەیان دەمگوێ خسـتەشـارو گوتی هەردووک گوێی کەسێک دەبڕم و پێوەی دەنێمەوە! قسـەیخـۆی بـردە سەر و، گوێی کابرای بڕی. ئەمە هەوەڵ راست و ئاخر راستبوو، بـەڵـام چـۆن؟ سەبر کە با لەپێشدا باسی ئەوەشت بۆ بکەم کە ئەمشارە کەنگـێ لـە هـەمیشـە زێدەتر دەشڵەقاو دەخرۆشا؟ ئێرە شـارە خنجیلـەو خشـپیلانەکـەی حـەسـەن زیرەکە. ئەو زیندە یادەی کە لەسەر ناڵەشکێنەتێیدەچریکاند و دەنگی لـەسـەر ئاساسۆنی بەغدا و تاران و کرماشان بڵاودەبۆوە. ئای گەڕانـەوە و سـەردانـەوەی زیرەک بۆ ئەم شارە چ حەشرێکیساز دەکرد؟ باخی میراوا دەبووە باخی ئـیرەم. بەستەنیخانەی سەییدسوولی دەبووە هێلانەی زەردەواڵە. شەوانە تا نیوە شەو لە هەر ماڵێکزیرەک بانگێشتن کرایە، گۆرانی دەگوت و دەرک و پەنجەرەی ئـەو ماڵەدەکرایەوە و ئەو گـەڕەک و کۆڵـانە پـڕ لـە حـەشـیمەتی گوێـدێر دەبـوو. زیرەکدەیگوت و جەحـێل لـە زۆر لاوە لـەگـەڵـیان دەگوتـەوە. هـەردەسـتی لێمەدە،باسی ناکرێ. ئەویش بەم پەلە پەل و هەلە هەلە!

بەڵام باسی ئەو سێحربازەی مەرجی خۆی بردە سەر و هەر دووگوێی کابرای بڕی! لە پاش بانگی عەسری ڕۆژێکی هاوین لەمەیدانەکـەی شـانی چـوارچرای شارەوە – ئەم چوارچرایەی لە پاشهەڵتۆقینی گوڵەباخ لە چـوارچرای هـەوەڵ، ئەمیش گوڵەباخی لێپشکوت – دەنگی زوڕنا لێدان بەرز بۆوە. دیار بوو سێحرباز هاتووە، دەنابێتو پاڵەوان بوایـە، دەنگـی دەهۆڵیشـی لـەگـەڵ دەبـوو. خـەڵـک کاروکـەسـپیان بـەس کـرد، دووکـان و بـازاڕ داخـراو، گشـت رووبـانکردە مەیدان.دەروێشـێکی لاوازەی ریشـنەی چڵـکن زوڕنـای لێـدەدا. خـەڵـکێکی زۆروەکۆبوونەوە، جا زۆری چی؟ نەوەڵڵا بووە سارای مەحشـەر. جێگـەیدەرزی هەڵاویشتن نەبوو. دەروێش زوڕنای وەلاناو، دەستی بە قسەکرد:هـۆی براینـە و برادەرینە، ئاهۆی خەڵکینە، دادەی سەڵەواتێک لێدەن بۆجەماڵی ئەو نەبییـەی فەخری عالەمە.

کوڕینە دەروێش و تەڕدەستوو زۆر دیوە. راست و درۆشتان زۆر لێبیستوون، من لەوان نیم. ئەوەی گوتم دەیکەم؛ هەوەڵجار دەیکـەم، لـەپاشـان کـەشـەف دەگێڕم. دەیجا ئێوەش خۆتان و هەڵم و برایەتی وپیاوەتیتان. سەڵەوات، بڕێکی زوڕنا لێدا...

مشـــکێکی لـــە پـــەڕۆ ســـاز کـــرد، مشـــکە وەک تێســـکەی تفـــەنـــگ هـەڵـدەهـات!پووڵـێک وەخـڕکراوە سـەڵـەوات لێـدرا. مـارێکی رەشـی لـە مجرییەکەیدەرهێنا، وەک ئەژدیها دەیهووشـاند و لـە قـەتـران رەشـتر بـوو... مارەکەلەسەر کلک هەڵدەستا و سەرو چـاوی دەگێـڕا... پووڵـێکی دیکـەشـی وەکۆکرد... سەڵەوات... دەروێش لاقی خـۆی کـرد بـە گـەرووی مـارەکـەدا. لاقـــیدەروێـــش تـــاکوو بســـتێک لـــەســـەر قولاپـــەیـــەوە چـــووە گـــەرووی مارەکەوە.سەڵەوات لێدرا... بووە چەپڵەڕێـزان. پووڵـێکی زۆر بـاش وەکـۆکرا. لەپاشان دەروێش دەستی بەرز کردەوە. خەڵک وسکوت و بێدەنگ گوێیاندایە: هۆی گەلۆ نە سێحرە، نە جادووە. حوندەرە و حوندەری ئەمدەروێشەیە. بـەڵـام چەشمەیەکم حوندەر ماوە نیشانوو بدەم، کە جگە لەمن هیچ کەس لەسەر دونیا نایتوانێ! هەر ئێستا لەبەر چاوی خۆتانگوێی راستی یەکێک دەبڕم، کەشەفێک دەگێڕم. ئەمجار گوێی چەپیدەبڕم و کەشەفێک دەگێڕم. لە پاشان هـەردووک گوێی وەها بە جێیخۆیەوە دەنووسێنمەوە، کەس نەڵێ ببڕای ببڕ گوێی بووە!!!! ئـاخ کاکـەبـووە چ چـەپڵـەڕێـزان و سـەڵـەوات و پـووڵ فڕێـدانێک؟...!...!!!

دەروێش‌هەرای کرد: ئای بۆ جاهیلێک بوێرێ بێتە مەیـدان‌و نـەترسـێ گـوێی ببرم.چەند کابرایەکـی پـیر و بـەساڵـا چـوو هاواریـان کـرد: «کـوڕە نـەکـەن، کـەس‌نـەچـێ. بـە خـودای ئـەمـە گـوێ بـڕە و گوێتـان دەبـڕێ... نـەکـەن، کوڕەنەکەن...» بەڵام بێتوو من بڵێم پـەنجـا کـەس، ئێـوە بڵـێن سـەد کـەس رژانەمەیدان و دەیاننەڕاند: من، من، من. ئیلان وبیلان من. بە هەزار تکاورجای ریش سپی و پیاوی ماقووڵ پۆلی جەحێڵیان ناردەوە سەر جێی‌خۆیان و، یەکی لە هەمووان زەڵام و زەبەڵـاحتریان گێـڕاوە. ئـەمجـاردەروێـش گـوتی: شـەش پاڵەوانم دەوێ بێنە پێشێ و ئەم جاهیلە بگرن کەگوێیم بڕی و خـوێنی خـۆی دیت، فێی لێ نەیەت و سەر و دڵ نەیگرێ ولێمانی تێک نەدات. شەش جەحێڵ چوونە پێشێ. گوریسێکیان لە قۆڵ وشان و پشتی گرێ دا و بە هەر شـەشـیان گرتیان. دەروێش بە شاگردەکەی‌خۆی گوت: ئەم مجـری و ماروکـەل و پـەلـە بەرەوە مەزڵ، کارمان بەمانەنەماوە. شاگرد خەریکی کاری خۆی بوو. دەروێـش سێ چوار جار هات‌و رۆیی و گوتی: «ناترسی رۆڵە؟ ئەگەم دەترسی یەکی دیکە بانگ‌دەکەم.» کوڕە گوتی ناترسم. دەروێش بـە شـەش جـەحێڵـەکـەی گـوت باش‌بیگرن. هانێ ئەم پەڕۆیەش لەبەر دەستتان بـێ کـە گـوێیم بـڕی، بینێنـە ســەرگــوێی، خــوێن فیشــقە نــەکــات. رووی کــردە خــەڵــک و گــوتی: سەڵـەوات.سـەڵـەواتێکـی بـەرز و درێـژ لێـدرا. دەروێـش هـەڵـیکوتایە سـەر کوڕە،چەقۆیەکی تیژی لە گوێی ناو، گوێی راستی لێکردەوە و دایە دەستی‌یەکێ لە شەش جەحێڵەکە و هەرای کرد: سەڵەوات. ئای بووە چسەڵەوات و چـەپڵـە رێزانێک، ئای چ حەشرێک و چ رۆژێک بوو؟دەروێش کەشەفی گێڕاو گوتی:

مەرجی خۆتان بەرنە سەر و کەشەفم بۆ پڕ کەن، تاکوو گوێیەکەی‌دیکەشی ببرم.

کوڕە هاواری لێهەستا: بیکە بۆ خاتری خودا، هەر ئێستا ئەم‌گوێیەی دیکەشم ببڕەو، رزگارم کە، با زووتر نۆرەی پێوەنوساندنەوەیان‌بێتەوە. دەروێش هەر وەکوو خەریکی کەشەف گێران بوو، گوتی: «زۆر بەپەلە مەبە رۆڵە نۆرەی ئەویش دێت، وزەت بێ، بە خوا هەتا هەر دووگوێت نەبرم ناڕۆم...»

خەڵک تکایان کرد: دەروێش گیان، تکایە ئەم گوێیەشی زووتر ببڕە،چەندەت دەوێ دەتدەینێ. دەروێش گەڕاوە سەر کوڕەو، گوێیەکەی‌دیکەشی بڕی و نایـە بەری دەستییەوە.

جەحێلی باڵابەرزی سمێڵ بابڕی دەلاڵاوە: کوڕە بۆ خاتری خودا دڵـمتـۆقی زووکە گوێچکەکانم پێوە نووسێنەوە. حەشیمەت فیتوو لێدان وچەپڵەڕێزانیـان بوو، سەڵەواتیان بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو، پووڵ وپارەیان هەڵداویشـتە حـەواو کەشەفی دەروێش پڕ دەبوو. کوڕەشدەیناڵاند و هاواری دەکرد! بـەڵـام کـەس ئاگاشی لێی نەبوو. دەروێش بێخەیاڵ لە نێو حەشیمەتـدا کـەشـەفی دەگێـڕاو ئەمسەراوسەری مەیدانیدەکرد. لە دووکانە نێزیکەکانەوە، لە پەنجـەرەی ماڵــە دوو نهۆمەکانەوە، لەدەرو ژووری مەیدانــەوە، دەروێـش بانـگ دەکـرا و، پووڵــی بەسەر و گوێلاکو بەسەر کەشەفدا دەباری.

هەرا و هوریای حەشامەت تەواوبوونی نەبوو. هەر دەروێش بوو بۆپووڵ وەکۆ کردن هەڵـدەخـولا و دەرو ژووری ئـاپۆرەی خـەڵـک و نێومـەیـدانی دەکـرد. هەڵدەسووڕا، ون دەبوو، دەردەکەوتەوە. حەشامەتناهەقیان نەبوو، ئاوەها مەست و سەرخۆش بن و دەروێـش ئـاوەهـا پووڵـوەشـان کـەن. ئاخـە ببـڕای ببـڕ چ دەروێشێک راستی لەگەڵ نەگوتبوون وئاوای مەرجی خـۆی نـەبردبـووە سـەر! دەروێش هەروا کەشەفی دەگێڕا وپووڵی وەکۆدەکرد و لـە هـات و چـۆی دەر و ژووری مەیدان و قەرەباڵغیخەڵکدا بوو. لە پڕ مێرمناڵێکی سێزدە چاردە ساڵان هەرای کرد: ئەوەکوادەروێش؟ خۆ دەروێش نەماوە!! قاوی خەڵک بەرز بۆوە: کوا دەروێش؟کوا دەروێش؟ چی لێهات؟ بـۆ کـوێ چـوو؟ دەنگێکـی بـەرز و بڵـند وەسـەردەنگـەکـانی دیکـە کـەوت: «قوڕتـان وەسـەر! دەروێـش هـەڵـات و رایکـرد!نـەمگـوت؟! پـێمنـەگـوتن نـەکـەن، ئـەوە گـوێ بـڕە و، دەسـت و گوێتاندەبڕێ.» دەروێش بوو بە دڵۆپێک ئاوو بە عەرزدا رۆیشتە خـوار و ئێسـتا وئێستا کـەس رەنـگ و روخسـاری نـەدیتـەوە. بـەڵـام ئـەی پاڵـەوانـە گـوێ بڕاوەلێقەوماوەکەمان؟ لە شەرمەزاریـدا لـەم شـارە کـۆچی کـرد و ئـەوە ئـارای سیساڵە ببڕای ببڕ رووی لە ئامێزی ئەم شارە کردبێتەوە. بەزار خۆشە بڵێیشار! هەر گوتن و هەزاری لێدەکەوێتەوە. ئای لەم گشتە بیرەوەرییەسەیرو سەمەرەیە و لـەم هـەمـوو خۆشـی و ناخۆشـییە. لـە چـوار چـراوە بـەرەوحـەوزە گـەورە هەڵدەکشێم. ئەو حەوزە گـەورەیـەی ئاوایـان بـەسـەرداهـەڵـگوتوە: «حـەوزە گەورەمان قووڵ وبێ بنە - دوو ماسی تێدا خاڵ لەگەردنە.»

ئاخ ئەوەش کۆڵانە کۆنارەکەی ماڵە باب و باپیران. دەبێ بەرەو ماڵــبڕۆمەوە. بە خودای زۆر تامەزرۆی دای و باب و خزم و کەسم. ئاخە سی‌ساڵی عەلەنتەواوە نەمدیتوون.

لە دەرکی ئاوەڵای ماڵە بابەوە دەڕۆمە نێو حەسار - لە بیرتان بێ کەجارێکی دیکە پێک‌گەیشتینەوە، زۆر شتی دیکەشتان بۆ بگێڕمەوە،ئاخە زۆرم لە دڵداماوە - هێشتا لە حەوشەم و مقۆمقۆی ئەوەمە: برۆمەژوورەوە یان نا؟! کە چی گــوێم لێیە دووکەس لە کۆڵاندا بە یەکدی دەڵێن:ئەوە پاڵەوانە گوێ بــڕاوەکــەی ئــەم ماڵەش لە پاش سی ساڵ راکردن،گەڕاوە، دەک قەدەمی خێر بێ، هەر مەبارەکی دەوی!!!

* * *

# رەخش

دیسـان دەنگـی ئـەوە، دەنگـی شـەمـەی بـاوکم! کـەمـی مـاوە گـوێم بدڕێ.هەمیسان خەیاڵ پڵاو دەکات، ئاخە وڕێنە و خـەون و خـەیاڵـی ئـەو بـە منچی؟ لە لاشانیەوە دایکم دیارە. کز و کەنەفت و بێدەنگ دانیشتووە ومتەقی لێوەنایە. دەڕوانێتە هەمووەمان و هەموو لایەک. ئەوەی دیکەش‌ولە بۆڕە تارەکەدا دێ و دەچێ یۆسفە. یۆسف بە سواری ئەسپێکمەیدانی گرتـووە و، خـەریکـی تەقڵە و جلیتانە. ئەوانی دیکە زۆروەبەرچاو نایەن. وەک سێبەر لە نێو تارماییدا دێن و دەڕۆن و بە دەوریخۆیاندا دەخولێنەوە. ئەوە دیسان دەنگی شەمە بـەرز بۆوە. نا، تاکوورۆژی مـردن ناهێڵـێ بحـەسـێمەوە. بۆتـە چـارەنووسـم، دەبـێ بیکێشم،بیکێشم، بیکێشم، تا ئەوڕژەی دەمرم و دەمنێژن! دەڵێی چارەنووسمـە وچی لەگەڵدا ناکرێ؟ ئەوا یۆسف بە تەقڵە هاتـەوە روانگـەم. ئـاخ ئـەمئـەسـپە بەرەڵایە! وەی لەم بەدقەدەم و وەیشوومە! ئەو کردی، ئەو کردی،هەر، ئەو، ئەو، ئەو...

لەسەر چیمەنەکەی شانی باخەکـەی بـارام دانیشـتبووین. مانـدووببووین. دەمانەویست پشوویەک بدەین و بڕێک بحەسێینەوە. لە پـڕکۆڕژنێکی بـە سـام رایچڵەکاندم. یۆسف بانگی کرد: کاکە، کاکە ئەوئەسپەت دیوە؟ بەو خودایە بـێ

سێحەبە و بەڕەڵا کراوە. دوور و نێزیک‌کەس دیار نیە ئاگەداری لێ بکا. هەستە با بچین خورجینەکە بخەینەسەر پشتی و تاکوو قەراخ دێی بەرین. لە ڕێگە بـۆ خۆشمان بە نۆرەسـواری دەبـین. مانـدووش نـابین. لـە قـەراخ دێ بـەڕەڵـای دەکەین. قسەکـەیم‌بـە دڵ بـوو. لـە ئـەسـپ چووینـە پـێش، بـە رواڵـەت لـە جوانوویەکی تازە گـیراوەچـوو، بـەڵـام زۆر کـز و لاواز بـوو. سـەر هـەر تـک دەستەکانی بریندار بوو.پشتوێنەکەی خۆمم کردە ملی و خورجێنەکەم هاویشتە سەرپشتی.سەری پشـتوێنم دا دەسـت یۆسـف و بـۆ خـۆم لـە دواوە (هـەی)م لێکرد.بەرەو دێ وەڕێکەوتین. ئـەرێ ئێمـە ئـەومـان بـارکرد یـان ئـەو خـۆی بەسەرئێمەدا داسەپاند؟ ئاخ... رەخش!... باوکم وای نێو نا... ئاخ چمادەمزانی ئاوامان بەسەر دێنێ، قەت دەمهێشت؟... رەخش؟!!نەوەڵڵاکەرە بەڕەڵا. یۆسف لە پێشەوە ئەسپ و پشتوێنی دەکێشا و من لەپشتەوە دەنگم دەدا و نێو نێوەش یەکمان سواری ئەسپە دەبووین. کەگەیشتینە قەراخ دێ، یۆسف گـوتی: کاکـە ئێوارە درەنگانە، لێرە بەڕەڵای‌کەین، ئەمشەو گورگ دەیخوا. زۆر گوناحە... مـن کردم ئێوە نەیکەن!اقەت بەم جۆرە قسـانە دڵـتان نـەرم نـەبـێ، دەخیـل سـەد دەخیل، نەیکەن. بەئەسپەوە خۆمان بە حەوشەی ماڵێدا کرد، باوکم لە حەسارێ دەسنوێژی‌دەگرت. ئەسپ حیلاندی، باوکم داچڵەکی و بەسەرمانـدا گۆڕانـدی: ئەم‌ئەسپە چیە هەتیو؟ دایکم لە مووبەق  دەرپەڕی و لەگەڵکوو ئەسـپەی‌دیـت، ڕوومەتی خۆی داڕنی و کردیە بۆڵە بۆڵ: ئەیارۆ قـەدەمـی خێربێ،ئـەوە چیـە؟ دزیوتانە؟... یۆسف هەموو شتێکی بۆ گێڕانەوە. باوکم لێوی‌خۆی گەزی. بڕێکی بیر کردەوە و، لە پاشان هەڵیدایە: هەتیو باش‌چاوتان ورد کەنەوە بزانن دەڵـێم چی؟ لەکن کەس نەڵێن دیومانەتەوە،بلێن لە شەممەبازاڕی شار تووشی خاڵمان بووین و ئەو پێی داین! جاشەوێ لە پاش شێو خوران تەگبیرێکی لێدەکـەیـن. زووکەن بیبەنە تەویلەو تفاقی بکەنە بەر. ئەوە خودا گەیاندوویە. باشی خزمەت بکەین دەمەوبەهار و دووسەد تمەن دەکا! ئاخ ئەم قسەیەم چەندە پێ نـاخۆش بوو.بۆچی؟ لـە خـۆڕا؟ نـەوەڵڵـا دەمـزانی بـابم قـەت سـەرەنـدەری چ ناکـا و ئەوی‌بیکات پێچەوانەکەی باشترە. ئاخە تفاق  دەرخوارد چی بدەیـن؟دەترسـام خەڵکی دێ گەپمان پێ بدەن! تفاقی سێ بزنە کۆڵەکەی خۆمان‌نەبوو، چ دەگا بەوەی ئەم ئەسپە بەڕەڵایەش بە خێو کەین. لەگەڵ باوکم‌دامبەستە شەڕەقسە! جار و بار دەمنەڕاند و دەمگوراند و دەمگوت:نامانەوێ، دەبێ بەڕەڵای کەین. لەم

ڕێوی‌یە خوێری‌یە چ دەرناچێ.بڕێکجاریش دەپاڕامەوە: تفاقی ئەم بزنـە کۆڵـانە دەرخوارد ئەم بەرەڵا وبریندارە مەدەن. لەم ڕێوی‌یە ئەسپ دەرنایە. باوکم هـەر گوێی نەدامێ،زۆریشی قسەی کاڵ و کرچ پێگوتم. منـیش سـەرم دانـەنوانـد و بەرپەرچی‌قسەکانیم داوە... ئاخری بە تووڕەیی‌یەوە ڕووم کردە هۆدەکەی خـۆم ویۆسف. ئـاخ لـەو شـەوە وەیشـوومە. وەی لـەو باوکـە ڕەنـج بـە خـەسـارە و، لەمنەهامەتە! بنچینە و بەردی بناغەی ئەم نەیامەت و کەند و کۆسپە ئەوشـەوە دارڕژا... یۆسف بەو کراسە ئاڵەوە، بەو کراسە مۆرەوە، بە کەوشی‌ڕەشی بۆیە کراو و کاکۆڵی بە شانە کراوەوە بە سواری ڕەخش مەیدانی‌دەگرت. بە تەقڵە دەهات و دەچوو، چوار ناڵ ئەسپی غار دەدا، بە دەوری‌دێدا دەفڕی، لەبەر ماڵان یۆرغـەی پێدەکرد، لە پشت ماڵان دەیکردەقۆرتە! خەڵکی دێ دەچوونە سەیری. لە پشت ماڵانەوە دەفڕی و لە چاوون دەبوو، لە قەبران وەدەر دەکەوت و بەرەو شیوە قووڵ دەچوو، لەوێوەدەیدایە تەلانی کێوی چاکی و قەدی شاخ و کەژی بەرەو نـووکی کۆساردەبڕی و هەمیسان بەرەو خوار شۆڕ دەبۆوە.

ئاخ ئەم مێرمناڵە لەسەر ئەو ئەسپە چەندە جوان بوو، ڕۆژ بە ڕۆژیش‌جوانتر و لێهاتووتر دەبوو. سواری و ڕمبازێن و تەقڵە و جلیت هەر لـەوجـوان بـوو، هـەر لەو... بەڵام ئاخە چۆن؟ خۆ لە مێژە یۆسف سواری ناکا!خۆ ئێمە لە مێـژە لـەو دێیە نەماوین! دا تۆ خودا ئێوەش جوان زەینی‌دەنێ! تەماشا سەری ناوەتە سەر ملی ڕەخش و چۆن دێ و دەچێ؟ ئەوەکاکۆڵی یۆسف و یاڵی ڕەخشـە تێکـەڵ بوون و شنەی شەماڵکەروێشکەیان پێدەکات. دەبێ دوای کـەوم و بیگێڕمـەوە. دەبێ بیبەمەوەماڵێ. چاوەزار کاری لێدەکا! چاوی پیس دەیگـرێ! وە شـوێنێ دەکەوم.ئەو بە سواری دەفڕێ و مـن بـە دووی دا. دەڕۆیـن و دەڕۆیـن، تـا لـە دێدوور دەکەوینەوە...و لە چاو ون دەبین... جیرەی گرێژەنەی دەرکی نێومـاڵ لە جێگەی خۆم ڕایپەڕاندم و لە دەلاقەی هۆدەکەوە ڕوانیمە حەوشە.شـەمـەی باوکم لە نێوەڕاستی حەوشەوە هەرای کرد: هۆ و خالید، هۆ و،ئەو فانۆسە بێنـە با تفاق بۆ ئەم ئەسپە بەرین. هەر لە جێی خۆمـەوەجـوابم داوە: چیـە؟ چیـت دەوێ؟ «پیتی ڕەشی دروشت‌تر؟» شانازی چی‌پێـوە دەکـەی؟ هـەزار کـەڕەتم پێگوتی هیچ هیوام پێی نیە، دوو قڕان‌ناهێنێ! من تێدا نیم، ئێوە کەیفی خۆتانە. یۆسف و دایکم و منداڵەوردەی ماڵێ ڕژانە حەوشە و هەموو پێکەوە بەرەو تەویلە چوون. دڵم‌کەوتە کورکە کورک! دەبێ چی بکـەن؟ بـەرەو تـەویلـە ڕێکـەوتم.

بەتووڕەیی‌یەوە چوومە ژوور. ئەسپە بەڕەڵا لەبەر کزی و لاوازی و لە برسان‌وەک مێوژۆکە هەڵدەلەرزی. یۆسف فانۆس بە دەستەوە بە دەوریدادەخولاوە و تیشکی فانۆسی دەدایە سەر و گوێلاکی! شەمەی باوکم بەدەوریدا دەسووڕاوە و سەرنجی دەدایە و هەڵیدەسەنگاند. مناڵە وردەکان‌وەک بازنە دەوری ئەسپەیان دابوو. ملە باریکەکانیان بەرەو پێشەوەکێشابوو. چاوەکانیان کەوتبوونە سەماکردن. دایکم تەماشای هەمووانی‌دەکرد: باوکم لە پاش سەرنجدانێکی زۆر دەستێکی لە ئەستۆی‌دا و بەدەنگێکی بەرزەوە: ئەشهەدەم بیللا چاکت گوت خالید! بە پیتی رەشی‌درشت‌تر! قسەی لەسەر نیە!

- هەک زمانی من بە بڕین چێ! بۆ تەوس و توانجی هاویشتم، خۆ نێوی‌نارەخش!! - شەمە کەوتە وڕێنە و خەیاڵ پڵاو: بێ خاوەن بووە، خزمەتنەکراوە. لە رۆحی منتان کەوێ! ئەم سێ مانگە زستانە خزمەتی کەن،شەوی نەورۆز دەبێتە رەخشی رۆستەم! جا بەهارێ ماڵ و کۆچی‌لێدەنێین و وردیلەکانی لێ سوار دەکەین و موکوریان - وڵاتی باب وباپیران - خۆت بگرە و هاتین. کوڕە لە رۆحی منتان کەوێ بزانم چۆنی‌خزمەت دەکەن؟ نە دایکم، لە قسەی دەرناچوو نە یۆسف، نە وردیلەکان.هەرام کرد! رزق  و رۆزی ئەم مناڵە رەش و رووتانە دەرخوارد ئەسپەرێوی مەدە خودا هەڵناگرێ... هەر رووی تێنەکردم. زۆرم نەڕاند وگوڕاند، هەر جوابیان نەدامەوە. بەرەو دەرکی تەویلە رۆیشت و بە دەمرۆیشتنەوە: نێوی رەخشە، خاڵتان بۆی ناردووین، لە بری قەرز. هەمووپێی بڵێن رەخش. جڕتێکی بڵندم کێشا و گوتم: مامە شەمە لەسەر ئەم‌ئەسپە هەمووومان لە برسا دەکوژی! بەڵام ئەوەش بزانە: «کەس بە خەیاڵنابێ بە ماڵ!» هەر گوێی نەدامێ. سبەینێ زوو باوکە چووە ماڵی کەریمی‌دراوسێمان، جۆیەکی زۆری قەرز کرد و هێنایەوە. دایکەش چووە لای‌ئامەی دەستەخوشکی و وێنجەی قەرز کرد. مناڵ دەستیان کرد بەخزمەتی ئەسپ. یۆسف بوو بە سوارچاک و هەموو ئێوارە لە دەوروبەری دێ مەیدانی دەگرت. منیش مانم گرت و لە هیچ کارێکدایارمەتی‌یانم نەدا. بەڵام ئەسپە بەڕەڵڵا؟ رەخش کەری نێرنەیدەکێشا. یەک رۆژەی دە رۆژ بوو! رۆژ لەگەڵ رۆژ لە قەڵەوی و بەکەیفی و هەڵدانی دەدا. ئەی شەمە؟ هیچ منی نەکوشتبوو، شەمەی باوکم‌نەبێ! لە خۆ دەرچووبوو. لە بن دیواری حەوشە و لەبەر بەڕۆچکەی‌کۆڵان و دەرکی مزگەوت دادەنیشت و وڕێنە و خەیاڵ پڵاوی دەکرد. بریائێوەش وەک من دیباتان، چەنێ

جوانچاک؟! چەنێ خوێنشیرن؟!دەتگوت شیرەیی و حەمە حەپۆلە. جا خەون و خەیاڵاتەکەی: «ئیشەڵڵابکەوینە شەوی نەورۆز بـار دەکـەیـن و دەڕۆینـەوە بـۆ موکوریانی خۆمان!موکوریان بەهەشتە. هـەمـوو وڵـات ئـاوو ئـاوەدانی .بـاخ و سەوزەڵان وشیناوەرد. پڕ لە رزق و رۆزی و خێر و بەرەکەت. پڕ لە پیاوچاک و پیـاوی‌ئـازا و دڵـاوا. ئـافرەتی هـەمـوو داوێـن پـاک و سـەخـی و دوختـەر کەیبانوو!»بێتوو لە حەساری ماڵە خۆمان بوایە و گوێم لـەم قسـانە بایـە، خـۆم بۆرانەدەگیرا و دەپەڕیمە نێو قسەکەی: «کوڕە دەبەسە! بەس خەیاڵ پڵاوبکە!

لە کارنەکەری و تەوەزلیدا هەموومانت لە برسان قڕ کـرد؛ ئـابرووت‌بـردین. بووین بە گەپجاری هەموو کەس. رزق و رۆزی ئەم منالە رەش ورووتانە بە زگ ئەم کەرە بەڕەڵایە دامەکە.» باوکم جنێـوی دەدامـێ،منیش جوابـە جـەنگـیم دەکرد. لێمان دەبووە هەڵڵا. دایکم نێو بژی‌دەکردین و کۆتایی پێ دێنا. ئەمجار باوکم و یۆسف دەچوونە تەویلە بۆخزمەت کردنی ئەسپە و دایکم و وردیلەکـان دەکەوتنە نێو دێ بۆ سواڵ وسەدەقە وقەرز و قۆڵەی کا و یۆنجە و جۆ. منیش لە داخاندا لەوانە بووبتەقم. دەچوومە نێو ماڵ و لە ژێر لێوڕا هەر جنێـوم دەدا. بـە قوربانی کاری‌خودا بم دەتگوت لە داخی منە ئەسپە هەر هەڵیدەدا و بە کەیـف دەبوو.نێوبانگی یۆرغـە و قۆرتـە و چـوار ناڵـی رەخـش دێ بـە دێ و شـار بـە شاردەڕۆی! لە دوور و نێزیکەوە مشتەری دەهاتە سەر. جا کە مشتەری‌دەهاتـە دێ، یۆسف رەخشی جل دەکـرد و لـە دوری ماڵـان مـەیـدانی‌دەگـرت. دڵـی مشتەری دەخستە کوتە کوت. مەزندە و نرخی رەخـش هـەردەچـووە سـەرێ. بەڵام ئەسپە بەڕەڵا بوو. هەر پێم وابوو شەمە خەرەفاوەو سەفی بووە. بە تایبەت لە پاش ئەوەی یەکێک لە وردیلەکانمان بەکۆڵێک جۆوە کە لە ماڵە جیران قەرز کرابوو، کەوتە نێو گۆلەکەی نێو دێ ولە پاش سێ رۆژ تا و چـەق و چـۆ مـرد، سەد ئەوەندەی دیکەش شەمە ورەخش لەبەر چاوم کەوتـن. ئـاخ ئـەم کابرایـە تێداچوونی‌جگەرگۆشەکەشی وەخـۆی نـەهێنـاوە و دەیگـوت: خـەتـای خـۆی بوو،ئاگای لە خۆیبایە نەکەوێتە نێو گۆل و ئەستێرەوە هـەر دەهـات و شـەمـە ورەخـش زیـاتر بـە کـەیـف دەهـاتن. بـە تایبـەت لـە پـاش ئـەو سـێ مشتەری‌یەی‌شەوی چلەقاوان هاتنە سەر رەخـش. ئـەو شـەوە لـە دوای شـێو خوران‌پیاوانی دێ یەک یـەک و دوو دوو چوونـە مزگـەوت. نیـو سـەعـات لـە شـێوخواردن تێپـەڕ نـەبووبـوو مزگـەوت لـە ژێـر شـۆقی چـرا تـۆڕ دا، بـە

دووکەڵیجگەرە و سیغار و زەنازەنای خەڵکی ئاوەدان بۆوە. مامە شەمەی باوکمبۆ هەوەڵجار ڕێگەی لای سەرەوەی مزگەوت درابوو. شەمە پەیتا پەیتاجگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند و بێ وچان دەکۆخی و دووکەڵ وهەناسە و تف و بەڵغەمی کۆخە و گەرووی بە گژ سەر و چاوی ئەم وئەودا دەکرد. خەڵکیش دەتگوت خدری زیندەیان وەلای سەرووی‌خۆیان خستووە، شانازیان پێوەدەکرد. سێ کابرای مشتەری وەکسەغیری مەکە و مەدینە مات و کز و مل کەچ لە خوار بابمەوەدانیشتبوون و چاویان بڕیبووە دەمی ئەو. منیش لە لای خوارەوەیمزگەوت دانیشتبووم و پێکەنینم بەم بەزم و ڕەزمە و هەمووی ئەم خەڵکەدەهات! ئاخە خەڵکینە ئەم شەمەیەتان تاکوو مانگێک لەمەوبەر ڕێگەیمزگەوت نەدەدا، ئێستا بۆ وەلای سەرووی خۆتان خستووە؟ ئاخەشەمەی واوا لێکراو تۆ لە برسان زگت بە پشتتەوە نووساوە، بۆچی ئەمسەودا باشە ناکەی و خۆت و ماڵ و منالت لە رووت و قووتی و برسیەتیڕزگار ناکەی؟ عەبە شۆڕای پیاوماقووڵ و کوێخای دێیەکەمان کە لەشانی شەمە دانیشتبوو، بڕێکی سمت و نێوڕان و نێوگەڵی خوراند، رووی‌کردە بابم و گوتی: مامە شەمە ئەم پیاوانە لەسەر قسەی تۆ راوەستاون.نازانم تەگبیرت لەگەڵ کەس کردووە یان نا؟ ئیدی منگە منگی ناوێ،وەڵامێکی راستەوخۆیان دەوە. هێشتا قسەی عەبە شۆڕا تەواو نەببوو،یەکێ لە مشتەرییەکان هەڵیدایە و گوتی: مامە شەمە! ئێمە لەسەر قسەیخۆمان سوورین! بە هەزار تمەن مشتەری ڕەخشین. مامە شەمە لەسەرەخۆ مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا، بە دەم کۆخەوە تفێکی زۆریبەسەر مشتەریدا پرژاند و بێ سێ و دوو گوتی: بەم پووڵانە فرۆشی نیە ونایفرۆشم. ئەسپێکی لە ناوچەی قەرەلەری کاولبوو هەزار تمەن بکات لەموکوریان پازدە هەزار و شازدە هەزاریش دەکا! شەمە ئەوەندەی گوت وهەستا سەر پێ. پێچەکەی لار دانا، لووتی هەڵێنا و بەرەو دەرکیمزگەوت چوو. هەرام کرد: بابە بیدە، پووڵی باشیان داوە. خەڵکینەمەیەڵن بڕوا،، یەکیان خەن. کوێخا و خەڵک بە تێکڕا تکایان لێکرد،بەڵام جوابی کەسی نەداوە و لە مزگەوت دەرکەوت. مزگەوت چۆڵ کراو،منیش بەرەو ماڵ چوومەوە. بە خودای نەیدەبڕیەوە. دەبایە فججەم پێبکات! دیسانەکەش خەیاڵ پڵاو خستبوویە وڕێنە کردن: «زستان لەتەواو بوونە و، رووڕەشی بە ڕەژی ماوە. چەند رۆژێک لە پاش نەورۆزوەڕێدەکەوین. لە دۆڵە درێژەوە دەڕۆین. پاش دۆڵە درێژ

دەگەینەمێرگەشین. لەسەر کانیەکەی مێرگـەشـین پارووپـەک نـان و پـەنـیر دەخوێن‌و، وەرێدەکەوینەوە. وردیلەکان، بـە نـۆرە سـواری رەخشـتان دەکـەم. لـەسـەرکـەل و پـەلـەکـەتـان دادەنـێم. لـە پـاش ملـە و تـیرەگـی هـەبـاس ئاوەژوویدەشتەپان دەبین. لەو سەری دەشتە پان دەگـەینـە دۆڵـی مـەحـاڵ. دۆڵی‌مەحاڵی چی؟ هەمووی شیناوەرد و سەوزەڵانە. پڕە لە جەگەن و کانی وگژ و گیا و دار و گوڵ. دۆڵی مەحاڵ سنووری موکوریان وقەرەلەرە.شەوێک لەسەر ئەستێرە گەورەی دۆڵی مەحاڵ لە چارداخی شوانەکاندادەمێنینەوە. رۆژی دوایی سبەینێ زوو لە گەرد و گوڵی بەیانداوەرێدەکەوین و بۆ نیوەرۆ دەگەینە هـەوەڵ دێی موکوریان. ئاخ... ئاخ‌موکوریان – مەڵبەنـدی شـێران و بـاب و بـاپیران – بڵێی جارێکی دیکەبتبێنمەوە؟» لە وڕینە نـەدەوێسـتا. نـەشـیدەزانی گوێیـان داوەتێ یان نا؟هـەر بـۆ خـۆی دەیپرسـت و دەیپرسـت! لـە داخـان هـەر خـۆم دەخواردەوە، لێوەکرۆژەم دەکرد و جووڵە جووڵم بوو. ئاخری خۆم بۆ ڕانەگیرا و، بە بێشەرمـی‌یـەوە گـوتم: جـرت... هـەرچـی مـەرو گـاڕانی قـەرەلـەر دەری بەموکوریانەکەت! دەستی دا دارێکی هەڵگرت و هەڕای کردمـێ. منـیش‌قـوت بوومەوە و گوڕاندم: دەتەوێ لێم دەی؟ بـە منالـم دەزانی؟ وەڵڵـا پـەل‌بزێـوی بیرازت دەکەم. بەرەو پاش گەڕاوە، دارەکەی حەوادا، کۆڵێکی‌تف و بەڵغەم کردە سەر عەرز و گوتی: وەڵڵا تۆ زۆڵی! بیـژوو تـۆ لـە مـن نی!دەنـا لـە رووی مـن وەرنەدەگەڕای. بەرەو تەویلە و تیماری رەخش‌خوشەی کرد و رۆیـی. ئـاخ کـە بیری لێدەکەمەوە... ئاور دەگـرم. دوو سـێرۆژێکی بـۆ شـەوی نـەورۆز مـابوو. رەخش هێندە بە کەیف هاتبووەدەتگوت جوانەگای دابەستەیە. پەلی بۆ ئاسمـان داویشـت، چـەپۆکـانی‌دەکـرد، بـە کـۆڕژنی رەخـش پیـاو زەنـدەقـی دەچـوو. بەرەبەیانێک بە دەنگی‌حیلەی رەخش لە خەو ڕاپەڕیم. چوومە بـەر دەربیجـەی ژوورەکەم وتەماشای حەوشەم کرد. شەمەی بابم فانۆس بـە دەسـتەوە دەچـوو بۆتەویلە. دەرکی تەویلەی کردەوە و چووە ژوورێ. رەخش نەدەسـرەوت،سمـی دەکوتا و دەیحیلاند. لە پڕ هاواری بابم هەستا. یۆسفیش وەخەبـەرهـاتبوو. بـە جووت دەرپەڕین و خۆمان بە تەویلە داکرد.. ئاخ... بـاوکم لـەخـوێنی خۆیـدا دەتلاوە. تا گەیشتینە سەری، جووڵەی لێ بڕا. نە ئەمرۆمردبوو نە پار. رەخـش کەفی هەڵخڕاند، دەهات و دەچوو و دەیحیلاند.یۆسف سەری ناسەر دڵی باوکم و هەستی ڕاگرت. زۆر زوو هەستاوە، بەچەپۆک بەسەری خۆیـدادا. بـە بانـگ و

سەڵاله کۆڕی گریانمـان دا. دایـک وخوشـک و دەرو جـیران تێـڕژان. یۆسـف هەوساری ملی ڕەخشی له گۆڵمێخ کردەوە و رووی کرده من: خالید! ئاگەداری دایکم و ئەو منداڵانه به.دەیبەم مەیدانی پێدەگرم. تاکوو نەیپسێنم و نەیتۆپێنم ناگەڕێمەوە.لغاوی ڕەخشی کێشاو له تـەویلـه دەرکـەوت. نـازانم بـۆچی دڵـم داکـەوت وبـە دووی ڕەخـش و یۆسـفدا دەرکـەوتم. هێشـتا ئـەسـتێرە بـە ئاسمانەوەمابوو. نەرمەبایەکـی فێنـک کوڵـمەکـانمی لاوانـدەوە. بـەرەو پشـت ماڵان‌ڕامکرد. سروشت گەپی به مردنی شەمەی باوکم دەهات. یۆسف بەسواری ڕەخش دەهات و دەچوو. دەردەکەوت و ون دەبۆوە. وەک‌تێسکەی تفەنـگ بـە نێوان عەرز و ئاسماندا دەفڕی. دەبێ بڵێی ئاسکەسڵی دەشتی بەگێـڕ بـوو یـان ماسیی زەریای نیل بوو؟ به خودای هیچیان‌نەبوو، کـێ برکێـی مـان و مـردنی یۆسف و ڕەخش بوو. هەی لەو شۆڕەسـوارەی سـەرپشـتی ڕەخـش، وەی لـەو جوانچاکەی بەرەو هەورو ئاسمان‌و ئەستێران دەفڕێ. کاکۆڵـی یۆسـف و یاڵـی ڕەخش به دەم بای دەمەوبەیانەوە کەروێشکەیان دەکرد. له بەرز و نزمی دەوری دێدا به چوار ناڵدەفڕین. خەڵکی دێ بەشێکی لەسـەر تـەرمـی بـاوکم و چـوار بەشی لەسەیرانی غارێن و ڕمبازێنی یۆسـف و ڕەخـش بـوون. وەک تاکـەداری سەردوندێک له جێی خۆم دەلەرزیم و دەمڕوانیه ئەم غارێن و ڕمبازێنه. هەوازۆر رون داگەڕابوو. هەوەڵ گزینکەکان دەرکەوتبوون و ئاسۆ خوێناوی‌ببـوو. لـه پـڕ گێژەڵووکه بوو یان گەردەلوول یان تەپ و تۆزی ئەم ڕمبازێنه،هەستاو هڵیکرد. سووڕاو خولی خوارد و له یۆسف و ڕەخش هاڵا!حەتمەن تۆز و خۆڵ له چاویان ڕۆچوو و نەیانتوانی هیچ کوێ ببینن،بۆیه له پڕ سم و پەلی ڕەخش تێکهاڵا، سەر سمی داو لاتراسکەی بەسـتو ئـەسـپ و سـوار وەک تـاژی و نـێچیر، گـلان! ئەڵڵایەکی تێکرا و گشتی لەخەڵکەوە هەستا و هەمووان پێکەوە رایان کرده سەر یۆسف و ڕەخش.تاکوو گەیشتینه پێشێ، ڕەخش هەستابۆوە سەر پـێ و پـڕ بـە گەرووەدەیحیلاند، سمکۆڵی دەکوتا و چەپۆکانی دەکرد. یۆسف له خوێنی‌سەری شەقار بەسته و شکاویدا گەوزابوو. جووڵەی نەدەکرد. خـوێن لـەدەم و لـووت‌و کونه گوێچکەکانیەوە شۆڕاوگەی بەستبوو. هەناسەی‌نەدەکێشـا، تـەواو ببـوو... تەواو... مردبوو. عەبه شۆڕا گوێی ناسه سەردڵـی یۆسـف و هـەسـتی ڕاگـرت. لەگەڵکوو هەستاوە سەر پێ، چەشنی‌هەوری بـەهـار بـە دەنـگ گرمانـدی، بـە فرمێسک باراندی و به چەپۆک‌بەسەری خۆیدا کوتـا و هـاواری کـرد: ئـەوە لـە

کوێی مامە شەمەیماڵکاولی ڕەنج بە خەسار؟ ئەوە لە کوێن دایک و خوشکی یۆسفیجوانەمەرگ؟ ئەرێ خەڵکینە ئەوە بۆ نایکەنە شینگێڕی و قوڕ پێوان؟ئەوە بۆچی کەس یەخە نادڕێ و قوڕ بەسەردا ناکات؟ دەنگی شین وگرینی ورد و درشتی خەڵکی هەستا. بەڵام من؟ عەبەسابووم، وەکرمبێک لە بن سەری یۆسف چەقیبووم و متەقم لێوە نەدەهات. لە ناکاوچاوم بە دایکم و خوشکەکانم کەوت. خۆیان بەسەر تەرمی سارد وسڕی یۆسفدا گێڕا. دەمیان نا نێو دەمی. ماچیان کرد و بە زمان خوێنیدەم و ڕوومەتیان لستەوە. پاش قەدەرێک دایکم هەستا سەر پێ. دەستییۆسفی کێشا و هاواری کرد:

هەستە ڕۆڵە هەستە! ئەوە بووکی سوورت بۆ هات، بووک دابەزیوە.بڕۆ پێشێ و بە خێرهاتنی بکە. هانێ ئەو شووشە عەترە. عەتری پێدابکە. دایکم دەستی یۆسفی بەردا و ڕووی کردە خەڵک و قیژاندی: ئەوەبۆ چەپڵە لێنادەن؟ بۆ هەڵناپەڕن؟ ئەمڕۆ چەپڵە لێنەدەن و هەڵنەپەڕن،ئەی بۆ کەنگێی هەڵدەگرن؟ دایکم ئەوەی گوت و هەشاوڵی بردە عەبەشۆڕاکە فرمێسکی دەڕشت و سەبیلەی دەکێشا. دایکم یەخەیعەبەشۆڕای گرت و ڕایوەشاند و بەسەریدا قیژاندی: لۆتی عەبە ئەوەبۆچی ئەو زوڕنایە لێنادەی؟... لە پاش ئیستێک یەخەی ئەوی بەردا وبەرۆکی کراسەکەی خۆی دادڕی. لەچکەی لەسەری خۆی کردەوە، بەدەستیەوە گرت و هەڵیسووڕاند و دەستی کرد بە هەڵپەڕین. بە دەوریتەرمی یۆسفدا سەمای دەکرد و گۆرانی دەگوت. شین و شەپۆڕی خەڵکبە کۆڕ هەستا. هەموو خەڵک بە کۆڕ و بە کوڵ دەگریان. دایکیشم هەرواسەمای دەکرد و بە نێویاندا دەهات و دەچوو. لە ناکاو کۆڕژنی ڕەخشوەک هەورە برووسکە هەستا. ڕەخش بە حیلاندن و جووتە هاویشتن وچەپۆکان بەرەو شاخەکەی شانی دێ ڕۆیی. بە ڕمبازێن فڕی و ڕۆیی تا لەچاو ون بوو، کەس وەدووی نەکەوت، بەرە بەرە مژێکی پتەو بەسەرمانداکشا. هەموو کەوتینە نێو مژێکی خەستەوە. هەموو لێک ون بووین! بەتەنیا لە نێو مژدا ڕامدەکرد. یۆسف و باوکم بە شوێن ڕەخشەوە بوون!دایکم پێشاو پڕی دەدانەوە. مناڵە وردەکان کایان بەسەر دادەباری،یۆنجەیان بە کۆڵەوە بوو، جۆیان لە دەست دەڕژا. هەموو پێکگەیشتن وتێکهاڵان. دەستی یەکتریان گرت. بە شوێن ڕەخشدا ڕۆیشتن و لە چاوون بوون. بەڵام دەنگی باوکم دەهاتە گوێم، بەسەر ڕەخشیدا هەڵدەگوت.خەونی دەدی. خەیاڵ پڵاوی دەکرد: «ڕەخشە ڕەخش... بەرەوموکوریان

دەگەڕێینەوە... ڕەخشی ڕۆستەمیش هەر ئاوا بووە. لە منتـان کـەوێ بـا بـزانم چۆنی خزمەت دەکەن... ڕۆڵە خالید ماڵەکـەی مـن ویۆسـف گـەسـک دە... ڕەخش بەرە لە تەویلە تاقەتی کە...» ئـاخ دەسـتهـەڵـناگرێ. تـا نـەمکـوژێ دەسبەردار نابێ! فجحەم پێدەکات.چارەنووسمـە و دەبـێ بیکێشـم! بیکێشـم! بیکێشم!

*   *   *

# زاخەیەک لە پاڵ زاخەکانی دیکە

١ـ وڕێنە

گەڵاشینەکان لە روانگەمدا لە حەواوە بەردەینــەوە. لـە هـەمـوو جوانترئـەو حەوت گەڵا شینەن کە لەسەر عەرز کەوتوونە و لێ دادەگرن! بەهەمـوو هێـز و توانای خۆم بەرەو گەڵاکان رادەکەم. رایان دەکەمێ هەڵیان‌گرمـەوە. دەگـەمـە سەریان و دەستەکانم بۆ هەڵگرتنەوەیان درێژ دەکەم.دەستەکان دەیانگـەنـێ و نایانگەنێ! لە نەکاو دەنگی حەوت گوللەهەڵدەستێ! گوللەکان بـە بـن گوێمـدا ویزەیان دێت و تێپەڕ دەبن. لەحاندی خۆم دەچەقم! ئەژنۆم دەشکێ، رەنگ بە روخسارمەوە نامێنێ.لە پڕ کابرایەک لەبەر دەمم قوت دەبێتەوە! بزەیەک لەسەر لێوەکانیەتی وپێم‌پێدەکەنێ! پرسیار دەکـا: «زۆرت پـێ جـوانن؟ زۆرت خـۆش دەوێـــن؟پێـــت خۆشـــە هـــی تـــۆ بـــن! دەت‌دەمـــێ، لـــەمانـــە جـــوانتر و رازاوەتریشت‌دەدەمێ! بەڵام مەرجی هەیە، بۆ گەیشتن بەمانە دەبێ حەوڵ بدەی وتێبکۆشی، بە زەحمەت کێشان و ئارەق رشتن دەبێت. دە هانێ ئەم‌گەڵاشینە بگرە، برۆ بەستەیەک جگەرە و نۆشابەیەکم بۆ بێنە، هەرچی‌مایەوە بـۆ خـۆت.» کابرا دەم خێچ و خوار و ناشیرینە! گەڵاکان لەسـەرزەوی هـەڵـدەگرێتـەوە بـۆ خۆی. مۆڕەیەکی لێدەکەم و پوڵەکـەی لێـوەرنـاگرم، بـەرەو ژوورەکـەی خـۆم دەگەڕێمەوە، پشووم سوار بووە، کۆخەزۆری بۆ هێناوم، دەکۆخم، حەوت جـاری رەبەق . بەسەر ئـەژنۆکانمدائـەچـەمێمـەوە. بـە دەوری خۆمـدا دەخولێمـەوە، هەروەها دەکۆخم، لە پڕچاو دەبڕمە بەردەمی خۆم، خوێن، خوێن، حەوت دڵۆپ خوێنی سـوورو گـەش تـەخـتی زەوی‌یـەکـەی رازاندۆتـەوە! چـاو لـە دڵـۆپە خوێنەکان‌دەبڕم، لـە هـەوەڵـەوە سـوور و گـەش بـوون، ئـەوا خـەریکـە رەش دادەگەڕێن.بوونەتە حەوت دڵۆپ خوێنی رەش و پڕ لە کێم و زووخاو. دڵـم لـە ژێرڕادێـت و دەڕشـێمەوە، بـە کۆخـە کـۆخ بـەرەو نێـو ژوور و سـەرجـێ و بانەکەم‌رادەکەم. لەسەر جێ و بان هاوار دەکەم، هـاوار دەکـەم: دەرمانـەکـانم

بۆبێنن؛ کەس بە دەنگمەوە نایە. ڕەنگە گوێیان لێنەبێ، گوێشیان لێ بێت،خۆیان کەڕ دەکەن! دیسان کۆخە و پەرۆش زۆری هێنـا. دەکـۆخم، پـەرۆشدەکـەم. کۆخە، پەرۆش، حەوت جاری ڕەبەق . چـاوم بـە لێفـەی سـەرجـێ وبانـەکـەم دەکەوێت. خوێناوی بووە. حەوت دڵۆپ خوێن تێکەڵ چڵک وچەپەڵی لێفەکـە بووە. دڵۆپە خوێنەکان دەستی یەک دەگرن و بە دەوریمندا هەڵدەپەڕن، سەما دەکـەن، ڕەش بـەڵـەکیـان گرتـووە. دیـلان دەگێـڕن،هـەمـوو کیـژ و کـوڕە جەحێڵەکانی جیرانی خۆمانن، دەیانناسمەوە. مندەکۆخم و دەرشێمەوە، کەچی ئەوان شایی لە دڵیان دەگەڕێ. پڵلەتەقاندن و گۆرانی گوتنیانە و سەما دەکەن. دەزانم دیسانەوەش ڕابە سەرچۆپی گرتووە. بۆیە گوێی لە دەنگی من نیە. دیلان بە دەوری مندا خولدەخوات! دەبێ شایی و زەماوەندی ماڵی کێ بێت؟ داخـۆم بووک بۆ کێدابەزێنن؟ من هەروا دەکۆخم و دیلانەکە هەروا بە دەوری مندا دێ ودەچێ. ئەوا هاتنەوە بەرچاوم، ڕابە سەرچۆپی گرتووە، قاقا و پێکەنینلـە دەم و لێوی نابێتەوە. هەموویان پێدەکەنن، هەموویان قاقا لێدەدەن،کۆخە لێم ناگەڕێ، پشووم سوار بووە. کۆخە، پەرۆش، کۆخە، هاواردەکەم: دایە دایە! ڕابەی دایکـم دەرگا دەکاتەوە، دێتە ژووری. هەناسکەهەناسکی دێ، ئارەقەی کردووە، ڕەنگی ڕوخساری سوور داگەڕاوە.دەرمانەکانی بە دەستەوەیە، کەنگـێ دەسـتی دانـێ؟ سەری لابردن وئیسکان و کەوچکـی دۆزیـەوە. دەرمـان بـە دوای دەرمانـا بـە گەرووم‌دادەکا. حەوت دەرمانن! یەک لە یەک تاڵتر و بۆگەنتر و پیستر. دایکـم بەپەلە دەرمانەکان ئاوقای گەرووم دەکات و بە هەڵە داوان دەگەڕێتەوە بۆژووری ئارایشگاکەی خـۆی. دەرمـان بـەرە بـەرە کـار دەکـەن. سـەرمدەسـووڕێتەوە! کەڕاکەی سەرم بادەکا! دەماسێ و وەگێژ دەکەوێ، گشتلەشم دەکەوێتە بـاوە خولێ! باوەخولێ زۆر ناخۆشە. دڵم لە ژێرڕا دێ،چاوم ڕەشکەو پێشکە دەکـەن. ئۆخەیش باوەخولێ چەند خۆشە! لەباوەخولێدا کەس وەک مـن نایـەتـەوە. لـە دەرس و مەدرەسەشدا هەرواز‌یرەکم! تەماشای ئەوە مەکـەن کـوڕە فـەقـیرم و لیباسەکانم بە قەدرایی‌لیباسی خەسرەو و ئەشکان و مەنوچێر تازە و جوان نیە! لە دەرساهیچیان وەک من نایەنەوە. نمرەکانم هەمووی بیستە! شاگرد هەوەڵم. بـەزۆرەبـانیش دەیـانخـەم! بـە شـەڕیـش دەرووەسـتم نایـەن! ئـەلحانـەکـە زەنگیوەرزشە، کەس لـە تـۆپێن و بـاوە خولـێ دا وەک مـن نایـەتـەوە! ئـەوە کێبەرکێی باوەخولێیە! دەخولێمەوە! دەستەکانم بوون بە چوار! بـە شـەش،بـە

حەوت! سەرم بووە بە سێ، بە پێنج بە حەوت! لاقەکانم چوارن،شەشن، حەوتن! هەموویان سوور دەخۆن و دەخولێنەوە. سەرم سووردەخوا، دڵم لـە ژێـرڕا دێ. حەوت جار دەکۆخم و حەوت کەڕەتدەرشێمەوە! حەوت قڵپ خوێن، خـوێنی سوور و گەش! نا ناخوێنیڕەش و پڕ کێم و زووخاو!

له تاریک و نووتەکی ئەم شەوە ڕەشەدا دەبێ بچمە سەربـانی ماڵـیحـاجی ڕەحمان و کۆترە هەڵفڕیوەکەم بگرمەوە! لەسەر دوو نەهۆمەکەیماڵـی حـاجی ڕەحمانەوە بەر دەبمەوە! یەکسەر بۆ نێو بیرەرەش و تەنگ وتیوارەکـە! سـەرەو نەخوون هەر بەرەو خوار دەڕۆم! هـەر دەڕۆم و ناگـەمـە بـنبـیرەکـە؛ دڵیشـم بەربۆتەوە! سەریشم بەر بۆتەوە. جیا جیا بەربوونەتەوە!دڵ و سەر و لەشـم جیـا جیا بەربوونەتەوە. بە بیرەکەدا هەر دەڕۆینە خوار،بەڵام ناگەینە بن بیرەکە. ئـاو لە دڵمەوە هەڵدەقوڵێ! بە گەرووم دا دێت ولە دەممەوە شۆڕاوگەی بـەسـتووە. من و لەش و سەر و دڵم هـەروا بـەبـیرەکـەدا دەچینـە خـوار. لـەم تاریکاییـە دەترسم. ئەی بۆچ لە بـن نایـە؟بـۆچی ناگـەینـە خـوارێ. بـۆچی کـەس نیـە بمگرێتەوە! کەس نیە، کەس نیە.حەوت سەعـات، حـەوت سـاڵ، یـان حـەوت سەدە بەرەشایی و تەنگ وتیواری بیرەکەدا دەڕۆمە خوارێ! حەوت ساڵی ڕەبەق شاگرد هەوەڵبووم! ساڵی حەوتەم گەڵاکانم دێت! دیتم گەڵاکان لە دارەکە بەر دەبنـەوە.گـەڵـاکان زۆر جـوان و رازاوە بـوون. سـەرنجیـان راکێشـام! دڵـیان رفاندم!وەدوویان کەوتم. هەموو کارێکیـان پـێ دەکـرا! لـە مـەدرەسـەدا، لـە مامۆستادەپرسم چۆن دەبمـە خـاوەنی گـەڵاشـینەکـان؟ چـۆن ژوورێکـی پـڕ لـەوانـەمدەبێـت؟ دەڵـێ: بـە خوێنـدن کـورم، بـە خوێنـدن. ئاخـە مامۆسـتا خوێندنیچی؟ ئەوە نیە حەوت ساڵی ڕەبەقە شاگرد هەوەڵم و گەڵایەکم نیە؟ نا ناتۆ پێم ناڵێی! هەر ڕەوانەی خوێندنم دەکەی. لە شەقام و بـازاڕیباژێـرەکـەدا دێم و دەچم. تۆ خودا کاکە تۆ پێمبڵێ، چۆن دیـوەخـانێکیپڕپـرم دەبیـت! بـە خودای ئەم برادەرە راست دەکات. بە قسـەی دەکـەم.کتێبـەکـە حـەوت جـار دەخوێنمەوە، حەوت جێ دەچم، لە حەوت دەرکئەدەم! حەوت مانـگ چیـە؟؟ حەوت کەڕەت، حەوت ساڵیش بێت،دەچم. جاخۆ ئەگەر گەڵاشینەکانم هەبـێ چیم نابێت؟ بەڵام حەوت گەڵاچیە، حەوت هەزاریشم دەبێـت! حـەوت ژووری پڕیشم دەبێت!

ئەی دونیا بۆ وا تاریکە؟ بۆچ کەس بە دیارەوە نیە. ئەم دووکـەڵـەخـەریکـە دەمخنکێنێ! دیسان کۆخە، کۆخە هەشاوڵی هێناوە. ئەرێکۆخەیە یـان دەنگـی تەیارەیە؟ بڵێی دەنگی تۆپ و خومپارە نەبێـت؟ تۆخـودا گـوێ بگـرن. دەنگـی تەیارە و تۆپ و خومپارەیە. تەماشای کەن‌ئاگر! دووکەڵ! هـەور! تـەم و مـژ!!! ئیدی چاو چاو نابینێ، بەڵام گوێم‌لێیە. دەنگی کۆخە و تۆپ و تـەیـارە تێکـەڵ بووە.

عەلی! عەلی لە کوێی؟ چت لێهات؟ بۆچ دیار نیت!! ئـەحمـەد وهـەمـزە و حەسەنیش دیار نین. دایکم و حەمـە و منالـەکـانی دیکـەش دیـارنین. هـەر گوللەیە و دێتە خوار. وەک گەڵای دار، چەشنی خیز و خۆڵـی‌چـۆمی! حـەوت کەس بووین. بە منەوە حەوت، ئەی چییان لێهات؟کەس ئاگای لە کـەس نیـە، کەس نەماوە، ئاخ ئەوا دیسانەکەش کەوتمەبیرەرەش و تەنگ و تیوارەکەی پشت ماڵی حاجی رەحمانەوە!

بە تەنێ تێکەوتووم! لە بیرەکەدا دەرۆمە خوار. خۆم بە جیا، لـەش وسـەر و دڵم بە جیا بەربووینەتەوە! سەرم لە گێژەوە دێت. ئاو لە دڵمەوەهەڵدەقوڵـێت. بە گەرووم دا دێت و لە دەممەوە دەڕژێتە دەرێ! بەڵام ئاونیە! ئاو کوانێ رەشە! کوانی سوورە؟ ئەوە خوێنە. حەوت دڵۆپ خوێنی‌سوور، نا، نا خوێنی رەش. لە پڕ بە سەرەوە، بە ملەوە، سەرەو خوار، تەق بە بن بیرەکەدا دەکەوم! لـەت لـەت و کوت کوت دەبم! دەبمە حەوت‌کوت. کوێم نەشکاوە؟ کوێم ساخە؟ تاقە جارێک نەکەوتم، حەوت‌جاری رەبەق  بوو، لە حەوت جێگە کـەوتم! ئـاخ بـۆچ چوومـە مەدرەسە؟بۆچ لە مەدرەسە چوومە دەرێ؟ بۆچی چاوم لە گەڵاکان دەبڕی؟ خۆم بەخۆمم کرد یان پێیان کردم؟ بۆچی گـەڵـاکان دڵـیان لـێ رفانـدم؟ بـۆچ لـە هـەرکـەس و ناکـەس نزیـک دەبوومـەوە؟ بـۆ لـێم‌دەپرسـین، چـۆن دەتـوانم دیوێکم‌گەڵای شین هەبێ؟ بۆچی رێگەی حەوت ساڵم پێ رێگەی حەوت‌دەققە بوو؟ بیکێشە، کاوە بیکێشە! خۆت بە خۆتت کرد. مریشک بۆخۆی خۆڵ بەسەر خۆیدا نەکات، کەس خۆڵی بەسەردا ناکات.

رۆژی حەوت کەڕەت دەکەوم و هەڵدەستمەوە، دەخەوم و رادەپەڕم،دەمرم و زیندوو دەبمەوە! هەموو رۆژێ حەوت سەتڵ خوێن لە حەوشە،لە ژوورەکەم، لە نێو جێ و بانەکەم لە دڵمەوە هەڵدەقوڵێ. خوێن حەوت‌لایەنم دادەگـرێ! ئـاخ ئەم حەوت دڵۆپە خوێنە، ئەو حەوت گەڵا گڵاوانە،ئەم حەوت دیلان گێڕ و چۆپی

گرانه، ئەم حەوت دەهۆڵ و زوڕنایەرەوانەی کوێم دەکەن؟ لە کام گۆڕدا دەمنێژن؟ لە کام قسنم دەهاون!!!ئەی هاوار کۆخە، پەرۆش، کۆخە، هاوار دڵم هەڵقەندرا، ئاخ دڵم لەدەممەوە...! چاوم کوێر...! گوێم دڕا! ئاخ هاوار... دایە... دایە...رابەگیان! رابە... ڕووناک، ڕووناک. کەس گوێی لێ نیە. گوێشیان لێ بێت،نایەن! سەد خۆزیا حەمە بێتەوە!!! ئەگەر حەمە بێتەوە بۆی دەگێڕمەوە،هەموو شتێکی بۆ دەگێڕمەوە، پێی‌دەڵێم مانگی ڕەشەمەیە، گریمان‌زستانیش تەواو نەبووبێت، ڕەشەمە مانگی دەمەو بەهارە. دەبا بڕۆین،بڕۆینەوە بۆ دێ، بۆ گوندەکەی خۆمان. رابەمان ناوێ. ئەویش ئێمەی‌ناوێت. هەمیشە ژوورەکەی پڕە لە سەگ و ڕێوی و پشیلە. دیلان دەکەن،شایی و گۆوەند و سەما و زەماوەند ساز دەکەن. رابە سەرچۆپی دەگرێ،پل لێ ئەدات و سەما دەکات!! ئاخ ئاخ خۆ ئەوە دیسان کەوتمەوە نێوبیرەکەی خوارماڵی حاجی ڕەحمان! خوایە ئەم بیرە چەنێ تاریک وتنۆکە؟ چەندە ڕەش و بێ بنە. بنەکەی پڕ لە خوێنە. حەوت دڵۆپی تەواو!هەر دڵۆپەی پڕ بە حەسارێک! پڕ بە ژوورێک! پیاو تێی‌دا دەخنکێ.وشیار بن، من لام روونە تێیدا دەخنکێم، ئێوە لێی دوورکەونەوە. ززۆرتتاریک و تتەنگ و تتیوارە. ووشیار ببن تێیی‌ی نەکەون! تێی‌کەوننن دەخنکێننن. ئاخخخ بۆ دەستێک دددەرم بێنێتەوە. وەوەهۆی‌حەمەگیان. نن لە کوێی؟ لە کوێیی‌ی؟ بابەگیان، حەمەگیان، nnن لەکوێی؟ لە... کوێ... ی...ی...

٢ - بالۆرە

دراوسێکان، حاجی‌ڕەحمان شەرمەزارتانم، سەرتان دێشێنم. هەوەڵتا سەر گەڵاشینەکان کردیان! حەوت گەڵای شین لە گیرفانی کوێخاشەریفەوە سەریان کێشا بووە دەرێ. چاویان لێ دائەگرتم! کوێخاشەریف جار و بار زۆر خۆمانە و ئاسایی خۆی بە حەساری ماڵەکەمائەکرد و هەرای ئەکردمێ: «حەمە، لە کوێی حەمە؟ زووکە بڕۆ بۆ ئاشی‌خدر. ئاشەکەی شکاوە، خەڵک و ئارد ماتڵن، چاوەنواڕی تۆن ئاشەکەوەکار خەیتەوە!» کوێخای گوندەکەمان بوو، نەدەکرا بە قسەی نەکەم! بەتایبەت ئەو گەڵاشینانەی دەی‌هاویشتە گیرفانمەوە دەمی ئەبەستم!

کەوتمە جەغزی جادووی گەڵاشینەکانەوە. ئەو کارانەی پێیانجێبەجێ ئەبوو بەری چاوی گرتم! ئەقڵی لێسەندم. دەوری ئاشی ئاو،ئاش وەستای حەوت ئاشان بووم. دەوری ئاشی ئاوریش کە بەسەرچوو، رابە و رووناک هەڵیان پێچامماڵمان بێتە شار، لە ناخما بە خۆمئەگوت: «لە دێ ئەڕۆم و ئەچمە شار، وەستایەتی ماتۆڕی کوورەخانەئەزانم. وەستایەتی هەموو کورەکان ئەگرمە دەس! بە حەقت دەس و لاق ئەکەومە کار. زۆری پێ ناچێ ئەبمە خاوەنی کۆمایەک لەم گەڵاشینانە!ئاخ گەلحۆ بە خەیاڵ نابێ بە ماڵ؟ چ خەیاڵ پڵاوێک؟ چەنێک زوو لەمخەونە راپەڕیم.»

ئەوە کاوەیە ئەناڵێنێ. کاوەگیان! هاین لە ماڵ خۆمان! لە ناو جێ وبانەکەی خۆتا راکشاوی. دەوران دەوری دەم و لێوت کەف و خوێندایگرتووە. ئەم کەف و تف و لیکە خوێناویە بۆ ناو سنگ و ملتشۆڕاوگەیان بەستووە. دەبێ چەنێکت هاوار کردبێ؟ ئاخۆ چەنێکداوای حەب و شەربەتت کردبێ؟ دەک کوێراییم دایە کەس بە هاوارتەوەنەهاتووە.

ئەی من ئەم گشتە هەوڵ و تەقەلایە بۆ ئەدەم؟ بۆ کێ؟ بۆچی!کاوەگیان هەر ئەناڵێنێ و هیچ ناڵێ. رۆڵە چیت دەمێ؟ چت ئەوێ؟ ئەواڵە ژوور سەرت دانیشتووم، ئەی بۆچ داوای هیچ ناکەی؟ ئەوا لەبەرخۆتەوە کەوتیە وڕینە. لەگەڵ کێتە؟ چی ئەڵێی؟ ئەرێ ئەرێ باسی رابەمبۆ ئەکەی. پێمئەڵێی لە ئارایشگاکەی دا هەڵئەپەڕێ، پللە لێئەدات.سەما ئەکات. منیش ئەزانم رابە و میوانەکانی زوو بەزوو دابی قژ و پرچ وجل و بەرگیان ئەگۆڕن. کوڕە رۆڵە ئەم قسانە بۆ کێ ئەگێڕیتەوە؟ من خۆمئیمرۆ لە مەدرەسەی شاهۆ بووم، خۆم ئەم قسە و باسەم بۆ مامۆستاکەیشاهۆ گێڕایەوە! تۆ حەوتەیەکە ئەمەت زانیوە، من حەوت ساڵە ئەمانەئەزانم! بەڵام چم لە دەس نایە. بەزیوم! دەروەست و دەرەقەتی نایەم. تۆبەم ناساخیە کارت بەم قسانە نەبێت، چت لە دەس نایەت. خۆم حەوتساڵە ئەیکێشم! هەمو شتێ ئەبینم، ئەزانم، بەڵام چی بکەم؟ ساڵیهەوەڵ زۆرم نەڕەو گوڕە کرد، فرە بۆڵە بوڵم کرد، سەد شەڕم لە تەکیا کرد،بەڵام رابە هێندە دڕ و زووان درێژە دەروەستی نەهاتم و بەزیم. ئیتر لاڵ وبێدەنگ بووم. ئەم وسکوتە بۆم بووەتە یاسا! لە کڵۆڵی خۆم! کاوەگیانتۆش چ مەڵێ! حەوات ئەداتە دەرێ. منیش لە تەک تۆدا فڕێ ئەدات،هەر دووکمان وێڵ و دەربەدەری کۆڵان و هەندەران ئەکات!

دەرکی ماڵ بێ چرپە ئەکەمەوە. بێدەنگ و بـە ئـەسـپایی ئـەچمـەژووریٚ. بێهەست و خوست دەورێک بە حەسارەکەدا ئەدەم و ئەڕۆمەژوورەکەم دائەنیشم. بەشکوو برێک بحەسێمەوە. لە ژوورەکەی رابەوەدەنگی رابە و میوانەکانی دێت. نەواری هەڵپەڕکێیان خستووەتە سەرزەبت و دەنگی پێکەنـین و جـەفـەنگیـان دێت. ئەگەر لێیان ئەچیە ئەو دیوو لە رابەخان پرسیار ئـەکـەی: خـانم شـایی چیت لە دڵ ئەگەڕێ؟ ئەم بەزمو رەزمە چیە؟ بووک بۆ کاوە ئەڕازێننەوە؟ چاوت نابینێ جگەرگۆشەکەت دەمەو مەرگە. جواناو ئەڕێژێ و ئیمڕۆ و سـبەی... لاڵ بم...کوێراییم دایە... مەرگ. تۆ دایک نیت؟ رەحم و دڵت نیـە. کـاوە کـوڕی تۆنیە؟ ئەزانم دیسانیش چاو ئەقووچێنیٚ و دەم ئەکاتەوە...

ئاخ چی ئەڵێم؟ چ بکەم؟ هاوسێکان... حاجی رەحمان ئێوە گشتبرای ئەم دونیامن، برای قیامەتیشم بن! بەسەری ئێوە، حەوت ساڵ نا،حەفتـا ساڵـە ئـەم کۆڵەبەردە باری سەرشانمە. لە ئاسن کێشان گرانتر وناخۆشترە! بارستایی ئـەم ناڵەشکێنەیە خەم لە دڵم بارە. بەڵام چـم لـەدەس نایـە. کـوێراییم دایـە پیـاو نەماوە! رۆژگاری پیاو نیە. قەت بۆچیپشیلە مێروویەک ئاوا بکات!

«تا لە دێ بووم رابە پێی ئەگوتم: حەمە نەهێڵی کۆیخا بزانێماندووی! لە نان خواردن ئەکەفین! خۆشم ئەمگوت ماندوونیم کوێخا!هەر ئەلحان لە ئاشەکـەی خدر تێمـەوە، شـەوی رابـردووش ئاشـەکـەیجـافرم وەکـار خسـتەوە، بـەڵـام ماندوونیم. تۆ برا گەورەی کوێخا! چیئەفەرمووی هام لە خزمـەتتـا! بـۆ کـویٚ ئەفەرمووی وەڕێ کەوم. ئادەی رابەئەو پرێسکە نان و پەنیرەم بـۆ سـاز کـە بـا وەڕێ کەوم. لە دڵما بە خۆمئەگوت: حەمە نەهێڵی بزانیٚ ماندووی! رزقی خۆت و مناڵەکانت ئەبڕیٚ!لە قسەی دەرنەچی! ئەم کابرایە پیاو ماقووڵی ئاواییـە، دەم راسـتیئاغایـە. وەدووی فـەرمایشـەکـانی کـەوە، راکـە دەی راکـە! حـاجی رەحمانئەمبووری سەرت دێشێنم! دوێنیش وەک رۆژانیتـر، مـاوەیـەکـی زۆر لەژوور سەری کاوەوە دانیشتم. بە درێژانیی عەمرم ئەوەندە پەرۆش وخەفەتبـار نەبووم. کاوەی چی؟ پەڕپووش! دە پانزە کیلۆ پێست وئێسکان! یەک لـە ناکـاو حاڵی گۆڕدرا. کەوتە وڕینە کردن و هەنیسک دان.هەنیسکی وای ئەدا، لەوانەبوو جەرگ و دڵی بێتە دەریٚ. خوێنئەڕشایەوە، هاوارم کرد: رابـە رابـە! بگـەیـێ! دەواکان بێنە، کاوە لە دەسچوو. نەخێر خانم پێی نەئەکرا، کاریتری هـەبـوو! خۆی لێ کەڕ و نەبیسکرد. مێوان و مشتەری هەبوو، ئەوی پێویسـتتـر بـوو!

جیرانەکان، ئێوەش‌لە برا نزیکترن، دوور لە رووتان ژنان هاتبوون چاوو برۆیان بۆ هەڵگرێ.زوڵف و پرچ و قژیان بۆ برازێنێتـەوە! دەم و لێویـان بـۆ سـوور کـات. ئەم‌کارانە لە بوون و نەبوونی جگەرگۆشەکەی گرنگتر بوو! هەستام و کەوتمەماڵ پشکنین، بەشکوو دەواکان بدۆزمەوە. کاوە لە گیانەڵلا دابوو. کەفی‌هەڵئەخڕاند. وڕینەی ئەکرد. هەنیسکی وای ئەدا، لەوانەبوو دەفەی‌سنگی بدڕێ و سەری بـە هەنیسکەوە چەشنی بـەردی گۆچـەقـانی‌حـەوادرێ. بـە هـەڵـە داوان قـوژبن وقولینچکی ژوورەکانم پشکنی. ئەی‌خـوا هـاوار دڵ برینـدار و جـەرگ بـرژاوم نەکەی! هاوار خوایە! ئەم منالە بێسووچ و تاوانە هیچ لە دونیا و عەمری خـۆی خێر و خۆشی نەدیوە!زۆری پێ چوو تاکوو دەواکانم دۆزیەوە! پەیتا پەیتا هاواری رابە ورووناکم ئەکرد! بەڵـام بـە هاوارمـەوە نـەهـاتن. دەوام بـرد و گـەڕامـەوە بۆژوورەکەی کاوە. هەروا وڕینەی ئەکرد. تەواوی بەسەرهاتی خۆی و منو رابەی ئەگێڕایەوە!! دەواکانم بە زۆر بە گەروویا کرد: «رۆڵە هەر ئەڵێێ لـەبـیرەکـەی پشت ماڵەکەی حاجی رەحمان کەفتووی! نا نا رۆڵە لە بیر وچاڵاو نەکەفتووی! ئێرە ژوورەکەی خۆمانە، من حەمەم! حەمەی بابت.دەم بکەرەوە، ئەم حەبانەش بخۆ. هانێ ئاوی بەسەرا بخۆ! ئا ئەم‌کەوچکە شەربەتەیش هەڵقوڕێنە. چـی؟... بۆت قووت نادرێ! کاری‌حەسارێت نیە؟ ناڕۆم... نا... دڵنیابە ناڕۆم. ئەوە لە لات دائەنیشم.لێم‌ئەپرسی بۆ کوێ چووبووم؟ لە کـوێ بـووم؟ زۆرت هـاوار کـردووە وکەس بە دەنگتەوە نەهاتووە؟ ئاخۆ رۆڵە چ بکەم؟ قوڕی کوێ بەسـەر داکـەم؟ چۆن دەرنەکەوم و وەدووی کوێرەوەری نەکەوم؟ مەگەر بۆ کێی‌ئەکەم؟ هەر بـۆ ئێوە نیە؟ تۆ خوا دراوسێکان ئاوەها دەس وەسانم تەماشامەکەن؟ ئاش وەسـتای حەوت گوند بووم. ئێستاکەش وەستای حەوت‌کوورەخانەم. رۆژ و شەو ناسرەوم! هەدانادەم! ئەی لەبەر چی و بۆ کێ؟ئەدی جل و بەرگ و خەرج و خۆراکیان کێ ئەیکڕێ؟ ئەدی شەربەت وحەب و دەرمان و دەرزی و دوکتۆریان بە پوولی کێ جێ بەجێ ئەکرێ؟

خۆ رابەخانم خوا نەکا قڕانێکی خۆی بۆ ئەم منالانە خـەرج بکـات. بـەخـوا بناغەی گشت ئەم نەهات و چارەڕەشیە رابەیە! تۆی تۆ، تۆ رابەخان!ئـەوا تـۆش ئێستاکە خۆت لێ بە پشتا خستووین! نامان‌ناسی! بەدی وخەراپەی تۆ ئاوقـای ئێمە بوو! ئێخەو بەرۆکی ئێمەی گرتـووە. ئـاخ‌رابـەخـان چـۆن ورد و درشـتی ئێمەت سەرشۆڕ کرد؟ بە بیانووی ژن وبووک رازاندنەوە! لەم ئارایشگایەدا چـت

نـەکـرد؟ چـت نـەکـرد و چ ناکـەی؟کـوێربم دەورەی پیـاو نـەمـاوە! پیاویـان خەساندووە! ئەگینا چۆن پشیلەمێروویەکی ئاواکەڵەگایی بکات؟ کوێراییم دایـە بۆ تۆ کاوە، ڕۆڵە گوللەتبە دەم ئەگرتەوە. بە خۆت و پانزە ساڵ تەمەنەوە حەوت مانگ لەهۆردوو بووی. چەنێکیان تاریفی مـەردئازاییـت ئـەکـرد. جـا تـۆ ئـاوا زەلیلنەبووایەی، رابەی دایکت چۆن ئەیتوانی ئاوامان بەسەر بێنێت؟!

حاجی رەحمان، دراوسێکان، رەببی قەت خراپەی کەس و کارتـان بـەچـاو نەبینن، بە گوێ نەبیسن، ئاخ هەر لێ گەڕێین! لە مـەدرەسـەی شـاهۆیکـوڕە بچووکمەوە ئەنێرنە دوام، پێمئەڵێن: مامە حەمە شاهۆی کوڕتدەرس ناخوێنێ! مەشق نانووسێ! موتاڵا ناکات! جگەرە ئەکێشێ! مامەحەمە بۆچ سەرپـەرشـتی ناکەی؟ خزم و کەس لێم رائەسپێرن: ڕووناکواچوو... رابە وابوو... بۆچ بەریان ناگری؟ ئەدی هەر ئەم ڕووناکە نەبووئەم گشتە بە هۆش و گۆش و ئەقڵدار بوو! شارێک بە ئاواتیەوە بوون. قسەلە گوێ و گوێ لـە مشـت بـوو. ئـەی بـۆچ وای لێهات؟ حەوت مانگ بووکیماڵان نەبوو! ئەوا حەوت مانگە تەڵـاق دراوە! ئـەم گشتە بەرگی سوور وشینە ئەگۆڕێت! رابە ئەیڕازێنێتەوە، کەس پێی ناڵێ کەرت بە چەن؟! پیاوحەز بە کوێری خۆی ئەکات، بـە خراپـی مـاڵ و منالـی ناکـات. کوانێ منئەوەندە گەورەیەکی خراپ بووم؟ بە خوا ئەم ڕۆژگارە رەشمە بە خەون وخەیالیشدا نەئەهات! تۆ خوا ئەمبوورن! سەرتان دەئێشێنم! ئـەڵـێن:نـەهـات باشە، قورتەکەی خراپە، ئەمە لە من رووی داوە! شارهاتنم لەچیبوو؟ ئارایشـگا دانان بۆ رابەم لەچی بوو؟ خۆم کردم! کە دیم کاوەخەریکە ئەمـرێ، رفانـدم بـۆ نەخۆشخانە. بە دوکتۆم گوت: کوڕە دوکتۆربۆ خاتری خوا بگەرە فریام! دەسم بە داوێنت! کەسم نیە، بێ کەسم! دنیاو دینم ئەم تفڵەیە؟ ئاوای تەماشـا مـەکـە، هەیدە، هەژدە ساڵانەیە، لەمنالی سەر لانکە پاکترە! چی لە دنیا نەدیوە! دوکتۆر بۆ خاتری ئەوکەسەی خۆشت ئەوێ، دەرزییەک، دەرمانێک، چارەسەری کە. توا خواپێمەڵێ: ئەدی هیچت لەدەس نایە! جا چۆن کاوە ئەمرێ؟ نا... نا...قـەت وانیە! وانابێ! ئاخ قۆڵم بەردەن دانیشم! قوڕم بەسـەر، پشـتم شـکا!ئـەژنۆکـانم ناتوانن رام گرن! کاوەگیان لەگەڵ تۆم، لەسەر تـەختـەکـەیئـەتوێتـەوە. وەک شۆقی چرایەک لە کزی بداو بەرەو کووژانەوە بچێ!وەک مۆم ئـەتوێتـەوە، کـەم ئەکا! جا چۆن شێت و هار نەبم و وەشاخ و کێونەدەم! قسە بۆ تۆ ئەکەم دوکتۆر پشتم تێمەکە، مەڕۆ! بۆچ ئەڕۆی؟ کاکینەخۆش بۆ تۆی ئەگێڕمەوە. قسە نەکەم

دڵم ئەتەقێ! فججە ئەکەم. گیانلەجێیەک سەخت دایە و دەرناچێ. رۆژی ئاوا رەشم بە خەوی تاڵیشەوانیش نەئەدی. لێقەومان و ئاوا؟ قـەت بـیرم بـۆ ئـەوە نەئەچووچارەرەشی و نەهاتی ئاوەهام دەرک پێبگرن! حەجمێنم نەبوو، لەسەرخۆ ئەچووم و ئەهاتمەوە خۆ! سەرتان دەئێشێنم، ئەمبوورن! ئاگرمتێبەربـوو! کـاوە پشتی شکاندم. لە ژوورەکەیا ئەهاتم و ئەچووم. ورینەمئەکرد و قسەم ئەپەڕاند! رۆڵە کاوە بۆ وات کرد؟ بۆ وات بەسەر هات! منئاواتەخوازی دەرس خوێندنی تۆ بووم! بەم ئاواتەوە بووم ببیە دوکتۆر،مەهەندێس، مەعلم!

مەگەر هەر تۆ نەبووی بە نمرە هەوەڵ دەرئەچووی؟ کەمـت نمـرەیبیسـت ئەهێنایەوە؟ بۆ جارێکیتر کەوتەوە ورینە؟ باسی تۆپ وخومپارە و شەڕی ئەکرد. باسی بیرەرەشەکەی پشت دیواری ماڵ حاجیرەحمانی ئەکرد. هەر دەشکۆکی، دەکۆکی و کۆکە و ورینەی تێکەڵکردبوو. شانیم رائەوەشاند و پێمئەگوت: رۆڵە! کاوە لە مەیبانی شەڕنیی؟ لە ماڵی خۆمـانین! تـۆپ و خومپـارە و بـیرەرەشـی کوێ؟ نا، نا، لە بیرنەکەوتووی. دەنگی تۆپ و خومپارە نایەت! شەڕگەلێ ساڵـە تەواو بووە!ئەمە دەنگی کۆکەی خۆتە لێـت بـووەتـە ئـەم دەنگـە. هـەرای کـێ ئەکەی؟هەمزە و حەسەن و یاسری کوێ؟ مـن حـەمـەم! حـەمـەگیـان! بـابی خـۆت.هانـێ ئـەم شـەربـەتـە بخـۆرەوە. کـەم بکۆکـە. دەم بکـەرەوە هێنـدە کۆکیویخوێنت لە لەشا نەمـاوە. لـە پـڕ لـەسـەر خـۆ چـوو. گرتمـە بـاوەش. زۆرمهـاواری روونـاک و رابـە کـرد! هـاواری دراوسـێکانم کـرد! کـەس بـە فریامەوەنەهات! کاوە بڕێ هەنیسکی زۆر توندی دا، هـەناسـکەیـەکـی گـەلـێ درێژیکێشا ولەسەر خۆچووەوە، بە دوو چەپۆکە بەسەر خۆما کێشا. هاوارمکرد: رابەخان بگەیێ جگەر گۆشەکەت مرد! نازانم چۆنم تەرمی سارد وسـڕی کـاوە گەیاندە نەخۆشخانە خۆم بە ژوورەکەی دوکتۆرا کرد و بەسەرلاق و کەوشەکانی دوکتۆرا کەفتم! سەد کەڕەتم کەوشەکانی ماچ کردولێی پاڕامـەوە: دوکتـۆر بـۆ خاتری خوا، بێ کەسم، بگەرە فریـام! دوکتۆرچـووە سـەر تـەرمـەکـەی کـاوە. تەماشایەکی کرد و نەیکرد، بێ سێ و دوووتی: ئەمە خۆ مردووە مامە! چی دی نەوت، لێی دا و رۆیشتە دەرێ!گیان لە جێیەک سەختە و نایەتـە دەر، دە وەرە مەمرە حەمە! تۆ خوا کاوەمرد؟ تەواو بوو؟ دەک کوێخا شەریف ئاگر لە قـەبـرت کەفێ بۆ ئەمگەڵاشینانەی تەماحیانت خستە دڵ منەوە! رەبـبی هـەر شـەوەی قەبرێکبناسی! ئاخ خات رابە چەنێکم ئامۆژگاری کردی وا مەکە! وا مەبە!هەموو

ئاگری تۆیە ئەم چۆلەکە بێ تاوانەی سووتاند! ئاخ قوڕ بەسەرخۆم کاوە! کوێر بم! حاجی ڕەحمان ئاگرم تێبەر بووە، پشتم شکاوە،کاوە بۆ وات لێکردم؟ ئاخ مردن، چەنێ خۆشە! مردن! مردن.ن ن ن..مـردن چـەنـێ ی ی ی خۆشـە!شـە ە ە مردن.ن ن ن .. چەنێ.ێ ێ ێ..ئاخ.خ خ خ...

٣ـ خەونە نەخشینەکان

گشت ڕۆژ و شەوگار هەر گەڵا بوو ئەباری و لـە ئاسمانـەوە ئـەڕژایـەخـوار! گەڵاشینەکان لە حەوادا سووڕیان ئەخوارد، ئەخولانەوە، سەمایانئەکرد و هێدی و هێمن ئەنیشتە سەر زەوی. گشت وڵاتیان دائەگرت! لەنێو گەڵاکانا ئەهـاتم و ئەچووم، مەلەم ئەکرد! سەما و هەڵپەڕکەم ئەکرد،ڕائەکشـام و بـە نێویانـا تلـم ئەخوارد. لە ئاکامیشا، هەر کاتێ لە کایە و سەمامانوو ئەبـووم، گشـت باخـەڵ و گیرفانەکانی کولۆجەکەم لە گەڵاکان پڕئەکرد! بەسەر ئەمەشدا باوەشێکی باشم گەڵای شین و جوان و ڕازاوەهەڵئەگرت و بەرەو ماڵی خۆمان وەڕێ ئـەکـەوتم! تەنانەت لە حەساریماڵەکەشمان هەر گەڵا بوو ئەباری!

تەختی حەسارەکە لە گەڵاشینەکاندا ئەشاردرایەوە. بەڵام بارانەو گەڵـاباران هەر تا گوێسەوانەی حەسارێ بوو! ئیتر ئـەوەنـدە ئـەمکـرد وئـەمکۆشـی، تاقـە گەڵایەک چیە بۆم نەئەبردرایە نێو ژوورەکەوە. دەستمئەکردە گریان و خـۆم بـە ژووردا ئەکرد. لە پشت پەنجەرەی نێو ماڵەکەوەئەمڕوانیە گەڵاکان و هۆڕە هـۆڕ لە قڵپەی گریانم ئەدا.

نازانم بۆچ کوێر نابم؟! ئەوەندەی حەمە ئەبینم دەس ئەداتە ئەمفەرغونە و لە کۆڵانا هەرا ئەکا: ورکە نان ئەکڕم! کێ ورکە نانی هەیە؟ورکەنان! کەس نیە پێی بێژێ پیاوی خاس تۆ ئاش وەستای حەوت ئـاشبـووی، وەسـتای مـاتۆڕەکـانی حەوت کورەخانە بووی، ئەم کارە چیەرەچاوت کردووە لەویش خەراپتر شاهۆیە. بەسەر و مل و جل و سیپاڵیچڵکن و شڕ و کۆنە بۆوە، وەدوی حەمە ئەکەوێت و لەگەڵ ئەو دابانگاوازی ورکەنان ئەکات. کەس نازانێ بۆچ بە ملـی شـکاوی لـە خوێنـدنکشـایەوە؟ ئـەمانـە گشـت لـە لایـەک، داخ و دیقـی ڕوونـاکیش لـە لایەکتر!ئەم گشتە ئامۆژگاری و خەرجەم بۆ کرد؛ ئەم گشـتە لیباسـە سـوور و شین ورازاوەیەم بۆ کڕی؛ ئەم هـەمـوو خـوازبینیکـەرە دەوڵـەمـەنـد و باشـەم بۆدۆزیەوە؛ لە ئاکامدا لەگەڵ شۆفرە بەڕەڵایەک ڕەدووکەوت، لێـیدا ورۆیشـت؛

ئێستاکە حەوت مانگی ڕەبەقە هەواڵێکم لێی نیە. نازانم ماوە،مـردووە! سپڵـەی بێ ئەمەک ئەڵێ قەت قەت دایک و باوکی نەبووە؟ ئاخ‌ڕۆڵە، ڕوونـاک کـوێربم! کوێراییم دایە، هیوام بە تۆ زۆر بوو. من دوکتـۆر وقـازی و کاربـەدەسـتی فـرە دەوڵەمەندم بۆ دۆزیبوویتەوە، بەڵام ئەمەی تۆبە خۆت و بـە منـت کـرد خـۆش نابێتەوە. نە بە خوا، خۆش نابێتەوە! ئای‌چمان بەسەرهات! سـێ ڕۆژ و شـەوی ڕەبەقە نە شەومان شەوە، نە ڕۆژمان‌ڕۆژە! هەر یـەکـێ دێ و یـەکـێ ئـەڕوات! دەستەیەک دێن و دەستەیەک‌ئەڕۆن. سەحەرخانم بە گیانی تۆ، بە گڵکۆی ئەو کاوەیە، دەر و ئامانم لێبڕاوە! ئارام و حەجمانم نیە. کوڕەکـەم زۆر جوانچـاک و بـاش و ڕەزاشـیرین بـوو، زۆرم خـۆش ئـەویسـت! خـوا غـەزەب لـەم بابـە بەدریختەی‌گرێ. گشت تـاوانی ئـەو بـوو. ئاشـقە پوولـی کـرد. بـو پـوول بـە گوللەوەی‌نا!زۆر بە خێر بێی، قەدەمی شەریفت هێناوە. خۆ بـە خـوا کارناکـەم! سێرۆژە پرسەی کاوەیە. خزم و کەس و دیو ناس دێن بۆ پرسە. بەڵام لـەرووی تۆشدا نازانم بڵێم چی؟ بەرووی سـوورەوە، بـەم هـەمـوو ئـازیزی وبـەم گشـتە شەخسییەتەوە هاتووی! دیارە پێویستە بۆیە هاتووی. ناتوانم‌دەس بـە رووتـەوە بنێم. دەرکی ئارایشگاکە ئاوەڵایە. بێ دەنگ بڕۆژوورێ! نا نا زۆر ماتڵت ناکـەم، زوو دێم. با ئەم لا بە رشکاویەی‌هاوسێمان بڕوات! ئەوە خوشکە جەیرانیش هاتە پرسە! خوشکەجەیران بە خێر بێیت! پێڵاوت سەرچاوم! زەحمـەتـت کێشـاوە! خواخێرتـان بنووسـێ. کـوڕی ئێـوە خـۆش بێـت؛ بـرای تـۆ سـەڵـامەت! هەستاوی‌بڕوێ، سەرچاوم خێر بەریەوە، ڕۆڵە ڕووناک جەیران خانم بەڕێ کـە! من‌ئەچمەوە ژوورێ، سەرحەر خانم ماتڵە!... سەحەر خانم شەرمەزاری‌تۆم! خۆ لە کۆڵ نابنەوە! تۆویان بڕێ. دوو ڕوون! پشتە سەر لۆمـەم‌ئـەکـەن! تۆمـەت و بوختانم بۆ هەڵئەبەستن! پێم ئەڵێن: «ڕابە کوا دایکە؟دایک کەنگێ وایە؟ ئەڵێن حەوتمانگ ئەو کوڕەی لەسەر جـێ کـەوت،ڕابـە حـەوت جـاری لـە بـن سـەر دانەنیشت.» ئەرێ سەحەرخانم من ناڵێم‌تۆ بڵێ! ئەتوانم کار نەکـەم و دەرکـی ئارایشگاکەم داخەم! ئەتوانم دەم بەقوڕ و قپ و ڕوو گرژ و مۆن بم؟ ئەتوانم بەم دەفتەرە ڕانەگەم و دۆستان‌ئارایش نەکەم؟ ئەویش لەم ڕۆژگارەدا؟ خـەرج بـەم گرانیە!

خۆت لە من باشتر ئەزانی، کراسێکی کریپ و پشتوێنێک سی تمەن‌ئەبڕێ! هاڵقەیەک، کلکە وانەیەک پانزە بیست تمەنی ئەوێت. ئەگەم‌حەمە پیـاو بوایـە،

من بۆچ ئاتاجی کارکردن بووم! قەت نەبوو قەرانێکی‌لە گیرفانا بێـت! هـەرگیـز شایی‌یەکی خۆی خەرجی من و رووناک ناکات!فەرمو خانم، سەرهەڵێنە و لـە ئاوێنەکە دا لە خۆت بڕوانە. پرچ وزولفێکم بۆ مێش کردووی لە سنە و بۆکان و سەقز و سابڵاخ بەخیڵیت‌پێ بەرن و ئاواتت پێ بخوازن! تۆ خوا ئەم وەستایەتی و دەس وپەنجەیەی من حەیف نیە ئارایشی دۆستان نـەکـەن؟ حـەیـف نیـە بـۆ دووقەران چاو لە دەستی حەمە گیپاڵ بم! رەببی بابم هەر شەوێ قەبرێبناسێ! وا منی دایە دەس ئەم حەمە... یە! گوڵ کوانێ خواردنی کەرە...نوقوڵ کەنگی خۆراکی سە...یە؟ تا لە دێ بووین نەم‌ئەزانی دونیا بەری‌بە کوێوەیـە. بـە خـوا کوێخا شەریف باسی بۆ نەکردبایەم، هەرگیزنەم‌ئەزانی مانـای ژیـان چیـە! خـۆ لەمەو بەریش بۆم باس کردووی. هەرئەو بوو وتی رابیعە خانم تۆ لـە شـار بی و دەستێ بە خۆتا بهێنی وەزێر ووەکێڵ ئاو بـە دەسـتا ئـەکـەن. ئـاش نـەمـابوو، حەمەش بێ کار کەوتبوو.پووڵیشی خۆش ئەویسـت. لـە دەسـت ئـەم و ئـەودا دیتبووی! هەوای پارەلە کەللەی دابوو، بە هەزار زمان رازیم کردبێینە شار. تـۆ خوا سەحەرخانم ئەمجارەیـش لـە ئاوێنـەکـەدا سـەرنجێکـی خـۆت بـدە، لـە مژۆڵەکانت‌رازیت؟ برۆکانت چی؟ هەستاوی و ئەرۆی؟ سەرچاوم. خۆش هـاتی. تۆخوا وەرە بەم حەسار خەڵوەتەدا برۆ. با نەتبینن. ئەم کەللە کۆنانەی‌دراوسـێ هەزار قسەم بۆ هەڵئەبەستن! رۆڵە رووناک سەحەرخانم لەدەرکی پشتەوە بەرێ کە.

رووناک گیان ئاگای وڵاتت نەبرێ! نەکا دۆستان بێن و بگەرێنەوە، من‌پووڵی ئەم کراس و لەچکە رەشانە قەرزدارم. من ئەبـێ برۆمـەوە ژووری‌پرسـە، نـەکـا یەکێک بێت و لێرە بمبینێ، رەجممان ئەکەن!

ئەم سێرۆژە کافر بە حاڵم نەبێت! هەر دوورە خـزم و کـەس ودراوسـێیەک حەوت جاری سەر و دڵ گرتووم. وا وا لێکراوانە بۆ تۆپ وتەشەر و قسە و باس و چایی خواردن دێن! کێ دەروەستی ئەمەیەهـەتیـوی حـەمـە گیپـە مـردووە؟ ئەوەندە هەستام و دانیشتمەوە، هیندەم ئەمو ئەو بەرێ کرد، بـە جارێـک تێـدا چووم! گشتی سووچ و تاوانی حەمەیە،شەرت بێ حەوتوویەکی دیکەت لە تەکدا نەبم. مەرج بێت شەپێکی‌وەهات تێهەڵدەم، بە خەوی شەوانـیش رێگـەی ئـەم دەرک و کۆڵانەنەدۆزیـەوە! ئـەوە تـاکوو ئیمـرۆ بـۆ خزمـەت و نۆکـەری کـاوە رامگرتبووی!ئەشێ دەستی شاهۆ بەرەڵای کوڕت بگـری و گـۆڕت گـوم کـەی.

بەڵامرووناکت نادەمێ. کچ بێدایک، دەرنابات! ئەویش بێوەژن! رووناک بـۆمن و شاهۆ بۆ حەمە. نە گوڵ خواردنی کەرە،... نە نوقوڵ خۆراکی‌سەگە!...

بە زۆر تەڵاق ئەستێنم! ئەی قازی ناسرم بۆ رۆژێکی ئاوا نەوێ، بۆچیمە؟ دە چەلان بـە بۆنـەی ئارایشــی خانمــەکـەیــەوە هــاتووە پــوولی‌ئارایشــەکـەم لــێ وەرنەگرتووە. ئەوا دیسانەکە رووناک بانگم ئەکات. ئەبێمشتەری هات بێت.

دەبا تاکوو کەس دیار نیە خۆم بە ئارایشگادا بکەم! ئای ستارەگیان‌تۆی! بـە خێر بێی. چی؟ بۆ پرسە هاتووی، کوڕی تۆ خۆش بێت! کـەس وکـاری خـۆت سەڵامەت بێ. قەیدی ناکا، هەر لێـرە فاتیحـە ئـەخـوێنین! زۆرزووش بـەڕێـت ئەکەم... وەرە بەرەو ڕووی ئاوێنەکە دانیشە. ئەزانم لەسەرسەفەری! بە رووناکم ئەسپاردبوو، دەی خانم لە تەک ئاغارەزادا چۆنی؟بەم زووانـە چـی بـۆ کـڕیوی؟ منت بمرم راست بڵێ! تۆ؟ موبارەکە، مارزتۆ ئەزانی چیـت؟! کچـی کافرۆشـی! تەماشایەکی خۆت کـە! سـەرهـەڵـێنەولـە ئاوێنـەکـە بروانـە. سـوورایی سـەر کوڵمەکانت چۆنن؟ روون وگەش نین؟ئێستا کە زولف و پرچیشت بۆ فڕ ئەکەم. هەک بەسەرچاوان، زۆرناکێشێ، بەو چاوە شەهلایانەت بفەرموو تاوێک بخون!

لە پێش پێی تۆدا سەحەر لێرە بوو. پێم‌وایە بۆ شەوێ میوانداری‌ئەکات! بـە بۆنی دەمی دا لەوەی ئەچوو. چۆن نەتئـەزانی؟ خـۆ ساڵـزیاترە... بـەم جووتـە نیرگزی شەهلایە بفەرموو هەستن لە خەوێ...دەسـت و چـاوی تـۆش خـۆش بێ.... رازیت؟!! سەرچاوم.

ئاخ ئەگەر تەنیا سێ کەلاسم سەوات ئەبوو؟ رەببی باوکە... هەرلەبەر ئەوەی نانخۆرێک کەمتر لە ماڵت دابێ، هێشتا بستێ مناڵ بووم،حەمەت بـۆ دیمـەوە. کلکت گرتم و حەوات دامە دەرێ. ئاخۆ کابراتۆخۆت پیر ببووی، ئیتر شـوانی و مجێوریت نەئەتوانی منت بۆچ بەدووپارە فرۆشت؟ هەروەک دایکم کارەکـەریـی خەڵکی نێو دێی ئەکرد.منیش کارەکـەریـی حـەوت ماڵـم ئـەکـرد! لـە برسـا ئەمردین؟ خۆ تۆ لە پاش‌بە شوودانی من دوو مانگ نەژیای! شـوو!!! دەک لـەم شووە من کردم!...

جا تۆ خوا حەمەش مێردە؟ تاقە بۆ سـێ پـەنـات جومعـە و جومعـەوەمـاڵ ناکەوێتەوە. وشوی لێ بکەم لە تەک سەت سەگ و ورچ و رێوی‌بەجێم دەهێڵێ. ئەمە بە خێر ماڵی هاتۆتە شار! لە قەراخ شار، زاخەیەکی‌لە شان زاخەکانی‌تر بە کرێ گرتبوو، سەگ تێی دا نەئەژیا!!! بەز نەبووخۆم ئەم ماڵەم دۆزیەوە. یادت بە

خێر شەهلاخانم! لە هەر کوێ هەیهەر چاو هەڵبێنی و، بەهەشت ببینی. جـا خۆ ئەگەر تۆ فێریئارایشگەریت نەکردبایەم، هەر چاو لە دەستی حەمە ئەبووم. بە خوا تۆنەبایەی هەرگیز نەمئەزانی شارنشینی دەبێ چۆن بێ!

دە ساڵ... دە ساڵ... دە ساڵی عەلەن تەواو خانمی نێو شار. ئارایشخانمە هەرە دەوڵەمەندەکان! بووکی هەرە بنەماڵە گـەورەکـان،خۆشـەویسـت... ئـەم گشتە جلکە زەرد و سوور و رازاوەیە... رەببی قازیناسـر خۆشـی لـە عـەمـرت نەبینی! لەگەڵکوو پێمگوت بۆچی ڕووناکمارەناکەی؟ ساختەیەکـی بـۆ کـردم، سێ مانگی رەبەق لە زیندانا رزام.تەڵاقەکەشمی هەر لە بـۆ خـۆش گـوزەرانی خۆی لە حەمە سەند..

پاش زیندان ئیتر حەوتوو بە حەوتوو مشتەریم لە ئارایشگە نەدی.ڕووناکیش کەوتەوە، مایەوە. تاکوو لەگەڵ ئەو شوفرە بەڕەڵایە بۆیڕۆیشت! دیسـانەکـەش ئەقڵداریم کرد، هاتمەوە لای حەمە! ئەگینائەبوومە سوالکەر و چاو لـە دەسـتی دەرو جیران، بەڵام ئەم ئیشەی! ئەمفەرغونەی... ورکەنان... ورکـەنـان... ئـاخ خەونە نەخشینەکانی دە ساڵەمەوبەر. ئاخ گەڵاشینەکان... گەڵاشینەکان. ئەی بۆچی تاکوو حەساریماڵەکەمان ئەبارین و کەچی تاقە گەڵایەکتـان چـیـیـە؟، رووی لە نێو ماڵ ونێو گیرفانم نەئەکرد؟! ئاخ... مەخابن!...

* * *

# گورگ

سێ شەو و ڕۆژی ڕەبەق  چاوەنواڕی وێستانی بەفربارین بووە.ئەمڕۆکەش کە ئیتر بەفر نابارێت، ئەوا هێدی و هێمن لە دێـوەدەرکـەوتـووە. لـە نـاخی دا زۆر شادە! دەچێتە شار، کەل‌و پەلی پێویستدەکرێت، حەمام دەکـات و چـاوی بـە هاوەڵانی دەکەوێ! تا لە دێ وەدەرنەکەوتبوو، چ ترسێکی نەبوو! بیری چ بۆ لای تەم‌و مژ و باو گورگەوەنەدەچوو. بەڵام لە وەتا ئاوایی لە چاوی نوقم بووە، کۆسارو لووتکەکان‌و هەرد بە تەواوی لە ژێر بەفـردا دەبینـێ، ترسـی مـەترسـی‌یـەکـی گەورەکەوتۆتە دڵیەوە. با، «لۆدە لۆدە» بەفـری ورد و تیـژ بـەسـەر و گـوێلاکی دادەپڕژێنێ: «بە خوا هەڵەم کرد لە ڕۆژی ئاوەها دا سەفەری چـی؟ بـاش‌وایـە پاشەو پاش بگـەڕێمـەوە! بێـدەنـگ و بـە دزی خـەڵـکەوە بخزێمـە نێـوژوورە گەرمەکەم. وا لۆرەکە هەڵکەم و کتری پڕ لە ئاوی بنێمە سـەر!ئۆخـەیـش نێـو ژوورەکەم چەنێک گەرم‌و خۆشە نەبایـەو نـە بـەفـرە.عـەلی‌گیـان چایـەکـەت هەڵقوڕێنەو داشەکانت هەڵسووڕێنە. ئەم تەختەدامەیە و ئەم داشانە چاوەڕوانی ئێمەن».

لە ناکاو لە بەردێکی چەشنی کێلی گۆڕێک هەڵدەکەوێت! لەترێـکـئـەدات، لەوانەیە بکەوێت. بە هەزار حاڵ خۆی دەگرێتەوە تا کونێنەکەوێت. لە خـەیـاڵ پڵاو دێتە دەرێ. وا دیارە لە ژوورەکەی خۆی دا نیە!لـە دەرەوەی دێ، لـە نێـو بەفر دایەو ڕچەی بەفری سێ شەوو ڕۆژ باریودەشکێنێ. باو سەرما بەرەبەرە بـە دزیەوە خۆیان دەخزێننە سەرگۆشت وپێستی. سەرما لەسەر ئازای ئەندامی جێ خۆش دەکات! ڕاوەستاوە! بەوردی تـەماشـای هـەمـوو لایـەک دەکـات. سـام دەیگرێت و ئەژنۆی‌دەشکێت: «تۆ خودا ئەمە چ کارەساتێکە؟! کۆسار، لووتکەی چیاکان،هەوراز و نشێو، هەردو بـاخ و مـەزرا گشـت کفـنی سـپی‌یـان لـەبـەر دایە.هەموو لە من مۆڕ بوونەتەوە. تەنانەت دەست و پەنجەیان بۆ گرتنی‌یەخـەو بەرۆکی من هێناوەتە پێشێ! دەیانەوێ بەرگ و سیپاڵی سپی‌بەفرم لەبەر کەن!

له عەرزم دەن و بمخنکێنن. بە خودای واباشە تاکوودەرفەتم هەیە بگەڕێمـەوە! جا هەر لەم دۆزەخەو هەر لە ژوورە گەرم وگوڕەکەم؟!»

هەنگاوێک دوان بەرەو دێ دەگەڕێتەوە. بەڵام دیسانەکە بڕیاردەگۆڕێت. ملی ڕێگە دەگرێت و بەرەو شار وەڕێ دەکەوێتەوە. شەویڕابردوو لە پـەنـای کـوورە گەرمەکەی مزگەوت بە حوزووری کەیخوداکانیدێ گوتوویە: «سبەی بـەیـانی زوو ڕچە دەشکێنم و دەچم بۆ شاری».بەڵام هەموو پێی پێکەنی بـوون! پێیـان گوت بوو: ناتوانی، کاری منداڵیشار نیە، کاری تۆ نیە! دیسانیش پێکەنی بـوون. ئەوا ئێستا کە دەنگیپێکەنینەکەیان لە کەڕاکەی سەری دا دەتەقێتەوە! لە گوێی دادەزرینگێتەوە! سامێکی گەورەی خستۆتە ناخیەوە. ئەوا ماوەیـەکـە لـەجێـی خۆی ڕاوەستاوە، دەڕوانێتە چـوار دەوری خـۆی. بـەفـر لـە ژێـرپێلاوەکـانی دا کەوتۆتە کرتە کرت. هەمدیسان وەخۆ دێتەوە، لای روونـەلـە ترسـی گـەمـە و گاڵتەی خەڵک لە رووی هەڵنایەت بەرەو دێ بگەڕێتـەوە!دیسـانەکـەش وەڕێ دەکەوێت. ئازای ئەندامی پڕ لە ترس و خۆفە! لەترسان دەکەوێتە پـەلـە پـەل! کەوتۆتە حەسێب کردنی ئەوەی، چەندەیڕێگە بڕیوە؟ چەندەی مـاوە! نـەخێـر شتێکی وانەهاتووە. لە شەش دانگیڕێگە پێـنج دانگـی پتـر مـاوە! لـەسـەرمـا مچووڕکی بە لەشدا دێت. وەکئەوەی کارەبا بیگرێ لەرزە لەرز بە هەموو گیانیدا دێت. زۆری پێ سەیرەساڵانی پێشوو ئەوەندە لاسار نەبـووا! بـۆ خۆشـی نازانـێ چۆنە، سەریهەڵهێناوە و چاوەکانی بڕیوەتە دوندی شاخەکانی دەستە ڕاسـتی! مژێکیزۆر رەش و پتەو لەوێوە دێتە خوارێ. لەوانەیـە بێتـوو بکـەوێتـە گـیری ئەممژەوە، سەرەندەری ڕێگە نەکات و گیان دەر نەبا! لە ترسی ئەم مژەکەوتۆتـە ڕاکردن. بەفر لە چۆکی ئەدات. جارو بار لەترێک ئـەداتوتـەنانـەت یـەک دوو چەلیش دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە. ئەوا هەستی کردژێر پێڵاوەکانی نەرمە! پێی زانی لە ڕێگە لای داوە، لە مەزرا کێڵدراوەکان دایە. بۆ لای ئەو جێگایەی پێـی وایە ڕێگەیە دەگەڕێتەوە.هەست دەکـا زەوی ژێـر پێڵـاوەکـانی رەقـە! دەزانـێ هاتۆتەوە سەر ڕێگەکە.شێنەیی شێنەیی دەڕواتە پێشـێ. ڕاکـردنی وەلانـا! لـە مەترسی ڕێگە وونکردن، ترسی مژی لە بیر چۆتەوە!

هەر بۆیە لەناکاو مژ تێی دەهاڵێ. بەری چاوی لێڵ بووە. لە چوار پێنجگـەز بەولاوەتر چ نابینێ . ئەوا مەترسییەکی تازەتر هەشاوڵی بۆ هێناوە!

«خودایه من کردم تۆ نەیکەی ! بڵێی گورگ و ورچ دەورەیان‌نەدابێتم؟ بڵێی ئێستا کە چاویان تێنەبڕیوم و بە ماتە مات لە پشتەسەرمەوە بۆم نایەن؟ خودایە چم کرد؟ خودایە ڕەحم»

دیسانیش ڕاوەستاوە. بە دەوری خۆی دا دەخولێتەوە، چاوەکانی بەوردی و بە ترسەوە دەڕوانێتە هەموو لایەک. دەست بە گیرفانی‌کەواکەی‌دا دەکات و چەقۆیەک دەردەهێنێ! دەمی چەقۆ دەکاتەوە، بەدەستیەوە دەگرێ و وەڕێ دەکەوێتەوە. بە پەلە پەل و هەڵە داوان ڕێدەبڕێ! زۆر باش لە شوێنەکە شارەزایەو بست بە بستی دەناسێت.تەنانەت بۆیان باس کردووە کام ساڵ و کام ڕۆژ و لە کوێ دا، کێ کوژراوە!کێ گورگ و ورچ خواردوویانە! یان کێ و لە کوێ لە سەرما دا کەسیرەبووە. ئەمانەی هەموو وەبیر دێتەوە. دێنە بەر چاوی‌و خۆف و خەتەر بەتەواوی سەری تێدەکەن! «با کەمێک ڕاوەستم، بزانم لە کوێم! ئەرێ وایە،مەزراکەی قادرە، بڵێی لەبن دارە چاڵووکەکان، لە نێو چاڵی توورەکان،یان لە پشت ئەو دار سنجووانەدا گورگ خۆیان ماتە نە دابێت؟! ڕۆژی‌ئاوا جێگەی بەقا نیە. بە خودا هەر بینا هەڵیان کوتایە سەرم، وە ژێریان‌نام، بە ددانە تیژەکانیان کەوڵ و گۆشتیان پچڕیم» ژان و ئێش بە گشت‌لەش و گیانی دا هات و چۆ دەکات! تەزوویەک بە لەشی دا دێت. خۆی‌وێک هێناوە، چاوەکانی قووچاندووە. دەڵێی لە ڕاستی دا لە ژێر ددانی‌گورگ دایە لە ترسانە ڕا دەچڵەکێ! لە جێی خۆی ڕاوەستاوە، ئارەقێکی‌سارد لەسەر و چاویەوە دەڕژێتە خوارێ. دڵی وەک دەهۆڵی مەیدانی‌شەڕ لە کوتەکوت دایە!

مژ ئەوەندەی دیکە ڕەش و پتەو بۆتەوە. هەمیسان دەکەوێتە بیری‌ئەوەی تاکوو درەنگتر نەبووە بەرەو دێ بگەڕێتەوە، بە دزە دزە خۆی بەنێو دێ و بە نێو ماڵەکەی خۆی دا بکات! بەڵام سوور سوور لای ڕوونەناتوانێ و لە ڕووی هەڵنایە بەرەو دێ بگەڕێتەوە. چونکە منداڵی شارە،مامۆستای دێیەکەیەو دەترسێ لەمەو دووا بە چاوی سووک تەماشای‌کەن! بۆ جارێکی دیکەش وەڕێ کەوتۆتەوە، چنارەکانی سەرڕووبارەکەی لێ وەدەرکەوتوون. لێرەوە تاکونێ نیوەی ڕێگە، جادەکە لەهەورازەوە بۆ نشێو دەچێ. دەکەوێتە غاردان و ڕاکردن. سەرما زۆری بۆهێناوە. هەناسکە هەناسکی لە دوورەوە دەبیسترێ. سنگ وپەراسووەکانی بەرز و نزم دەبنەوە. لە ناخدا ئاگر لە سی و جەرگ و دڵی‌بەربووە. دەڵێی میلی داغ بە نێو دڵیدا دەکەن. بەڵام هەر ڕادەکات و لە نێوبەفردا ڕێ دەبڕێ. سەرەو

خواری تەواو بووە. گەیشتۆتە داوێنی کێوەچکۆلەی دێ چۆڵـەکـەی (دۆمـاوا)، ڕێگە نیوە بووە. بێتوو لەم کێوەو لەترۆپکی کێوەکەوە لـە یـەک دوو تـەپۆڵـکە وەسەر کەوێت، دەگاتە راستاییجادە. لەوێشەوە تا گوندی (ئاق تەپە) چی وای نامێنیٚ. لە (ئاق تەپە)یەوە هاوەڵ و هاوڕێی تاکوو نێو شاری دەبیٚ. دیسانەکەش لە جێیخۆی راوەستاوە. لەبـەر راکـردن پشـووی سـوار بـووە. هـەناسـەی بـە هەزارحاڵ هام و شۆ دەکات. گـوێی لـە دڵـە کوتـەی خۆیـەتی. کوتـە کـوتی دڵــیوەک دەنگــی دەهــۆل دەچێــت. لــەناخیــدا ســی و جــەرگ و دڵــی دەبرژێتەوە،چەشنی ئـەوەی لـەسـەر ئـاگر بیـان بـرژێنن. کـەچـی لـە دەرەوە زۆریسەرمایە! چاوێکی دیـش بـە دەوروبـەری خۆیـدا دەگێـڕیٚ. کێـو سـپی، دۆڵســپی، مــەزرا ســپی، دارو ســەر چــۆم و هــەڵــدێرەکـان سـپی، ســپیایی کافوور،سپیایی کفنی مردوو!

«دەبیٚ لاقەکانم هەر لە جێی خۆمەوە هەڵبێنم و داینێمەوە، قامکیلاقەکانم سڕ بوون! دەڵێی سەرما بردوونی! قامکەکانی دەستم گۆناکەن!دەبیٚ هوویان لیٚ بکەم! دەبیٚ بیان نێمە بن باخەڵم! نێو بەرۆکم! نێو رانم.دەبا هوویان لیٚ بکەم. پشووم بێتەوە سەرخۆ وەڕیٚ دەکەومـەوە.» ئـەواهاتـەوە سـەرخـۆ. هـەناسـکە هەناسکی هێدی تر بوونەتەوە. ئەوە وەڕێکەوت و ملی ڕێگەی گرتە بەر. دەبـیٚ لەم کێوە سەرکەوێـت. هێـور هێورلاقـەکـانی هـەڵـدەهێنـیٚ و دایدەنێتـەوە. لەبەرزایی کێوەکەوە باڕند بەفر بەهێڵەک دەکات و بەسەر و گوێلاکی ئـەوی دا دەپڕژێنیٚ. قژو برۆ و سمێلتوێژێکی بەفر لەسەر دەنیشیٚ. بـای تـووڕەو تۆسـن بەفرەکە لۆدە لۆدە ورەشکە رەشکە لە ئازای ئەندامی دەهاڵێنیٚ. بەفری ورد وتیژ و سارد بەروومەت و سەر و چاوو گوێلاکیدا رۆ دەچیٚ.

چۆڕاوگەی فرمێسک و ئاو لە چاو و لووتیەوە جۆگەلەی بەستووە. بەحاڵە حـاڵ دەتوانیٚ چاو هـەڵـبێنیٚ و سـەرەنـدەری ڕێگـە بکـات. باڕنـدوەبـیری گـورگی خستۆتەوە.

بیستوویەتی دەڵێن گورگ لە رۆژانی بەفـر بـارین دا، ریٚ بـە پیـاوەگـریٚ، پشتی تیٚ دەکاو بە دوو لاقی دوواوەی بە سمکۆڵ بەفر بەسەروگوێلاکی دا دەکاو هەشاوڵی بۆ دەهێنیٚ. لەناخ دا بە خۆی دەڵیٚ: «جا خۆخودایە خۆت دیوتە، بـە بیٚ هەشاوڵی گورگ ئەمە حاڵمە، چماخودانەخواستە سیٚ چوار گورگم لیٚ وەدەر کەون، بەفرم پـیٚ داکـەن وهـەشاوڵـم بـۆ بێـنن، چ بکـەم؟! خـۆ بـە خـودای

دەروەستیان نایەم. هەپروونبە هەپـروونم دەکـەن، زگـم ئـەدڕن و دەمخـۆن. خودایە رەحمێک!» دەستیڕاستی بەرەو گیرفانی پانتۆڵەکەی دەچێ. چەقۆکە دەهێنێتە دەرێ.دەیەوێ دەمەکەی بکاتـەوە، قامکـەکـانی گـۆ ناکـەن، هێـز و قەوەتی ئەوەیاننیە دەمی چەقۆکە رووت و ئاوەڵا بکەن. مـەترسـی هـەشاوڵـی هێناوەتەوە،بەڵام زۆر سامناکترو بە خۆفتر. لەسەر لاقەکانی دادەنیشێ. چـەقـۆ دەنێتەسـەر رانی. پـەسـتا پـەسـتا هـوو لـە پـەنجـەکـانی دەکـات، پێکیانـدا هەڵدەماڵێ.بە حەوڵو تەقەلایەکـی زۆر دەمـی چـەقۆکـە دەکاتـەوە. چـەقـۆی بەدەستەوەگرتووە! هەستاوەتە سەر پێ و هەستی ئازایەتی و نەترسی دەکا.ئەوا وەڕێ کەوتەوە. لە نێو قەدی شاخ دایە. بارند پتەوتر و بـە هێزتربـووە، جارجـار لەتر ئەدات، جاری وایە دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە. بەهەناسکە هەناسک دەچێتە بەرەوە و هەروا بۆ پێشەوە دەڕوات. لەنەکاوسـێ بـۆرایی لـە روانگـەی دا قـوت دەبنەوە. دوو سێ هەنگاوی دیکەدەڕواتـە پێشـێ و رادەوەسـتێ: «دەبـێ ئـەم بۆرایییانە چ بن؟ بلێی گوێنیبن؟ ئەرێ خـوژە نـین؟ رەنگـە گرالـک و گیـای وشک بن! زۆر سەیرە!دەجووڵێنەوە، جێگە دەگۆڕن، ئێرەو ئەوێ دەکـەن. ئـەوا ئەلحانڕاوەسـتان. کـابرا تـۆ جـوان تێیـان بڕوانـە! جـوان، جـوان! بڕوانـە بـە خودایگورگن، سێ گورگ!»

راوەستاوە! ئارەقەیەکی سارد و سڕ لە هەموو لەشییەوە هەڵدەقوڵـێ،بەڵـام نێو زارو گەرووی وشکە! دوو سێ هەنگـاو پشـتاو پشـت بـۆ دواوەدەکشـێتەوە. گورگەکان بەرەو پێشەوە دێن.

هەر کا هـەسـت دەکـا گورگـەکـان هـاتن، ئـەژنـۆی دەشـکێت لـە جێـی خۆیدەچەقێ. دەسکی چەقۆ لە پەنجەیدا دەکوشێ، لە ژێر لێوەکانیەوەدەستی کردووە بە قورئان خوێنـدن، (حمـد) و (قـل هـوالله) سـێ کـەڕەتدەخوێنـێ. گورگەکان لە جێی خۆیان دەچەقن! ئـەمجـارە دەسـت دەکـاتبـە خوێنـدنی سوورەتی (ناس). ئەوا کەوتۆتە خوێندنی (فەلەق )، بـەدووی ئـەم سـوورەتـەدا دەستی کردووە بە حەوت (ان یکاد)، (ان یکاد)حەوت جار دەخوێنێتـەوە. هـەر حەوت جارەکەش فوویـەکـی زۆر بـە چـواردەوری خـۆی دا دەکـات! لـە نێـو سوورەتەکان دا هاواری خـوداو پێغـەمبـەروپیاوچـان دەکـات. کوڵـی گریـانی هەستاوە، دەپاڕێتەوە، وەبیر تاوان وگوناهەکانی کەوتۆتەوە! تۆبە دەکـا! سـوێند دەخوات و مەرج دەبەستێلەمەو بە دوا - بێتوو لەم نەهاتییە رزگاری بێت - لە

هەموو گوناحوتاوان و حەرامێـک بکشـێتەوە. ئیـدی قـەت قـەت تـاکوو ڕۆژی مـردنئـەزیـەت و ئـازاری بـە مێروولـەیـەک نـەگـات. هـەروەکـوو خـەریکـە قوڕئاندەخوێنێ و دەپاڕێتـەوە و سـوێندان دەخـوات، لـە پـڕ هـەسـت دەکـاو دەبینێگورگـەکـان هـەسـتانە سـەر پـێ و رایـان کـردێ. دووسـێ چـەلان چەقۆیهەڵسووڕاندو بە دەوری خۆیدا خولاوە، گورگ خۆیان پێدادا. لەعەرزیان داوە. سواری سەری بوون و دەمیان ناوەتە نێو زگو جەرگودڵیەوە. «ئاخ، ئەی هاوار خواردیانم، ئەمە خوێنی سوور و گەشی منەبەسەر بەفرەکەدا دەڕژێ! ئاگام لێیە لاملمیان هەڵدڕی. ئەمەش پێستیزگمە دڕاوە، ئەوە گەدەو ریخۆڵەی منە بە دەم گورگەکانەوە. زۆر جوانهەست دەکەم گورگەکان دەمیان خستۆتە نێـو ران و قەبرغەو لاملم! ئەوابە گاز پێست و گۆشتم دەپچڕن. برووسکەی ئـێش و ژان عەجمانی لێسەندووم. هەست دەکەم تەقەلام نەماوە، بەرەو مردن دەچـم. دایک وباب و خوشک و برا لەبەر چاوم بـەسـەری خۆیانـدا ئـەدەن و بـە کـوڵ بۆمدەگرین. خوزیا زبانم بایە و دڵنەوایی دایک و بابم بدایەتەوە! باوەندەنەگرین!

ئەوا هەست دەکەم هەر گورگێک و لەتکێ لە گوشـت و پێسـت وئێسـکانی منیان بە دەمەوەیە! ئەوا گورگەکان لە دەورم کەوتـوون وخـەریکـی خـواردنی جەرگ و سی و دڵ و گەدەو ریخۆڵەی منن»،ئەمجارە هەستی کرد قامکەکانی دەستی – لە حاندی نینۆکەکان دا –ئێشێکی دڵتەزێنیان هەیە. لە ئێش و ژانی نینۆک و قامکداوەردەسووڕێ، دوو سێ تل دەخـوات و بـە هـەمـوو پاشمـاوەی هێـزی خـۆیدەقیژێنـێ! لـە زریکـەی قیـژەی خـۆی وەخـۆ هاتۆتـەوە. ئاگـا دەکاتکەوتووە، بە نینۆک بەفر و زەوی دەڕنـێ. ئاگـا دەکـات گورگـەکـان زۆر لـــەودوورتـــر، درێـــژ بـــوون، تـــل دەخـــۆن و پێکـــەوە گاڵـــتە دەکـــەن یەکتریدەخڵەپێننەوە. هەست دەکات چەند سەعـات ئـێش و ژان و ڕووداوەی لەئانێکدا هاتۆتە زەین و خەیاڵاتەوە. دەساکە لـەزریکـەو قیـژەی خۆیـداوەخـۆ هاتۆتەوە، هێدی و هێمنایەتییەکی زۆر لەزەین و ناخ و فیکریخۆی دا هەست پێ دەکات، تەنیا قامکەکانی زۆر دەئێشێن. قامکەکانیشین و ڕەش هەڵگەڕاون و راست وێستاون! دەڵێی سەرما بردوونی. تەنیاقامکە گەورەی چـەقۆکـەی بـە پـەنجـەوە نووسـاندووەو گرتوویـە.دادەنیشـێتە سـەر پـێ. قامکـەکـان و دوو پەنجەکەی زۆر پێکدا دەماڵێ،زۆریان هوو لێ دەکات،هـەر کـا گـەرم دەبنـەوە هەڵدەسێتە سەر پێ و بۆجارێکی دیکەش ملی ڕێگە دەگرێتەوە بەر. چوار پێنج

هەنگاو لەولایشانی چەپی گورگـەکانـەوە لێیـان تێـدەپـەڕێ، دەبینـێ دەم و لەوسیانخوێناوییەو پەیتـا پـەیتـا باوێشـکیان دێتـێ! چـاوی لـەگورگـەکـان بڕیوە،ئاگادارە ئەوانـیش چاویـان لـەو بـڕیوە. هـەر کـا لـە گورگـەکـان تێپـەڕ دەبێ،پاشەو پـاش بـۆ پێشـەوە دەڕوات. قـەدی کێـو لـە بـن دێـت و دەگاتـە ترۆپکیشاخ. هـەناسـەیـەکـی درێـژ و بڵـیند دەکێشـێ. رادەوەسـتێو دەوران دەوریخـۆی ئـەداتـە بـەر زەیـن. بـە وردی لـە خـۆی و لـە هـەمـوو لایـەک دەڕوانێ!خۆی و هەموو شـوێنێک و هـەمـوو شـتێک چـەشـنی کـافوور سـپی داگەڕاون.کفنی مردوو لەبەر هەموو شتێک کراوە. تـەنانـەت خۆشـی، خۆشـی لەژێرتـوێژێ بـەفـردا، جـل و سیپاڵـی سـپی دا گـەڕاوە. وەڕێ دەکـەوێتـەوە، لەگورگەکان زۆر تێدەپەڕێ. لەشی سووکە، هەستی هێمنی و حەسانەوەدەکات. خێرا خێرا دەڕوات و پاشماوەی ڕێگە دەهێنێتە بەر زەین. ئیدیلێرەوە تا گوندی (ئاق تەپە) راستاییە، خەیاڵی راکردن لە کەللەیئەدات. ئەوە دەست بە غاردان و راکردن دەکات. چەلی وایە ئاوڕێکئەداتەوە تاکوو زیاتر را دەکات، پتر گەرم دا دێت و پتر هێز و تینی وەبەردێتەوە، ماندوو بوونی نیە! خێراتر و ئازاتر رادەکات. جارو باری وایەدەکەوێت، بەڵام هەرکا هەڵدەستێتەوە، هەمیسان تەقڵە کوت غار ئـەداتو را دەکـات. زۆر بـاش گـەرم داهـاتووە. بارنـد نـەمـاوە، ئـازای ئـەنـدامیخـوێنێکی گـەرم و گـوڕی پێـدا دێـت و دەچـێ. بـەرە بـەرە لـە راکردندەوەستێ و هێور هێور هەنگاو هـەڵـدێنێتەوە. ترۆپکـی شـاخ لـە چـاو وونبووە. ئیدی گورگەکانیش وەبەر چاو نایەن. لە راستایی نێوان (دۆماوا) و(ئاق تەپە) دایەو لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت، تا نێو دێ چی وای‌نەماوە. مژو باڕند و با شوێنەواریان نەماوە. تەنانەت ئەو هەورانەی بەریئاسمانیشـیان گرتبـوو، زۆر تەنک بوونو وڵات ئێکجار روونە، لەوانەیـەئێسـتاکە یـان تـاوێکی دیکـە خـۆر وەدەرکەوێت. بێ هەلەو پەلە، هێدی وهێمن و هێور رچـە دەشـکێنێ و بـەرەو پێشەوە دەڕوات، لە ناخی دادەهۆڵ و زوڕنا لێدانە. شـایی لـە دڵـی دەگـەڕێ و گۆرانی بە دووی گۆرانیدادەڵێت. لە پڕ لە نێو زەریای سپی بەفردا خالێکی بۆری وەبەر چاودەکەوێ. ئەوەندی دەڕواتە پێشتر خاڵـەکـە جـوانتر و ئاشـکراتر خـۆ نیشانئەدات. «بڵێی چ بێـت؟ دیسـانیش دەعبایـەکـی دیکـە سـەرەڕێـی لـێ نەگرتبێتم؟ خۆ گژو گیانیە! گورگ و ورچیش ئەوەندە بیچکەنین! ئەی دەبـێ چبێت؟!»

راوەستاوە، بە وردی سەرنجی داوەتیٚ! بە ترسێکی زۆرەوەتیێدەڕوانیٚ. لە پڕ هەڵیدا چیە! کەروێشکە، کەمێک لەو لای کابراوەجێگەی لاقی کەروێشک دیارە. وا دیارە تازە گەیشتۆتە ئەم شوێنەوئۆقرەی گرتووە. بە ماتەمات بیٚ چرپە چەند هەنگاو دەچێتە پێشیٚ ورادەوەستیٚ. سیٚ چوار دڵۆپ خوێنی سوور و گەش لە هێڵێکی بەرەوکەروێشکەکە وەبەرچاو دێن. بۆی روون بۆتەوە: ئەم کەروێشکە بەگوللەی راوچی پێکراوە و زامار بووە. بەڵام جێگەی کاری نەپێکراوە، بەشەلەشەل رای کردۆتە ژێر ئەم گوێنی و گراڵکەو خۆی حەشارداوە..کابرا کەیفی ساز بووە، ئاو لە دەمو لەو سییەوە بەرەو چەناگەی‌شۆڕاوگەی بەستووە، ئەوە هەمیسان چەقۆی دەرهێنا، دەمی چەقۆی‌کردەوە. چەقۆ بە دەستەوە بە دووقەڵەمباز خۆی بەسەر کەروێشکدائەدا. بە دەستێک بۆقەتەی ملی کەروێشک دەگریٚ و بە دەستەکەی‌دیکەی حەوت هەشت جاران چەقۆ لە قەبرغەکانی نێچیرەکەی دەکوتیٚ.نێچیری بیٚ دەسەڵات، نە رادەکاو نە دەجوولیٚ! تەنیا چاوەکانی چەشنی‌ئەستێرە لە کابرا دەڕوانیٚ و بە زمانی بیٚ زمانی دەپرسیٚ: «بۆ؟» کابراچەشنی گورگ تەرمی بی‌گیانی کەروێشک لە ژێری دا، ئازای ئەندامی لەژێر توێژێک بەفردا، دانیشتۆتە سەر دوو ئەژنۆ. چۆک و لاق  و ئانیشکی‌کابرا لە سەر عەرزەو سەرنجی نێچیرەکەی ئەدات. کەروێشک و راوچی‌چاویان لە چاوی یەک بڕیوە. ئەم بە نیگایەکی پڕ لە پرسیار و تەوس وتوانجەوە، ئەو بە هەڵسەنگاندنی گۆشت و قورسایی دەستکەوتەکەی.لیکاوی نێو دەمی کابرا لەسەر لێوەکانیەوە بەرەو چڕو چەنەی شۆڕاوگەدەکەن. هەڵدەستێتە سەر پیٚ. زبان بەسەر لێوەکانی دا دەهێنیٚ و بزەیەک‌تەواوی روخساری داگرتووە. دوو لاقی نێچیری لە مستایەو ملی ڕێگەی‌گرتۆتەوە بەر و بەرەو (ئاق  تەپە) دەڕوا. خۆر دەرکەوتووە، هەواش زۆرخۆشە. لەسەر بانەکانی (ئاق  تەپە) خەڵکی دیارن: «کەل و پەلی‌پێویست دەکرم، حەمامیش دەکەم. بۆ شێویش سەنگەسیر، سەنگەسیردەخۆم... ئاخ...سەنگەسیر... سەنگەسیر... پێواز ڕۆن... نەرمە گۆشتی‌ئەم کەروێشکە... بە پێواز ڕۆنەوە... نۆشابەش... نۆشابە... نۆشابە... ساردی و...پێواز ڕۆن و نۆشابە و سەنگەسیر، سەنگەسیر!

# گەردەلوول

لەگەڵکوو پێدەنێیتە حەوشە و، تیشکی خۆر چاوەکانت دەنگێوێ، نێوچاوانت برێک تێکدەنێی، بەرەو دەرکی حەساری دەچی، دەرگادەکەیەوە، پێ دەنێیتە کۆڵان، دەرکە گاڵە ئەدەی و بە گەرووی کۆڵاندادەڕۆیە خوار. بۆقی ماشینێک راتدەچڵەکێنێ، لە ناختدادەهەژێی و، دووسێ جنێو بە خاوەنەکەی دەدەی. هەنگاوەکانت خێراتر هەڵدێنییەوە.دەگەیە جەمسەری کۆڵان و شەقام. فڕکەی ماتۆڕسوارێک بە لاشانتدائەوەندەی دیکەش دەتپەشۆکێنێ. هەست دەکەی مۆتەکە چۆکی داوەتەسەر سینگت. رەنگت دەگۆڕدرێ و هەنگاوەکانت زوو زووتردەگوێزییەوە. لە دەست زۆربەی دەنگ و رەنگەکانی شەقام جاڕز و دەمبە گلەیی. تەنانەت لەم کیژ و کوڕە جوان چاک و لاوەش کە بەرەو رووتدێن، روو وەردەگێڕی. دیسانەکەش هەنگاوەکانت توندتر دەکەی و، بەهەڵەداوان خۆت بە نێو ئیدارەکەتدا دەکەی. ئەرێ سڵاوت لەهاوکارەکانت کرد یان نا؟ بەڵام هەواڵپرسییەکی سارد و سڕ دەکەن ودەڕۆی لە پشت مێزی کارەکەت دادەنیشی. ئاواتەخوازی ئەوەی کات وسات زوو تێپەڕ بێ و بەرەو ماڵ بگەڕێیتەوە. هەوەڵ کەس کە بۆچارەسەرکردنی کارێک دێتە ژووری کارەکەت، ئاوقای تۆی دەکەن.دووهەم کەسیش. پێت وایە ئەم هاوکارانەی تۆ نیوەی کارەکەی خۆشیانبە تۆ دەکەن. چاوت لێیە لە نێزیک یەک دادەنیشن و، هەر ئەوەندە دەزانن‌پێکەوە گاڵتە و گەپ بکەن و بە خەڵک پێبکەنن. ئەم هەموو قاقا و حیلکەحیلکەیان وزەت لە لا ناهێڵێ. دەنگی ئەوان و دەنگی ئەو کەسانەی هامو شۆی ژوورەکە دەکەن، وەک بە کوتکی ئاسنگەر لە کەڕاکەی سەرتکوتن، سەرت وەژان دێنێ. گوێکانیشت لە دەست ئەم دەنگانە، دەکەونەئێش و زریکانەوە. جار و بار لە پشت میزەکەت چاوێک دەنێیە سەریەک. لەم ئیدارەیە و ئەم کارە و ئەم بارو دۆخە پەرۆش و شێواوی. ئەمئەرک و ئیش و ئیدارەیە، دایم و دەرهەم بۆ تۆرکە بووە. چی بکەی‌لەگەڵ پێویستی بە نان و بە رگ و

ماڵ؟ هاوکارەکان دەردەکەون وتێدەگەی کاتی گەڕانەوەی ماڵـێ گـەیشـتووە. چەشنی مەلێک وا لە رکەرزگار بووبێت باڵ دەگری وبەرەو ماڵێ دەربـاز دەبی. خۆشی دەکەوێتەدڵتەوە. دوو لاقت هەیە، دووی دیکەش قەرز دەکەی و بـەرەو ماڵدەبییەوە. چ پێت وا نیە ئەم شەقام و کۆڵانە کەسی پێدا دێ و دەڕوا.مەگەم جار و بار شان تێکوتان یان قاقای ڕێبوارێک لێت تێک دات. بەتایبەت سەرەڕێ گــرتن و هــەواڵپرســی ئــەم کچــە، کابــانی جیرانتــان، هــەمووجارێــک هەڵتدەبەزێنێتەوە. خۆشت نازانی ئەم کچە چی لێت دەوێ و،بۆچی بە قسەتەوە دەگرێ و دەتدوێنێ؟ ئاخە خۆ تۆ قەتت وەنـدە بایـەخبـۆ دانـەنـاوە، ئـەی بـۆچ لێنابێتەوە و هەموو جارێ لە مەلەی نێو زەریایبـیرەوەرییـەکانـت دەتهێنێتـە دەرێ؟ لە کابان تێپەڕ دەبی و خۆ بە ماڵەکەتدادەکەی. ئۆخـەیـش! جیهـان و ژیانی تۆ ئێرەیە. ماڵەکەت بە حەسار وحەوز و دار و باخچە و ژوورەکانیەوە، بـە تایبەت ئـەو ژووره تایبـەت ونهێنییـەت کـە قـەت کـەس رێ نـادەی سـەری پێداکات. بە چەند لۆ وقەڵەمباز خۆت بەوێدا دەکەی. تابلۆکان لە جێی خۆیان بە دیوارەوەن.دیمەنی جوانی زرێبار، ورشە ورشی پووڵەکە و وردە زێڕ و زێـوی سەرئاوەکە، ئۆخژنێک بە دڵتدا دێنێ. بەرەو کۆسارەکە وەردەسووڕێی. تەحا!لـە بڵندی ئەم شاخە! دەک لەم هەموو رەوەز و زەردوماهـە! جێگایـەکـیچـەنـدە خۆشە! شنەی شەماڵێکی فێنک و هاتوچۆی بازێک بە شـێنەیـی لـەئاسمـانی کۆساردا. خۆزیام بە خۆی، دەستی کەسی ناگاتـێ! کـەواکـەتدادەکـنی و، بـۆ سووچێکی ژوورەکەی حەوا دەدەی. پەردەی پەسێویژوور لا دەدەی و خـۆ بـە پەسێو دا دەکەی. تەموورەکەت چاوبرکێتلەگەڵ دەکا. لەسەر کورسی نێزیـک تەموورەکە دادەنیشی. دەستێکیبەسەر دا دەکێشی. بەسەر تەموورەکـەدا یـان بەسەر رۆحیدا؟جیاوازییـەکـی نیـە! لـەم پـەسـێوەدا هـەمـوو شـتێک رۆحـە. دەیلاوێنییەوە!تەمووره وەزمان دێ: «هەی سەوزە سەوزە، سەوزەی کۆساڵان». هــەمووشــتێک لــە جێــی خۆیــەتی. دەبـا مجرییــە بۆرینــەکــەشــت بــەســەر کەیەوە.قفڵەکەی دەکـەیـەوە و، دەرکـی مجـری هـەڵـدێنی. هـەوەڵ کـەس کاوەیهاوەڵت دەردەپەڕێتە دەرێ. یانی هاوەڵی ئێستاکەت نیە. هاوەڵی منالیو مێرمناڵیت بوو. دە پازدە ساڵ دەبێ نەتدیوە. بگرە بێتوو لەم ژوورەنەبێ لە دەرێ تووشت بێ، نەشیناسییەوە! ئەی لەم کاتەدا بۆچی لێرەقوت بۆوە؟ زۆریش جوان و جەحێڵ ماوە. لە تەمەنی ئەو رۆژە دایە کەپێکەوە بۆ مەلـە کـردن چووبوونـە

زرێبار. هەر ئەو جل و بەرگەی ئەورۆژەشی لەبەردایـە! دە رۆژ دواتـر بـەینتـان تێک چوو؛ ئیدی ببڕای ببڕنەتدییەوە. دەڵێن بۆتە دوکتۆری شێتخانەی شارێکی دوور. دەگێڕنەوەگوتوویە شێت پووڵی باشتر دەدا. بیر لەوە دەکەیەوە کە دەبـێ چ ئـاڵ وگـۆڕێکی بـەسـەردا هاتبـێ، وا ئـەم قسـەی کـردبی؟ جـاران ئەوەندەپووڵپەرەست نەبـوو، لـە داخ ئـەم قسـەی دەری کـە بـا بـڕوا. دەست دەچەقۆکەت و هاتوو بە خۆشی خۆی نەڕۆیی، بە زۆری چـەقـۆ دەری‌کـە.ئـەم چەقۆیەش یادگاری ئەوە کە بە خەڵات پێی داوی. ئـەورۆژەی ئـەمچـەقۆیـەی پێدای، پێیووتی: «لەبیرم بوو کە ئەمڕۆ سالهاتی‌لەدایکبوونتـە. هـەر ئێسـتا لـە ڕێگە بۆیان گێڕامەوە، لە تاقیکاری‌قوتابخانەدا دەرنەهاتووی. ئەم چـەقۆیـەم بـۆ کڕی کە بێت و زۆر قەڵس بی‌خۆتی پێ ڕزگارکەی. دەزانی چۆن؟ زگـتی پـێ بدڕە و جەرگ و گەدە وریخۆڵەت هەڵکۆڵە و حەوایان دە بەردەمی هۆو گەماڵە و خۆشت دووپارووی لـەگـەڵـدا بخـۆ.» بـەڵـام تـۆ خـۆت نـەکوشـت. بوویـە وردەفرۆشی‌ڕاستە مەیدانی چاوەشەکان. هەر لە یەکێ لەوانەوە فێری تەمـوورە لێدان‌بووی. ئای یادی بە خێر، نێوی ڕەشۆ کەمانچە بوو. تـەمـوورە و کـەمـان وکـەمانچـەی بـاش لـێ دەدا. ئـەم تـەمـوورەشـت لـەو کـڕی و لـە بـری پوڵەکەی‌جگەرەو تۆ و وردەکەل و پەلت دایـە. خـودا عـافووی کـات لـە تـافی لاویداله کاتی تەموورەژەنـدنا پـەردەگـیر بـوو. ئـەی ئـەو تـەسـبێحەی هـۆ و سـووچی‌مجرییـە چـی؟ ئـەوە یادگـاری بابتـە. ئـەو بابـە کۆتربـازەی کـە ساڵگارێکی‌دوور ودرێژ هەر کۆتری وەحەوا خست. قـەتی ڕکـە بـۆ نـەکـردن و حەولی‌نەدا کە هەستان و فڕین بنیشنەوە. ئەو بابەی کە ڕۆژێک لـە شـەقـامی شاردا شەڕ ئاوقا و یەخەگیری بوو. زۆردار بە بێ تاوان زللەیەکیان لە بـن‌گـوێی دا. زۆر بە تووڕەیی هاتەوە ماڵێ. کۆترەکانی بەسەر هاوەڵەکانیداالبەش کرد و، بۆ خۆی رووی کردە کێوێکی وەک قوللەی قاف و ئیدی‌ببڕای ببڕ چ خـۆی و چ هەواڵێکی بۆ تۆ و دایکت بێتەوە. ئەو دایکەچارەڕەش و ڕەنجەرۆیەی کە تۆی بە بێ بابی پێ گەیاند و هەرچاوەڕوانی بابت ماوە تاکوو مرد.

ئـەم وێنـەیـش کـە بـە دەرکـی مجرییـەکـەتـدا نووسـاندووە، وێنـەی کوڕەونبووەکەتە. ئەو کوڕەی کە کاتێک نەهات دەرکی پێ گرتی و لەگەڵدایکیدا تەڵاقتان هاتە نێوان، ژنە کوڕەی لێ ساندی و لەگەڵ خۆیدابردی و ئیدی قـەت چاوت بە چاوی نەکەوتەوە. ئاخ... دەیان و سەدان‌هـەسـتی جۆراوجـۆر نـاخی

هەژاندووی. هەمووشی ناخۆش. هەستی تێکشکان و دارمان. لە پڕ دەرکی مجری دادەخەی و یەک بە خۆتدەنەڕێنی. چتان لێم دەوێ؟ بەسە ئیدی! وازم لێ بێنن! دەبەسە! تاکەی؟دەرکی مجری قفڵ دەدەی، بەڵام چاوم بە زۆر شت کەوت، بە تایبەتدەفتەری بیرەوەری و بەسەرهاتەکەت و ئەو قەڵەمە جەوهەر سوورەی کەپێی دەنووسی. بەڵام جەوهەر نا، خوێنی تێدا بوو! ئاخە وەک شتێکلێت بۆتە خوو و خدە کە دەبێ بە خوێنی خۆت بیرەوەرییەکانتبنووسی. دوو ماسیشم لە تۆنگێ ئاودا و کۆترێکیشم دیت. کۆترەکەلەسەر هێلکە هەڵنیشتبوو، مجرییەکە زۆر شتی دیکەشی تێدا بوو،نەتهێشت بیانبینم. ئەوا تەموورەکە هەڵدەگری و دەچییەوە ئەو دیوی‌پەردە. لەسەر فەرشەکە دادەنیشی. تەموورە کۆک دەکەی. یانی کۆک بوو،دەزگاکەی دەگۆڕی. چاک خافڵاوی. ئاگات لە کات و سات نیە. دەئەمجار لێدەدەی. تەموورەکەت لێدە. لە تەنیایی خۆتدا، لە ژوورەنهێنییەکەتدا تەموورەی بۆ لێدە و سەر و مل و شان راوەشێنە. بەرە بەرەهەموو لەش و رۆحت لەگەڵ تەموورە لێدان دەجووڵێنییەوە. لەگەڵلێدانی تەموورە هۆنراوە دەخوێنییەوە. خۆبا دەدەی. ئۆقرەت لانیە. ئای‌لە شەپۆلی شۆڕشی ناخت. خۆت بەم لا و لادا دەخەی و راست و خواردەبییەوە. خۆت داوەتە دەست هەوای دڵ و دەروون. دەست لە تەموورەلێدان هەڵدەگری و هەڵدەستییە سەر پێ. دەیکەی بە سەما. سەمایەکی‌سەیر. دێی و دەچی. سەر و کاکۆڵ هەڵدەسووڕێنی. قژ و کاکۆڵدەئاڵۆزێنی. ئەم سەمایە چییە؟ سەمایەکی دەروێشانەیە یان هەڵپەڕکێ ودیلانێکی ئەویندارانەیە. کەف هەڵدەخڕێنی و مژی قووڵ و درێژی لەجغارەکەت دەدەی. هەموو جارێ بە قەد دووکەڵی قۆڵە کوورەیەکدووکەڵ دەدەیە دەرێ. هەروا سەما سەیر و سەمەرەکەت درێژە دەدەی.دێی و دەچی و لە سەمادا جگەرە دەکێشی!! دووکەڵ ژوور دەئاخنێ. تۆلە نێو تەم و مژ و دووکەڵدا وەک تاپۆیەک کە بێ و بچێ و کەس نەزانێدەروێشە و جەزبە گرتوویە، یان لاوێکە و هەڵدەپەڕێ، کەفهەڵدەخڕێنی. ئەوا کەوتییە باوەخولێ. بە دەوری خۆتدا دەخولێی وخۆت رادەوەشێنی. کەڕاکەی سەرت بۆتە بەرداش و دەخولێتەوە.لەترێک دوان دەدەی و بە تەختی عەرزیدا دەکەوی. تل دەخۆی و بە تلخواردن ئەمسەراروسەری ژوور دەکەی. تەم و مژ و دووکەڵ و تلخواردن، لە بن دیوار رادەوێستی. سەرت وەژان کەوتووە. کەف لیباستی‌خووساندووە. نە جارێک و نە دووان بەرانی سەر

به دیواردا دەكوتی. لەهۆڕەی گریان دەدەی و لەسەر خۆ دەچی. بـێ جووڵـە و بێ هەست وخوست. ئەرێ ماوی یان مردووی؟ نا نا، ماوی. بەشی تۆ ئـەوەیـە. دەبێئەم كۆڵەت هەر بەسەر شانەوە بێ. دەڵێی تەرمێكی بێ هەست وخوستی، بەڵام نا. ئەوا تەزوویەک بە لەشتدا هات و پڕخەیەكت دادەرێ. هەستاویەتە سەر پێ و چاوەكانت هەڵدەگلۆفی. لە ژووردەردەكەوی و دەڕۆیە حەسارێ. خۆر لـە پشت ملەی رۆژاوا خەریكی ماڵاوایی كردنە. سـووڕێک بـە حـەسـاردا دەدەی و دەچی لەسەر بەڕەیژێر دارە شۆڕەبییەكـە دادەنیشـی. چـاو دەبڕییـە شـینایی باخچـە،خشـپیلانەكـەت، شـینایی سـەوزە و سـوورایی گوڵـەبـاخ، سـوكنایی لەشتدادێنێ. واق  وڕماو و چاو بە مۆڵەق  وەستاو لە هەمـوو شـتێک دەڕوانی. بێهەست و خوست وبێ هەست ونست، دەڵێی لەم جیهانەشدا نی، شەوبەسەردا دێ. حیزە ڕووناكاییەک لـە حـەسـاردایە. شـنەیـەكـی فێنـک دێ ودەچـێ و دەتلاوێنێتەوە. هەستی سەرخۆشی دەكەی. تریفەی مانگەشەوحەوشە ڕووناک دادەگێڕێ. هەڵدەستی و دەچییە سەر حـەوزەكـە،چراكـارەبـای ژێـر ئـاوەكـە هەڵدەكەی. سەیر و سەیاحەتی ئاوی ڕوون وهام و شۆی ماسییەكانی نێو حەوز ئۆخژنێک بە دڵتدا دێنێ. دەست لەئاوەكە وەردەدەی و جار و باریش بڕێک ئـاو بە دەم و چاوتدا دەكەی.لاقەكانت تا ئەژنـۆ هـەڵـدەكـەی. لـە لێـواری حـەوز دادەنیشی و لاق  دەخەیەنێو ئاوی حەوزەوە. ئۆخەیش بە ناختدا دێ. دامركانی كوڵ و كۆی ناخ‌تام و چێژێكی چەندە خۆشی هەیە. پەیتا پەیتـا ئـاو بـە دەم و چاوتدادەپرژێنێ و دەسـت بـە سـەر و گوێلاكتـدا دێـنی. ماسـییەكـان دێنـە پێشێ،ئاویان بە شوێندا دەپرژێنی. ون دەبن. دووپات دەبێتەوە. گۆرانیدەڵـێی بۆ خۆت و دڵت و ماسییەكان. بڕێ جار گوێت لە دەنگیئەوبەری دیوار دەبێ – دەنگی كابان – حەسار زۆر ڕوونتر دادەگەڕێ.دەڕۆی نان و پێخۆر ساز دەكەی. دەیهێنی و لەسەر بەڕەی ژێر شۆڕەبیدەست بە نان خواردن دەكەی. پاش تێـر خواردن بە ئەسپایی لەبەرخۆتەوە گۆرانی دەڵێی. نەرمەونیان خۆت بە ملاو لادا رادەوەشێنی. چاوبە هەناری دار هەنارەكە و گوڵەكانی دیكە دادەگێڕی. دەڕۆیە ماڵـیبـیرەوەرییـەكـانی خۆتـەوە. بیرێـک لـە دایـک وبـاب كـە نـەمـاون. هـەمووهـاوەڵـەكـانی منداڵـی و تـازەلاویـت و تـافی لاویـت، شـۆڕاوگەی ئەسرینێكیزوڵاڵ بـەسـەر گۆنـادا. وەبیرهاتنـەوەی ئیـدارە و هـاوەكـارەكانـت هەستێكیناخۆش بە دڵتدا دێنێ وەبیر ئەو ڕكە ناخۆش و تەنگەبەرە دەكەوییەوە

کەبۆ کۆترەکانی باوکت لە هەموو جێگایەک ناخۆشتر بوو. ئای چەندەتبەزەیی پێدا دەهات. دەبێ خۆت لە دەست ئەم بیرەوەرییە رزگار کەیت.تاپۆیەک لە نێو دارەکاندا دێ و دەڕوا. دەردەکەوێ و ون دەبێ. تاپۆیسەمای کیژێـک لـە نێـو تابلۆیەکی مینیاتۆریدا. کیژێکی جوان،پەریلەیەکی تاپۆ ئاسا بـە کراسـی سـپی بووکێنییەوە. بە کراسی زەرد وسوورەوە لە پڕ بیزاری و نەفرەت داتدەگرێ. دوو سی تف دەکەیە سەرعەرزی. زۆر ناکێشێ و دیسان تەماشای هەنار و دارهەنار و حەوز. لە پڕهەست دەکەی پەریلەکە هاتووە و لە لا شانت دانیشتووە. هەسـت دەکەیهەڵدەستنەوە سەر پێ. کابان لەسـەر کورسـی بـووکێنی دانیشـتووە و تـۆشبـە بـەرگـی زاوایـی تـازەوە لـە پشـت سـەری راوەسـتاوی. زۆری پـێ ناچێهەستێکی ناخۆش ناخت دادەگرێ: «چی؟ من؟ تف بە نەحلەت بی! مـنو ئەم بیرەوەرییە ناشیرینە؟ ژن هێنان؟! ئەویش کابان؟ قەت قەت! جـاچۆن بـە دەستی خۆم گۆلمەزێکی دیکەش ساز کەم؟ ببمەوە کابرایـەکـیئاسـایی؟ وەک زۆربەی ئەم خەڵـکە؟» رادەچڵـەکیـی و وەخـۆ دییێـەوە.وڕێنـەی سـەر لێـوت جەغزێک بە دەورتدا دەکێشێ. خولکت تاڵ بووە.سۆزێکی دڵتەزێن لە ناختـدا دەگەشێتەوە. ژان و ئێشێکی پڕ مەترسیدەڕژێتە جەرگ و دڵتەوە - ژانێکی دوو لایەنە - سەرکێش و شڵەژاوبەرەو ژووری تایبەت دەگەڕێیەوە. دەچییە پەسێوی پشت پەردە. ئاڵۆزاوو پەشێو وەک کڵـافێکی ئاورێشـم دێـی و دەچـی و خـۆت دەخۆیەوە. کوڵـیکوڵۆڵـی دەروون دەتهـەژێنـێ. دەبـێ خـۆت بخافڵـێنی بـە خوێندنەوەیهۆنراوە، پەخشـان، چـیرۆک، بـە گـۆرانی گـوتن و هـۆرە چـڕین، بەسیاچەمانە. چەندە؟ سەعاتێک؟ دووان؟ لە ژوورەکەتدا دێی و دەچـی وسـەر هەڵدەسووڕێنی. دەست دە دەیە تەموورە و دەست دەکەی بەتەمـوورە لێـدان. بەرەبەرە رزگاری لەم حاڵە ناخۆشە و لێدانی هەوایشاد، باڵەفڕکەی پۆلێک کۆتر بۆ باڵ کێشان بو فڕین. قاسپە قاسپی کەو لەهەوراز و نەوی و رەوەزی کۆسـار. هەمیسان «ئای سەوزە سەوزە،سەوزەی کۆساڵان.» چەندە و تاکووکەی؟ ماندوو دەبی. تەورزین وشیرێکی هەڵواسراو، بەم دیوارەی بەرەو رووتەوە چاو بـڕکێنت لـەگـەڵـدەکـەن. دایانـدەگـری و بـە دەسـتیانەوە دەگـری. بـە دەوری خۆتدادەخولێیەوە. شیر و تەورزین هەڵدەسووڕێنی. هوو! بگرە! خۆت بگرە!شیر وتەورزین بە شەش لایاندا دەوەشێنی. بۆ سەرێ و خوارێ. هوۆ؟ بۆراست. بگرە دەی! بۆپشتە سەر و بەرەو ڕوو. هوو! بگرەدە! هەرواسەمایەکی شێتانە! شـیر و

تەورزین بە دەستەوە. ڕاست وخوار و چەپ وراست چوون و شـیر و تـەورزیـن هەڵسووڕاندن. دێی و دەچی. سەر و ملو قژ و کاکۆڵ هەڵدەسووڕێنی. دیسان کاکۆڵ داڵۆزێ. سەر چەشنیبەرداش هەڵدەسووڕێ. ئارەقە زەنگوڵ زەنگـوڵ و دڵۆپ دڵۆپ بەسەرلەشتدا شۆڕاوگە دەبەستێ. شـەپـۆلی هـاواری هـوو بگـرە! سێڵاوی سڵیسەما کردن، فڕین لە نێوان عەرز و ئاسماندا، تەقڵە و دەور لێـدان دەبێتەبـاوەخولـێ، مانـدوو بـە عـەرزدا دەکـەوی. ئـای دڵـت چـۆن لـێ دەدا. کەفهەڵـدەخـڕێنی. چـاوت لێیـە مجرییـەکـە دەکرێتـەوە. ورووژم دەکـەنـە دەرێ،ئـەوی لـە نێـو مجریـدا بـوو. دایـک و بـاب، هـاوەڵـکانی جـاران، ژنـە ومنداڵەکەت، دوکتۆری شێتخانە و... بە هەموویـان چـوار دەورت لێـدەگـرن. دەستی یەکدی دەگرن و بە دەورتدا دەیکەنە هەڵبەز و دابەز:دەمری! دەمـری! دەمری! ئەوا دەستی یەکیان بەردا و هەر کام بەتـەورزینێکـەوە هـەڵـیانکوتایە سەرت. بیکوژن! بیکوژن! ژنە هانیان دەدا.بیکوژن! هەلی چاکمان بۆ ڕەخساوە. بیکوژن! بیکوژن! یەک بە خۆتدەقیژێنی و هەڵدەستییەوە سەر پێ. شـیر بـە دەستەوە دەنەڕێنی. «ئێوە مندەکوژن؟ ئێوە؟» هەشاوڵیان بۆ دەبەی. ڕادەکەن و خۆیان بە نێومجرییەکەدا دەکەونە. دەرکی مجری دادەخەیەوە. شەربەیـەک ئاویسارد دەخۆی و دەگەڕێیەوە بۆ و دیوی پەردە. جا گوێ بدە من، دەبێشێوی شەوت ساز کەی، بۆ دووهەم کەڕەت دیسان برسیت بۆتەوە. شەودرەنگانە، بیخۆ و بخەوە. سبەی ئیدارە دەچی. بـڕێکیش گێـژەگێـژ دەکـەی،وەک دوێشـەو و پێرێشەو... شەوگاری ساڵگارێکی زۆر.

* * *

ئـــەمڕۆکـــەش خـــۆت گـــەیانـــدەوە ماڵـــێ. لـــە ژێـــر دارهـــەنـــاری حەوشەکەتڕاوەستاوی. شنەیەکی فێنک و خۆش گەڵاو لک و پۆپی دار و گوڵ وگیای حەوشەکەت دەشەکێنێتەوە. دەڵێی تۆ باوەشێن دەکات.هاوکـارەکانـت ئەمڕۆ لە ڕۆژان لەگەڵت بە مەیلتر بوون. کابانیش زۆر لەڕۆژان گـەرم و گـوڕتر هەواڵپرسی لەگەڵ کردی. شای کە! هەنارەکانچەندە گـەورە و گـەش بـوون! تەقەتەقی دەرکی مجرییەکەت دێ.ڕادەچڵەکێی و وەردەسووڕێی. لـە کۆڵـاندا گەردەلوولێکی سەیر هەستاوە.تەقەی دەرکی حەساری دێت. دەرک دەکرێتەوە. گەردەلوول و کابانپێکەوە خۆ بە حەسار دا دەکەن. گەردەلوول ورووژم بۆ ئـەو دارهـــەنـــارەدێنـــێ، وا لـــە ژێـــری ڕاوەســـتاوی. کابـــان لـــە نێـــوەڕاســـتی

گـەردەلوولدایـە.پێکـەوە دەگـەنـێ. گـەردەلـوول لـە دارهـەنـار دەهاڵـێ و ئەوەندەی‌رادەوەشێنێ تا هەنارە هەرە گەورە و جوانـەکـە بـەردەبێتـەوە. پێـت سـەیـرە.چـۆنی تـوانی هـەنـارەکـە بـەرداتـەوە؟! خـۆ لـەمـەو بـەریـش ئـەم گەردەلوولەچەند چەلان هەشاوڵـی کردبوویـە، کـەچـی چـی پـێ نـەکرابـوو. ئەی‌ئەمجارە هەنارەکـە بـۆچ بـەربـۆوە؟ لـەمـەو بـەر تـاق تـاق هـەشاوڵـیان دێنا،ئەمجارە هەرتکیان پێکەوە هاتن، بۆیە دەست دەبەی هەنارەکەهەڵگرییەوە. دەستێکی سپی و ناسک و بڕێک گۆشتن بە گورجی‌هەنـارەکـە دەرفێنـێ و لـە باخەڵی دەهاوێ. هەردووکتان راست دەبنـەوە،تـۆش و خـاوەن دەسـتەکـەش، کابانی جیرانتانە. هەر ئەو کراسەی لەبەردایە کە زۆر جاری دیکـەش لـەبـەری دەکرد و رێی پێ دەگرتی. زولفەبەشانە کراوەکەی لـە بـادا دەشـەکێتـەوە. بـە زەردەخەنەیەکی بە مەیلەوەلێت دەڕوانێ، پێی دەڵێی: «تکایە واز لەم هـەنـارە بێنە و بمدەوە، بە کارت‌نایە.» وەڵام ناداتەوە، خۆی با دەدا و سێ چوار هەنگـاو دەکشـێتەوە.سـەری بـەرەو پشـت رادەوەشـێنێ و بـە ئامـاژە: «ناتـدەمـەوە» بـــڕێک‌جێگاکـــەی دەگوێزێتـــەوە. لـــە نێـــوان دارهـــەنـــار و شـــۆڕەبیـــدا رادەوەستێ.ژوورەکەت لێ نادیار دەبـێ. بـزەیـەکـی شـاد تـەواوی روخسـاری داپۆشیوە.چاوەکانی پێدەکەنن، بە مەیلەوە لە ئازای ئەندامت دەڕوانێ. دیسـان بـــەتکـــا و رجـــاوە داوای هـــەنـــارەکـــەتی لـــێ دەکـــەی. هـــەمیســـان بـــە سەرراوەشاندن:«ناتدەمەوە.» هەروا راوەستاوە و نـاڕوات. لـەوە دەچـێ رەنگـی کراسەکەی‌سوورتر بووبێ؛ جوانتر دەنوێنـێ. کابـان دەم بـە پێکـەنـین، بسـک وئەگریجە و پرچێکی رەشـی قـەتـرانی، لـە دەوری گـەردن و لـەسـەر سـنگ ومەمکانی دیلانیان گرتووە. سەرچۆپیش گەردنی شووشەیی و گوڵاڵەسـوورەی روخساریەتی. وەک شێتت لێ دێ. دەڕۆی و تەموورەکەت‌دێنی. دێی و دەچی و دەست دەکەی بە تەموورە لێدان. چەند هەوای‌زۆر خۆش لـێ دەدەی. پێـت خۆشە دەستی بگری و پێکەوە بیکەنەهەڵپەڕکێ. ئەویش بەرەبەرە دێتە پێشێ و بە چپە بەسەرتدا هەڵدەڵێ.باسی ئەوینت بۆ دەکا. لە پڕ بە دڵتدا دێ: «گاڵتەم پێ دەکا» دەست لـەتـەمـوورە لێـدان رادەگـری و دەنـەڕێـنی: «چـت دەوی؟ هەنارەکەم دەوە!زووکە دەی!» هەروا دێتە پێشتر. دەستەکانی بـەرەو دەسـتت دێن. دەستت‌دەگرێ و بـەرەو خۆیـت دەکێشـێ. دەسـتەکـانی دەسـتەکانـت دەگوشن و بەگوێتدا دەچپێنێ: «ئەم هەنارە بۆ من. منیش بۆ تـۆ. قازانجتـە!»

سەرتبەرداوەتەوە. لە دڵتدا: «چ دەبیسم؟ خەونە، یان بە خەبەرم؟ دەنگیچەند خۆشە؟ چەندەش جوانە!» سەر هەڵدێنی و بە وردی لێی دەڕوانی:«ئاشا! دەڵێی سێحربازە و جادوو دەکا. لەوە دەچێ کراسەکەی ڕەنگیگۆڕیبێ. ئەم کراسە شینە گوڵ سوورە چەندە جوانە!» بزەیەک دێتە سەرلێوت و دەستەکانی دەگوشی. پێت دەڵێ: «هەموو هەنارەکان لێ کەوە،لەگەڵ مندا بیانگۆڕەوە، قازانجتە.» تەزوویەک بە لەشتدا دێ و دەکەوییەلێوە لەرێ. ئەژنۆکانت وەک مێوژۆکە دەلەرزن. دڵت نایە. بە گوێتدادەچپێنێ: «ئەوانەت لە من خۆشتر دەوێ؟ لێ دەم و بڕۆم؟» بەشڵەژاوییەوە دەڵێی: «نا، نا، نەکەی.» دەست دەکەی بە هەنار لێکردنەوە.هەنارەکان دێنی و لەبەر پێی ئەودا ڕۆیان دەکەیە سەر عەرزی.پێیانبەسەردا دەنێ و دەیانفلیقێنێتەوە. ئەو بەرەو ژوورەکەت دەچێ و تۆشبە دوایدا. پێکەوە دەست لەناو دەست دەچنە ژوورێ. لە ژووری تایبەتبەرەو رووی تابلۆکان راوەستاون. پێت دەڵێ:«هەموو ئەم تابلۆیانە لێبکەوە؛ بنەما و بەردی بناغەی نەهاتی تۆ ئەوانەن» رادەچڵکی وتەزوویەکت پێدادێ: «بۆچی؟ ئەوانە بۆ؟» پێت دەڵێ: «زووکە زو! دەبێبیانشکێنی. دواییش دەچینە ئەو دیوی ئەم پەردەیە و پەردە دادەینەوە.کە هاتنیە دەرێ، پووڵ هەڵدەگری و دەچینە نێو شار. ژیان و خۆشی لەنێو شار و شەقامدایە. دەبێ هەموو شتێکم بۆ بکڕی، جل و بەرگیجوان، عەتر و ئودکوڵۆن، شانە و ئاوێنە، سوخمە و کۆڵوانە، مووروو وپاوانە، ژێرپۆش و کۆرسەت و شۆرت و...» واقت وڕماوە. بە گنج ولۆچی نێو چاوان و لەرزە لەرزی ئەژنۆکانتدا وێ دەچێ تێک چووبێتی.پێیدەڵێ: «دەست لە هیچ مەدە، با بڕوێنە حەوشە. لە قەراغ حەوزەکە وژێر هەنارەکان راوەستین و قسە و باس بکەین. لە ژێر شۆڕەبی دانیشین وبڕێکت تەمووورە بۆ لێدەم.» خۆت پێش دەکەوی و دەڕۆیە حەسارێ.گوێت لێیە لە کۆڵانەوە دەنگی فیتوولێدان دێت - دووانی درێژ و یەکیکورت، دووانی درێژ و یەکی کورت... - کابان بەرەو کۆڵان رادەکا. دەرگادەترازێنێ و خۆی بەکۆڵاندادەکا. لە ژێر دار هەنارەکە راوەستاوی وچاوەکانت وەدوای کابان کەوتن و دیتیان خۆی بە کۆڵاندا کرد.تەقەتەقی دەرگا راتدەچڵەکێنێ. بەرەو دەرگا دەچی، سەر بەکۆڵاندادەکەی. چاوت لێیە کوڕە جەحێڵەیەکی جوان چاک و کابان بە قسە وباس و حیلکە حیلک و تریقانەوە بەرەو نێو شار و شەقام دەچن. ئەمکوڕە جەحێڵەت چەند کەڕەتی

دیکــەش لــەم کۆڵــان و دەرک و بانــە دیــوە.دەڕۆن و لــە چــاوت ون دەبــن. گەردەلوولێکی گەورە خۆ بە حەسار دادەکا. لە خـۆت و دار و ماڵـت دەهاڵـێ. راتاندەوەشێنێ... تۆز و خۆڵ لەگشت سەر و گوێلاکت دەنیشــێ. دادەنیشــی و دەڕشێیەوە. چەندە و چماوەیەک؟ نازانی! پەرۆش و رشانەوە تەواو دەبێ. تفێک دەکــەیــەوە.دەڕۆی و بــە قــەراغ حــەوز و نێــوان دارەکانــدا دەگــەڕێــی. گەردەلوول ڕۆیشــتووە. دەچییــەوە ژووری. وێنــەیــەک دەکێشــی و دەیخــەیــە نێومجرییەکەوە. زۆرت ئیشتیا لێیە بڕێک تەمووره لێدەی و کەمێک هەڵپەڕی و، هەر کە لە ماڵ دەرکەوتی بە شوێن بابتدا روو بکەیە کێوێکی‌وەک قوللەی قاف.

*   *   *

# گوێچکەکان

ئەو دەست و پەنجەیەی کە تاکوو دوێنێ چکۆلە و چرچ و لۆچ وبێهێز بوون، ئێستاکە زەلام و گۆشتن و بە هێزن. ئەم دەستە چەوروچڵـێک و گـرێ گرێیـە بەری پێگرتووم و دەمانچەیەکی بەرەو رووم گرتووە.دەستەکە بەرە بـەرە بـەرەو ژوور هەڵدەکشێ. هەڵدەکشێ و هەڵدەکشێتاکوو لەگەڵ گوێچکەی چـەپـم دا هێڵێکی راست پێکدێنێ. حەتمەن‌دەیهەوێ ئەوەندەی گوللە لە دەمانچەکە دایە بیتەقێنێتە نێو گوێمەوە.ئێشێکی کوشندە دڵم دەخاتە کوتە کوت و تەزوویەک لە موغەرەی‌پشتمەوە دەزوولە دەکات و هەموو لەشم رادەتڵەکێنێ. دیانەکانم لە ئێش‌و ژانی ئـەم مـەترسـیە بـەسـەریـەکـدا قفـڵ دەبـن، برۆکـانم تـاق  و واز دەکـەن،گـنج و لـۆچی خـوار و خـێچ نێـو چـەوانم دادەگـرن و مژۆڵـک و پێڵوەکانم‌چەشنی پەپوولە دەکەونە فڕین و باڵە فڕکە.

پەنجەی رەش و گرێ گرێ، لە یەک نەکاو بە پەلە پیتکەدا دێـن وریژنـەی گوللە دەڕژێنە گوێمەوە.

کەڕاکەی سەرم دەکەوێتە باوەخولێ! دەسـووڕێ و دەخولێتـەوە،دەسـووڕێ وباوەخولێ دەکات. کەڕاکەی سەرم ئەوەنـدە دەخولێتـەوەتـاکوو لـە ملـم جیـا دەبێتەوە و بە حەوادا دەڕوا و دەڕوا و دەڕوا هەتا لەرۆخی ئاوێک لەسەر لـەشـم دەگیرسێتەوە.

نازانم ئەم ئاوەی لە روانگەمدایە، جۆگەلەیە؟ چۆمە یـان زەریایـە؟ بۆخۆتـان سەرنجی دەن و نێوێکی لێبنێن. ئاوێکی لێڵ و لیخن وقوڕاوی ولـە زۆر جێگـە بۆگەن، لە نێوان دۆڵێکی خوار و خێچدا پۆنگی‌خواردۆتەوە. لە بڕێ جێگە بڵـق دەدا و لە بڕێ جێگەی دیکە قوڕ و قەپ‌وێستاوە. لە ئەمبەر و ئـەوبـەری دا بـە هەزاران و هەزاران سێبەر دێن ودەچن و، مناڵانێکی بێ ئەژمار لە هـات و چـۆ دان. مناڵ فیکە کێشان وزەنا زەناو بەردە فڕکەیانە و سێبەرەکان لاڵ و بێزمـان

بە دەوری خۆیاندادەسووڕێنەوە و جارو بار بە دزە دزە تەماشایەکی ئەم نیسکۆڵە ئاوەدەکەن.

لۆتکەیەکی شەق و شڕ ورەش و چڵکن بەسەر ئاوەکـەدا دێ و دەڕوا.بڵـێی ئەم لۆتکەیە ئی کەسێک بێت و گەمیەوانێکیش لێی بخوڕێ؟ لەهەوەڵ نیگـادا کەسی بەسەروە وەبەرچاو نایە. بەڵام بێتوو زۆر ورد لێیبڕوانی شتێک بە ئاستەم وەبەرچاو دێت. دەعبایەکی گولە و نابووتە وسەیـر و سـەمـەرەیـە کـە لاسـایی گەمیەوان دەکاتەوە و زیاتر بە قەراخە وقەراخی ئاوەکەدا هات و چۆیەتی! دوور و نێزیک و کەم و زۆر خـەڵـکدێـن و دەڕۆن. سـێبەرەکـانیش! منالـەکـانیش! هەمووان لە سووڕانەوە وخولانەوە و باوەخولێـدان. لـەم بـاوە خولێیـەدا کـەس کارێکی گرینگی نیەو بێدەنگی باڵی وەسەر وڵات کێشاوە. بەڵام هەر کا دەعباکە لە خەڵکنێزیک دەبێتەوە، خەڵک لێی دوور دەکەونەوە و پشتی تێدەکەن.

زۆر جاریش بە چپە و دزە دزە وشەیەک لەسەر دەم و لێوی خەڵکدەکەوێتە سەما. ئەم وشەیـە دەعباکـە قـوت و قوشـقی دەکـات. زۆر جـار لـەموشـەیـە دەسڵەمێتەوە و چاو دەگێڕێ و هەست رادەگـرێ. زۆر جـاریشخـۆی کـەڕە و نەبیس دەکات، بەڵام ئەم دەعبایە چیە؟ هەر کا بە جـوانیلێـی وردبیـەوە، دوو گوێچکەیە! دوو گوێی زۆر زەلام و درێژ و شۆڕ.سەرێکی بووچک لەسەر، ملێکی باریک و درێژ قوت بۆتەوە، ملێکیئەوەندە باریک کە دەڵێی بە موو بەندە. لەسەر ئەو ملە باریکەشداسەرێکی زۆر گچکە دامەزراوە. سەرێکی هێندە گچکەیە کـە دەڵێی دەم ولووت و چاوی پێوە نیە!

بەڵام کە لێی برۆیە پێشێ و بە جوانی سەرنجی دەی، دووچاوی وردو کوێرە مووشە و زیت لە قووڵایی دووبیردا دیارن. دوو چـاوی زۆر حیـزو دز و بـە فـڕو فێڵ. لەگەڵکوو لەم وڕوکاسیە دێمە دەرێ، دەیناسمەوە.ئاخ... خۆیەتی! قسەی ئەمڕۆ و دوێنێ نیە، قسەی پار و پێرار و بەسرپێراریش نیە. هەر لە تافی لاوی را ئەم چۆماوەم پێ خاوێن نەبووە،ئاوەکەیم پێ لیخن و بۆگەن بوو، گەمیەکانیم پێ کۆن و شڕ و شکاوبوو،گەمیەوانەکانیم هەر پێ گەمیەوان نەبوو! دایم و دەرهـەم دەمگوت! ئەمدەور و دووکانە دەگۆڕم. دەرکی ئەم شەیتانە بازاڕە دادەخەم. ئاخ بێتوودەستم بڕوا، داری لەسەر بەردی ناهێڵم. زۆر کات لەم شان و ئەوشانمەوە، لە پشتە سەر و بەرامبەرمەوە، لە بن گوێمەوە، ئەم دەعبایـەوڵـامی ئـەدامـەوە: دەیباشە! زۆر پیرۆز و موبارەکە! جووجەڵە لە ئاخریپاییز دادەبژێرن.

لەسەرچی ماتڵی دەبیگۆڕە دەی! لەسەرچی و لەبەرکێ ڕاوێستاوی؟ڕامان دەکردە یەک و بە گژیەکدا دەچووین. ئێخەو بەرۆکی یەکدیماندەگرت ولێماندەبووە شەڕ و قوونەشەڕ!

زۆر جاریش لێکدەکشاینەوە، هەرکەس بەرێی خۆیدا دەڕۆیشت وخەریکی کاری خۆی دەبوو... پڕوپاگەندەمان دەکرد، دەستەو بەرەوپارتمان پێکدێنا و دژ بە یەک تێدەکۆشاین وبە گژیەکدا دەچووین.ئەوان زیاتر بوون. زیاتریش و بە فێڵ تریش. عەیبەیان بێ شوورەییەبوو، بە درۆ خەڵکیان هەڵدەخەڵەتاند.

بەمانەش کاریان جێبەجێ نەبایە، بە زۆریان دەکرد. خۆشتان‌دەزانن کە زۆر هاتە گۆڕێ قەباڵە بەتاڵە! بەس ئەی من چی؟ منیش هەرنەدەبەزیم، نەدەکشامەوە، دەسبەردار نەدەبووم. باکم لە زەبر و زەنگیان‌نەبوو، نەفریوم دەخوارد ونە بە ئامۆژگاری و لۆمە و هەڕەشەیانم دەکرد.دەسا کار لە نوێ، بار لە نوێ! شەڕ و بەربەرەکانێمان بوو، دەست وپەنجەمان دەخستە دەست و پەنجەی یەکدیەوە، شەڕە قسە و شەڕەمەتەڵۆکەمان بوو. شێر و ڕێویمان بۆ یەک دێناوە. خێسە و مۆڕە و لێوەکرۆژەمان لە یەک دەکرد و شەڕێکی بەردەوام لە نێوانماندا هەر درێژەیبوو، هەر درێژەی هەیە.

کۆت و زنجیری لە دەست و پێم کردووە، دەم و دەستمی بەستووە وریژنەی گوللە بە نێو گوێمدا دەتەقێنێ. دەیان و سەدان ساڵ و بگرەسەدان سەدە، لە سەدان زەمان و مەکانی مێژوو دا خول دەخۆم!

دەسوڕێم و دەخولێمەوە و باوەخولێ دەکەم تا کونێ کاس و وڕ دەبم.گێژ و وێژ لە جێی خۆم دەحەپەسێم و وەک سێبەرێکم لێدێ. ئەوا لەمژوورەدا، لە نێو چوارچێوەی ئەم ئاوێنەدا دەعبایەکی گولە و نابوتەیسوور لە چەشنی عەمتەر، لە شانی خۆمەوە گوللە بارانم دەکا. تەحادەعبایەکی سەیرە... تووکی سەر و سمێڵ و ردێنی هەڵپرووزاوە،لیباسێکی فەرەنگی وپەڵەنگی لەبەردا دەروانێتە سەر و گوێلاکم. زۆری‌پێ سەیرە کە بۆچی نەمردووم و نامرم و ماوم. گوللەباران کۆتایی دێت.

ژوور پڕ لە ئەم و ئەو دەبێ، پڕ لە دیوناس و غەوارە. هەموو بەدەوراندەوەرمدا دێن و دەچن و لێو دەجووڵێنن. دەڵێی هەواڵپرسیملێدەکەن. دەڵێی باس و خواسێک لێک دەپرسن! بەرەبەرە دێمەوە خۆ.قیت و قوت راوەستاوم و تەماشا دەکەم. تەماشای هەموو ئەوانەی لەباس و خواس دەگەڕێن، ئەوانەی لە کفن و

دفنی مردوودا بەشداری‌دەکەن و لە ڕێگای خودا و خێری مردووویاندا یاسین بۆ نەخۆش و فاتیحابۆ مردوو دەخوێنن. جار و باریش میرات لە نێـوان وەرەسـاندا دابـەش‌دەکـەن. تـەماشـای سـێبەرەکـان و منالـان و... دوکتـۆر و قـازی و چەکداردەگەنێ، دوکتـۆر معایـەنـەم دەکـات و شـتێک دەڵـێ. قـازی چـەنـد لاپـــەڕەکاغـــەز ڕەش دەکاتـــەوەو دەوســـێیەک پێکـــدێنێ... چـــەکـــدار چاوەڕوانی‌حوکمی دەعباکەن. لە ناکاو گوێچکەکانم دەزیـرێنن و دەزریکێـنن! بێدەنگیە! ئای خودا چ بێدەنگیەکی وەیشووم و گوێدڕە! گوێچکـەکـانم‌دڕاون و بێجگە لەم بێدەنگیە گوێدڕە چ نابیسن. خوێن لە دڵی‌گوێچکەکانمەوە چۆڕاوگە دەکات. خوێن بە شان و پیلمدا شۆڕاوگەدەکات و دەڕژێتە خوار. خوێن بارانـە، خوێن باران... خوێن‌چوارەندەوری ژیان و جیهانم دادەگرێ. خوێن بەری چـاو دەگرێ.بۆنەکەی نێو دەم و لووت وکەڕاکەی سەرم پڕ دەکات... ئاخ...

لەوەش ناخۆشتر بێدەنگیە، بێدەنگی خەریکە پەردەی گـوێم‌دەدڕێ. دەمـە جووڵەی سێبەرەکان و ئەوانی دیکە دەبینم، بەڵام چنابیسم. تەنانەت نە جیکـە جیکی مشکان و، نە میاوە میاوی پشیلان و،نە حەپە حەپی سەگـەل. دەعبـا و چەکدار دەمدەنە پێش و دەمبەن ودەڕۆن. لە پاش ماوەیەک دەمهاونە ژوورێکی تاریک و بووچک وبڵندەوە. دە چرا، سەد چراو هەزار چرا هەڵدەکەن و تیشکی هـەموویـان لـەچـاوەکـانم دەگـرن. دەعبـا کاغـەزێـک دەنووسـێ و دەیداتـە دەستم؛دەیخوێنمەوە:

(نەبوو... نەء... نەبوو. هێشتا چاوەکانت دەبینن! زبانت دەگەڕێ ودەتـوانی قسە بکەی، لاقەکانت ساغن و دەتـوانی بـەڕیـدا بـڕۆی،دەسـتەکانـت دەتـوانن بنووسن. نەء... نەبوو) پێی سەیرە بۆچی ماوم؟ بۆدەبێ بمێنم؟ پێی وایـە دەبـا مردبایەم. نازانێ لەم دڵۆپە خۆینانەدەڕوێمەوە، زیندوو دەبمەوە؛ نازانێ لە تۆز و خۆڵی ڕێگاکەی خۆم‌هەڵدەستمەوە و ڕێ دەکەومەوە. نازانـێ ڕەگ و تـۆوم لـە خاک و خۆڵی‌زەویدایە و هەڵدەتۆقم و هـەڵـدەدەمـەوە. لـە بێـدەنگیـدا لێـک مۆڕبووینەتەوە. کاغەزەکە بۆ لای خۆی تووڕ هەڵـدەدەم. جـا خـۆ روو نـایگرێو دیسانەکە لەسەر کوتە کاغەزێک بۆم دەنووسێ: (بۆ خۆت دەسبەرداردەبی یـان ئێمە دەست بەکار بین؟)

بەسەریدا دەنەڕێنم، بەسە! وازم لێبێنن. چیتان لێمدەوێ؟ هیچتان‌بە قسـە ناکەم. چیتان لە دەست دێ، منەتتان بە هیچ، بە هەموو هێزی‌خۆی مستێک بە

نێو دەممدا دەکێشێ. لێو دەدڕێن و ددان دەشکێن.خوێن شۆراوگە دەبەستێ و بە لافاو وەڕێ دەکەوێ. دەست و زبان و چاوو دڵ و تەرمی منـە لـەم لافـاوەدا نوقم دەبێ و دەردەکەوێتەوە. نوقم بوون ودەرکەوتن، نوقم بـوون، دەرکـەوتـن. دای و باب و هاوەڵ و هاوشارینئامۆژگاریم دەکەن، دەسبەردار بم، بـەڵـام مـن پەردەی گوێم دڕاوە و دڕاوەو چ نابیسم.

چ نابیسم، بەڵام قیت و قۆز ڕاوەستاوم و زبانم بەرد دەهاڕێ: کۆڵان وشەقام و جادە و رووبار و زەریا و کۆسار و کوێستان و دارستان، تەنانەتشار و دێهاتیش لە تۆ دەبنە غەوارە و دوژمن. هەموو بۆت ناخۆش ومەترسی هێنەردەبن. هەر کا پێیاندا هاموشۆ بکەی سرتە سرت و چپەچپ وەک تێخی دەبان شـیر و تـیرت لێدەکێشنو و نجڕ و و نجڕت دەکەن.ڕۆژگارت تاڵ و شەوگارت ئاڵۆز دەکـەن. باش دەزانی کەس تۆی ناوێ وخۆشـی نـاوێی. لـە دەسـت ئـەم ڕۆژگـارە بـڕۆ نێوڕکەی ئاسن، بڕۆ نێو چواردیوارە بڵندەکەت، تاکوو ڕەجمیان نەکردووی ڕاکە، دەرک و دەروازە لەخۆت داخە، داخە، داخە.

بۆ ئان و ساتێک بە ڕاست یان بە درۆ دەکـەوێتـە پاکانـە کـردن ولاڵـانەوە: دەزانم شەقام و بازاڕ و نێو خەڵک گۆمێکی بێبنە. ئەو گۆمەیکە ڕۆژێک تێیـدا دەخنکێم... ئاخ...

ئاخ... ئەوەندەی بیردەکەمەوە، بە باشی نازانم بۆچی واملێهات!لەبـەر چـی کەوتمە ئەم ڕۆژەوە؟ کتێبی بیرەوەریەکانم لاپەڕە بە لاپەڕەدەخوێنمەوە، بیریان لێدەکەمەوە و سەرم لەم کارە دەرناچێ... مـەترسـیناخ و مـۆخی کـەلاوڕێـژ کردووم. زۆر جێگەی مەترسیە. ترسان لەوڕۆژەی لە پەنا و پەسێوی شـەقـام و کۆڵانێکدا بڕژێن بەسەرمدا، بیکەنەگەلە کۆمەکێ... سواری سەرم بن، بەرچەقۆم دەن، ڕێسمانێک لە ملمتوند کەن و ڕامکێشن... ڕامکێشن... خەتای کێ بـوو؟ کی تاوانبارە؟خۆم؟! دای و باب یان هاوەڵەکانم؟ هەموو هاوەڵ و دەرو جیران و هاووڵـاتێکانم تاوانبـارن! بوغزانـدیانم... بۆیـان هـەڵـبەسـتم. حـەوایـان دام...ئێسـتاکەش وەخـۆم نـاگرن... بـۆچی ئـەوان چـین؟ کـێن و چیـان لـە منزیاترە؟... ئەم بیرکردنەوەم لە چیە؟ چـیم لـەکـێ کـەمتـرە؟ ژیـر و ئـازا و ئاقڵنیم؟ لە ژیاندا سەرکەوتوونیم؟ خۆشپۆش و خۆشـخۆر و خـۆش ڕابـوێرنیم؟ ئەی بەس ئەم بیرەوەری و فیکرە هەڵیت و پڵیتانە چیە بە دڵمدادێن؟...

ئەریٚ ئەم حەوشە و حەسار و کۆڵان و شەقامە بۆ وا پڕ لـەم خـەڵـکەبـووە؟ چیان دەویٚ؟ باش وایە تاکوو دەورەیان نەداوم و زەفەریان پێنەبردووم. بە چەند دەسرێژ بیانکشێنمەوە: هۆۆۆو... چتان دەویٚ؟چۆڵی کـەن و بـڕۆن... بـڕۆن... بڕۆن. دەزانم بە تەمای چین و چتان دەویٚ!لێدەن و بـڕۆن... رووم تێـدەکـا و دەیکاتە وڕێنە: منیش وەک تۆ، وەک ئـەمخـەڵـکە! بـە منالـی و مێـر منالـی خۆشەویستی دای و باب و خوشک و برا وخزم و کەس بـووم، خـوێن شـیرن و رەزا سووک بووم، زۆر لە خەڵک زیاتر!

لەسەردەمای لاویمدا پەتایەک بە وڵاتدا هات. لافاو هەستا. نازانم(بـا) بـوو، رەشەبا بوو، چاو قووڵکە و شێرپەنجە و ئازارە باریکـە بـوو، چبـوو... زۆر کـەس گرتی، زۆر کەس تێکەوت... منیش یەکێک! نەخۆش کەوتم، پێوە بووم. گوێـت لێمە؟ لێم حاڵی؟ پەتا بوو گوێمی درێژ کرد،سەرمی بیچکۆلە کرد! دەم و چاوم خوار و خێچ و ملـم باریـک بـوو...سـووچ و تـاوانم چیـە؟... چیـە؟... بـۆچی هەمووتان بە تەمان لەگەڵکووبۆتان هەڵکەویٚ، هەر کاتێک و لە هـەر شـوێنێک بێت، بمفەوتێنن و درێژم کەن. درێژ وەک ئەم گوێچکانـە... بـەڵـام نـاتوانن... ناتوانن... نا... نا... لەژوورێکی چۆڵ و هۆڵدا، بەرەو رووی ئاوێنەیەک، چەشنی دوو دار عەرعەر بەرانبەر بە یەک دانیشتووین... لە رووانگەی خەڵکی حـەسـار وشەقام و کۆڵاندا لێکدەڕوانین. لە دەرفەتێک دەگەڕێین زەفەر بە یەکبەرین. هەردوکمان مڕ و مۆچ! بە ئـەنـدێش... نـاخ و مـۆخ پـڕ لـەوەڕزی وبێـزاری... دەستەکانم دەکاتەوە: دەسبەردار نەبی، ساردت دەکەینـەوە...دەرکـەوە... زوو دەرکـەوە... لـە ژوور و حـەسـارەکـەی دەڕۆمـە دەریٚ. دڵ ودەروون زەریـای ئەندێش... روو دەکەمە راستە شەقامی شار، بۆ نێوخەڵک، خالێک لـە زەریـای ملوێن ملوێن خالی ورد و بچووکدا.

نـــــوقم دەبم و دەردەکـــــەوم... دەردەکـــــەوم و نـــــوقم دەبم. نامناسنەوە،دەمناسنەوە... یەکێـک وەکـی هـەمـووانی دی، وەک خۆیـان، بـە راوێچکەپیاسەی ئەمسەراو سەری شار دەکەم. لە پـڕ دەبێتـە فیکـە کێشـان و زەنازەنا. ئاوڕ دەدەمەوە. دەعبایەک بە شوێنمەوەیە! بە دوو گوێی درێژ وشۆڕەوە. بەسەرێکی زۆر چکۆڵە و ملێکی باریک و دووچاوی زیتەوە.

گوێچکـــەکـــانی هـــەســـت رادەگـــرن، دەم و لێـــوە ورد و خـــوار و خێچەکەیدەجولێنەوە. دەڵێی جوێن دەدا، ئەرێ هەڕەشە دەکا... دەڕشێتەوە. سەیرئەوەیە گوێچکەکانم لە هەمیشە باشتر دەبیسن!

فیکە کێشانی لاوان دەیهەژێنێ. یەک بە خۆی دەنەڕێنێ: دەزانم...لەگـەڵ منتانە! دەڵێن چی؟ چتان دەوێ...؟ بە دەسڕێژێک هەمووتانساردکەمەوە؟...

کەس متەقی لێوە نایە. کەس چ نالێ. بەڵام فیکە کێشانێکی بەرز وبەربڵـاو چوارەندەوری دەلەرێنێ. دەعباکە سەر بەرەو خوار شۆڕدەبێتەوە.

دەڕوا... بەراکردن دەڕوا. بە شوێنی دا دەڕۆم. خۆی بە چواردیوارەبڵندەکە و ژوورە بێدەنگ و چوڵ و هۆڵەکەیدا دەکات. هەر لە شەقامیشـارەوە دەڕوانمـە پەنجەرەی ژوورەکەی. دەکرێتەوە. دەستێکی رەش وباریک و بیچکۆڵە و چرچ و لۆچ لە پەنجەرەوە دێتە دەرێ. دەستەکەدەجوولێـت و بـە ئامـاژەی پـەنجـەی شایەتمان... منالان، لاوەکان، خەڵکو سێبەرەکـان دەنگێـوێ. فیکـە کێشـان کۆتایی نایە و گەردەلوولێک فیکە ودەست و پەنجە پێکدا دەدا.
پەنجەکان یەک بە یەک هەڵدەوەرێن... گەردەلوول دەیانبـات و دەڕوا وفیکـە فیک شار پڕ دەکات.

* * *

## شەوەزەنگ

تووند بوونی کزەیەکی سارد و تاریکانی بانگی شێوان پێکەوە باڵـیانبـەسـەر شارداکێشا. وەک هەموو ڕۆژێکی ئەم کاتانە بەرەو ماڵ دەبمەوە.چەندە تونـدتر دەڕومو، شەقاوەکانم بڵندتر و خێراتر هەڵدێنمەوە، دەڵێیهەر لە جێگەی خۆمم و ئەم کۆڵانە دوور و درێژ و خوار و خێچ وتەنگەبەرە لە بن نایە. ئەم کزەبایـەش خۆ لە سەگی یانیگر خەرابترە وپەستا پەستا پشتەمل و لا ڕوومەتم دەگـەزێ و دادڕدادڕی دەکا. ئاتەگیباڵتەکەم بـە دەم هێرشـی بـاوە هـەڵـتەک و داتـەک دەشەکێتەوە. کوتەکاغەزێکی زۆر بە دەم باوە ئەم سووچ و ئەو قوژبن دەکـەن و لە هیچلایەک ئارام گرتن و ئۆقرەیان نیە. بایەکە دەرەتانی ئـۆقرەگرتنیـان نـادا وهەمیسان بۆم لاولایان دەڕفێنێ. سێ چوار سەگی بۆر و خۆڵاوی وچڵـکن لـە پەسێوی دەرکی بینایەکدا پاڵ کەوتوون و سەریان بەسەرییەکدییەوە ناوە. ئەم کزە بایە چەشنی چەقۆ و تێخێکی تیژ ڕوومەت ونێو چەوان و ڕووتایی گـەردن دەڕووشێنێ و چزەی لێدێنێ.

تاریکان بەرە بەرە پتە وتر دەبێ، لاقەکانم دەئێشێن و هەسـتیمانـدووبوون دەکەم. تۆز و خۆڵ بە دەم باوە بە حەوادا دێن و لە چاو ڕۆدەچن. ئەم سەرما و ماندووبوونە هانم ئەدا توندتر شەقاو هەڵگرم. هەرچۆن و بە هەر نەگبەتییـەک دەگەمەوە دەرکی ماڵەکەم. دەست بە گیرفانـدادەکـەم و بـۆ کلیـل دەرهێنـان گیرفانەکانم دەپشکنم. ئەم گیرفان و ئەوگیرفان، هەموو گیرفانەکان دەگـەڕێم، بەڵام کلیل ئاسەواری نیەو، وا دیارەلە شوێنێک بەجێ ماوە، جا لە ئیدارەکەم بێ یان لە ماڵەوە!

دەبـێ دەرگـا بـژەنم و لـە زەنـگ بـدەم. دەسـت بـە کلیلـی زەنگـدا دەنێم.قامکەکانم سەرمایان تێـزاوە و بـە ئـەسـتەم چـەنـد جـاران لـە زەنـگ دەدەم.کەس بـۆ کردنـەوەی دەرگـا نایـە، زۆر جێگـەی سـەرسـوڕمانە. دەبـێ کـەڕبـووبن؟ دەبـێ هـەمیسـان دەرگـا بکـوتم و لـە زەنـگ بـدەم. بـەشـکەم

ئایش...هەرواش دەکەم بەڵام بێ سـوود و سـەمـەرەیـە! دەڵـێی ماڵـە چۆڵـە وزیندەوەری تیا نیە. وێڕای ژەندن و زەنگ لێدان، بە دەنگی بەرز هەرایخێزان و منالی ماڵێ دەکەم. نە جارێک و دووان و سیان، دەیان کـەڕەت وزیـاتریش. بەڵام وەڵامدانەوە نیە و نیە. ئەوەندە لە دەرگا دەدەم و منالیماڵێ بەنـاو بانـگ دەکەم، تاکوو خەڵکی کۆڵان لەم ماڵ و ئەو ماڵەوە سەرلە دەرک و پەنجـەرەوە دەردێنن و هەموو دەم دەکەنەوەو هەرا دەکەن:«ئەرێ کابرا تـۆ کێـی و چیـت دەوێ؟» چەند کەڕەت سەر رادەوەشێنم ولەبـەر خۆمـەوە دەڵـێم: «بـە خـوای سەیرە، سەیر و جێگەی سەرسووڕمان!جیرانەکان نامناسنەوە و دەپرسن: کـابرا تۆکێی و چیت دەوێ؟»

جا چۆن؟ یانی هەر بەڕاستی ماڵەکەی خۆم کـەسـی تیانیـە وجیرانـەکـان نامناسنەوە؟ هەروا کە لەم فیکرانە دام، دەرگا دەکرێتـەوە ودوو کـابرای نـامۆ و غەوارە، بە زبانێکی بیانی زۆر بە تووڕەییەوەبەسەرمدا دەقیژێنن. بە هات و چۆی دەستەکانیاندا وا دیارە لێمدەپرسن:«کابرا تۆ کێی و چیت دەوی؟»

ئەوەندی سەرما و سەخڵەتی ئەم شەوە رەش و تاریک و تیوارە لـەشـمئـازار دەدا، سەد ئەوەندە پرسیاری جیرانەکـان و ئـەم کابرایانـە ژەهـری ماربـە دڵ و دەروونمدا دەکا. ئاخە جا چۆن؟ ئەمانە کێن و لە ماڵی من چیدەکەن؟ ئـەوان دەپرسن تۆ کێی و چیت دەوێ؟ بێ وەڵامدانەوە خۆ بەحەوشی مالـدا دەکـەم. بەڕاکردن و هەڵە داوان خۆم دەگەیەنمـە ژوورەکـانو سـەریـان پێـدا دەکـەم. لەخێزان و منالی ماڵێ شوێنەوارێک نیە.ژوورەکان پڕن لە غەوارە و بیـانی. نـە روخساریان دیوناسە و نە زبانیاندەزانم. هـەر ئـەوانـە دەورەم دەدەن، سـواری سەرم دەبن و قۆڵبەستمدەکەن.

یەکیان بە زبانی خۆمان لێمدەپرسێ: «کابرا تۆ کێی و چیـت دەوی؟»بـڕێ چاو بەملاولادا دەگێڕم و دێمەوە خۆ. لە شێتی دەگەڕێمەوە. خوایەهـەزار جـار شوکرت. ئەوە خۆ یەکیان زبانەکەی خۆمان دەزانێ. ئێستاکەحاڵیان دەکەم کێم و چیم دەوێ: «ئێرە ماڵی منە، ژن و منالەکانم کـوانێن؟ئێـوە کـێن و چیتـان دەوێ؟» هەموو ئەوانەی دەورەیان داوم، دەم و چاوتێکدەنێن، لێمۆڕ دەبنەوە و رەنگ و روخساریان توێژی تووڕەییوەسەر دەکشێ. پێکەوە بە زبانێکی کە مـن حاڵی نابم قسە دەکەن. هەربەو زبانە بەسەرمدا دەنـەڕێـنن. کـابرای دیلمـانج قسەکانم بە زبانی خۆمانبۆ دووپات دەکاتەوە: «ئێرە نە ماڵی تۆ بووە و نە ماڵی

تۆیە، بەوەندی‌یەک و دوو دەرۆی و گۆڕت گوم دەکەی باشە! دەنا گلەیی خۆت لەسەرخۆت!...»

لە پاش ئەم قسانە تەقەی تفەنگ هەڵدەستێ و گوللە ویزەویز بە بن‌گوێمدا دەڕوا. چەند کەڕەت زۆر بڵند هاواری ماڵ و منالـەکـەم دەکـەم.کـەس وەڵـام ناداتەوە و، وەڵامی کەسم ناگاتە گوێ. کابرا گەل بە زللە وشەپ و سـیخورمە و پاڵ پێوەدانان دەمرەتێنن و بە دەرکی حـەوشـەداحـەواڵـەی کۆڵـانم دەکـەن. تاریکان و سەرمای شڕ و دڕ و بای توندهەشاوڵم بۆ دێـنن. وەک سـەگـی هـار پێست و ئێسکم بە ددان دەگەزن.لەبەر سەرما و لە تـرس و تـووڕەیـی دا وەک مێوژۆکە دەلەرزم. دەمهاونەکۆڵان و دەرکی حەسارم لەسەر دادەخەن. هەر لـە پشت دەرکی حەوشەوەک سۆنگە هەویر بەسەر خۆمدا دێم و هەڵدەترووشکێم.

هەر بە هەڵترووشکانەوە، گرمۆڵە دەبم و خۆم خـڕ دەکـەمـەوە.ئـەژنۆکـانم دەگرمە باوەش و باو سەرما وێکم دێنن. بۆ ماوەیەکی زۆرددانەکانم شەقەشـەق وێک دەکەون. بەرە بەرە دێمەوە سـەر خـۆ. گوێهـەڵـدەخـەم و چـاو دەگێـڕم هەورێکی رەش و پتەو ئاسمانی شاری‌داپۆشیوە. لە گـەڕەک و کۆڵـانی دوور و نێزیکەوە دەنگی لوورە لووری‌سەگەل دێ. حەتمەن ئـەوانـیش وەک مـن مـاڵ لێشێواون. بۆیە وا بەسۆزەوە دەلوورێنن. خشە خشی ئەو کاغـەزانـەی بایـەکـە مڕکێش مڕکێش‌بەسەر عەرزا رایاندەکێشێ، گوێم پڕ ئەکەن. نـووزە و لـوورەی سەگەل وئەم کاغەزانەش لە ناخمدا بوونـەتـە شـینگێڕێکی سـەیـر. لـە پشـت پەڵەهـەورێکـی تـەنکـەوە مانـگ بـە تـەنـێ و بـە دزە دزە مـل درێـژ دەکـا و چاوێک‌دەقرتێنێ و هەمیسان خـۆی حـەشـار دەداتـەوە. مـانگیش بـە تـەنـێ بوو.تەنانەت تاقە ئەستێرەیەک چیە لەگەڵیا نەبوو. ئەم بایە تاو بە تاوسەرکێشتر و و تووڕە و تۆسن‌تر رمبازێن و غارغارێنی خۆی لە کۆڵـاندادرێژە ئـەدا. کـزەبـا چەشنی نەشتەر لە گیـان رۆدەچـێ. ددانـەکـانم لـەسـەرماشـەقـە شـەقیـان رۆژەرێیەک دەڕوا و لە کۆڵان و شەقامدا دەتەقێتەوە ودەنگ دەداتەوە، بێتو هەر ئاوا بێدەنگ و بێدەسەڵات لە جێی خۆم‌دانیشم، زۆری پێ ناچێ لەسـەرمـا رەق هەڵدێم و ویشک دەبم، دەبێکارێک بکەم!

هەڵدەستمەوە سەر پێ و بە هەموو هێز و توانای خۆم و پڕ بە گـەرووهـاوار دەکەم. دەرو جیران برێکیان دێنە کۆڵان و برێکیان لە دەرک وپەنجەرەوە سەر دێننە دەرێ.

چەند دەنگێک پێکەوە دەپرسن: «ئەرێ کابرا تۆ کێـی و چیـت دەوێ؟»زۆر جوان تێیان دەڕوانم. یەک بە یەک دەیانهێنمە بەر نەزەر. تەنانەت‌یـەکیشـیان ناناسمەوە. لەوانەیە شێت بم. هاوار دەکـەم: «چـۆن کـێم و دەڵـێم‌چـی؟ مـن خاوەنی ئەمماڵەم، ئەم نیوەڕۆیە نیوەرۆژەم لەمماڵەداخواردووە. ئەی ئێوە کێن؟ کەنگی ماڵتان هاتۆتە ئەم کۆڵانە و ئەم‌ماڵانەوە؟ لە کەیەوە بوونـەتـە دراوسـێی من؟ ئەی خاوەنی ئەم ماڵانەچییان لێهات؟ بۆ کوێ چوون؟ ژن و منالەکانی من کوانێن؟» حەوت‌هەشت کەسیان لێمدێنە پێشتر و پێمدەڵێن: «ئەرێ کابرا تـۆ شێتی؟ دزی؟سوالکەری؟ کێی و چیت دەوێ؟»

گـەمـارۆم دەدەن. بازنـەیـەک بـە دەورمداسـاز دەکـەن و چنگـە رەش ودرێژەکانیان بەرەو چاو و سنگ و بەرۆکم دێننە پێشێ. دەڵێی بە تـەمـان‌بـەم چنگانە چاوەکانم دەربێنن یان ئێخەو بەرۆکم دادەدڕکەن. بەهەمووان دەمگرن. تێر چەپۆکم دەکەن و مرکێش مرکێش بەرەوخوارەوەی کۆڵان دەمرەتێنن. لەو سەری کۆڵان چەند دەسرێژێکی‌گوللەم بەسەردا دەکەن و بەسەرمدا دەنەڕێنن:

«دەڕۆی و ئاوڕیش لە پشتە سـەرت نـادەیـەوە. بێتـو ئـاوڕ دەیـەوەوەهـات دەخەینە کونە رەشەوە حەوت ساڵی رەبەق ڕووناکایی نەبینی وچاوت بە چاوی کەس نەکەوێ، وات بەسەر دێنین، یەکێ بڵێ ماوە، سەدکەس بڵێن نەماوە...»

لە پاش ئەم هەڕەشە و گوڕەشە و لە دوای جوێن و سیخورمەیـەکـی‌زۆر بـە جێم دەهێڵن و پاشە و پاش بە قاقا و پێکەنین و جوێن و هەڕەشەبەرەو سـەرێ دەگەڕێنەوە.

لەسەر ئەم عـەرزە سـارد و سـڕ و بـەسـتەڵـۆکە مـاوەیـەک دادەنیشـم. وا بیردەکەمەوە بڵێی ئەمە خەونێکی پرسام نەبی؟ ئاخە چ بووە و چ قەوماوە؟کـوا ماڵ و منالەکەم؟ لە جەغزێکی سەیر و سەمەرەدا بیر لە خۆم و مـاڵ ومنالـم و ئەم شەوە زەنگە عاجباتییە دەکەمەوە. دەبێ هەستم و بڕۆم.بەڵکەم لە ماڵە خزم و کەس و ناسیاواندا هەواڵێکی ژن ومناڵەکەم گیرکەوێ. بەڵکەم پەناو پەسێوێ بۆ رابواردنی ئەم شەوە بەستەڵەک وئەنگوستە چاوە وەگیر خـەم. بـە کوڵـان‌دا شۆڕ دەبمەوە. کەس بە دەرەوەنیە و، هام و شۆیەک لـە گۆڕێـدا نیـە. هـەمـوو دەرکان داخراون، دوور ونێزیک و جار و بار هاواری کەسێک هەڵدەستێ.

بای سارد و سڕ و شڕ و دڕ هەر وەها دەگەڕێ و ئێخە و بەرۆکی‌لێقەوماوان بەر نادا. لوورە و سەگوەڕ بۆ ساتێ نابڕێتەوە. لوورە لوورهێند بە سـۆزە، دەڵـێی

ماڵ به ماڵی ئەم شارە لە گەمارۆ و هێرشیمەرگدایە. سەرم سوورماوە و سەر سوورمانێکی سەیر: ماڵی کەسنەناسمەوە! نێوی کەسم وەبیر نایەتەوە. وا دیارە دەبێ ئەم شەوە سەیر وسەمەرەیە بە تەنێ رابوێرم. وا باشترە فیکری هەموو ماڵ و دیوناسوەڵانێم. دەبێ ئەم شەوەزەنگ و بەستەڵۆک و ئەموستە چاوە لە کۆڵان وشەقامەکاندا، لە پەسێوی پەنادەرگاکان و پشت ماڵان بە تەنێ رابوێرم وبیر لەم بار و دۆخە بکەمەوە.

باڵتەکەم توند لە خۆم دەپێچم. دەستەکانم دەنێمە گیرفانەوە و، جاروبار لە بن باخەڵەکانمدا لەسەرمایان حەشار دەدەم و گەڕانێکی بێ وچانو بێ بڕانـەوە دەست پێدەکەم. جار و بار خرمە خرمی کەوش وزرمەزرمی راکردنی ئەم و ئەو دێ. بڕێ جار دەنگی بگرە و بەردە دەگاتەگوێ. وادیارە دەبێ وشـیار بم و خـۆ حەشار دەم و کەس نەمبینێ. دەڕۆم،دەگەڕێم و دەخولێمەوە. لە هەموو دەنگ و رەنگەکان خۆم دەبوێرم وخـۆم حـەشـار دەدەم. لـە هـەمـوو زینـدەوەرێ خـۆ دەپارێزم. لە تاریکانی ئەمشەوە پڕ سامەدا دۆست و دوژمن و خێرخوا وبەدخـوا ناناسرێنەوە. دەسادەبێ خۆ لە هەموو کەسێ لادەم. گەلێ جار هەسـت دەکـەم لەم حاڵەدا بەتەنێ نیم و کەسانێکی دیەش وەک منیان بەسەر هاتووە. جـاری وایە بەخشپەی لاق  و لە جێی وایە جوولانەوە و خوشینی سێبەری کـەسـێک بۆچرکە ساتێ دێتە بەر چاوو گوێ. نا نـا بـە تـەنـێ نـیم و ئـەوە چـارەنـووس وسەربوردی زۆر کەسی دیکەش بووە لەم شەوەدا.

وەی لەم گەڕانە بـێ کۆتاییـە و لـەم سـەرمـا گورچـوو بـڕە، لـەم تاریکـان وبەستەڵەک و شەوە زەنگەدا. هەروا لەم جەغزە وەیشـوومەدا کۆڵـان وشـەقـام دەکەم، چەند سەعات؟ چەند شەو و رۆژ و مانگ و ساڵ و سەدە؟بێ بڕانەوە و بێ کۆتاییيە نازانم؟ ئەوەنـدە دەزانم بـە قـەیـرابی سـەد عـەمـرو هـەزار تـەمـەن دەخولێمەوە و دەسووڕێمەوە. وا هەست دەکەم تووکیسـەر و سمـێڵ و ریشـم نیوگەز درێژ بووبێ و، ئەگەر وەک چۆڕی شیر سپینەبوبێ، ماش و برنجی بووە، تاکوو بەرەبەرە کەمۆکە حیزەرووناکییەکبەسەر دادێ. خـەڵـک بـە دزی و بـە ئاشکرا دەرکەوتوون، لوورەی سەگ وکزەبا شلەیان پێ داوە. سەرنجی هەرکەس دەدەم، گەردنی لە نێـو ئێخـەداحـەشـار داوەو، لـە ئـەندێشـی ژیـانی خـۆی و چارەنووسی خۆیدایە. کەسلەگەڵ کەس نادوێ و لە چ ناپرسێ.

تەواوی روخساری ئاسمان لە پشت مەلافەیەکی شینکی دایە. تەپو مژباڵی بەسەر شارکیشاوە. بەرەو دایرەی کارەکەم دەڕۆم. لە شـەقـامسـۆفی و حـاجی دووکانیان کردۆتەوە. لە دەرکی دائیرە تووشی رەشۆیهاوەڵم دەبم. پێیدەڵێم: «خراپم بەسەر هاتووە، رەشۆ.ماڵـیان لـێ زەوتکـردووم و منالـم بـێ سـەر و شوێنن...» سەر هەڵدەبڕێ و ئـاخێکی سـاردهەڵـدەکێشـێ و دەڵـێ: «شـەوو رۆژێکی تەواوە لە ماڵی دەسگیرانەکەمدەگەڕێم و نایبینمەوە. بـڕیارە ئـەمشـەو شەوی زاوایی و گۆیەندم بێ» لەدایـرە دەڕۆمـە ژوور، دەچمـە ژووری تایبـەتی خۆم، هیوا بەر لە منگەیشتۆتێ و بێ سڵاو و هەوالپرسـی، هـەلـدەداتـێ: «لـە دوێنێ ئێوارەوەئەم شارەم تەقاندووە و ماڵی خۆمان نابینمەوە. شـەمـۆش دێتـە نێوقسەکەوە: «دوێنێ وەک رۆژان رووەمکردەوە ماڵێ، چەند غەوارە و نەنـاسلـە ماڵمان بوون، تاقە کەسێک لەم هەموو خوشـک و بـراو ئـامۆزا و مـام وئامۆژنـە نەیانناسیمەوە، بە عام قۆڵیان گرتم و وەدەریان نام. دایکم وبابم هەر نەمابوون و لە هیچ کوێوە دیار نەبوون. تا رۆژ لە کۆڵانان وێڵبووم. سەرۆکی دایرە گـوێی بۆ قسەکانمان شل کردووە. یارۆ وتەنی بەچەکمەوە دەپەڕێتە نێو قسەکانمانەوە: «ئەم قسانە چیە؟ هەمووی بێبایەخ و بـێ بـنج و بناوانـە. یـان خۆتـان سـازی دەکەن، یان لە کەللەی داون،چ شتێ نەگۆڕدراوە و، هەموو شتێ بەڕێ و جێ و لە جێی خۆیەتی.»

سەرۆک دەڕواتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. شەمۆ درێژە بە قسەکـانیپێشـووی دەدا: «دوێنێ درەنگان کەمۆکێ بەر لە بانگی شێوان، هەورێکـیرەش و تـوورە، وەک مۆتەکە هەلیکوتایە سەر سنگی شار و تەم و مژێکیخەست بەسەر هەموو شتێکدا کشا.

بەرەو ماڵ دەرۆییمەوەو هەستم دەکرد ئەم خەڵکەی دێن و دەچندیوەزمە و ئاڵ و مۆتەکەن و هەڵیانکوتاوەتە سەر شار و شەقام و ماڵان. لەدووای ئەوەی لە ماڵی خۆمان راونرام، زۆرم هێناو برد، ئەم کارەم هێنایـەبـەرنـەزەر. هـیچم بـۆ نەچۆوە سەر یەک ئەم بەیانە لە رێی دائیرە یەکم دیدەیگوت کە چۆتەوە ماڵێ، دیتوویە مل ئەستوورێ خێزانی لێ زەوتکردووە و، خێزانەکـەش کـابرای مـل ئەستووری دەوێ، نەک ئەو. یەکەمدی دەیگـوت منالـەکـانم بـە زۆر لـە مـاڵ وەدەریان ناوم. یەکی دیکە دەیوتشوێنەواری ژن و منالی نیە. وا دایارە ئـەمـە بۆتە سەربورد و چارەنووسیزۆربـەمـان. ئـەرێ تـۆ غـاچ کـەردەن بـین و چـی

بکەین؟» منیش لە هیوا وشەمۆ دەپرسم: «ئەرێ تۆ غاچ بکەیـن و چ کـەردەن بین؟»

*   *   *

# شەوارە

«بۆ یادی سەوز و هەمیشە زیندووی **سەید جەعفەر مستەفەوی**

سالێک و دووان و سیان؟ مەرج بێ بە مەرجی پیاوان بێت و دەیان وسەدان سالیش تێپەڕێ، هەروەک ئەوەیە دوێنێ بووبێ، ئەمڕۆ پێش‌نیوەڕۆ بووبێ، بگرە هەر ئا ئێستا بێ! خۆ لەو کاتەوە تاکوو هەنووکە چڵاوگۆڕێک بە دڵ و دەروونمدا نەهاتووە. ئەوەدەمەش هەر ئالێرە بووین،لە نسێی ئەم گاشەبەردە. من هەروەک ئێستا کە لەم سێبەرەدا راکشابووم‌و، گوێم دابووە قسەکانی شەمۆ. لە ناخی خۆی دەدوا. جار و بار پێم‌وابووڕێنە دەکات، چونکە نەمدەزانی لەچی دەدوێ! بەڵام گوێم لە دەنگی‌بوو، دەنگێکی خۆش لە چەشنی قاسپەی کەو، دڵڕفێن وەکوو خوڕەی‌تاڤگە و رووبار. دەنگێکی زۆرت پێ خۆش بێ و نەشزانی چی دەڵێ؟بەڵام بە بیستنی دەنگەکە دڵم فێنک دەبۆوە، دەمارەکانم سوکنایی‌یان‌پێدا دەهات و لە جێی خۆمەوە بۆ بیستن یان قوشقی دەبووم. چاوم تێبڕیبوو. لێوەکانی دەجوولانەوە، وەک باڵە فڕکەی پاساریيەک جوان بوون‌و جەغزێکیان بە دەوری مندا دەکێشا. لە نێو تان و پۆی جەغزەکەدادەنگێم دەبیست:

«جیهان... ژیان... مان... نەمان... ]باسی بوون و نەبوون و مان‌ونەمانە. چلۆن بوون، چلۆن مان؟[(١) لە ژیانا برینی وا هەیە بە بێدەنگ،رۆحت دەخواتەوە و ناشتوانی باسی ئەم برینە بۆ کەس بکەی...»(٢)

دەنگی شەمۆ بەرز و نزم دەبۆوە، بە چوارەندەورمدا دەسوورا وزەنجیری تان و پۆی جەغزەکەی وا گەمارۆی دابووم، پتەوتر دەبوو. بـەقسـە کـردن چـەشـنی خورەی جۆبار بە رەوتێکی وەک رەوتی کەو دەڕۆیی‌و دوور دەکەوتەوە. تەنانەت رەوتی رۆینەکەشی زۆر جوان و دڵرفێن بوو.دەڕۆیی و دەیگـوت: «تـۆش وەرە، هەستە با بڕۆین. دەستت بدە دەسـتم.زۆر ساڵـگارە هـاوەڵـین و زۆر هـەوار و رێگەمان پێکەوە بڕیوە، دەوەرە بالەم رێگەیەشدا پێکەوە بین، دەی... هەستە... وەرە... پێکەوە بڕۆین...»

بەڵام من چی؟ من هەروەک ئەلحانەکە، لە شان و نسـێی ئـەمگاشـەبـەردە راکشابووم. خۆمار بووم یان نەشە بووم؟ سەرخۆش و مەستبووم یان مـەنـگ و پەکەر؟ نازانم و وەبیرم نایە. بەڵام چاوم لێبوو شەمۆ بەقسـە کـردن دەڕۆیـی و دوور دەکەوتەوە. رۆیی و دوور کەوتەوە، تاکووگەیشتە سەر هێلێ سنوورەکـە و لە چاو ون بوو. ئەو لە چاو ون بوو و، منخەو و خەم و خەفەت دایگرتم، خەفەت وەک مۆتەکە سواری دڵم بوو.لەگەڵـکوو رۆژ تێپـەڕی و شـەو بـەسـەرداهـات، تەزوویەک بە هەمو لەشمـداهات. ئـازای ئـەنـدامی راتڵـەکانـدم و وەک پـەڕە کاغەزێکی گاڵتەی با بێتلەرز و هام و شۆ بە خۆم و ئەندامەکانمدا دەهات. لـە ژوورە چۆڵ وهۆڵەکەمدا ئەمسەراو سەرم دەکرد و دەهاتم و دەچـووم. شـتێک وەکوڕێنە بە دەممدا دەهات:

«شەمۆ... شەمۆ... لە یادت ناکەم. قەت... قەت، ببڕای ببڕ بۆ ساتێکلەبەر چاوم ون بی؟ لە پاش هەزار ساڵی دیکـەش دێمـەوە. دێمـەوە بـۆ جێقـەرار و بڕیارەکەی رۆژ و مانگ و ساڵگارمان. هەرات دەکەمێ، بانگتدەکەم: تۆ هاوەڵی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی. دەجا تۆش جارێک بە دەنگو هاوارمەوە وەرە... تۆش پێت نەکرێ، من دێم... دێم... دێم.»

ئەوا هاتومەوە، لە سێبەری گاشەبەرد هەڵدەستم، بە شەقـاوی بڵـند وخێـرا خێرا سنووری زەوی و ئاو دەبڕم. هەنگاو لە جێ هەنگاوی تۆدادەنێم. وەک تـۆ ئاواتەخواز و ئەویندای ئاو، باڵ دەگرم و دێمە پێش و،تێکەڵ ئاو دەبم. فێنکایی ئاو چەشنی باوەشێن کردنی رۆڵەیەک لە لایەنداییکەوە وایـە. ئـاو لـە ئـامێزم دەگرێ و نوقمی ئاو دەبم. وێنەی خاڵێک لەوڵاتێکی نامۆدا. هێشتا نامۆییمان لە نێواندا ماوە. دەنا وەک شەمۆدەبووینە یەک. لـە نێـو ئـاودا دەخولێمـەوە، چـاو

دەگێڕم. بە بینەمەلەدەڕۆم، دەستدەکوتم و چاو دەگێڕم. لە خۆی دەگەڕێم، لە شەمۆ.

هەواڵی شەمۆ دەپرسم. لە ئاو، لە بەرد، لە خیز، لـە قـوڕ، لـە زێ و زێبـارو زیخی ئەم ئاوە. بەڵام هەواڵی نیە و نایبینمەوە. جاڕ دەکێشم، بانگەوازدەکەم و بە نێو بانگی دەکەم. دیار نیە و نایە. هەروا دەگەڕێم. نابێماندووبم، نابێ ناهومێد و هیوا بڕاو بم، دەزانم جارێک لە جاران بەدەنگمەوە دێ... شەمـۆۆۆۆ... هـۆۆۆ شەمۆۆۆۆ... شەمۆۆۆۆ. هۆ هاوەڵیڕاستەقینە و بێ فڕوفێڵ. ئەوا لـە روانگـەمـدا قووت بۆوە. دێتە پێشێ،زەردەخەنە لەسەر لێو... دێتـە پـێش. هـەروا جـوان و جوانچاک و رازاوە،شووش و خاوێن دێتە زۆر نێزیک و پێمدەڵێ: «بـۆ؟ بـۆچ وا درەنگ‌هاتی؟ جا تەقا من لەوەش دوورتر رۆیبام و لێت ون بایەم؟ تەقامردیایەم! بۆوا درەنگ، درەنگ... درەنگ» دەستمان خستۆتە سەرشانی‌یەکدی و لـەبـەر بەرۆچکەی شانی تاشەبەردێکدا دانیشتووین.روخساری ئەدرەوشێتەوە، زۆر بـە کەیفە. گشت لەشـی پـڕ لـە خۆشـییە. بـەودەسـتەی دیکـەی پـەنجـەکـانم دلاوێنێتەوە. لێوەکانی بۆ هەڵمژینی،لێوەکانم دەلەرێنەوە. دەیـەوێ دیسـانیش دەست بکاتەوە بە قسە کردن.بەڵام ئەمجارە دەنگی دەرنایە و، چ نابیسم. ئـەی چاوەکانی؟ خۆ جاران‌قسەی دڵی شەمۆم لە چاوەکانیدا دەخوێنـدەوە، چـاو لـە چاوەکانی دەبڕم،چاوەکانی هەموو شتێکیان ئەدرکاند. ئاخ خ خ خ... دوو چاوی رەش ولـێڵ لـە قووڵـایی بیرێکـی تاریکـدا لۆمـەم دەکـەن. لۆمـەی ئـەوەی لەگەڵی‌نـەهـاتووم! لۆمـەی ئـەوەی درەنـگ هـاتووم. ئـەو دوو چـاوە لـەمـەو بەروانەبوون. دەبێ هەر هەوەڵ سەعات و هەوەل شەو ماسی زێبار و زەریا وتاڵاو خواردبێتنی.

ئێســتاکە ئــەم دوو چــاوە زۆر بــە تــەوس و توانجــەوە لێمــدەڕوانــن. گلەییم‌لێدەکەن. هەر گلەیی نابگرە جوێنم ئەدەنێ! بەرە بەرە فرمێسکی سـارد وسڕ وەک لیزگەی مرواری لە ئەستێری روخساری هەردوکمانەوەهەڵدەزنێن و، بە مەزرای کوڵمەو رووومەتدا شـۆڕاوگە دەبـەسـتن. سـەردەنێینـە سـەر شـانی یەکدی. شانەکانمان دەلەرێنەوە و، سەرمان هـەنیسـک‌ئـەدەن! لێیـدەپرسـم: «بۆچی؟ بۆچی؟ بێوەفا!» چاوەکانی دەقووچێنێ،لێوەکانی دەلەرێنەوە. بەڵـام چ نابیسم. لاڵ بووە. دەبێ لاڵ بووبێ. خۆدەمێک لەمەوبـەر قسـەی کـرد. دەبـێ حەپەسابێ. جارێکی دیکەش‌دەڕوانینە یەکدی و هەناسە هەڵدەکێشین. بـاوەڕ

ناکەین ئەوا بۆ جارێکی‌دیکەش پێکەوەین. خەم و خەفەت چۆکیان داوەتە سەر سنگی‌هەردووکمان و ئێخە و بەرۆکمان رادەوەشێنن. دەست لە ملان دەبین وبە کوڵ لە قوڵپەی گریان ئەدەین. نێوچاوانمان بە نێو چاوانی یەکدیدادەسووین و لێکدەڕوانین. لە پڕ چاوم بە چاوەکانی دەکەوێ. ئای خوایەهـاوار، لـەم چاوانـە دەترسم. لە قووڵایی دوو بیری رەش و تەنگ وتیوارەوە چاوێک لۆمـەم دەکـا و جوێنم دەداتێ و چاوێک پێمدەڵێ:

«وەرە، لەگەڵمدا وەرە، دەوەرە با بڕۆین.» هەنگاو هەڵدێنێتەوەودەستەکـانم دەکێشێ. رادەچڵەکێم و دەستەکانم لە دەستەکانی دەردێنم.رادەکەم. هەڵدێم و دوور دەکەومەوە، زۆر لە دوور، رادەوێستم و ئاوڕئەدەمـەوە. هـەروا لـە جێـی خۆی راوێستاوە. سێبەری گاشەبەرد بە سەریداکشاوەو چاوی لە چـاوم بـڕیوە. زەردەخەنەیەکی پڕ لـە تـۆپ و تـەشـەر وتـەوس و تـوانج لـەسـەر لێـوەکـانی دەشنێتەوە. دەڵێی نەفرینم دەکەن. هەرلەوێوە بانگەوازم دەکاتێ: «بیتو بـزانی چەندەم خۆش دەوێی، بیتو بزانی‌چەندە ئاواتەخوازتم، بیتو بزانی ئێـرە چـەنـدە خۆشە و چەندەم چێژ وخۆشی لێرە بۆ داناوی، لێم ناترسـی و لـێمهـەڵـنایەی. دێی، دێی، بە لاقی‌خۆت دێی...»

مەترسی هەموو لەشم دادەگرێ. شەمۆبە سپایی و بـەرەبـەرە دێتـەپێشـێ. دیسان رادەکەم. بەرەو سنووری زەوی و تاڵاو رادەکەم و خۆمدەگەیەنمە زەوی. ئۆخەیش ئامێزی گەرم و گوڕی خاک و خۆڵ وخۆرەتاو چەنـدە خۆشـە. زەوی چـەنـدە مـەترسـی و خـەم و خورپـە دووردەخاتـەوە. ئـەمـەش سـەرسـنگی گاشەبەردەکە. ئیدی مەترسیم نیە. ژێرلاقم رەق و تەختە و خۆڵ و خۆر هێز و توانایان وەبەر ناوم. شەمۆش‌هاتۆتە سەر هێڵـی سـنوور و دەسـتی بـە گـۆرانی چڕین کردووە. بێ هەستو خوست گوێم بۆ راگرتووە. هەڵدەستمەوە سەر پێ و بۆی دەگێڕمەوە.جاری جاران ژیاوەتەوە. دوو باڵندەی یەکباڵ، دووکەڵی یـەک پشت ویەک شان و باهۆ، بەڵـێنی دۆسـتی، تـازە و پتـەو دەکـەنـەوە. شـەمـۆ دەنگی‌بەرزترەو بەرە بەرە بەرەو پێشەوە دێ.

خۆر لە روانگەمدا پێدەکەنێ و دەتریقێتەوە و هەرام دەکاتێ:

«لاوۆ، هۆۆ وشیار بە وشیار.» دێمەوە خۆ. لە گاشە بـەرد دێمـە خـوار وبـە راکردن بە رێگەی شار دا دەگەڕێمەوە. ئای ناخ و مۆخم نوقمی چێئەندێشـێکە؟ «شەمۆ زیز بوو، لێم تۆرا. رامکرد و بەجێمهێشت. ئەمجیابوونەوە، زوڵمە، زۆرە،

ناخۆشە، زۆر ناخۆش. بەڵام هەرچۆن بێ وهەرچی بڵێی دەگەڕێتەوە سەر خۆی. بە ڕێی خۆیا ڕۆیی. وەشوێن ڕێیخۆی کەوت. دەسا منیش بە ڕێی خۆما دەڕۆم. ئەوا چەند ڕۆژە نەمدیوە.چ دەکا و خەریکـی چیـە و بـۆ دیـار نیـە؟ زۆری بـیر دەکەم. دەبێ بڕۆمە پێ وشوێنی. دەگەمە دەرگای حەوشەکـەیـان، لـە دەرگـا دەدەم. دەنگی پێیەک لەحەسارەوە بەرەو ژوورەکان ڕادەکا. دایکی شەمۆ دەرگام لێدەکاتەوە.خوڵکی ژووریێ دەکریم. شەمۆ لـە ژوورەکانـدا خـۆی لـێ حـەشـار داوم!دایکـی بـانگی دەکـا. بـە جـوێن و تـۆپ و تـەشـەر لـە ژوور دەیهێنێتـە دەر.دەستمان دەخاتە نێو دەستی یەکدی و دەڵێ: «بەهارە، بەهار، ئەوەپێخۆر و کەتری و مەتارە چایی و کەل و پەلی پێویست. بـڕۆن بـۆ سـارا.ئێـوەش لاون؟ دەک...!»

شەمۆ بڕوانە خۆر، هەتاو، مانگەشەو. وەرە با بڕۆینە شوێن شەنگە.شەنگـەی شۆخ و شەنگ و سەرخۆش و دڵخۆش، قسەی خۆشمان بۆدەکا. سروشتی بەهار بە بێشەنگە شتێکی کەمە. شەمۆ پێمدەڵێ: دڵتزۆر خۆشە شەریف؟ خـوا تـۆو شەنگەی بۆ یەک داناوە. سەر خۆش ودڵخۆش و دڵ بە دونیا. خۆزگەم بە دڵی خۆتان. شەنگە پەیدا دەکـەیـن ووەڕێ دەکـەویـن. بـەرەو شـاخ و داخ، بـەرەو دەرەوەی شار و جۆبار ورووبار. پێکەوە هاوار دەکەین: «ئای سـەوزە، سـەوزەی کۆساڵان، تاوێوەرەوە، وەک سالی ساڵان...» ئەەش گەرد و گوڵی بەیان. ئامێزی فێنکیشنەیەکی میهرەبان و بلاوێن. هێڵێکی درێژ و خـوار و خـێچ بـە کۆڵـان وشەقام و دەوری شار و بانووانی باخەکاندا دەکێشم. شار دەهاومە نێوجەغزێکی گەورەوە. خۆشم لە نێو جەغزەکەدا، بە دەوری خۆم و بەدەوری ئەم جـەغـزەدا دەخولێمەوە. شەمۆم لەگەڵە. پێکەوەین، داتۆ خواپێم بڵێ تـۆ بـۆچ وای؟ بـۆچ زیزی؟ بۆچی زیز بووی و ڕۆیشتی؟ هەڵەتکرد یـان بـە فریویـان بـردی؟ قاقـا پێمپێدەکەنێ، لە شانم دەکوتێ و:«خۆزگەم بە خـۆت و دڵـی خـۆت و دنیـای خۆت» بە قاقاکێشان دەڕوا،کازێوە و هەوەڵ ڕمبەکانی خۆر لـەسـەر ڕوخسـار و سەر و گوێلاکم. گەڕانیبێ وچان و دیسـانیش جـەغزکێشـان. دیسـانەکـەش یەخسیربوونیجۆڵاتەنەی ئەم جالجالووکەیە. شەوارەی شەمۆ و شەنگەم. ئەم لە کوێ،ئەو لە کوێ؟ شەنگە دوو سێ ڕۆژە دیار نیە. ئای خوا چەندەی بیردەکەم؛ دەبێ هەستم و بە دوای کەوم. ئـاخر خـەریکـی چیـە؟ بـۆ وا دیارنیـە، نـەکـا کوێرەوەریەکی هەبێ، یان ڕووداوێکی تاڵ و نەیامەتیـەکدەرکـی پـێ گرتبـێ؟

نەخێر بێ هۆ نیە، شەنگە دیار نیە، جا شەنگە و دووسێ رۆژ دیار نەبێ؟ دەبێ هەستم و دوای کەوم.

لەگەڵکوو هەڵدەستم و خەریکی سیپاڵ لەبەر کردن دەبم، تاکوو خۆمبۆ دەرێ چوون سازکەم، لە دەرکێ دەدەن. بە چەکەچەکی دەمپایەوەدەرۆم بزانم کێیە. تاکوو پێدەنێمە حەسار و چەکەچەکی دەمپایە وتەقەتەقی دەرکە ژەندن تێکەڵ دەبێ، شەنگە لە کۆڵانەوە هەرام دەکاتێ:«دەک لەشت داوەشێ چ پیاوێکی شەریف؟ هەک بە کەم بی لاویخوێڕی! کوڕە ماڵ کاوڵ سێ شەوو رۆژ گۆیەند و سەما و هەڵپەڕکێدەبێ. بەلای ناخێرتەوە دۆستی شەموێ! زوو بە زوو! زوو، ژن بۆ کاوەیبرای دێنن، ساز بە با بڕۆین. دەستم دەگرێ و بە شوێن خۆیدا تاکوومالی شەمۆ راکێش راکێش دەمبا. حوللەسێ هەر دێتەوە سەری سێ.دیسانەکەش سەر گاشەبەردەکەی جێژوانی خۆمان! چاو لە سنووردەبڕم. ئەو شوێن و سنوورەی شەمۆ لەوێوە لێم جیا بۆوە و، لە چاو ونبوو. تا رمایی تاپۆی شەمۆ بە بەرچاوما دێت و دەڕوا. بزەیەکی کز لەسەرلێوەکانیەتی. بزەیەکی هەم شاد و هەم خەفەتبار. بە مەیلیش و بەلۆمەش. لەسەر هێڵی سنوور رادەوێستێ و دەنگی هەڵدەبڕێ: «بەخێربێی، بەڵام بۆچ هاتووی؟ زۆرم پێخۆشە دەتبینم، بەڵام دەگەڕێیەوە! بەهۆ و تەلانەدا هەڵدەکشێی، لە هۆو ملەیەدا بای دەدەیەوە. لەسەر ئەو یالەلە سای هۆوە گێوژە دادەنیشی و پشویەک ئەدەی. شنەیەکی خۆشدەستێ بە لەشتدا دێنێ. سوکناییەک لە دڵت دەگەڕێ. کاجووتێک لەروانگەتدا دەمرێ. خاوەنەکەی قوڕ دەپێوێ و خەفەتی ئەم و چەمەریی‌مەرگی کوڕە جوانەمەرگە تازە زاواکەی دەگێڕێ. بێچ لە حەیف و خەسار!دەستی شکاوم، هەک کوێراییم دابێ، چیت لە دەست نایە. تەنانەتگریانێکی بە کوڵ، تەنانەت یارمەتیەکی کابرای رەنج بە خەساریلێقەوماو. من دەمرم بە تۆ دەڵێن بۆ خۆت خۆش بی! بە هەناسکەهەناسک و ئاخ هەڵکێشان بە رێی خۆتدا دەگەڕێیەوە.» بەرەبەرە و بەسپایی دێتە بەرەوە. لەناکاو سامی چاوە لێڵەکانی چاوم دەنگێوێ،دەکەومە دڵە کوتە و، بە کوێرەڕێیەکدا رادەکەم. لە پاش هەندێ هەڵاتن وماندووبوون، بە هەناسکە هەناسک لە ژێر دارە گوێژ و لە نسێی گەڵاکانیرادەکشێم. پشووم سوار بووە. تلێک دەخۆم و بەسەر قەبرغەی راستدادەکەوم. شەنگە لە شانێک و شەمۆ لەو شانی دیکەم راکشاون. بە سپایی‌شانە و شان دەکەین. یەکدی لە خەو

هەڵدەستێنین! شەمۆ لە پڕ بە چپەپێمدەڵێ: «زۆر بێ بەقای شەریف! جا چۆن هاوەڵی و ئاو دەنگیی تۆ ئاوابوو؟ پێت وایە کە هاتو لەسەر قسەی خـۆت سـوور بووی و لات گرت و لەمن هەڵاتی، بە کوێ دەگەی و کوێ دەگـری و دەبی بـە چی؟ گرکانێکدەتەقێتەوە، کانییەک ئیشک دادەگیرێ، پەپوولەیـەک لـەسـەر گوڵەپایزەیەک دەکوژی. ئەم گوڵەباخە هەپروون هەپروون دەکات، ئەمانەهەموو دەبینی و بێج لە ئاخ هەڵکێشان چ ناکەی و چ ناڵێی! یـانی تـۆ هـەرئـەوەنـدە بووی؟»

دەستم دەگرێ و خولقی چوونەوەی ماڵی خۆیانم دەکات. منیش‌خولکی ئەو دەکەم. دەستی یەکدی دەکێشین و بە دەوری خۆماندا و بەدەوری دارە گوێژدا جەغزێک دەکێشین. بە دووی خۆیدا بەرەو نێوئاوەکـە رامـدەکێشـێ و قسـەی خۆشم بۆ دەکا: «بۆچی پێتوایە ماڵی منیانی هیچ! یانی تـەواو. نـا، نـا، بێتـوو بزانی لای من چەندە خۆشە؟ بێتوبزانی چەندە تامەزرۆتم؟ بێتوو بزانی چەندەم خـواردەمـەنی وخواردنـەوەی بـە چێـژ بـۆ دانـاوی؟!!» لـە پـڕ دەنگێـک رامدەچڵەکێنێ:«شەریف هۆ شەریف. لە بیرت نەچی بۆم نیـوەڕۆژەیـە میـوانی ژیانیدەسگیرانتی.» شـەنگـەی هـاوەڵـمە. بـە راکـردن دەگاتـێ. دەسـتم لـە دەستیشەمۆ دەردێنێ. خولقی ئەویش دەکات لەگەڵمان کـەوێ و هـەر سـێ بۆنیوەڕۆژە میوانی ژیان بین! دەگەینە لای گاشەبەردەکەی رەخی تاڵاو.تیشکی هەتاو لە زرێی تاڵاوی داوە. تروسکەی هەتاو نیگام بەرەوچاوەلێڵەکانی شـەمـۆ وەردەسووڕێنن. دەکەومە نێو مەترسی و دڵەکوتە.رادەکەمە سەر گاشەبەردەکە. دەزانم شەمۆ ناتوانێ سەرکەوێ! روو گرژدەکا و بە زیزی و تۆراوی پشتم تێدەکا و بەرەو ماڵە خۆی وەڕێ دەکەوێ.دەڕوا تا لە چاو ون دەبێ، ئاوڕ ناداتەوە. زیـز بوونی شەمۆ زۆر ناخۆشە.هاوەڵ دڵی لێت بێشێ و بتۆرێ زۆر دڵتەزێنـە. وەک بایەقوش ئاگام لەکات و سـاتەکـانی ژیـان و رۆژگـاری خـۆم نیـە! خولانـەوەو سووڕانەوە لە تانو پۆی ویستی شەمۆدا، جارێکی دیکە و چاو پێداخشـاندنێکی تازە وخزەی بە دزەی بێخود و سەرمەست بەرەو نێچیری خۆم. شەو ولێولەرەی تاڵاو و شانی گاشەبەردە مێژووییەکەی خـۆم. مانـگ چـاردەیتـەواو و شـنـەی شەماڵێکی خۆش. روخساری مانگ لە زێڕی سوورە،پرچی لـە زێـو. روخسـار و پرچی مانگ لە نێو ئاوداپەرەنگ پەرەنگ دەبێو بە سەما و هەڵپەرکێ لە نێو ئاودا دێ و دەچێ. ورشە و ترووسکەی لەگلێنەکانمدا پێدەکەنێ و چاوم لێدادەگرێ.

له خۆی دەبێتەوە، له خۆدەبمەوە و مانگ بەرەو خۆیم بانگ دەکات. باوەشی گەرم و گوڕی زەویبەسەر مردنی هەزار گاجووت و هەزار پەپوولە و باڵندە و هەڵپرووکانیهەزار گوڵەباخدا هەر خۆشە، هەر جوانە، هەر دڵڕفێنە. دیتنی جاروبارەی دۆستان، دیوناس، کەس و کار. باس و خواس و سەیران و سەفەر،کایە و گەمە و گاڵتە. تەنانەت چوونە پرسە و سەر داوەت. ئەمەش شەمۆ،له پشته سەرمەوە هاتووە. له دڵی چەقیوە، ئەم کەڕەتە بە بێدڵی ناکەم ولە دەستی دەرناچم. شەنگە لەسەر گاشەبەردەوە دەستم دەگرێ وهەڵمدەکێشێتە سەری. شەمۆ ناتوانێ سەرکەوێ و لە خوارەوەبانگەشەی ئەوەم بۆ دەکات لەگەڵیدا بچمەوە بۆ ماڵی ئەوان و میوانیئەو بم! لە ناکاو شەنگە سترانێ تێدەچریکێنێ: «ژیان چ جوان، چناشیرین، چ خۆش، چ ناخۆش، جوان و شیرین و خۆشەویستە.سەیرەی دارستانی هیوام، مەلی وڵاتی رووناکایی. کەوی بنار و دوندیکۆسارم، پڕ بە گەروو دەقاسپێنم. بە گوێی هەموو کەسا دەچپێنم ئاشقیژینم،، بێزار له شینم.» شەنگە بانگی شەمۆ دەکا دەسبەردار بێ ولەگەڵمانا بکەوێ بەرەو شار و شەقام بگەڕێینەوە.

دەمەو خۆرئاوا دەگەینەوە شانی شارە خشپیلانەکەمان. له کۆڵانیخۆمان، له ماڵی شەمۆ شایی کاوەی برایەتی. گەڕی دیلان دەگەڕێ ورەشبەڵەک گیراوە. هەڵپەڕکێ ئۆقرەی لە لاو و برازاوا سەندووە! شەنگەرادەکات و سەرچۆپی دەستێنێ. چەشنی مەلێکی بێئیسک وپرووسک، وەک رۆحی شایی و هەوای دەهۆڵ و زوڕنا، دەم بە قاقا وپێکەنین هەڵدەپەڕێ. له زەوی جیا دەبێتەوە بەرەو ئاسمان دەفڕێ. لەحەوادا دەشەکێتەوە، دەشنێتەوە. چەپلە و چەقەنە و پلەلان لێدەدا.دێتەوە زەوی و گەڕی دیلان بە دوای خۆیدا ملکێش دەکا. وێڕایشایەری شایی شێعر و گۆرانی دەڵێ. سەرنج و نیگا و مەیلی هەموو کیژو کوڕی کۆڕ رادەکێشێ. هەڵپەڕکێ و چەقەنە و گۆرانی شەنگە شەپۆلیدەنگی شمشاڵە، له دڵەوە هەڵدەقوڵێ و له دڵا جێ دەگرێ. جار و باردەستی دۆی خۆی بەردەدا، جیا دەبیتەوە. بە تاکەکەسی بە دەوریدیلاندا دەسووڕێ، سووڕ دەخوا، دەخولێتەوە، رادەکات و هەمدیسان تێکەڵی پۆلی هەڵپەڕکێ دەبێ. سەرچۆپی دەستێنێتەوە. پێشەنگ وپێشەوای شایی شەنگەیە. من کە هەڵناپەڕەم و له دوورەوە دەڕوانمەشایی و شەنگە سەرم سووڕماوە. له خۆم و له

شەمۆ دەپرسم: بڵێی کەس‌ئەوەندە و بە قەیرایی شەنگە ئاواتەخواز و هیـواداری ژین و ژیان وخۆشی بێ؟

شەو درەنگان چاوم لێیە ئەستێرەیەک خولێک بـە شـەقامـەکـانی‌ئاسمانـدا دەگەڕێ. زۆر هێڵی سپی و فەسفۆڕی و خوار و خێچ دەکێشێ.لاتراسـکەیـەک دەبەستێ و لە باوەشی ئاسمانەوە بەرەو زەوی‌بەردەبێتەوە. بە پـێ و شـوێنیەوە رادەکەم. رادەکەم و... دیسانەکەش‌جەغزێکی دیکە و جێژوان. من و شـەمـۆ و سەرگاشەبەرد و رەخی تاڵاو.مانگ لە ئاسمان و کیژی مانگ لە نێو ئاوی تاڵـاو. شەمۆ پێمدەڵێ: «من‌دەچم بـۆ ژووانی کیـژی مانـگ. ئاشـا، زولفـی بـە شـانە کردووە، روخساری‌زێڕە و زولفی زێوە. زێو لەسـەر گـەردن و شـان و بـەرۆکـی ئاڵاوە. شەپۆلی‌تاڵاو زولفـی دەلاوێنێتـەوە. چـاوەکـانی خـاتوونی ماسـیەکـانی تاڵاون.چاڵی چەنە و چاڵی سەر گۆنا پڕ لە زێـڕ و ز ێـون. زێـڕ و زێـو هـەمـوو لەشـیان‌زێـڕوەشـان کـردووە و ورشـە و ترووسـکەیـان دێ و شـۆ ئـەدەنـەوە. شـەپـۆلی‌بـەرز و نزمـی تاڵـاو ئـازای لـەشـی لـە زێـڕ و زێـوی کیـژی مانـگ پـــەرەنـــگ‌پـــەرەنـــگ و کـــوت کـــوت دەکـــات و هـــەمیســـان پێکـــەوەی دەنووسێنێتەوە.شەمۆ دەستم دەگرێ و دەڵێ:

«من دەچم بۆ ژووانی کیژی مانگ، تۆش وەرە.» قەرارم لا نامێنـێ وبـەرەو ئامێزی کیژی مانگ رادەکەم. شەمۆ لە شانی راوێستاوە وپێـدەکـەنـێ و بـانگم دەکات. خۆم دەهاومە باوەشی تاڵاوەوە بەرەو پرچی‌کیژی مانگ بین دەکێشـم. زێو تێمدەهاڵـێ. بـاوەش بـە لـەشمـدا دەکـا ونـوقمی بـن ئـاو دەبم. دەسـت دەگەیەنمە پرچی کیژ، ئەمجار بەرەوروخسارە جوانەکەی دەخوشـێم. دەڕۆمـە پێش. تاڵاو لە ئامێزیدادەمگوشێ. دەکەومە پەلەقاژە و هەناسەبڕکێ؛ لە دەسـت وپێ دەکەوم.ئەی داد و بێداد شەو شەقڵی منی شەوارەی شـکاند و بـە شـوێن شەمۆداپەلکێشی بن ئاوی کردم. هەروا لەم هەناسەبڕکێ و پەلەقـاژەدا نـوقمی بن‌ئاو دەبم و بەرەو قووڵایی دەڕۆم. هیوا بڕدراو و ناهومێد، دەست لەرزگار بوون دەشۆڕمەوە. لەناکاو شەنگە لە دوورەوە پەیدا دەبێ. تووڕە وپەشۆکاو. قوڕوقەپی کردووە. دوو چەپۆکە بەسەری خۆیدا دەکێشێ.لێوە کرۆژە دەکا و بـە نیگـالێم دەپرسی: «تۆ بۆچی؟ بۆچی هاتووی؟بگەڕێوە، زووکە بە رێگەی خۆتدا بگەڕێوە!»

هـــەر خـــۆی ئـــازا و چوســـت و چـــالاک زولفـــی کیـــژی مانـــگ لـــە ئـــەندامـــەکـــانم‌دادەماڵـــێ و دەســـتم دەگـــرێ و دەمـــڕفێنێ. بـــەرەو ســـنوور

دەمگێڕێتەوە.دەربازم دەکات و لەمبەری سنووردا دەمهاوێتە ئامێزی زەوی و خاک وگاشەبەردەوە. خۆی لە نێو تاڵاودا رادەوێستێ. پەراسووەکانی لە نایلۆن‌تەنک و ناسکترن. لە نێوان رکەی سنگ و پەراسووەکانیدا دڵێکی سوورهەڵمی لێ هەڵدەستێ و دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێدەتکێ. خوێنی دڵی‌شەنگە! ئەم خوێنە شۆڕاوگە دەکا و بە نێو تاڵاودا وەک جۆگەلەیەکی زۆرباریک رێ دەبڕێ و خۆی بەرەو زەوی دەکێشێ. خوێن دەگاتە سەرخاک، چەند جاران بە دەوری گاشەبەردەکەدا بازنە دەکا و جەغزدەکێشێ و ئەوسا بەرەو شار دەخوشێ. هەڵمی لێهەڵدەستێ و بۆنی‌عەتر و گوڵاو بڵاو دەکاتەوە. شەنگە بۆ چرکەساتێ لە بەرچاوم ون دەبێ.ئەمجار کە دەردەکەوێ و دێتەوە روانگەم - دەستی خوشکە هاوەڵدووانەکەی خۆی - دەستی ژیانی بە دەستەوەیە. شەنگە پاڵێک بە پشتی‌ژیانی دەسگیرانمەوە دەنێ و بە ئاماژە و ئاشێرە بەرەو منی دەنێرێ. ژیان‌بەرەو من دێت و دەمگاتێ و تێمدەهاڵێ. دەستم دەگرێ. بە شوێن‌خۆیدا بەرەو شار و شەقامەکانی شار رامدەکێشێ و دەمبات و دەڕوا.

حوللەسێ، هاتوومەوە سەر سێ. لە شان و نسێی گاشەبەردی‌جێژوان راکشاوین و بە دەنگ و بە کوڵ دەگرین. من و شەمۆ دەگرین. من‌لە سەرە خۆترم. ئای شەمۆ چ دەکا. بۆ شەنگە! وەک شتێک باش لەرووومان هەڵنایە لە روخساری یەکدی بڕوانین! سەعاتێک لەمەوبەرهەواڵیان پێدایین ماشێن شەنگەی گرتۆتە ژێر و شەنگە لە ژێر تایرەکانی‌ماشێندا لەت و کوت بووە. ئەو شەمۆیەی کە دایمە ئەوینداری‌کۆچکردن بووە، تەنانەت لەم دنیاشەوە بۆ دنیایەکی دیکە، ئەوەتا هەواڵی‌مردنی شەنگەی بیستووە بە سۆز و داخەوە و بە دەنگێکی بەرز دەگری.هەر گریان؟ چەمەری دەکا و چەمەر چۆپی دەگێڕێ و شینگێڕی مردنی‌شەنگەیەتی. چەندەیش دڵنوایی دەکەم جی ناگرێ. تەنانەت گاڵتە بەخۆم و قسەکانم و دڵنەواییەکانم دەکات. لە داخی ئەم قسانەم بزەی‌دێتێ، گوێم ناداتێ و لە ئاکامیشدا لە خۆم و قسەکانم قەڵس و وەڕەزدەبێ و لە نسێی گاشەبەرد هەڵدەستێ و دوور دەکەوێتەوە. وەک شتێک‌دەست دەکا بە وڕێنە. دەنگی دەگاتە گوێم و ناگا. جاروبار حاڵی دەبم وبڕێ جار حاڵی نابم. زۆریش ئاگاداری لای من نیە، هەر دەروەستی من‌نیە. ئەو قسەی خۆی دەکا و ناخی خۆی هەڵدەڕێژێ.

شەمۆ بە دەوری من و گاشەبەردەکەدا دەخولاوە و دەیگوت:

«دەڕۆم شەریف، دەڕۆم. تۆش لەگەڵمدا وەرە. زۆر هەوار و کۆچمان پێکەوە بووە، دەبا ئەم سەفەرەشمان پێکەوە بێت. تۆ نازانی شەریف،«برینی وا لە ژیاندا هەیە بە بێدەنگ ڕۆحت دەخواتەوەو ناشتوانی باسیئەم برینە بۆ کەس بکەی...»(٣) شەنگە لەو شانمەوە بە هێمایپەنجەکانی پێمدەڵێ: «بەرەو شار و شەقام بگەڕێوە. ژیان چاوەڕوانتە.ژیانیش حاڵی دەکا: نەکەی لێی خافڵ بی. وانەکەی بەرەو ئێرە بێتەوە.من ئیدی دەبێ بڕۆم. بەرەو شوێنی خۆم بگەڕێمەوە، ئێوەش بەرەوشوێنی خۆتان بڕۆن.» شەو شەمۆی شکاند، من شەوارە بووم، شەوگارشەقڵی شەنگەی شەق کرد، من شەوارە بووم! شەوارەی شوێنی ئەمدووە و، ئێستاکەش سەر جێژوانی جاران و گاشەبەرد و ڕەخی تاڵاو. لەپڕ شریخەی شەپڵاخەیەک رامدەچڵەکێنێ. لە روونگەمدا، لە نێو ئاویتاڵاودا خۆ هەڵگێڕانەوەی ماسییەک شەقە لە ئاو دێنێ. شەقە و شریخەیئاوی تاڵاو بە چەشنی زللەیەک بە بن گوێمیدا بکێشن، دامدەچڵەکێنێ.تەزوویەک بە هەموو لەشمدا دەهێنێ و وێنەی شیر و خەنجەر ڕوومەت ولامل و قەبرغەم دەبڕێ. تەنانەت جەرگ و دڵ و دەروونیشم دێتە ژان،وەخۆ دێمەوە. لە نسێی گاشەبەردەکە راکشاوم. زەوی و گاشەبەردمەتەرێزی منن بۆ بەرگری لە رق و تووڕەیی و هەڕەشەی شەپۆلیشاڵاوی شەمۆ. لەشم لە ژێر توێژێ ئارەقەی گەش و روونداپە. پێستمسووتاوە و لە ژێر ئەم خوێن و خوێ و ئارەقەیدا دەبرژێتەوە. ئارەقەیلەشم وەک تل خواردنی بەچکە بۆقێک بە پشتەمل و نێو پشت و سەرسنگمدا شۆڕاوگەی بەستووە. دەچمە نێو ئاوی تاڵاو و خۆم دەشۆمەوە.لە ژێر تیشکی روون و گەشی خۆردا و بە ئاوێکی زوڵاڵ و فێنک خۆمدێنمەوە خۆ. ماندوویی لەشم دەڕوات و سوکناییم دادێ. دێمەوە پەنایگاشەبەرد و خۆم لەبەردەکەمەوە. وەبیر ژیانی دەسگیرانم – خوشکیئاواڵ دووانەی شەنگە – دەکەومە. هەوای شار و شەقام و ژیان لەمۆخمدا دەکەوێتە جووڵە جووڵ.

لە بیرم نەماوە کەنگێ بوو، کام ڕۆژ، لە کام مانگی کام ساڵ یان کامسەدە و هەزارەی لەمەو بەر بوو کە شەنگە و شەمۆ، دوو هاوەڵی گیانیگیانیم ماڵئاواییان لێکردم و وەشوێن چارەنووسی خۆیان کەوتن!بەڵام ئەوەندەم لە لا روونە: شەو شەمۆی شەق کرد، من شەوارەیجەغزی وەیشوومەی شەو بووم و تێشکام. ئەو ماشێنەی شەقڵی شەتڵیشەنگەی شکاند، نەک شەنگە منی

شەوارەی شار و شاخ کرد. ئاسۆچەشــنی زێبــاری ئــاگر و گــڕکانی گــۆگرد لــە تروووسکە تروووسک و ورشەورش دایە. یادی شارو شەقام و ژیانی دەسگیرانم – خوشکە ئاوالدووانەکەی شەنگە – بەرەو ماڵەوەم دەباتەوە. کــەچــی شــەنگــە و شەمۆشەقاو لەگەڵ شاقاوم هەنگاو هەڵدێننەوە و شان بە شــانم لــەگــەڵــمدان. وەکرەگی بن گوێم، وەک سێبەری خۆم.

١ـ لە «هوملێت»ی شەکسپیر وەرگیراوە.
٢و ٣ـ لە «کوندە کوێرە»ی هیدایەت وەرگیراوە.

* * *

تەقالاکانی نووسەر:
١ـ شاربەدەر - رۆمان
٢ـ حیکایەتی دورگەی نەناسراو - نوێلێتی ساراماگۆ، پاشکۆی سەردەم - وەرگێڕان.
٣ـ هەشت چیرۆکی وەرگێڕان بۆ منالّان = حەوتەنامەی سیروان - وەرگێڕان.
٤ـ شەش ئەفسانەی ولّاتی رووسیا = گۆڤاری سروە.
٥ـ نۆڤلێتی «دۆنادۆن» = گۆڤاری رامان.
٦ـ دەیان وتاری تیئۆرەی ئەدەب = گۆڤارە کوردییەکان - وەرگێڕان.
٧ـ دەیان شێعر و چیرۆکی شاملوو = گۆڤارە کوردییەکان - وەرگێڕان.
٨ـ چاپ و بلّاوبوونەوەی سی کورتە چیرۆک = گوقارە کوردییەکان.
٩ـ شانۆی «هەوارچی» لەسەر کارەساتی هەڵەبجە - کاری شانۆیی سەلیم کەریمی.

بێتوو هونەرپەروەران یارمەتی بکەن، ئەم کتێبانەش بەڕێوەن!!

١ـ دۆدۆن: کۆچیرۆک.
٢ـ چیرۆکی نوێ، ئینسانی ڕێبازی نوێ = ٦ وتاری تیئۆرەی ئەدەب - نووسەر: ئالێن رۆب گریێ.
٣ـ تیئۆرەی رۆمان = ١٠ وتاری تیئۆرەی رۆمان، لەسەر هەڵدانیرۆمانەوە هەتا ئەمڕۆ: دەیوید لاج - دەیوید دەیچێز - جان هەلّپرین و... - وەرگێڕان.
٤ـ ئاوێنەی جادوو: نۆ ئەفسانە بۆ مێرمناڵان - وەرگێڕان.
٥ـ چیرۆکم بۆ بخوێننەوە: ٢٠ چیرۆک بۆ مێرمناڵان - وەرگێڕان.
٦ـ ٣ سەعات و ٢٢ دەقەی بەر لە بەیانی - شێعر و چیرۆکی شاملوو - وەرگێڕان.
٧ـ هەوارچی هەواری هاوار: رۆمان.